# فیلۆلۆجیای زوانـی کوردی
# و
# مێـــــژووی کوردستان

بێـهـزادی خۆشـحاڵی

# فیلۆلۆجیای زوانی کوردی
# و
# مێـــــژووی کوردستان

وەرگێڕ

مستەفا غەفوور



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **فیلۆلۆژیای زوانی کوردی و مێـــژووی کوردستان**
- **نووسینی:** بێـهـزادی خۆشـحاڵی
- **وەرگێڕ:** مستەفا غەفوور
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** موراد بەهرامیان
- **پیتچنین:** وەرگێڕ
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٥٧
- **نرخ:** ٣٠٠٠
- **چاپی یەکەم :** ٢٠٠٨
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٨٠)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی ..... ٣

ڕۆڵی زوان لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا ..... ٥

بایەخی زوان لە ژیانی نەتەوەکاندا ..... ٢٢

کوردستان لە چاخی بەردیندا ..... ٢٧

گوزەرێك بە مێژووی کوردستانی دێریندا ..... ٣١

بونیادە مێژووییەکانی زوانی کوردی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ..... ٤٢

گۆڕانکارییە مێژوییەکانی دوو هەزار ساڵی پ، ز لە ..... ٦٠

پەرەگرتنی میتانی، شۆڕشی ئەخناتون و گۆڕانی ..... ٧١

کوردستان لە سەردەمی سەرگۆنی "هەزار ساڵ پ،ز ..... ١٠٢

زوانی کوردی لە قۆناخی هیلینی و بەڵگەنامەکانی "هەورامان" دا .... ١٣٤

پاشکۆی پەرەسەندنی فەرهەنگ و زوان و ئەلفبای یۆنانی لە ..... ١٦٠

بڕێك زاراوەی بەجێماوی ئاڤێستا لە زوانی کوردیدا ..... ١٨٠

دیالێکتەکانی زوانی کوردی ..... ٢٢٢

کورد و زوانی نەتەوەیی ..... ٢٣٧

تاوتوێ کردنی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زوانناسی و ..... ٢٤٦

دەرئەنجام ..... ٢٦٥




**پێشکەشە:**

**بەهاوسەرەکەم کە بە درێژایی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەهەموو خۆڕاگری یارمەتی دام.**

***نووسەر***

## چەند تێبینییەك:

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی لەبەردەستت دایە وەرگێڕانی کتێبێکە، بە مەبەستی ناساندنی زوانی کوردی و مێژووی ئەو زوانە، بۆ فارسی زوانان نوسراوە، واتە رووی وتەی لە خوێنەری فارسە. لە وەرگێڕانیدا بۆ سەر زوانی کوردی چەند گرفتێکم هاتە پێش، لە بەر ئەوە ناچاربووم بە مەبەستی روون کردنەوە، ئەم تێبینییانە بخەمەروو:

١- ناونیشانی کتێبەکە (زبانشناسی کرد و تاریخ کردستان)ە، وەلێ لە وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی کوردی ناوەڕۆکی کتێبەکە بە گشتی ناگەیێنێ، لەبەرئەوە ناونیشانەکەم کرد بە (فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان).

٢- لە تاوتوێکردنی وشەکانی ناو قەواڵەکانی هەورامان کە بە بۆچوونی نووسەر هیندێکیان وشە و زاراوەی ئاڤێستان لە زوانی کوردیدا بە جێماون و بەرامبەرەکەیان بە لاتینی نووسراوە. لە وەرگێڕانیاندا بۆ فارسی، دەبینین لە زوانی فارسیدا پیتی(ڤ) نییە بەڵام گۆکردنی هەیە، لە برێك حاڵەتدا پیتی (و) بە (ڤ) دەخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوە ناچار بووم وشە لاتینییەکە بەرێنووسی کوردی بنووسمەوە.

٣- بە پێچەوانەوە برێك وشە کە لە رێنووسە فارسییەکەدا گوڕانیان بە سەردا هاتووە لە رێنووسە لاتینییەکەی بەرامبەریدا ئەو گۆڕانە بەدی ناکرێ، لەو شوێنانەدا ناچاربووم رێنووسە لاتینییەکە پشت گوێ بخەم.



٤- وشەکان ئاڤێستایین بەرامبەرەکەیان بە لاتینی نووسراوە، نووسەر ماناکەی بە فارسی و بەکارهێنانەکەی لە زوانی فارسیدا نووسیوە، دواتر ئاماژە بە مانا و بە کارهێنانی ئەو وشە یا زاراوەیە دەکات لە زوانی کوردیدا. دەبینین زۆرجار ئەو وشە یا زاراوەیە لە کوردی و فارسیدا بە یەك مانا بەکاردێ، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە من تەنیا وشە کوردییەکەم نووسیوە و ئاماژەم بە بەکارهێنانی کردووە.

٥- لەهێندیك شوێنیشدا نووسەر ئاماژەیەکی ئەو تۆی بە مانای کوردی وشەکە نەکردووە، ناچار خودی زاراوە فارسییەکەم کردووە بە کوردی. بۆ بە کارهێنانیشی بەرپرسی ئەم کارەم خستە ئەستۆ و وردە دەسکارییەك خۆی سەپاند بەسەرمدا.

وەرگێڕ

**پێشەکی:**

دەبێ پەیدابوونی زوان و وشە بە قۆناغی سەرەتایی مرۆڤ دابنرێ. هەر بەو هۆیەوە بوو مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەرکەوت. *ئەگەر ئەو دەنگە* سەیر و سەمەرانە نەبوایەن کە ئێمە پێیان دەڵێین (ناوی ئاسایی) بیری مرۆڤ تایبەت دەبوو بە شمەك و هێندێك وردە ئەزموون کە مرۆڤ دەیتوانی ئەوانە لە مێشکیدا هەڵبگرێت، یا لە رێگەی هەستەکانییەوە بەتایبەتی هەستی بینین، تێیان بگات، ئەوسا مرۆڤ نەیدەتوانی دەستە و جۆرەکانی تاك تاکی شمەك لێك جیا بکاتەوە و وێنایان بکات، شمەك جیا لە خەسڵەتەکان و خەسڵەتەکان جیا لەشمەك ، تاوتوێ بکات. ئەگەر ئەو گوتانە جێگری وشە نەبایەن، ئێمە دەمانتوانی بیر لەم یا لەو مرۆڤە بکەینەوە، وەلێ هەرگیز نەماندەتوانی بەگشتی لە مرۆڤ بگەین، چونکە چاومان تەنیا تاکەکانی مرۆڤ دەبینێ نەك مرۆڤ بە گشتی......

لای مرۆڤی سەرەتایی، هێما و نیشانە لە پێش زوان و گفتوگۆدا بووە. ئەمڕۆش ئەگەر زوان نەتوانێ مەبەست بگەیەنێ یا وشە بە بیردا نەیەت، ئەوا ئاماژەکردن دەکەوێتەکار.

دوورنییە ئەو وشانەی سەرەتا مرۆڤ پەی پێ بردوون و بۆ گوزارشت لە هەستی خۆی ئەدای کردوون، وەك دەنگ و هاتوهاواری ئاژەڵ بووبن، ئینجا نۆرەی ئەو وشانە هاتووە کە هاوکات لەگەڵ نیشاندانی ئاراستەکە بە کار هاتوون، دواتر لاسایی دەنگی ئەو شتانە کە دەکرا لاساییان بکرێتەوە کەوتوونە سەر زوان.

زۆربەی زوانە سەرەتاییەکان لە سنووری زوانی هەست و زمانۆچکە تێنەپەریون، گوتە و ناوی گشتی و جیاکەرەوەیان کەمتر تێدا بووە. چەند نەوەی مرۆڤ پشتاوپشت هاتوون تا مرۆڤ توانیویەتی، ناوی تایبەتی، ناوی گشتی و رەها وەدی بێنێ. پەیدابوونی وشە دەرئەنجامی گەشەسەندنی بیری مرۆڤە، پەیوەندی لەگەڵ بیری مرۆیی، پەیوەندی نێوان هۆکار و هۆکریاوە. وتە و وشە نەك هەر ئامرازی بیرکردنەوەی روون و ئاشکرا بوونە، بەڵکو هۆکاری چاکسازیی سیستمی کۆمەڵایەتی بوون، لە رووی سەرهەڵدانی باشترین ئامرازی پەروەردە و فێرکردن و گواستنەوەی فەرهەنگ و هونەر، پەیوەندییەکی ئەقڵانیی پتەویان لە نێوان یەك لە دوای یەکی نەوەکاندا دروستکردووە.

بە پەیدابوونی زوان، ئامرازێکی نوێی پەیوەندی و لێك ئاگا بوون وەدیهات، بە شێوەیەك کە ئایین و بیر و بۆ چونێك توانی رۆڵەکانی نەتەوەیەك لە قالبێکی تەبادا رێکبخا. زوان بوو توانی ریگاکانی پەیوەندی نوێ و هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بکاتەوە، پەرە بە قووڵی و پانتایی ژیان بدات.

گەورەترین کەڵکی وتە و وشە دوای بەرینکردنی رووبەری بیر، پەروەردە و فێرکردنە. نەتەوەسەرەتاییەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن زۆر کەم کەڵکیان لە هێڵ وەردەگرت. وەلێ مرۆڤ بەرەبەرە بە کەڵك وەرگتن لە هەر وشە و پیتێك، فێر بوو لە چوار چێوەی فێرکردندا بیروڕایەکانی بگوێزێتەوە.



ئەدەبیات (literture ) سەرەڕای ئەو بابەتەی ئەم وشەیە گوزارشتی لێدەکات، نووسین و پیتەکان (letters ) دەگەیەنێ، واتە سەرەتا ئەوە پیت نەبوون دەنووسران بەڵکو وشە بوون دەگوتران. دوایی ئادەمیزاد فێربوو بە هۆی رێنووس گوتەکانی خۆی بنووسێ و بیگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی دواتر. هەرچەند سەرەتا رێنووس بریتی بوو لە هێما و رەمزی نامۆ، وشەی (هیرۆگلیف) مانای نووسراوی پیرۆز، شایەتی بەجێماوی ئەم بیرۆکەیەن ...

نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەهۆی هەلومەرجی هەرێمی، کلتووری، جوگرافی، سیاسی و ئابوورییەوە، بوونە خاوەنی زوانگەلی فرەچەشن. لەو نێوەندەدا چەند و چۆنێتی بەکارهێنانی گوتەکان لەکاتە قۆناغی جیاوازدا، کاریگەری و کارتێکەریی هەریەك لەو مەرجانەی باسمانکردن، سیمای دیاریکراوی مێژووی ئەو نەتەوانە نیشاندەدن. رەنگە بۆ گەلی کورد کە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆیدا بە گەلێك هەوراز و نشێوی سەختدا تێپەڕیوە، نووسینەوەی مێژوویەکی هەماهەنگ کە پەردە لەسەر زۆربەی راستییەکان هەڵماڵێ، زۆر سەخت بێ، بەتایبەتی لەم سەد ساڵەی دواییدا، ناوەڕۆکی دەسەڵاتی ئەو نەتەوە و گەلانەی بە سەر کوردا زاڵبوون، بە ئامێرگەلی سیاسی و هەوڵی ناپاکانەیان بۆ گۆڕینی مێژوو تا ئەم نەتەوەیە بە بەشێك لە نەتەوەی خۆیان لە قەڵەم بدەن، مێژووەکەیان پتر ئاڵۆز کردووە. لەم رووەوە بە پشت بەستن بە زوانی کوردی کە بوێرانە دەتوانم بڵێم تاکە فاکتەری یەك پارچەیی ئەم نەتەوەیە، سەرەڕای دابەشبوونی سیاسی دەکرێ رۆڵێکی کاریگەری هەبێ لە کردنەوەی گرێ کوێرەکانی مێژووی ئەم نەتەوەیە و بەرەنگاری بەرژەوەندی ئەو گرووپانەی دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبووە. ئەم پەڕتووك لەبەر دەستدایە لە روانگەی زوانناسییەوە مێژووی کوردستان تاوتوێ دەکات. کاریگەریی فەرهەنگی جیاجیا لە سەردەمی جۆراوجۆردا لەسەر پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووریی نەتەوەی کورد و تێکەڵبوونی واژەگەلی ئەو فەرهەنگانە لەگەڵ زوانی کوردی، بە باشی دەخاتە روو، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە بتوانین قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کوردستان لێك هەڵبڕین.

بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم دەربڕم بۆ هەوڵی بێ دریغی خاتوو(نەزەری موحیبی) و بەڕێز (موجتەبا مورادی وەحدەت) بەڕێوەبەری سەنتەری کۆمپیتەری(میهر رایانە) کە لە پیتچنی و رازاندنەوەی ئەم پەڕتووکەدا دڵسۆزانە هاوکارییان کردم. هەروەها رێز دابنێم بۆ زەحمەتەکانی جەنابی(پەناهندە) بەڕێوەبەری دڵسۆزی (نشر فن آوران).

ئەگەرچی ئەم کتێبە دەرئەنجامی هەوڵێکی دوور و درێژە، بەڵام دڵنیام بێ کەموکوڕی نییە، خوا یار بێ بۆ ئاینده دەشێ بە تێبینی خوێنەرانی بەڕێز دەوڵەمەنتر بکرێ.

نووسەر

# رۆڵی زوان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا

لەم سەردەمەدا، لە بارەی زوان و بایەخی زوان زۆر گوتراوە. زوانناسی گەورەی بەریتانیا هێنری سویت دەڵێ: زوان بەکەڵك وەرگرتن لە کۆمەڵە دەنگی هەمئاهەنگ، ئامرازی دەربڕینی بیر و بۆ چوونەکانە. چەند وشەیەك لە تەك یەکدا دادەنرێن و رستە پێکدێنن. بە کۆبوونەوەوی رستە گەلێك بابەت لەدایك دەبێ تا مەبەستی بێژەر بگەیەنێ. بەم پێیە ئادەمیزاد بەسەرەتاییترین شێوەی شیاو بیر و بۆچونەکانی خۆی دەخاتە روو.

زوان ناسانی ئەمەریکایی بێرنارد بلۆچ وجۆرج .ل.تراگەر، بۆ پێناسەکردنی زوان دەڵێن: زوان سیستمی ئەو هێما و نیشانانەیە کە کۆمەڵێك مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی لەسەری رێککەوتوون.

شیرازیش لە فەرهەنگی محیتدا دەڵێت: زوان کۆمەڵە دەنگێکە کە هەر نەتەوەیەك مەبەستی خۆی پێ دەگەیەنێ. ئەمرۆ زوان تەنیا بە فاکتەرێکی گەیاندنی مەبەست داناندرێ، چونکە لە زۆر ئاکاری رەفتاری بێ ئاگایانەی ئادەمیزاددا، وەك سوور هەڵگەڕان بەهۆی شەرم یا هەڵچون و توورە بوونەوە، زوانی ئیشارە دەتوانێ ئامرازی پەیوەندی بێت بۆ گەیاندنی مەبەست، وەلێ بەگشتی زوان بە سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دادەنرێ. پەیوەندییەکی نزیك هەیە لەنێوان شێوەی (وشە سازی و رستە سازی) لەلایەك و رەوتی بیر و بۆچوونی کۆمەڵگا لەلایەکی تر. دەکرێ زوان بە ئاوێنەی رەنگدانەوەی تێکڕای فەلسەفەی ژیان و پلەی شارستانیەت و ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگایەك دابنرێ. ئەمرۆ کە بۆ لێك جاکردنەوەی قۆناخەکانی مێژووی شارستانی کۆمەڵگا جۆرا و جۆرەکان (کۆمەڵگای کشتوکاڵی، بازرگانی و پیشەسازی) کەڵك لە زوان وەردەگرن.

زوانی کوردیش وەك هەر زوانێکی تری زیندووی دنیا گەلێك گۆڕانی فراوانی مێژوویی بەسەردا هاتووە و هەمیشە لە گۆڕانکاریدا بووە. پێش ئەوەی بێینە سەر باسە سەرەکییەکە، پێویستە ئاماژە بە بابەتێکی گرینگ بکەم. لە کوردیدا زوان دوومانای هەیە:

یەکەم: زوان، کەیەکێکە لەئەندامەکانی لەش و لە ناو دەم دایە.

دووەم: زوان کۆمەڵە دەنگێکە ئادەمیزاد گوزارشتی پێ لە مەبەستی خۆی دەکات.



زوان، مرۆڤ لە تێکڕای بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بەکەڵك وەرگێتن لە زوان بیر و بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێ و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا پەیدادەکات. لەراستیدا زوان یاسایەکی هێما کۆمەڵایەتییەکانە، کەتاکەکانی کۆمەڵگایەك پێی دەدوێن و بیرو بۆچۆچوونەکانیان..... بۆ یەکتری روون دەکەنەوە یا دەگوێزنەوە.

لەم باسەدا ئامانجی ئێمە تاوتوێ کردنی مێژووی زمان یا پەیدا بوونی نییە، بەڵکو مەبەستمان لەم زنجیرە وتارە، تاوتوێ کردنی دەقە هەرە کۆنەکانە کە لە رووی سیاسی، ئابووری و ئایینییەوە کاریان کردۆتە سەر زوانی کوردی و لە دۆزینەوەی رەگ و ریشەی زوانەکەدا کاریگەر بوونە. پرۆفیسۆر کرامەر گوتەنی: گەیاندنی مەبەست بەکەڵك وەرگرتنی سیستماتیك لە وێنەکان، کە چوار هەزار ساڵ پ، ز دەستیپێکرد، وردە وردە رێنووسی بزماری لێکەوتەوە. ئەم دۆزینەوە مەزنە بە درێژایی ئەو ماوەیە گوازراوەتەوە بۆ نەتەوەکانی دەوروبەر (نەتەوەکانی سۆمەر) واتە ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا، لوبنان و فەلەستین، بە قووڵی کاری کردۆتە سەر شارستانیەتی ئەم ناوچەیە. بە پەرەگرتنی رێنووس، زوانیش گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە ئامرازێکی تەواو کاریگەر بۆ گواستنەوەی بیرو بۆچوون. بە کەڵك وەرگرتن لە نووسراوە کەونینەکان، دەتوانین ناوی خێڵ، تیرە، تایفە و ئەو نەتەوانە بزانین کە لەسەردەمی جۆراوجۆری مێژوودا لەو ناوچە کوردنشینانە جێگیربوونە و تێکڕا رەچەڵەکی کوردییان پێدەگوترێ. لەم نێوەندەدا ناوی سەرۆك هوز و تایەفە و رابەری ئەو نەتەوانە، پتر بایەخیان هەیە، چونکە زۆربەی ناوەکانییان پەیوەستە بە ناوی ئایین و خواکانی ئەو سەردەمە و لە داستانناسی نەتەوەی کورد رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە. لە زوانناسیدا ئەگەر نەتوانین بە وردی وشە جۆراوجۆرەکان بەراورد و چۆنییەتی گۆڕان و گۆڕانکاری ئەو وشانە بە پێی رەوتی مێژوویی تایبەت و جوگرافیایەکی دیاریکراو، تاوتوێ بکەین، ناکرێ دڵنیابین لەوەی کە کارێکی زانستیمان ئەنجامداوە.

بێگومان جیاوازی لە نێوان ئاخاوتنی ئێرانی، ئاشووری و ئەکەدی لەگەڵ ئەوەشدا یەك رێنووسیان هەیە(رێنووسی بزماری و ئارامی)، کەچی گەلێك گرفتیان لە نووسین و وەدەستهێنانی ناو و نازناوەکان وەدیهێناوە، هەر لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو ناوانە بە پێی گرامەری زوانی ئاشووری نوسراونەوە و ئەداکراون. بۆ زانینی پتر بڕوانە پەرتووکی (گرانۆفسکی) بەشی یەکەم ـ بەشۆکەی دووەم

E.A Grantovskiy,Rannyaya,Istoriya Iranshikh plemen Perdney Azii-M.1970 .

لێرەدا ئاماژە بەچەند زاراوە دەکەین کە بە درێژاییی ئەو ماوەیە پەیوەندی بنەڕەتیان بە زوانی کوردییەوە هەیە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە:

"ئۆکساتارا، ئۆواکساتارا"کە لەبەردە نوسراوی بێستووندا هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ، ز، لە نوسراوەکانی ئەکەدیدا سەدەی حەوتەمی پ، ز بە شێوەی"ئۆماکشتار" هاتووە. لە ئێرانیدا بە "هووخشترە" بە زوانی ئاشووریش "خشتراپا،چیترفارنا" ی ئێرانی هاتووە، کە لەگەڵ "خشتاراپان" جیاوازە.

لەدەقە بابلییەکاندا رەگەزی ئێرانی" ئاریا بە شێوەی ئاری، ئاریا ــچیترا"، ئاری شیتر"و لە دەقە بابلییەکاندا بە شێوەی "شیتر پارنا" هاتووە .

هەر بەو شێوەیە ناوی"خشاثـرا" ی ئێرانی بە "کساترا" و لەیەکێك لەدەقەکاندا بە " پارسا شاتار، ساوشاتار" نووسراوە. لە لایەکی تر ناوی "ئیندرا" بە شێوەی"ئین ـداـ را" و ناوی کچی دارای هەخامەنشی"پەری زاتیدە" یە کە بەکوردی "پەری زادە" دەنووسرێ، بە شێوەی "پوروشاتیش، پوروشاتو، پورشاتو" هاتووە.

ناوی رابەری نەتەوەی"ئاساگرتا"،"زاگروتی"، لە نووسراوەکانی بێستون، بە "شیتیرانتاخمو" یا "شیتیرانتاخما"نووسراوە، لەکاتێکدا لە دەقە ئەکەدییەکاندا "چیترانتاخما" یە. هەروەها شێوەی "ئەکەدی" ناوی نەتەوەی "زیکیرتو،ژیگیرتو" هەمان " ئاساگارتای" ئێرانییە. ناوی "زەردیاکای" ئەکەدی بەشێوەی"سەرداکا، زەردیاکا" نووسراوە، هەروەها ناوی "کەنسکە" لە بابلیدا بۆتە"گنزگە"، لە نووسراوەکانی هەوراماندا بینراوە (کسکە، ناوی کەسێك بووە).

"هورداتە، خورداتە" ش گۆڕاوە بۆ"ئومرداتو، خومرداتو"، هەروەها "هگمەتانە" (ئیگپەتانە) لە دەقە بابلییەکاندا لە دوای یەك بە شێوەی "ئەگامتانو، ئەگاماتانو" نووسراوە. بە پێداروانینی ئەم گۆڕانکارییانە دەردەکەوێ پیتی"س" لە زمانی سامی بۆ "ز"، و "گ"بۆ"ك" دەگۆڕدرێ.

دوای تاوتوێ کردنی گۆڕانکاری چەند واژەی زوانگەلی جیاواز، دەبێ باسی ئەم خاڵە بکەین: کە زوانەکەمان لە کام زوانەوە نزیکە؟ ئەوکاتە دەتوانین لێکنزیکی دوو زوان بخەینە بەر



لێکۆڵینەوە کە نموونەگەلێك لەو ناوە وێکچووانە بێنین کە لە هەردوو زوانەکەدا هەن، تا وێکچوونی بە ڕێکەوت، لە دوو یا چەند وشەدا، بەتەواوی بسڕینەوە.

لەمەڕ ناوی ناوچەیەك یا ناوێکی تایبەت بە نەتەوەیەك، دەبێ لەو ناوە وردبینەوە کە دانیشتوانی ناوچەکە لە خۆیان ناوە، نەك ئەو ناوەی دەر و دراوسێکان بۆیان داناون، چونکە دوور نییە دراوسێکانی ئەم نەتەوەیە یا ئەو گەلە، بە مەبەستی رکابەری، لەکەدار کردن یا ڕێزلێنان ناوێکی تایبەتییان لەم نەتەوە یا لەو گەلە نابێت. وەك نموونە وشەی "بەربەر" لە روانگەی یۆنانییەکانەوە بەو نەتەوانە دەگوترێ خاوەنی فەرهەنگی هیلینستی نەبوون، وەلێ ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە بە مانای دڕندە دێت . نموونەیەکی تر وشەی "لولو" کە لە زوانی سۆمەری بەمانای "خەڵك" یا چەند کەس دێت، بەڵام لەلای هۆرییەکان مانای "دیل"یا "پیاوی چیانشین"ە . دواتر ئەم وشەیە لە لایەن ئاشووری و بابلیەکانەوە کرا بەناوی نەتەوەیەك، وەلێ لە فەرهەنگی "ئۆراتۆ" کان بەمانای "بێگانە" یا "دوژمن" تۆمار کرا.

لە زوانی سلاڤییەکاندا وشەی "رووس"بەمانای "سوورکەڵەی" دێت، لەکاتێکدا ئەم وشەیە ئەمڕۆ ناوی نەتەوەیەکی گەورەی ئەوروپایە، مەرجیش نییە هەر سوورکەڵەیەك زوانی روسی بزانێ، چونکە ئەو سوورانە لە ئەڵمان و ئینگلستانیش هەن.

لەلایەکی تر هاوپیت بوونی وشەکان لە لێکۆڵینەوەی مێژوییدا گەلێك گرفت دروستدەکەن. هێندێك جار ئەم گرفتانە ئەوەندە قووڵدەبنەوە مێژوویی نەتەوەیەك دەخەنە بەرمەترسی. لە مێژووی نەتەوەی کورددا دەتوانین ئاماژە بەچەند نمونەی ئاوا بکەین:

لە کتێبی "کوردستانی موکریان یا ئاترۆپاتین" ی خوالێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی چاپی رەواندز ساڵی ١٩٣٨ز لاپەڕە (٩٩) :ناوی "کیرت" بە "سیرتگ نوسراوە، چونکە ئەم ناوە بەلاتینی (Cyrt) دەنووسرێ. لێرەدا دەردەکەوێ ئەو سەرچاوەی خوالێخۆشبوو حوزنی بۆ نووسینی کتێبەکەی کەڵکی لێوەرگرتووە کتێبی (دائرة المعارف اسلام) مینۆرسکی بووە. ( مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا بەئاماژە بە مێژووی کوردان زاراوەی لاتینی " cyrt" ی بەکار هێناوە. ئەمڕۆ عەشیرەتێك بەناوی "سیرت" لە دەڤەری نێوان جۆلەمێرگ و باشکالان دەژین و شارێکیش هەر بەو ناوە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیادا هەیە کەوتۆتە نێوان دیاربەکر و بەدلیس بە کوردی (سیرەت) و بە عەرەبی (سیعرت)ی پێدەگوترێ. وشەی (سیرەت) لە را ستیدا(سیگرت)ە کە لە ناوی یەکێك لە نەتەوەکانی ماد بەناوی ( زیگۆرتۆ) وەرگیراوە. دکتۆرە پاکیزە رەفیق حلمی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بە ئاماژە بە وشەی "ئاریا" و ئەم جۆرە وشانە

وەك "گوتی" و "کرتی" هەوڵی داوە بیسەلمێنێ تێکرای ئەو کوردانەی نیشتەجێی میزوپۆتامیا (میزۆپۆتامیا)، ئەنازۆڵ و قەفقازن، لەرووی رەگەز و زوانەوە ئارییایین، بەڵگەشی لیکنزیکی زوان و نووسینە بە رێنووسی بزماری کە ئاکارێکی هاوبەشی نێوان سۆمەری، ئیلامی، و هۆرییەکانە. مامۆستا شکور مستەفا کە ئەلف و بێی کوردی لاتینی کردووە بە ئەلف و بێی عەرەبی، ناوی هالدی ـ خالدیـ کە دانیشتوانی دێرینی کوردستان بوونە، کردووە بە "کلدان" کە نیشتەجێی سەرزەمینی بابل بوون. ناوبراو کتێبی (پیتەرئیڤانۆڤیچ لیرخ) بە ناونیشانی(لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالیدییەکانی باکوور)ی گۆڕیوە بۆ(لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی کوردەکان و باب و باپیرانی کلدانی باکووری ئێران).لە مێژوودا نەکلدانی ئێرانی هەن، نەکلدانییەکانیش باو و باپیری کوردان بوونە. پتر وێدەچێ زنجیرە پاشایانی خالدـ HALDـ لە روانگەی مێژوییەوە نیشتەجێی کوردستانی ئەمڕۆ بووبن. دەکرێ، ئەو ئاسەوارانەی"مینواس" و"ئیشپونی" باوکی و کورەکەی" ئەرگشتی" کە لە دەڤەری رەواندز و شوێنەکانی تری کوردستان و ئەرمەنستان بەجێیان هێشتووە، بەڵگەی سەلماندنی ئەم وتەیە بن.

ئەم هەڵەیە بۆتە هۆی کەم و کوڕی ئالۆزی پتر. د: کەمال مەزهەر وەرگێڕی کتێبی "مێژووی کوردان" ی عەرەب شامیلۆف، دەڵێ: لیرخ هیچ مەبەستێکی کۆلۆنیالی نەبووە، لەبەر ئەوەش رخنەی لێناگیرێ، رخنەکە لە دەسپێکی کتێبەکەی شامیلۆف دایە، کە لە چاپە رووسییەکەی کلدانییەکان بە باوباپیرانی کورد لەقەڵەم دەدا.

(پرسی دەرەبەگەکانی کورد، بەغدا،١٩٨٤،ل١٧)، وەلێ لیرخ لە چاپی رووسی کتێبەکەیدا هەرگیز باسی کلدانییەکانی نەکردووە. د.کەمال مەزهەر لە درێژەی باسەکەیدا هەرچەند ناوی خوالێخۆش بوو قەناتی کوردۆ ناهێنێ، بەڵام بە یارمەتی ناراستەوخۆی وتارەکانی ئەو واتە (نوسراوەکانی لیرخ لەمەڕ کوردان) دا دەڵێ: بەم شێوەیە پیوتەر لیرخ ناو لەسێ بەشی کتێبەکەی دەنێ، بەڵام کاتێك کە لە پەیوەندی مێژوویی نێوان رەچەڵکی کورد و کلدانییەکان دەدوێ، دەردەکەوێ لیرخ بەخێرایی هەستی بەهەڵەکەی کردووە، دەبینین بەشی یەکەم و دووەمی کتێبەکەی بە ئەڵمانی لە ژێر ناونیشانێکی تردا چاپکردووە، کە لەگەڵ ناونیشانی رووسییەکەی جیاوازە، بە ئەڵمانی ناوی لێناوە( لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد و کلدانەکانی باکووری ئێران)، جیاوازی نێوان ئەو دوو ناونیشانەش لە رووی زانستییەوە فراوان و روونە، لەبەر ئەوە ناونیشانی کتێبە ئەڵمانییەکە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی گەرەکە.



ئەمە لەکاتێکدایە د. کەمال لە ساڵی ١٩٧٣بۆخۆی لە گۆڤارێکی ئەدەبی ـ زانستدا ناوی کتێبەکەی بەراستی نووسیوە: پ.لیرخ، لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێران و باوباپیرانیان لە باکووری ئێران.

لێرەدا بژارتەی لێکۆڵینەوەکەی پرۆفیسۆر لیخ دەخەینەروو تا لە هەڵەی ترسناکی د. کەمال مەزهەر ئاگادار بین:

١- لیرخ، چ لە چاپە رووسییەکەی چ لەچاپە ئەڵمانییەکەیدا رەچەڵکی کوردی نە گەڕاندۆتەوە سەر کلدانییەکان. ناوبراو لە هەردوو چاپەکەیدا زاراوەی " هالدی" بەکارهێناوە کە لە راستیدا ناوی "بنەماڵەی مەزنی ئۆرارتۆ" بووە و نموونەکەشی پەیکەری بەردینی پیاوێکە سواری شێرێکی ئەفسانەیی بووە و هاوسەرەکەشی بە ناوی "ئۆربانی / باگبارتو" ها لە تەکیا. ئەو پەرستگایەی ئەو پەیکەرەی تێدابووە گەوەرترین پەرستگای ئەم خوایە بووە لە "موساسیر" (لە ناوچەی رەواندز و باڵەکایەتی کوردستانی عێڕاق).

٢- لە زوانی ئەڵمانی و زوانەکانی دیکەی ئەوروپادا، کلدانی و خالدی بە شێوەی (chaldaen) دەنووسن، وێدەچێ ئەو هەڵانە لەم وێکچوونەی رێنووسەوە هاتبێ.

٣- (لیرخ)یش بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە بەتەواوی، وشەی (باکوور)ی بەکارهێناوە کە مەبەستی باکووری(میزۆپۆتامیا)یە. کتێبی یەکەم و دووەم و سێهەمی ناوبراو لە ساڵەکانی، ١٨٥٦-١٨٥٧-١٨٥٨بە زوانی رووسی لە شاری پترس بۆرگ لە ژێر ئەم ناونیشانەدا لەچاپ دراون: "توێژینەوە لەسەر کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی دێرینی باکوور". لە چاپە ئەڵمانییەکەیدا, هەرسێ کتێب بە هەمان ناونیشان وەلێ بە لابردنی وشەی (دێرین)، لە ساڵەکانی ١٨٥٧ـ١٨٥٨دا بڵاو کراونەتەوە.

٤- لیرخ لە کاتی چاپی ئەڵمانی کتێبەکەیدا، بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر هەڵەیەك هەردوو واژەی (خالدی) و (کلدانی) لێك جیاکردۆتەوە.

هەوڵی ناساندنی چۆنییەتی هەبوونی(خالدی) یەکان پێش لەچاپدانی کتێبەکەی لیرخ دەستی پێکردبوو. توێژەری فەڕەنسی ج.س.تی.مارتین، بۆ یەکەم جار لە شاری وان کەوتە لێکۆڵینەنەوە و هەوڵیدا پەیوەندییەکی زانستی شیاو لە نێوان کەونە نووسراوەکانی (وان) و راپۆڕتەکەی مێژوو نووسی ئەرمەنی(موسیس خورناتسی) بدۆزێتەوە. پێش ئەو مێژووەش، (کلۆدیۆس جیمس ریچ) و (چارلز بلینو) لە ساڵی١٨٢٠ چەند کەونە نوسراوی خالدییەکانیان دۆزیبۆوە، وەلێ هیچیان وەك مارتین لەم کارەدا پێشکەوتنیان بەخۆوە نەدی.

لەساڵی ١٨٢٦ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرانسە ئەرکێکی بە زانای ئەڵمانی پرۆفیسۆرشولتز سپارد تا لەگەڵ کۆمەڵێك لێکۆڵەری تر بچنە سەر سنوورەکانی ئێران و عوسمانی دەست بە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆیان بکەن. گرووپی ناوبراو لە٢٤ی تەموزی ١٨٢٧ چووە  ناو شاری (وان) و دوای ماوەیەك توانیان (٤٢) کەونە نوسراوەی بنەماڵەی خالدییەکان بدۆزنەوە و بۆ لێکۆلینەوە بیانێرن بۆ پاریس، بەڵام بەداخەوە د: شولتز لەکاتی گەڕانەوەیدا لە ناوچەی (جۆڵەمێرگ) کوژرا.

کەونە نووسراوەکان لە فەرانسە خوێنرانەوە و لە ساڵی ١٨٤٠ بە وەرگێڕاوی خرانە بەردەست کۆمەڵانی خەڵك. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو نامەی (مێجەر سێر هەنری ڤیلۆك) بکەین کە لە مەر مەرگی دکتۆر شولتز، بۆ (کاپتن هاکینز)ی نووسیوە. ناوبراو کوشتنی شولتزی خستۆتە ئەستۆی     دانیشتوانی ناوچەی هەکاری، هەواڵەکەشی لە گۆڤاری (JARS) ی ئاسیایی پاشایەتی بەریتانیادا لە ژمارەی ١٦ی١٨٣٤دا بڵاوکردۆتەوە دەڵێ:

لە پایزی ١٨٢٩دا دوای مەرگی هیس کە هەر لەم گۆڤارەدا کاریدەکرد، چوومە کوردستان. بەداخەوە هیس نەیتوانی دەرئەنجامی سەرنجڕاکێشی لێکۆڵینەوەکانی لە مەڕ ئاسیا بە جیهانیان رابگەیەنێ. دوای هیس، شولتز کرا بە نوێنەری دەوڵەتی فەرانسە لە ئێران. ناوبراو لە سەفەرەکەیدا بۆ ئێران لە ناوچەی ورمێ گوێی نەدابووە رێنوێنییەکانی فەرمانداری ناوچەکە (عەسکەرخان) لە مەڕ متمانە نەکردن بە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، سەرئەنجام پاداشتی متمانەی نابەجێی خۆی وەرگرت.

لەساڵی ١٨٥٠ ئاشوورناسی ئینگلیزی (سێر هەنری لایارد) بە تاوتوێکردنی بەشێك لە لێکۆلینەوەکانی شولتز، بە روونی نیشانیدا کە رێنووسی بزماری بە کاربراو لە کەونە نووسراوەکانی (وان)، لەگەڵ رێنووسی بزماری کەونە نووسراوەکانی ئاشووری و بابل، جیاوازە. لەم رووەوە بە پەیرەوکردنی لێکۆڵینەوەکانی (راولینسون) کەونە نووسراوەکانی (وان) ی ناونا "میدوـ ئاشوور. لەساڵی ١٨٧٢ (لینورمانت) ئەم رێنووسەی بە رێنووسی (گورجی)، و (مورتمان) بە رێنووسی (ئەرمەنی) ناوبرد. لە ساڵی ١٨٧٦ (رۆبت) ناوی رێنووسی (سامی) لێنا.

دواتر، ژمارەی ئەم کەونە نووسراوانە گەیشتە (٥٨) نووسراو، هەرە بەناوبانگەکەیان کەونە نوسراوەکانی"کێلەشین" و "تۆپزاوا"ی کوردستان بوون، لە وێدا "مینواس" کوڕی "ئیشپوونی" بەزوانی ناوچەی (خالدی) لە کردارەکانی خۆی دەدوێ. لە کۆتاییەکانی سەدەی



نۆزدەهەم ژمارەیەك لێکۆڵەری ئەرمەنی لە توێژینەوەکانی خۆیاندا نیشانیاندا، زوان و فەرهەنگی "خالدی" و "ئۆرارتو" پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ ئەرمەنیدا هەیە. بەهێزترین بەڵگەشیان بڵاوبوونەوەی ئەرمەنییەکان بوو لەسەر خاکی خالدییەکان، هەروەك چۆن کوردەکان لە ناوچەی جوگرافیایی ئەرمەنییەکاندا پەرش و بڵاون.

بە ئەگەری زۆر شاری وان (توشپە)، ناوەندی حکوومەتی خالدییەکان بووە. زۆر لەو ئاسەوارانەی ناوچەی وان، لە ساڵ ١٨٩٨ (لایاردۆ) و (راینۆڵدز) کونسولی بەریتانیا لە شاری وان، و (ئەمیلیوس کلایتون)، کڕیان،  لەگەڵ هەندێك قاپ و قاچاغی شکاوی دۆزراوە لە (توپرەك قەلعە)، بەنرخێکی گران لەبازاڕەکانی جیهانیدا فرۆشتیان.

لە ساڵی ١٨٩٣م. ف. نیکولسکی ئاشوورناس و أ.أ.ئیوانوفسکی شوێنەوارناس، لە باکووری چیای ئارارات نزیك (تاش بروون) چەند شوێنگەی خالدییەکانیان دۆزییەوە و رایانگەیاند ئەم شوێنە قەڵای(مینییە و ئخینیلی) یا قەڵای (مینواس) بووە. لەساڵی ١٨٩٨ ئەکادمیای زانستی ئاڵمان (و.و. بلك) و (لهمان) کە دواتر بەناوی لهمان ـ هاوپت ناسران، بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی کەونە نووسراوەکانی خالدییەکان، ناردنییە دەڤەری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کلایتون کونسوڵی بەریتانیا لە شاری وان، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (لهمان) و (بلك) ی نووسیییەوە کە ئەمڕۆ لە موزەخانەی بەریتانیادا پارێزراون. ئەمەش ناسنامەی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە خودی لهمان بلاوی کردبۆوە:

L.Haupt Armenien Einst und jetzte – Berlin 1910-30

وەلێ بەداخەوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ خالدییەکان هێشتا چاپ نەکراوە، ئەوەندە نەبێ لەساڵی ١٩٣٥چەند بەشۆکەی چاپ و بڵاوکرایەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین دوای جەنگی جیهانی بایەخێکی ئەوتۆ بەم بابەتە نەدراوە. لەساڵی ١٩٢٥ أ.هـ,سایس چەند کورتە وتاری بە زوانی ئینگلیزی لەسەر خالدییەکان نووسی، بەڵام رووسەکان پتر بایەخیان بەم بابەتە دا، لەوانە، (ئای.أ. ئوربیلی) و (ئن.وای.مار) سەردەقیان شکاند.

ئوربیلی لە شاری (توپراك قلعە) پەیکەرێکی بەردینی گەورەی بەناوی (گەنجینەی قاپوسی) دۆزیەوە و لە قەڵای شاری وان داینا. ئەو پەیکەرە چەند باسێکی دەربارەی ( ساندورمی دووەم پاشای ئورارتو) ی لەسەر نووسراوە. دواتر چەند نووسراوەی تر پەیوەست بە سەردەمی (ئەرگیشتی) کوری مینواس، دۆزرانەوە. ئەم نووسراوانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٨ لە

(هایدلبرگ) لەلایەن ( تسیریتلی) خوێنرانەوە هەر دوای ئەوەش بوو چەند رۆژهەلاّتناسی ئەمەریکی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە سەر مێژووی (ئورارتو) چڕ کردەوە. گەوەرەترین رووداو، لە تاوتوێ کردنی مێژووی (خالدییەکان)، لێکدانەوە و شرۆڤەی کەونە نوسراوی ( مینواس)ە کە لە کێلە شینی سنووری نێوان عێراق و ئێران دۆزرایەوە، لەلایەن (گوتز) خوێندرایەوە و ج.فریدیك بە درێژەپێدانی کاری (سایس) لێکۆڵینەوەکانی خۆی کاملّکرد و روونیکردەوە کە زوانی (خالدی) لە زوانەکانی (ئورارتو) و (هوری) نزیکە. ئەم لێکۆڵینەوانە لەم کتێبەی خوارەوەدا وەرگێردراونەتە سەر زوانی ئینگلیزی:

W.C.Benedict, The urartian-Assyrian Inscription of Kelishen, JOAS 81, 1961 pp.359-385

کەونە نووسراوی کێلە شین بە دوو زوانی (خالدی) و (ئاشووری) نووسراوە و ساڵی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ(٨١٠) ەی پ، ز. ئەم کەونە نووسراوە بە فەرمانی ( ئیشپوینی) و (مینواس) ی کوڕی لە بەرد هەڵکەنراوە: لەو نووسراوەیەدا (ئیشپوینی) دەڵێ:

"ئیشپوینی پاشای مەزن شای جیهان، شای نایری و....." لە دەقی کەونە نووسراوی (خالدی) لەبری (شای نایری)، (شای بیانیا) رابەری شاری (توشپە)، نووسراوە.

ئەم دوو شایەی (خالدی) یەکان، بایەخێکی زۆریان بە دەڤەری موساسیر و ناوچەی رەواندز و باڵەکایەتی کوردستان، داوە. جگە لەوەی ئەو ناوچەیە بەشێکی ژێر فەرمانڕەوایی ئەوان بووە، شوێنێکی پیرۆزی خوای مەزنی (خالدی ـ بە زوانی ناوچەکە ئالدی) بووە. لە دەقی کەونە نووسراوەی کێلە شین، هەردوو پادشا لە کار و خزمەتگوزاری ئاینی خۆیان، لە پەرستگای خوایانی (خالدی) دا، دواون و چەند نەخش و نیگار و پەیکەری جانەوەران و گوڵدان و ئەستونی (مس) یان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە.

لە کێلە شین (ئیشپونی) ویستوویە لەوەڕگایەکی فراوان بۆ خوای خالدی دروستبکا کە ئەوسا پێیان وتووە (بورگانانی). ناوی دەڤەری (موساسیر) یش بە (ئاردینی) هاتووە کە مانای (شاری خوای گچکە ئاردی) یە. ئەم خوایەیان لەتەك (شوینی و تیشیبا) و ٦٩ خوای تردا، پەرستووە.

(ئیشپونی و مینواس) شێوەی پەرستنی ئەو خوایانەیان لەسەر تاشە بەردێك راڤە کردووە کە لە دەڤەری (مهر قاپوسو) و (زمزم داغ)ە نزیك شاری (وان). لەلایەکی تر ئیشپونی و مینواس لە (ئەنزەور تەپە) ی باکووری وان لەسەر رێگا (پانتوس ـ قەرەقوش) دەرەوەی شاری



(ئالودیری) پەرستگایەکی تایبەتییان بۆ گەورەخواکەیان (خالد) دروستکردووە. ئەم پەرستگایە لەو قەڵایانەی جیایە کە لە ناوچەی(مروستان) خوارووی رۆژهەڵاتی وان و (ئەترف) باکووری رۆژهەڵاتی وان لە سەر رێگای (خووی) ئێران (ناوچەی شوکاك)دا، هەن.

کەونە نووسراوی تریش لە (قەلعەت گاە) رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و ناوچەی (شنۆ) و پەیکەری (قەرەگوندوز) لە دەوری دەریاچەی (ئەرچك)، دۆزراونەتەوە. ئەو نووسراوانە باسی هێرشەکانی ئیشپۆنی و مینواس دەکەن بۆ سەر خاکی ،میشتا، کوا، شاریتو، ئینگیبی، لە باشووری دەریاچەی ورمێ لە گەڵ ئەو تالاّنەی کردوویانە. لە کۆتایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆهەمی پێش زایین (مینواس) ناوچەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ورمێی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، کە رۆژهەڵاتی کێلە شین تا (حەسەنلو) و (تاش تەپە)، دەشتی (سولّدوز) و (شنۆ)، دەگرێتەوە. زۆر لەو وشانەی لەو کەونە نووسراوانەدا هاتوون، بە کەمێك گۆڕان لە زوانی کوردیدا هەرماون، لەوانە (موساسیر) کە ئەمڕۆ بە(موجێسر) ناودەبرێ کە لە کوردستانی عێراق دایە و ١٨ کیلۆمەتر لە شاری رواندز دوورە. ئەم ناوچەیە لە دەڤەری رۆژئاوای (تۆپزاوایە) لە سەردەمی (خالدی) یەکان ناوی (تۆپزە) بووە. (مەساسیر) کۆنترین دەڤەری نیشتەجێیی نەتەوەی (خالدی) یەکان بووە. ئەو دەڤەرە جگە لەوەی گەوەرتین زیارەتگای شاهانی (خالدی) بووە، پەرستگای خوای (خالدی) و هاوسەرەکەی ( ئاروبان) یش بووە کە لە کاتی کۆچی مادەکان بۆ ئەم ناوچەیە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (باگبارتو). لەلایەکی تر ئەو رێگایەی لە باشووری چیای ئاراراتەوە بە ناوچەی (ئاسکی دوغ و بایەزید)دا تێدەپەڕێ تا دەگاتە سەر رووباری ئاراس، بە چەند قەلاّ ناوبانگی دەرکردووە کە مینواس دروستیکردوون. لە (باشبولاق) یش، مینواس پێگەیەکی بۆ سەربازەکانی خۆی دروستکردووە، ناوی لێناوە (مینە واخینلی) یا (مینە وابورگ). مینواس گەلێك شوێنی تری دروستکردووە وەك: چۆلەگرت، نزیك (تاش برون) و (گوزریت قەلاّ)، مرادیە، قرەحمان و ئەنزەور، کە تائیستاش پتەون، لەسەر پێ ماون و خۆ دەنوێنن. لە شاری (پالو) نزیك رووباری (مراد سودا) مینواس نووسراوەیەکی بۆ بەجێهێشتووین تێیدا لە هێرشی خۆی دەدوێ بۆ سەر (شیبیتریا) کە ناوی پێشووی شاری (پالو) بووە. هەر لەو شوێنەدا پەرستگایەکی گرینگی بۆ خوای خۆی (خالد) دروستکردووە. دواتر لە لێواری رووبای فورات نزیك "مەلاّتییە" بەسەر هێزەکانی ناوچەی (خوزانا و سوپا) دا سەرکەوتووە و تا خاکی (هیثي) یەکان دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە. بەرین بوونی پاوانی دەسەڵاتی مینواس دوای سەرکەوتن لە (ئیزولو) پاڵی بە رابەرانی (میلیدی، مەلاّتییە و شولیخە

والی) یەوە تا پەیامی پیروزبایی ئاراستە بکەن. مینواس رووداوی شالاوی سەرکەوتوانەی خۆی بۆ سەر شاری (شوریشیلی ـ نی، ترخیگاماـ نی و توراـ نی، لە سنوورەکانی ،کالیبیلیاـ نی، ئاریوئیاـ نی لە ئوسوسواـ نی، خولمیروـ نی، لە شوبریا واتە "سوبارتو"، ئیروـ نی، کیرپونوـ نی، ئولیباـ نی و دیرگوئیشالا تا "کومینو"ی سنووری ئاشوور) لە سەر تەختە بەردێك تۆمار کردووە.

لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ـ١٩٧٥ز بە هەوڵی دێرین ناسانی وەك سی.ئا.بورنی و ڕێکخراوی میراتی کلتووری تورکیا شوێنەواری تری فەرمانڕەوایی (خالدی) یەکان لە شاری وان، ئەرزڕوم، توپراك قەلعە، ئالتون تەپە و چاوش تەپە، دۆزرایەوە. لەساڵی ١٩٦٠ چەند لێکۆڵەری روسی لەم بارەوە چەند کتێبێکیان نووسیوە. یەك لەوانە (پترۆفسکی)یە:

B.B.Pitrovsky.,Vanskoye Tsarstove.Moscow 1959

ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٦٧بەم ناونیشانەی خوارەوە کرا بە ئینگلیزی:

B.B.Pitrovskii,urartu,the kingdom of van and its Art,translated by .P.S.Gelling London 1967

لە ساڵی ١٩٦٧ کتێبێکی سەرنج ڕاکێش لەمەڕ هونەری(ئورارتو) لەلایەن (ماورتیس لون) لە هۆڵەندا چاپکرا:

Maurits N.Van Loon: urartian Art Netherlands Historical-Archaeological Institue ,Istanbul 1966

لە ئاڵمانیاش لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەی گرینگ ئەنجامدرا:

W.Kleiss….German Institue of Archeaology 1975.

حەفتا و حەوت ئاسەوارەکەی تری (خالدی) یەکانی ناوچەی (هەفتە وان) و (بەستام) لەساڵەکانی ١٩٦٧ و ١٩٦٩ لە لایەن(بورنی) و (کلایس) دۆزرانەوە کە ئێستا لە موزەخانەی تاران پارێزراون:

W.Kliss,Bercht uber Zwei Erkundungs fahrten in nord west Iran, Archeaologische Mitteilungen aus Iran,Band 2,1969

شوێنەوارگەڕانی زانکۆی پنسلڤانیا لە ژێر چاودێری (ر. دیسون) لە ناوچەی حەسەنلوی ئێران، شوێنەواری زۆر بە نرخی شارستانی (خالدی)یەکانیان دۆزییەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی



نۆهەمی پ، ز و تەواوکەری شارستانیەتی (موساسیر)ە. زوانی ئەو کەونە نووسراوانە هیچ پەیوەندییەکی بە زوانە ئێرانییەکانەوە نییە.

(ملکشویلی) زانای گورجستانی لە ساڵەکانی نێوان ١٩٦٠ـ١٩٧١ لێکۆلینەوەیەکی تێر و تەسەلی لەمەڕ ژیاری (خالد) یەکان ئەنجامدا کە درێژەی کارەکانی (سایس) و (لهمان هاوپت) بوو. تێکڕای ئەو کەونەنووسراوانەی خالدی (ئورارتو) کە لە ساڵکانی ١٩٧٣ لە تورکیا و ئێران و دەور و بەری دەریاچەی ورمیێ دوزراونەتەوە، ٢٣ تابلۆیە. لە کاتی گەڕانی شوێنەوارناسان لەو ناوچانەدا کەونە نووسراوێك دۆزرایەوە، ژمارەی پیتەکانی دەگەیشتە (١٠٠) پیت کە هێشتا نەخوێنراوەتەوە.

بەم شیکردنەوەیە پێویستە نووسەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەمەڕ دانیشتوانی دێرینی باکووری میزۆپۆتامیا، رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك و چیاکانی زاگرۆس، ناوی (خالدی) و (کلدان) نەکەن بەیەك. هەروەها دەبێ بە چاوی گومانەوە سەیری گوتەکانی د: پاکیزە رەفیق حیلمی بکرێت کەدەڵێ: ئاشکرایە یەکەم زوانی ناسراو لەکوردستان زوانی ئارییە کە زوانی (هوری و میتانی) یە، دواتر دەڵێت: زوانی کۆنی ئاریایی و میتانی دوو لکی زوانێکی کۆنترن. من پێموایە ئەو زوانە کۆنە، زوانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵانەیە کە لە پلە سەرەتاییەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی مێژوو، لە چیاکانی قەفقاز، زاگرۆس و ئارارات ژیاون.

ئەمە لەکاتێکدایە ئەو تابلۆ خوێندراوانەی (خالدی)، هیچ پەیوەندییەکیان بە زوانی ئارییەوە نییە (بڕوانە لێکۆڵینەوەکانی ملکشویلی و دیاکۆنۆف لە مەڕ زوانی هوری). بەپێی ئەو گەڕان و بە دواداچوونانەی تا ئەمڕۆ ئەنجامدراون، زوانی خالدیـ هوری بە زوانێکی "کرتیوالێ" لەقەڵەم دەدرێ، لە کاتێکدا زوانی کوردی بەشێکە لە زوانە هیندوئەورووپییەکان. بگەڕیوە بۆ:

Melikshvili G.A, Yazik, M 1964

Diakonoff I.M.,Hurrisch undurartaisch. Munchen 1972

Koing F.W.,Handbuch der chaldischen Inschriften.Graz 1955-1957.

بە پێی ئەم جیاوازی زوانییە، خالدییەکان (هورییەکان) کە دانیشتووی کوردستان بوونە، پەیوەندی مێژووییان لەگەڵ نەتەوەی کورد هەیە (بڕوانە: ڤاسیلی نیکیتین، کوردەکان ـ بەشی یەکەم،ل٧ لە چاپە فەرەنسییەکەی و ل٥١ لە چاپە روسییەکەی).

دەبێ بەشێوەیەکی زانستی تۆکمە، پەیوەندی مێژوویی نێوان کورد و (خالدی) یەکان تاوتوێ بکرێ تا هەر شك و گومانێك لەمەڕ باوباپیرانی کوردان برەوێنرێتەوە. بۆ نموونە هەندێك لە فەرمانڕوایانی کورد لە ناوچەکانی (پالو)، (بۆتان)، (دەرسیم) لە سەدەکانی پێشوو خۆیان بە نەوەی خالیدی کوری وەلید دادەنا، ئەمەش هەڵەیەك بوو لەئەنجامی وێکچوونی دوو وشەی (خالد) و (خالید)ەوە سەری هەڵدابوو، لەکاتێکدا (خالد) وشەیەکی هوری و (خالید) وشەیەکی عەرەبییە. هەر لەبەر ئەوەش دەڤەری کوردستان لە سەدەی دەهەمی زاینی بەکەونە ناوی (خالدیا) دەناسرا.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە بڵێین ناوی چواردەهەمین ویلایەتی رۆم لە دوای ئەرمەنستان لە کتێبی (سنووری جیهان) دا "خالدیا"یە، بڕوانە کتێبی:

Hudud Al.Alam, Translated and Explained by V.minorsky . L.193 , p.156

بابەتێکی گرینگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە: زۆر جار ئەو ناوانەی خەڵکی ناوچەیەك بەکاری دێنن سەرچاوەیەکی خێزانی هەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوی خێڵ یا هۆزەوە نییە، لە لایەکی تر بەکارهێنانی ناوی بێگانە بەڵگەی ئەوە نییە خاوەن ناو بەو زوانە دوابێ یا بدوێ. بۆ نموونە لە کوردستان گومانی تێدا نییە (ئانوبانینی) پاشای (لولوبیان) لە کۆتایی سێ هەزارساڵی پ، ز مانای ناوی خۆی زانیوە، رەنگە (ئانو) ی خوای سۆمەرییەکانیشی بۆ پەرستن هەڵبژاردبێ (بەومەرجەی ئەم ناوە پەیوەندی لەگەڵ ناوی خوای عیلامی"هومان/ئومان" نەبێ) و لە هەمان کاتدا زوانی (لولویی) خۆیان زوانی زگماکی ئەو بووبێ. هەر بەو شێوەیە دەکرێ کەسێك ناوی میترا بووبێ و میترا، **میثرا**، میهرا بە خوای خۆی زانی بێ کە خوای میتانی و و مادەکان بووە، لە هەمان کاتیشدا بە زوانی هوری دوابێ. ئەم بۆ چوونە لە مەڕ (گووتی) و (ماننا) یەکانیشدا راستەو لە کەونە نووسراوەکانی هەوراماندا بەرچاو دەکەوێ. دۆزینەوەی گرامەر و مانای وشەکانی ئەو زوانانە وەك دیاکۆنۆفی رووس دەڵێت: کارێکی زانستی فرە سەختە، چونکە هەریەك لەو زوانانە و زوانی "عیلامی" و "ئاشووری" و "سۆمەری" لەلایەك پەیوەستن بە گرووپی زوانی جیاواز ( چ لە رووی رێسا و چ لەرووی وشەوە)، لە لایەکی تر ژمارەیەك لەو زوانانە وەك زوانی "مادی"، " **ئەسکثی**"، "یۆنانی"، "لاتینی" و...، هەرچەند سەرچاوەکانیان زۆر لێك نزیکن، وەلێ پێویستی شوێن و قۆناخەکانی زوان، کاری تێکردوون. خێڵی "ئاساگارتیا" ی مادی بە نموونە دێنینەوە کە مانای سەنگتراشە. کاتێك (سەرگۆن) ی



ئاشووری هێرشی کردە سەر ناوچەی "گیزلبوندە" خاکی ماننا و مادە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەی "تتوچای" ئیمڕۆ، بەرەنگاری ئەم خێڵە بوونەوە، لەو کاتەوە ناوی ئەوانە بە "زاگیرتو" تۆمار کرا. بڕوانە :

D.DLuckenbill,Ancient Records of Assyria and Babylonia,Chicago 1926

VOL.11.P149-150);(R.N Frye,the Heritage of Persia,Cleveland 1963,p67

بە پشت بەستن بە کەونە نووسراوی بێستون ، ئەو نەتەوەیە دواتر لە دەوروبەری "ئەربیلا" (ئەربیل) ی ئەمڕۆ بڵاوبوونەوە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ناوی ئەوانی لێنرا (بڕوانە سەرچاوەکەی پێشو، بەشی یەکەم و دووەم. (LAR 1.784-811,II 147)

بنەچەکەی ئەم وشەیە "سەنگ ـ رووت"ە کە بەشی یەکەمی هێشتا لە زوانی کوردی و زاراوەی توپۆنۆمی (وەك سەرسەنگ، سەنگ سەر و ...) بەکار دەبرێ. لە زوانی کوردیدا وشەی رووت هەر رووتە، بە یۆنانی پێی دەگوترێ "زاگرس". بگەڕێوە بۆ کەونەنوسراوی (سترابون)، ژمارە ١٦ (Starbo geography XVI).

لە مێژوودا یەکەم جار ئەم وشەیە بەمانای بەشێکی جوگرافی بەکار براوە و فۆرمێکی یۆنانی وەخۆ گرتووە. لە زوانی ئاشووری و بابلیدا، زاگرس، زیگورتو، زاگروتی، بووە. بەم پێیە بە لێکۆلینەوە لە کەونە نووسراوەکانی ناوچەکانی کوردستان و گۆڕانکارییەکانیان و بەراورد کردنی ئەو وشانە لەگەڵ زوانی کوردی ئەمڕۆ، دەتوانین بەسەر ئاڵۆزی و بولێڵی مێژوویی ئەم دەڤەرەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا زاڵبین.

زوان ناسنامەی میللەتانە، پێدەگا و دەگۆڕێ، لە کات و شوێنی جیاوازدا، بەپێی پێویست ، لە ژێر کارتێکردنی تێکەڵبوونی کلتوورەکان گۆڕانی بەسەردا دێ. سەرهەڵدان، پەرەگرتن و گۆڕانی زوانەکانیش سێ جۆرە:

١ـ سەرەتا رەنگە زوان، زوانی تەنیا نەتەوەیەك بێت، بەدوور کەوتنەوەی هۆز و تیرە جیاوازەکانی ئەو نەتەوەیە و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ نەتەوەکانی تر گوتارگەلێکی تر لەو زوانە دروستبووە، ئەگەر بەرەبەرە لەناو نەچووبێ، زوانێکی نوێی لێ کەوتۆتەوە. سلاڤی، رووسی، چیك، سربی، بولگاری، سلۆڤێنی و پۆڵەندی، نمونەگەلی ئەم جۆرە زوانەنن.

**٢ـ** زوانێك كە لە كەوتنە پاڵیەكی چەند زوانی تردا سەری هەڵداوە و لە ژێر كارلێكی پێویستی سیاسی و سەربازی بووە بە زوانی نەتەوەیەك. بەرچاوترین نموونەش زوانی (كازاخی) یە.

**٣ـ** هێندێك جار زوانی نەتەوەی باڵادەست (نەتەوەی داگیركەر) جێگای زوانی نەتەوەی ژێردەست دەگرێتەوە. هەر بەو شێوەیە زوانی عەرەبی، بەناوی زوانی ئایینی موسڵمانان جێگای زوانی "ئارامی" گرتەوە.

لە سەردەمانی دێرین، نەتەوەكانی ماد كە "هیرۆدت" باسی كردوون و ناویان لە كەونە نوسراوەكانی (بێستون) دا هەر بەو شێوەیە تۆماركراوە، ئەم خاڵەی روون كردۆتەوە كە نەتەوەی "ماگ" رابەری ئاینی تیرە و هۆزەكانی تریان لە ئەستۆدا بووە، بیری ئاینی كۆنی نەتەوەكانی هیند و ئەوروپایی  بە ناوی نەتەوەی ماگ تۆمار كراوە.

ئەگەر نوسراوەوكانی ئاڤێستا سەرچاوە بن، دەتوانین زوانی " ئاوێستا (بەتایبەتی گاتەكان)" بە زوانی مادەكان دابنێین. كەونە نووسراوی پاشایانی ئاشوور لەهەمبەر نەتەوەكانی ماد، بەربڵاوی جوغرافیایی و ناوی رابەرانیان لەگەڵ ئاڤێستا گەورەترین سەرچاوەن بۆ ناسینی زوانی مادەكان. هەرچەند ناتوانین زوانی ئاڤێستا بە تاكە زوانی مادەكان دابنێین، وەلێ بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین زوانی سەد و پەنجا ساڵەی ئیمپڕاتۆری مادەكان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەرنجی جیاواز هەیە لەسەر ئاڤێستا، ئەو گۆڕانەی لە ساڵی (٢٢٦ـ٥٠٠زاینی) بەسەری هات، بوو بەهۆی ئەوەی بەسەختی بكەوێتە  ژێر كاریگەری زوانی "پارت" و " پەهلەوی" و "ساسانی".

وەلێ لە ئاڤێستادا گەلێك وشە هەن كە هێشتا لە زوانی كوردیدا ماون و بەكار دێن. دیاكۆنۆف دەڵێ: زوانی ئاڤێستایی گرینگترین زوانی كۆنی ماد بووە، زوانێكی پتەو و پەیوەست بووە بە زوانەكانی هیند و ئەوروپی، ناتوانین ئەو زوانە بە زوانی پارسی دابنێین كە زوانی رەسمی ئێرانییەكانە.

لە راستیدا زوانی پارسی كۆن (هەخامەنشی)، كەڵكێكی زۆری لە زوانی مادەكان وەك زوانی باڵاتر وەرگرتووە و گەلێك زاراوەی مادی چۆتە ناو زوانی پارسی كۆن، وەك "خشای تی"، "شهراب"، "فارنا"، "باگا"، "بریزمن"، "زورە"، ..... كە بە ریز مانای " دانیشتوو لەسەر تەخت"، "ویلایەت"، " هێزی بەیانیان"، یا "شاهنازی شاهانە"، " خودا"، "سەركەوتوو"، " فراوانی" و.....دەدەن و لە زوانی هەخامەنشییەكان بە فراوانی بەكار هاتوون و سەرچاوەكەیان "ماد"بووە و ژمارەیەكیشیان ئەمڕۆش لەكوردیدا بەكار دەبرێن. زۆربەی ئەو وشە و زاراوانە لە پێش مادەكانیشەوە لە كوردستان لە ئاخاوتندا بەكار هاتوون، ئەمڕۆ بەبێ گوێدانە رەچەڵكیان



خزاونەتە ناو زوانی، ئەرمەنی، كوردی، تاتی، تالشی، فارسی و هەتتا توركیش، لە هەر زوانێكیش مانای تایبەت بەو زوانەی وەرگرتووە.

بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین زوانی ئاڤێستا لە كوردستان هەمان دەوری گێڕاوە كە زوانی سۆمەری لە عێراق و زوانی عەربی لە ئەفەریقا گێڕاویانە. گومانی تێدا نییە كە زوانی مادی رێنووس و رێسای تایبەتی هەبووە، گرینگ نییە داخۆ رێبازی نووسین بنەمای "ماد"ی هەبووە یان نا. بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیەش شێوەی نووسینی هیرۆگلیفی ئەو "قاپە زێڕین"ەی لە شاری سەقز دۆزرایەوە (هی سەردەمی مادەكان)، گرینگترین و باشترین بەڵگەیە. ئەو شێوە نووسینە ، زۆر نزیكە لەو شێوەی كە لەسەر یەكێك لە كەونە نووسراوەكانی خاكی (هیتی) یەكان دۆزراوەتەوە.

بە پشت بەستن بە هێندێك سەرچاوەی تر روون دەبێتەوە "ماننا" كان زوان و رێنووسی تایبەت بە خۆیان هەبووە هاوشێوازی زوان و رێنوسی "ئورارتو".

"سەرگۆنی دووەم" ی ئاشووری لە راپۆرتی ساڵی ٧١٤ەی پ، ز دا دەڵێ: "ئولوسونو" پاشای "ماننا" كان تەختە بەردێكی پێ بەخشیوە. بێگومان گەلێك بابەتی لەسەر نووسراوە.

بەر لە ساڵی ٧١٤ەی پیش زایین ( ساڵی نووسینی كەونە نووسراوی سەرگۆن) دەوڵەتی ئورارتو و خەڵكی "هالدی" و "نایری" توانیویانە ناوچە كورد نشینەكانی ئەمڕۆ (میاندواو، شنۆ، رەواندز و تێكڕای دەڤەری نێوان شاری ورمێ و دەریاچەی ورمێ) لە چنگ ئاشوورییەكان دەربێنن. پاشای "هالدی"یەكان (ئیشپونی و مینواس) باكووری رووباری دیجلە تا دەگاتە سەرچاوەی زێی گەورە و بەشێك لە خاكی "ماننا"یان داگیر كرد.

لەم نێوەندەدا ناوچەی "موساسیر" لەبەر ئەوەی پەرستگای خوای "هالدی" یەكان بوو "مینواس" زیارەتگایەكی گەورەی لێ دامەزراند بوو (كێلەشینی ئێستا)، دەریدەخا كە دەڤەری باڵەكایەتی بەتایبەتی ئەو بەشانەی كەوتوونە سەر سنووری ئێران ـ عێراق، لە پاوانی فەرمانڕەوایی "هالدی"یەكاندا بوونە. لەم شوێنەدا كەونە نووسراو و شوێنەواری زۆری "هالدی" و "ئۆرارتو" كان بەجێماوە كە لە پاڵ ئاسەواری ئاشووری و مانناكان دەكرێ یارمەتیدەرێكی مەزن بن بۆ ناساندنی وردی مێژووی ئەم دەڤەرە.

لەنیوان ئەو زانستە جیاجیایانەی بە هانای شوێنەوار ناسیەوە هاتوون، زوانناسی (فیلۆلۆجی) و زانستی دەستنووسخوێنی (پالیۆگرافی) لە هەموان گرینگتر بوونە. لەم رووەوە، مێژوونووسێك ئەگەر پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ ئەو نەتەوە و گۆڕانكاری زوانەكەیدا نەبێ ، ناتوانێ

مێژوونووسێکی سەرکەوتوو بێت. بەم پێیە تا ئەندازەیەك ناسینی زوانە خۆماڵییەکانی ئەو دەڤەرە دەتوانێ یارمەتی مێژوونووس بدا بۆ دەرخستنی زانستیانەی مێژووی ئەو ناوچەیە و ڕێگە خۆش بکا بۆ کردنەوەی گرێ کوێرە مێژوویییەکان و ڕوونکردنەوەی بولێڵەکان، هەرچەند ڕەنگە زوانێك تایبەت بەتاکە ناوچەیەك نەبێت و پەیوەندی مۆرفۆلۆجی و فۆنێتیکی هەبێ لەگەڵ چەند زوانی هەزاران کیلۆمەتر لە خۆی دوور ، ئەمەش باری بەرپرسیاری، گرانتر و مەترسیدار تر دەکات. لەبەر ئەوە دەبێ میژوونووس جگە لە ئاشنایی لەگەڵ مێژووی سەرەتایی ئەو ناوچەیە، شارەزایی تەواوی لە زوانەکانی ئەو ناوەدا هەبێت و دراوسێکانی بناسێت، ئینجا دەست بەنووسینەوەی مێژوو بکات.

پتر لەوەی باسکرا، پێویستە مێژوونووس شارەزای "بابەتناسی"یش بێ، چونکە ئەو وشە و زاراوانەی ئەمڕۆ لە ناوچەیکدا بەکار دێن، ڕەنگە لە ڕابردوودا هەر هەمان وشە بەمانایەکی تر بەکار برابێ، یا هەر ئەو وشە بە ڕێسایەکی جیاواز لە سەردەم و شوێنی جۆراوجۆر، لەلایەن نەتەوە گەلی جیاجیاوە، لە سیما و مانادا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. بابەتێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ، کاریگەری کلتوری باڵادەستە لەمەڕ سەپاندنی زوان وەك فاکتەرێکی دەسەڵات بەسەر نەتەوەی ژێر دەستدا. پەرە گرتنی ئاینی ئیسلام و مەسیحی لە ئەفەریقا و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی یۆنانی و ڕۆمی، لەو بەڵگانەن کە دەبێ سەرنجییان بدرێتێ. زوانی کوردیش لەو دەستووڕە بەدەر نییە. بێگومان سەرهەڵدانی ئایینگەلی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و میزۆپۆتامیا، سەرهەڵدان و ڕووخانی گەلێك ئیمپراتۆری مەزن لەگەڵ بوونە پاشکۆی کلتوری، سیاسی و ئابووریییان، کاری کردۆتە سەر زوانی کوردی. لە کاتێکدا زوانی "میتانی" و "سەکسی"بە سەربەخۆیی خۆیان دەنازی، زوانی "ئارامی" بەرەبەرە دەبوو بە زوانی فەرمی ئیمپراتۆری "پورشاد". ئەم جوێبوونەوەیە لە سەردەمێکدا بوو کە زوانی "ئارامی" ببوو بە زوانی ئاینی "فەلەك" و زوانی سەربەخۆی کوردی گۆشەگیر کردبوو. بەڵام زوانی کوردی درێژەی بەژیانی خۆی دا، بە کەڵك وەرگرتن لە وشە و زاراوەگەلی، ئارامی، ساسانی، لاتینی و دواتر عەرەبی بەها و سامانی خۆی پتر کرد.



## بایەخی زوان، لە ژیانی نەتەوەکاندا

بایەخی زوانی کوردی بە پێی دید و بۆچوونی فەلسەفی ـ ئایدیۆلۆجی دەگۆڕدرێ. ناسیۆنالیزم، زوان بە یەکێك لە کوچکەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە و ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵگا دەزانێ. هیچ نەتەوەیەك بێ زوان نەبووە و نییە و نابێ. دواکەوتووترین تیرە و تایەفە و نەتەوەی جیهان، دانیشتوانی دوورترین جەنگەڵ و بیابانی ئەفەریقا و ئەوپەڕی ئوقیانووسەکان تا دەگاتە پیشکەوتووترین نەتەوەی جیهان، خاوەنی زوانی خۆیانن. زوان و نەتەوە وەك ماسی و ئاون، بێ یەکتر مانایان نییە. زوانی میللی، گیانێکی بزۆزە لە لاشەی نەتەوەکەیدا دەم دەکێشێ. دڵی هەر نەتەوەیێك بە ئەوینی ئەو زوانەوە لێدەدا. ژیانی نەتەوە خۆی لە چوارچێوەی، بەسەرهات، داستان، ئەفسانە و مێژوودا دەبینێتەوە، کە بە زوانی باو و باپیران خوڵقاوە و پشتاوپشت گوازراوەتەوە.

دیارە هەندێك ڕووداوی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد نیشانیداوە، تەنیا زوان مەرجی نەتەوە و کوردبوون نییە، بەڵکو هەستی هاوبەشی نەتەوایەتییە ناسنامەی بە کوردان بەخشیوە. لە باکووری کوردستان هەزاران کورد، بێ ئەوەی تاکە وشەیەك لە زوانی زگماکی خۆیان بزانن، گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان بەخت کردووە. لە هەمانکاتدا کەسانێکی تر هەن زۆرباش بەزوانی زگماکی خۆیان دەدوێن کەچی دوژمنایەتی هاوزوان و هاوڵاتیانی خۆیان کردووە.

ئەو بایەخەی زوانی نەتەوە لە ناسیۆنالیزمدا هەیەتی، لە فەلسەفەی مارکسیزمدا نییەتی. مارکسیستەکان لە ڕوانگەی ماتریالیستییەوە دەڕواننە جیهان و ئابووری بە ژێرخان لەقەڵەم دەدەن، هەر لەو ڕوانگەشەوە سەرنج دەدەنە کۆمەڵگای مرۆیی. لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئابوورییە، واتە فاکتەری بنەڕەتی وەدی هاتنی نەتەوە و ڕەگ و ریشەی کۆمەڵگا، ئابوورییە. لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە زوان لەژیانی نەتەوەکانی سەر زەوی، ڕۆڵێکی بنچینەیی نییە، بەڵکو فاکتەرێکی تەوەری، باوەڕ بەخواو بنەمای (توحید)ە. مارکسیزم لە دیدی ئینتێرناسیۆنالیزمەوە بە یەك چاو سەیری گشت نەتەوەکان دەکات و ئیسلامیش لە دیدی (توحید)ەوە بەیەك چاو دەڕوانێتە مرۆڤ، کەواتە تێڕوانینی مارکیسزم و ئیسلام لە گشتەوە بۆ بەش و تێڕوانینی ناسیۆنالیزمیش وەك خاڵی بەرامبەری هەردووکیان، لە بەشەوە بۆ گشتە.

بۆچوونی تایبەتی ئیسلام و مارکسزم، کارێکی ئەوتۆی کردۆتە سەر زوانی نەتەوە کە لە وڵاتانی خاوەن ئەو سیستمە، چەند کەمەنەتەوە، کۆمەڵانی خەڵك و نەتەوەکان دەبێ لەپاڵ یەکدیدا بژین و زوانێك وەك زوانی رەسمی پەسەند بکەن. لەم جۆرە سیستمانەدا زوانی رەسمی زوانی پلە یەك و زوانی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵات زوانی پلە دوو و کەم بایەخ ترن. لە هێندێك وڵاتی تر، دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای ئایینی، هاوتای زوانی نەتەوە، پەرە بە زوانی دینی دەدات. بۆ ئەمەش باشترین نموونە ئێرانە کە دوا بەدوای شۆڕشی ساڵی **١٩٧٩** رابەرانی ئێران بە فەرمی زوانی عەرەبییان کردە زوانی سەرەکی و سەپاندییان لە هەموو بڕگەکانی خوێندن، بخوێندرێ.

بایەخی زوان پتر لە ژیانی رۆژانەدا دەردەکەوێ، چونکە فاکتەرێکە مرۆڤ بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤ تەنیا بەهۆی زوانەوە پەیوەندی بە کۆمەڵگاکەیەوە دەکات، بیر و بۆچوون، هەست و سۆزی خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگایە دەگوێزێتەوە کە تیایدا دەژی. زوان ئامرازی پەیوەندی کردنی هەر نەتەوەیەکە بە نەتەوەکانی تری جیهانەوە. حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی جیهان بە هۆی زوانەوە هاوکاری فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و..... یەکدی دەکەن. بە واتایەك ئەگەر زوان نەبوایە مرۆڤ و ئاژەڵانی تر جیاوازییان نەدەبوو.

بێگومان تێکڕای نەتەوەکانی جیهان بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای زوانەکەیان دەناسرێن. نەتەوە بێ زوانی مللی، بێ ناسنامەیە. "هەژاری موکریانی" دەڵێ: قەواڵەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی سەر زەوی، زوانە. زوان نەمێنێ بوون و نەبوون لە نێو دەچێ.

مامۆستا "محەمەدی خاڵ" لەسەر بایەخی زوان دەڵێ: (کۆمەڵگای  بێ زوان و فەرهەنگ، لە ژێر پێی نەتەوەکانی تردا دەپلیشێتەوە، وەلێ نەتەوەیکی خاوەن زوان و فەرهەنگ، ئەگەر دیلیش بێ هەر بەنەتەوە دەژمێردرێ و لە بەرەو پێشوەچوونی بە ئاراستەی لوتکەی مرۆڤایەتی، سەرئەنجام دەگاتەوە نەتەوەکانی تر. بە مردنی هەزاران رۆڵەی نەتەوەیەك، ئەو نەتەوەیە نامرێ، بەڵام بە مردنی زوانەکەی، رەگ و ریشەی ژیانی وشك دەبێ و لە گرێژنە دەچێ. ئەگەر بەچاوێکی تیژەوە بڕوانینە بەسەرهات و مێژووی خەڵکانی پێشوو، گەلێك نەتەوەی گەورە دەبینین لە رەهەندی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بە ترۆپکی شانازی گەیشتوون، حەماسەتییان خولقاندووە و کامڵبوونە، بەڵام بە وەرچەرخانی رۆژگار تەنیا بە هۆی لە نێوچوونی زوانەکەیان، خۆشیان لە نێوچوون و لە لاپەڕەکانی مێژووی کۆندا نەبێ ناویان نەماوە. بەم پێیە مانەوەی زوان زامنی مانەوەی نەتەوەیە.



کەواتە زوان لە هەر قەڵایەك قایمترە، هەر قەڵایەك دەشێ داگیر بکرێ وەلێ قەڵای زوان مەحاڵە. یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی هەر زوانێك ئەوەیە: دەکرێ بە پشت بەستن بە ئەدەب، فەرهەنگ و زوانی نەتەوە رەگی مێژوویی هەر نەتەوەیەك لە شوێنی جیۆگرافی خۆیدا بدۆزینەوە و ناسنامەی نەتەوایەتی پێ بدەین. بە ناسینەوەی زوانی دێرینی دانیشتوانی ناوچەیەك، تاوتوێ کردنی "فۆنێتیك، رێسا و وشەی هاوبەش" و بەراورد کردنیان لەگەڵ زوانەکانی دراوسێی، دەتوانین پەی بە مێژووی دێرینی هەر نەتەوەیەك ببەین.

کەواتە ئەکادیمییە زوان ناسەکانی کورد، بۆ تاوتوێکردنی، بنەماکانی زوانی کوردی، سەرچاوەکانی، سەرەتاکەی، کامڵبوون و پێگەیشتنی ئەم زوانە، جگە لە شارەزایی تەواو لە زوانی کوردی، پێویستە دوو کار ئەنجامبدەن:

یەکەم: زانستیانە لە شوێنگە و پەیدابوونی نەتەوەی کورد بکۆڵنەوە.

دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی زوانی کوردی، ئەو فاکتەرانەی کارییان تێکردووە، رێچکەی گۆڕان و قۆناخەکانی کامڵبوونی، بە وردی تاوتوێ بکەن.

لەبەر ئەوە پێویستە بەباشترین شێوە "ئەدەب و فۆلکلۆری" کوردی شرۆڤە بکەن. بۆ نموونە ئەگەر بتوانین روونیبکەینەوە "مادەکان" بە چ زوزانێك دواون و لەگەڵ زوانی کوردی ئەمڕۆ بەراوردی بکرێ تا رووە وێکچووەکانی بەتەواوی دیارییبکەین، ئەوسا دەتوانین بڵێین "مادەکان باوباپیری کوردانی ئەمڕۆن". کەواتە بەکەڵك وەرگرتن لە فاکتەری زوان رەگ و ریشەی مێژوویی نەتەوەی کوردمان دۆزیوەتەوە.

بەداخەوە دەبینین هێندێك سیاسەتوانی کورد، بێ هەستی بەرپرسی، بە پێچەوانەی ئامانجە سەرەکییەکانیان، لە زۆر رووەوە بە کەم بایەخ نیشاندانی فاکتەری زوان، تەنیا جەخت لەسەر ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان دەکەنەوە، بێ ئاگا لەوەی  زوان خۆی فاکتەری یەك پارچەییە. ئەوانە لەبیریان چۆتەوە هەر نەتەوەیەك بە زوانەکەی دەناسرێتەوە. هەر کوردێك بۆیە پێی دەڵێن کورد چونکە لە دایك و باوکێکی کورد بووە بە زوانی کوردی دەدوێ. هەرکەسێك لە هەنگاوی یەکەمدا بە هۆی زوانەوە لە تورك، عەرەب، روس، ئینگلیز،.....جوێدەکرێتەوە، دواتر تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی لە بەرچاو دەگیرێ. لە روانگەی ئایینیشەوە کوردێکی موسوڵمان لەسەر بنەمای زوانی لە گەڵ موسوڵمانێکی تورك، عەرەب یا فارس جیاوازە. لەبەر ئەوە دەڵێن نەتەوە موسڵمانەکان هەموویان پێکەوە نەتەوەی موسوڵمان پێکدێنن.

هەروەها "جوتێر، کرێکار، بورژوا......" ی هەر نەتەوەیەك زوانێکی هاوبەوشیان هەس. زوان ناسنامەیەکی نەتەوایەتییە. زوانی تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگا، بە دابەشکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە زوانی هاوبەشی نەتەوەیە. هەرگیز نەبیسراوە کەسێك یا گرووپێك زاراوەی زوانی کوردی چینی جوتێر یا سەرمایەدار بەکاربێنێ. لەبەر ئەوە ئاکارە نەتەوەییەکان لە بۆتەی تەنگی چینایەتیدا ناگونجێن و زوان بە بەڵگەی تایبەتمەندی نەتەوەیی، خەسڵەتی هاوبەشی تێکڕای گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە و لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری، باڵاترە.

هەر نەتەوەیەك گۆێ نەداتە زوانەکەی خۆی و هەوڵنەدا بۆ بەرز ڕاگرتنی کلتووری نەتەوایەتییەکەی, بەرە بەرە بەرەو داڕزان دەڕوا و لە کۆتاییدا لەناو دەچێ. ئەو نەتەوەی پارێزەری زوانەکەی خۆیەتی، لە بەندێك دەچێت کە کلیلی بەندیخانەکە لە بەرکی خۆی دایە، هەرکاتێك بخوازێ دەرگا دەخاتە سەرپشت و ئازاد دەبێ. نەتەوەی بێ کلتوور و زوان لە گیراوێك دەچێ کە کلیلی گرتووخانەکەی لە دەست دوژمنانی دایە، واتە لە بەرامبەر دوژمنان چۆکی داداوە و وردە وردە دەتوێتەوە. لەبەر ئەوە نەتەوەیەك هەرگیز لەناوناچێ مەگەر زوانەکەی بەرەو لەناو چوون بڕوا. بۆ نەتەوەی کوردیش کە ژێردەستی تورك و عەرەب و فارسە، خۆ وێچواندن و لەبیر بردنەوەی زوانی زگماکی، مانای مردنی نەتەوەییە. گەلێك نەتەوەی سەربەخۆ لە هەل و مەرجەکانی دەسەلاتدا تواونەتەوە. فینیقییەکانی سوریا و لوبنان، قیبتییەکانی میسر، ڕەشپێستەکانی سۆدان و گەلێك نەتەوەی ئەفەریقا، بەربەرەکانی جەزائیر و مەراکش، ئیرانییەکانی مەدائین و هەزاران بنەماڵەی کوردی عێراق بەهۆی لەدەسدانی ناسنامەی خۆیان، بوونەتە عەرەب و لە عەرەب عەرەبترن. ئەمانە نموونەگەلێکی روونی ئەو نەتەوانەن کە ناسنامەی خۆیان لەدەسداوە و لە ناو نەتەوەی دەسەڵاتداردا تواونەتەوە. نموونەیەکی تر وڵاتی مەغریبە، ئەم وڵاتە عەرەبیە، بە دانیشتوانەکەی خۆیەوە هەر زوو لە ناو عەرەباندا توایەوە. هۆیەکەشی تەنیا ئەوەبوو، ناسنامەی خۆیان دۆڕاند، لە بەرامبەر شەپۆلی تەعریب خۆیان نەگرت و بە تەعریبی مەغریب کۆتایی هات. هەر لە بەرامبەر ئەم پرسەدا ئیسپانیا زوانی نەتەوەیی خۆی پاراست و ڕێبازی نەتەوایەتی خۆی گرتەبەر. "ئەندەلوس" نزیکەی حەوت سەدە بەشێك بوو لەئیمپراتۆری ئیسلامی، لە. ژێر دەسەڵاتی هەمە لایەنەی عەرەباندا بوو، خەڵکەکەی بە عەرەبی دەدوان، وەلێ بێزار بوون لە زوانی عەرەبی، لە ماڵ و کۆڕ و کۆمەڵاندا بە زوانی دایك دەدوان. ئەوان هیچ کاتێك ملیان بۆ دەسەڵاتی زوانی عەرەبی کەچ نەکرد، بۆیە



هەرکە عەرەب لە ئیسپانیا وەدەرنران، شارستانیەتی عەرەبیش لەوێ بنەوبارگەی پێچایەوە. نموونەیەکی تر لە سیاسەتی گرووپی دەسەلاتدار لەمەڕ سەپاندنی زوان، فەرمانڕەوایی بەریتانیایە لە هۆنگ کۆنگ. دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە بەسەر (هۆنگ کۆنگ) دا لە ساڵی ١٨٤١ دەستیپێکرد. هەر لە رۆژی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ هۆنگ کۆنگ، سیاسەتی سەپاندنی زوانی ئینگلیزی بەسەر دانیشتوانەکەیدا، بە خوێندنی زۆرەملێی ئەو زوانە لە قوتابخانە، فێرگە و سەنتەرەکانی خوێندنی باڵا، دەستیپێکرد. زوانی کۆلۆنیالی بەریتانیا بە ئارامی چووە ناو ژیانی خەڵکی هۆنگ کۆنگ و بەرە بەرە دزەی کردە نێو هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەندەرە. ئەم کارتێکردنە ئەوندە قوولبوو کە زوانی چینی واتە زوانی دانیشتوانی هۆنگ کۆنگی خستە مەترسییەوە، تەنیا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ١٥٦ ساڵەی بەریتانیا و گەڕانەوەی دووبارەی دەسەڵاتی کۆماری خەڵکی چین بۆ ئەو بەندەرە بوو بە ڕێگری توانەوەی زوانی چینی لە هۆنگ کۆنگ.

هەر نەتەوەیەك زوان و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ، بە نەتەوەیەکی زیندوو دەژمێردرێ. نەتەوەی زیندوش ئەگەر ژێردەستە بێ و ئازادیش نەبێ، لە مەترسی لەناو چوون بەدوورە. بۆ نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی کورد، پاراستنی زوان، پاکسازی زوانی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی زاراوە و دەستە واژە و فێرکردنی زوانی کوردی، تەنیا ئامرازی زیندوو ڕاگرتنی نەتەوەی کوردە، نابێ لە بیر بکرێ نەتەوەیکی زیندوو تەنیا بە زوانی نەتەوەیی بە زیندوویی دەمێنێتەوە...

# کوردستان لە چاخی بەردیندا

کاتماوەی چاخی سەهۆڵبەندان تا چاخی بەردین بە قۆناخی "بلاستۆسین" ناو دەبرێ. لەو سەردەمەدا زۆربەی ناوچەکانی ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور بەفر داپۆشیبوو. ئەم رووداوەش نیو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر روویدا، نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار ساڵ پێش لەدیکبوونی مەسیح کۆتایی هات. لە چاخی سەهۆڵبەندان بیابانەکانی ئەفەریقا و خاکی وشکەڵی عەرەب، کەش و هەوایەکی مامناوەندییان هەبووە. لەو سەردەمەشدا کوردستان  خاوەن کەش و هەوایەکی فێنك بووە.

مرۆی دێرین لەم بارودۆخەدا ژیانی بەسەر بردووە، ناچار بووە پەنا بباتە بەر ئەشکەت و ژیانی دەشتەکی و لەسەر راو خۆراکی خۆی دابینبکات. بۆ راوکردنیش پێویستی بە ئامراز و پێداویستی لەبار بووە. بۆ راوکردنی زیندەوەر، بە روانین لە سروشتی دەورو بەری خۆی، لە بەرد رەقتری دەسنەکەوتووە. بەرەبەرە فێربوو بە تیژ کردنی بەرد، دەتوانێ خێراتر و ئاسانتر نێچیری خۆی راو بکات. دوای بەردیش نۆرەی ئێسك هات. مرۆڤی سەرەتایی بە کەڵك وەرگرتن لە هێسکی ئەو نێچیرانەی راوی کردبوون، ئامرازێکی نوێی دروستکرد. ئەم قۆناخەی مێژوو بە شارستانییەتی کۆنی بەردین نێو دەبرێ.

بەم پێیە چاخی بەردین دابەشدەکرێ بۆ:

١- چاخی بەردینی کۆن: ئەم سەردەمە نزیکەی (٣٥٠) هەزار ساڵ درێژەی کێشا. لەم قۆناخەدا، تەوری بەردین و بەردی تیژ دروستکرا، مرۆڤی ئەم قۆناخە لە شێوەی مەیمون بووە.

٢- چاخی بەردینی ناوەراست: لەم قۆناخەدا مرۆڤی نیاندرتاڵ کە لە ئەشکەوتاندا دەژیا، لەدایکبوو، پاشماوەکانی ئەم مرۆڤە لە شاخەکانی کوردستان دۆزراوەتەوە.

٣- چاخی بەردینی نوێ: سەرەتای ئەم قۆناخە دەگەڕێتەوە بۆ (٣٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر. لەو سەردەمەدا، ئامرازی باشتر لە بەرد، هێسك، قۆچی ئاژەڵ و عاجی فیل، پەیدا بوو. مرۆڤی ئەم قۆناخە "هۆمۆساپیینس" و ژیارەکەی بە"کرۆمانیون" ناودەبرێ.

دوای ئەم کورتە پێشەکییە، وڵاتی کوردستان لە چاخی بەردیندا تاوتوێ دەکەین. لێکۆڵینەوەی دێرین ناسان لە هێندیك ناوچەی کورد نشین نیشانیداوە، کوردستان لە چاخی بەردیندا ژینگەی مرۆڤی سەرەتایی بووە:



ـ چاخی بەردینی کۆن:

ئاسەواری ئەم ژیارە لە یەك کیلۆمەتر سەرووی رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ ( لەساڵی ١٩٤٩) لەناوچەیەك بەناوی (بەردەبەلەك) دۆزراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٥١دووبارە گەڕان و پشکنین لەو ناوچەیە دەستی پێکرد، لە قووڵایی ٣ـ٥ پێ، تەورێك لەشێوەی دڵ کە بۆ برینی بەرد بەکار براوە، لە گەڵ چەند بەردی داتاشراو دۆزرانەوە. دوای لێکۆڵینەوەی فراوان، دەرکەوت ئەم ئاسەوارانە لە دەسکردی"ئاشولی"و "موستری"یەکان دەچێت کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی بەردی کۆن و سەرەتای چاخی بەردینی ناوەڕاست. ( ژیاری بەردینی کۆن بە ژیاری "شیلیە" و "ئاشولی" ناو دەبرێت، چونکە یەکەمین ئاسەواری سەردەمی کۆن لەو ناوچانەدا دۆزراوەتەوە).

دوکتۆر "شیلکی" شوێنەواری ئەو ژیارەی لە ئەشکەوتی "شانەدەر" دا دۆزییەوە کە کەوتۆتە داوێنی  چیای "برادۆست" و بە سەر زێی گەورەدا دەڕوانێ و کەمێك لە شاری رەواندز دووره. دوکتۆر "رۆڵف شیلکی" بەهەڵکەندنی زەوی تا قووڵی ٤٥پێ، چوار چینی لە خوارەوە بەرەو سەر دۆزییەوە، کە بریتین لە:

١-  چوارەم چین: بەشی ژێرەوە بە ئەستورایی ٢٥ پێ، ژمارەیەك ئاگردان و خۆڵەمێش و هێسکی تێدا دۆزرایەوە کە دۆزینەوەی ئاگر و بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە نیشاندەدا. هێندێك کەل و پەلی تریش وەك، تەور، رەندە، درێوشە کە لەبەرد دروستکراون، لەگەڵ هێسکی مرۆڤی "نیاندرتاڵ" دۆزرانەوە. دێرینی ئەو چینە دەگێڕێتەوە بۆ(٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار ساڵ لەمەوبەر.

٢- سێهەم چین: لەم چینەی ئەشکەوتی "شانەدەری"چینی دا ئاسەواری بەردی ئاگر کردنەوە دۆزرایەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ. کۆنی ئەم چینە نزیکەی (٣٠٠٠٠) سی هەزار ساڵە و بە "پیشەسازی برادۆست" ناو دەبرێت.

٣- دووم چین: لەم چینەدا ئاسەواری سەردەمی بەردینی ناڤین دەبینرێ وەك، چەقۆ، رەندە و گورزی بەردی. ئاسەواری ئەم قۆناخە تایبەت نییە بە ئەشکەوتی "شانەدەر"، بەڵکو لە ئەشکەوتی تریش وەك ئەشکەوتی "زەرزی" نزیك شاری سلێمانی، ئەشکەوتی " هەزار مێرد" بە دووری پانزە کیلۆمەتر لە باشووری ئەو شارە، هەروەها لە لایەن پرۆفیسۆر "براید وود" لە ساڵەکانی نێوان ١٩٥٤ـ١٩٥٥، پانزەکیلۆمەتر دوور لە رۆژهەڵاتی "چەمچەماڵ" لە ئەشکەوتی "باڵی کورە" و ئەشکەوتەکانی "کێوانیان" و "باداك" لە باشووری رۆژئاوای

"رەواندز"، ئاسەواری هاوشێوە دۆزراونەتەوە. هاوشێوەی ئەم ئاسەوارانە، لە ئەشکەوتی "بێستون" لەئێران و لە ئەشکەوتی "کورین" لە کوردستانی تورکیا، بینراوە.

٤- یەکەم چین: ئاسەوارێکی زۆر لەم چینەدا دۆزراوەتەوە کە توانای مرۆڤ دەردەخا لە دروستکردنی ئامرازی بەردینی لەبار تر و جۆراوجۆر.

**- ژیاری بەردینی نوێ:**

ئاسەواری پەیوەست بەم قۆناخە لە کوردستان زۆرە. مرۆڤی ئەو سەردەمە، بە ڕاو و ماڵی کردنی جانەوەران و تەڵە نانەوە و کشتوکاڵ، رۆژگاری بەسەر بردووە. تەوری دەستی لەم قۆناخەدا ئامرازێکی ئاسایی بووە. مرۆڤی ئەم قۆناخە، بە نیگار کێشان لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئاشنا بوون لەگەڵ رەنگەکان، هونەریان خولقاندووە. رامکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ لە سەر زەوی کشتوکاڵی، بوو بەهۆی نیشتەجێ بوونی مرۆڤی سەرەتایی. ئادەمیزادی ئەم قۆناخەش" کرومانیون"ە کە بە یەکەم پاشماوەی نەتەوەکانی قەفقاز دەناسرێ.

لە کوردستان، چوار شوێنی دێرینی گرینگ ناسراون، کە گوازرانەوەی مرۆڤی سەرەتایی نیشاندەدات لە قۆناخی راو بۆ کشتوکاڵ:

١- سێهەم چینی ئەشکەوتی "شانەدەر": ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ ژیاری بەردینی ناڤین کە ئاسەواری بەردینی وەك تەور و بەردی تیژکراوی تیا دەبینرێ، هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی تیا نییە کە ئادەمیزاد فێری کشتوکاڵ کردن بووبێ.

٢- "کەریم شار": ئەم شوێنە دەکەوێتە نۆ کیلۆ مەتری رۆژهەلاتی چەمچەماڵ، هێندێك ئاسەواری وەك قوڵینگی بەردی سەرەتایی، تەور و بەردی داتاشراوی تیا بەدی دەکرێ. دانیشتوانی ئەم شوێنەش وەك نەتەوەی کۆچەر، لە قۆناخی پێش نیشتەجێبوون دابوونە.

٣- "مەلفات": ئەم شوێنە دەکەوێتە نێوان کەرکوك و هەولێر. ئامرازی وەك داس و کەل و پەلی داتاشراوی تێدا دۆزراوەتەوە کە سەرەتای قۆناخی کشتوکاڵی نیشاندەدەن.

٤-"چەرموو" هەر لەم شوێنەدا دوانزە چینە ژیار دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناخی بەردینی نوێ. کاسەی قوڕی سوورکراوە (کاسە سواڵك)، پەیکەری جانەوەران و سادەترین ئامێری چنین. وەلێ خانووەکان شێوەی چوار گۆشەیان وەخۆ گرتووە. بڕێکیش گەنم و جۆی رەق هەلاتوو دۆزراوەتەوە کە دەری دەخا دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەستی کشتوکاڵیان هەبووە. هێسکی ئاژەڵیش دەستکەوتووە کە نیشانەی ئاژەڵداری ئادەمیزادی سەرەتاییە لە ناوچەی



"چەرموو". مرۆڤی سەرەتایی نیگاری خۆی و ئەو گیاندارانەی لەسەر دەر و دیواری ماڵەکەی کێشاوەتەوە، کەلێیان ترساوە. هەر لەم قۆناخەشدا فێری ناشتنی تەرمی مردووەکانی بووە. هەر لە چەرموو پەیکەرێکی قوڕینی ژنێکی سکپڕ دۆزراوەتەوە، دوور نییە لە روانگەی ئەو ئادەمیزادانەدا هێمای "خوای دایك" یا "زاوزێ" بووبێ. پرۆفیسۆر "براید وود" کۆنی ئەم ئاسەوارە دەگێڕێتەوە بۆ ٨٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر.

کوردستان ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە ئەوروپا چاخی بەردینی بڕیوە. ئادەمیزادی سەرەتایی لە کوردستان، دوای ئەم قۆناخە، سەردەمی راو و شکاری وەلا ناوە و بە فێربوونی کشتوکاڵ، دەستی لە کۆچ و کۆچباری هەڵگرتووە و نیشتەجێ بووە، ئاژەڵانی ماڵی کردووە، جل و بەرگی لە خوری و پێستەکەی دروستکردووە و رووی کردۆتە ژیانی بەکۆمەڵ. کۆبوونەوەی چەند بنەماڵە بۆ کاری هەرەوەزی لەسەر زەوی کشتوکاڵی، بووە بە بنەمای پێکهێنانی لادێ. لە ناوچەی "چەرموو" نزیك چەمچەماڵ گەورەترین و کۆنترین زەوی کشتوکاڵی جیهان دۆزراوەتەوە کە (٨٠٠٠) ساڵ کۆنە...

لەو باسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، کوردستانی دێرین بۆ مرۆڤی سەرەتایی زۆر گرینگ بووە، بۆیە وەك شوێنی نیشتەجێ بوون هەڵێبژاردووە. لە زستاندا پەنای بردۆتە بەر ئەشکەوتان و لە کەش و هەوای فێنکیشدا بناری چیاکانی کردۆتە ژینگە. فێری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بە دروستکردنی کەل و پەل، لە هێسك و بەرد و دار، نیگار کیشان لەسەر دەر و دیواری ئەشکەوتان، بە کارهێنانی رەنگ، دروستکردنی پەیکەری قوڕی سوورەوەکراو بە کەڵك وەرگرتن لە ئاگر، لەم بەشەی جیهاندا دەروازەی شارستانیەتی مرۆڤی، ئاوالا کردووە.

# گوزەرێك بە مێژووی کوردستانی دێریندا

مرۆڤ منداڵی رابردوو و دایکی ئایندەیە، هەر بۆیە ئەگەر دوێنێ خۆی بەباشی نەناسیبێ بۆ تێگەیشتنی واقعی ئەمڕۆ، دادەمێنێ. پێداچوونەوەی رابردوو دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەستبکا خۆی مێژوویەکی وێنا کراوە، میرات و یادگاری، ترس و ئارەزوو، لەدایکبوون و مردن، دەبێ و نابێ، بوون و نەبوونەکانی نەتەوەیەکە،کە هەزاران ساڵی ژیان، لە بوونی ئەودا سەقامگیر بووە، ئەو هەستە بەئاگاوە دەیکاتە بەر پرس و دواتر دایکی سبەی، وای لێدەکا بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە بەشێك لە مێژوو.

مێژوو، زانستی شرۆڤەی ژیانی خەڵکانی رابردووە، رەخنە و تاوتوێی باوەڕەکان، رێبازی ژیان، کلتوور، زوان و ژیارەکانە. لە بەر ئەوە مێژوونووس نەك هەر ناچارە بەڵکو پێویستە لە سەری بۆ نزیکبوونەوە لە رووداووەکانی مێژوو، شارەزای خەڵك ناسی، زوان ناسی، جوگرافیا، زوانە کۆنەکان و...، بێ. دەبێ ئەوەش بزانین بە هەر کام لەوانەی بەسەرهاتەکانی رابردوو دەگێڕنەوە، ناڵێین مێژوونووس. مێژوونووس دەبێ بوێر، ئازا، هێمن، واقعبین، دلسۆز و راستگۆ بێت، هیچ رووداوێك لە پێناوی چاکی و خەراپی داهاتووی نەتەوەکەی خۆی، نەشارێتەوە. دەبێ رخنەگرێکی بە زیپك و لە دڵبەستن بە قۆناخێکی تایبەت یا نەتەوایەتی بەدوور بێ، کار و کردەی هەر قۆناخێك بەباشی هەڵگێڕ و وەرگێر بکات.

بەم پێیە بە سەرنجدانە ئەم خاڵانەی خوارەوە، دەتوانین هەر بابەتێکی مێژوویی نووسراو بنرخێنین:

**١ـ** ئەو سەرچاوانەی مێژوونووس کەڵکی لێوەرگرتوون.

**٢ـ** توانای رخنە گرتن و تاوتوێکردنی بابەتی هەمە چەشن، لەلایەن مێژوونووسەوە.

**٣ـ** بێ لایەنی مێژوو نوس لەمەڕ تاوتوێکردنی بابەتەکان.

جگە لەوەی گوترا، کەڵك وەرگرتن لە، زانستەکانی تر وەك فیلۆلۆجی( زواننانسی)، جۆری نووسین (پالیۆگرافی)، نومیسماتیك (دراوناسی)، ئۆپیگرافی (نیگارناسی)، کرۆنۆلۆجی (دیاریکردنی شوێن و کاتی رووداوەکان بە وردی)، جوگرافیا، ئابووری، هونەری وێنەکێشان و وێنەهەڵگرتن، پەیکەر سازی، موزیك و... بۆ نوسینەوەی مێژوویەکی تۆکمە و کامڵ پێویستن. کەواتە مێژوونووسێك دەبێ هەر لەسەرەتاوە شارەزای گەلێك بابەت بێ و بواری



زانیاری زانستی ئەوەندە بەرین بێ بتوانێ لەگەڵ کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی جۆراوجۆر، بۆخۆشی تا ئەندازەیەك شارەزای زانستەکان و کارلێك و کاریگەریان، لە سەر رووداوەکان بێ.

باسی گرینگی ئەمڕۆ کە لەمەڕ مێژوو و مێژوو نووس، لە ئارا دایە، مێژوو نووسینەوە و مێژووگەراییە. لە راستیدا نووسینەوەی مێژوو خستنە رووی روداو و کارەساتەکانی رابردووە بە وردی و بەبێ گوێدانە هۆکارەکانی روودانیان، وەلێ مێژووگەرایی، باسکردنی تێکڕای رووداوەکانە لەگەڵ لێکدانەوەیان، هۆیەکانی سەرهەڵدان و ئەو فاکتەرانەی بەشدار دەبن لە دووبارە سەر هەڵدانەوەیان لە هەر قۆناخ و سەردەمێکدا، ئەمەش بۆیە بایەخی هەیە چونکە راڤە کردنی رووداو دەرئەنجامەکانی، پاڵ بە کۆمەڵگاکانەوە دەنێ یا پەیرەوی بکەن یا لە ئەنجامدانی دوور کەونەوە. بەم پێیە مێژوو تەنیا گێڕانەوەی رووداوەکان نییە، بەڵکو دووبارە کردنەوەی واقیعەکانە، ئەو واقیعانەی لە هەر سەردەمێکدا دووبارە دەبنەوە و تەنیا ئەکتەرەکان رۆڵەکەی دەگۆڕن.

مێژوونووس هەمیشە دەپرسێ بۆ؟ تا وەڵامەکەی نەدۆزێتەوە هەدانادا. هەر لەبەر ئەوەیە مێژوونووسان هەمیشە بیرمەندانی مەزنن.

هیرۆدت لە سەرەتای مێژووی ناوداری خۆیدا ئامانجی لە نووسینەوەی مێژوو جەختکردنەوە بووە لەسەر یۆنان و گێڕانەوەی ئەو جەنگانەی لەگەڵ وڵاتانی تردا بەرپای کردووە. لە راستیدا بنەماکانی مژوونووسینەوەی هیرۆدت، باسکردنی رووداوەکانی جەنگ بووە. چەند سەدە پێش چەند کەس مێژووی رۆمای دێرینیان نووسیوەتەوە کارێکی دوور لە واقعیان ئەنجامداوە کە لە رووی زانستییەوە لاوازە. رەنگە بتوانین بڵێین یەکەم کەس کە بە پێی پێوەری زانستی نووسینەوەی مێژووی ئەنجامداوە، "پۆلیبۆس" بووە، بەشێوازی لەبار مێژووی رۆمی نوسیوەتەوە. چونکە باسەکەمان لەسەر کوردستانە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم:

١- رۆڵی مێژووی نەتەوەی کورد لە رووی نیشتەجێ بوونی لە دەڤەرێك کە ناوەندی شارستانییەتێکی مەزن بووە، زۆر گرینگە. مێژوونووسان هەر لە کۆنەوە نرخێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم سەر زەوییە داناوە کە نکۆڵی لێناکرێ، هەمیشە لە خەمی کردنەوەی گرێ کوێرەی رازە سەرمۆرەکانی ئەم ناوچەیەی جیهان "دەروازەی شارستانیەتی" دا بوونە. بۆ باسکردنی گرینگی کوردستان، ئەوەندە بەسە کە لە داستانەکانی، سۆمەری، ئاشووری، نیکۆلای دیمشقی،

ئیپڤانوس، ئەسکەندەری پۆلهیستۆر، ئۆزابیۆس و فلایۆسدا، کەشتی نوح لە سەر چیای "کۆردۆن" ئارامی گرتووە.

٢- دەتوانین لە سەر سێ دیاردە، گۆڕانکاری فەرهەنگی و زوانی سەردەمی "میتانی" و"ماد"، ناو بنێین، قۆناخی سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد:

ئەلف: پشت بەستن بە نووسراوی کۆمەڵێك نووسەری یۆنان و رۆمی دێرین.

ب- ئەو کەونە نووسراوانەی لە ناوچەکە هەن کە میراتی میتانی و مادەکانن.

ج- کەونە دەسنووسەکانی پەرستگاکانی کوردستان.

بە لگەی تر کە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم وتانە یارمەتیمان دەدەن، بریتین لە:

١- سەرچاوە ئەدەبییەکان: نامە و پەیامی ئەو پاشا و ئیمپراتۆر و سەرلەشکرانەیە کە لە هێرشەکانیاندا ئەو ناوچانەیان داگیر کردووە. سۆمەرییەکان کوردستانیان بە "سۆبارتۆ" و ئەکەدییەکان بە "علیاتم" ناویان بردووە. لە رۆژگاری دواتردا ئەو ناوچەیە بە "شاخستان" ناسراوە، دواتر وەرگێڕاوەکەی بوو بە "بلاد الجبل".

٢- سەرچاوە نائەدەبییەکان: ئاسەواری کۆن و شوێنەواری مێژوویی و نەخش و نیگاری سەر دیواری ئەشکەوت و تاشە بەردەکان..... دەگرێتەوە.

لێرەدا بە کورتی بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی کورد، کەڵك لە هەندێك سەرچاوەی ئەدەبی وەردەگرین، لەوانە دەسنووسەکانی یۆنان و رۆمی دێرین و هێندێك کەونە نوسراوی ناوچەکە کە دەشێ پەیوەندییان بە نەتەوەی کورد و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو نەتەوەوە هەبێ:

ئەلف- هیرۆدوت زۆر بە روونی باسی سەر زەوی "ماتینی" و ناوچەی "بۆتان" دەکات کە لە ساتراپ (ویلایەتی) سێزدەهەمی ئیمپراتۆری هەخامەنشی بووە.(Her.III 93)

دواتر هیرۆدوت کوردستانی بە ناوچەیەکی جیۆگرافیایی ئاوەدان و دانیشتوانەکەی بە"ماتینی" ناو دەبا. پەنجا ساڵ دوای هیرۆدوت "گزنفۆن" پتر تیشکی خستۆتە سەر ناوچە کورد نشینەکان، لە کاتی تێپەڕینی بەو دەڤەرەدا ناوی"کۆردئۆن" ەکانی بردووە. لەو رووەوە کە گزنفۆن یەکێك بووە لە قوتابییانی سوکرات و خاوەن بیرکرنەوەیەکی فەلسەفی و یەکێك بووە لەسەرلەشکرەکانی یۆنانی کۆن، دەبێ نووسراوەکانی جێگای بڕوا و سەرنجدانی پتر بن. ئەم دوو مێژوونووسە لە نووسینەکانی خۆیان ئاماژەیان بە "نەتەوەیەکی تایبەت" نەکردووە لە سەر خاکێك نیشتەجێ بوونە سنوورەکەی لە رووباری "ئاراکس" ەوە تا "میزۆپۆتامیا"، لە"دەریاچەی ورمێ (دەریاچەی ماتینی)"وە تا دەریاچەی "وان"ە. لەبەر ئەوە ناتوانین رایەکی



یەکلایی کەرەوە بدەین لە بارەی کوردەکان کە لە سەدەی پێنجەمی پێش میلاد نەتەوەیەکی کامڵ و تۆکمە بوون، لە هەمان کاتیشدا ناتوانین چاو لەو واقیعە بپۆشین کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، "کاردۆخەکان" نەتەوەکانی ماد، میتانییەکان، کرتییەکان، دێیلەمییەکان، هەتا سکسی و ئالانییەکانیش باوباپیرانی ئەم نەتەوەیە بوونە.

لە نێو کۆمەڵگەی جۆراوجۆر، کتوپڕ ناوی خاکی "کوردوینی" کە لە هێندێك سەرچاوەدا بە ناوی"گوردوینی" سەر دەردێنێ، ئەم ناوەش بە دەرکەوتنی ئەسکەندەری ماکدۆنی لە کۆتایی سەدەی چوارهەم و دواتر لە لایەن "سترابۆن"، "پلینیوس" و "ئیمیانوس وکارکلینوس" گەلێك جاران دووبارە بۆتەوە. بەڵام "دئودورۆس سیلیسیایی"(نزیکەی ٣٠-٨٠ساڵ پ، ز) لە کتێبی "کتێبخانەی مێژوویی" کاتی گێڕانەوەی"سەردەمی ئەفسانەیی" ٦٠ تا ٥٩ ساڵ پ، ز لە پرس و باسی "پۆمپی"، قەیسەر"و "کراسوس" کە بە بۆچوونی ئەو یەکەم هەنگاوی گۆڕانی مێژوویی کۆماری رۆم بوو، بە پشت بەستن بە وتەکانی گزنفۆن و "ئاناباسیس" ناوی "کاردۆخی" یەکانی هێناوە. کتێبی "کتێبخانەی مێژوویی" لە (٤٠) بەرگ پێکهاتووە، تەنیا بەرگی ٥-١و٢٠-١١و بەشێك لە بەرگەکانی ٤٠-٢١ ماون. "دیۆدۆرۆس" زانیارییەکانی لە هەندێ مێژوونووسانی پێش خۆی وەك: "هیکاتیۆس، ئیفۆرۆس، یۆپۆمپۆس، کلیتارخۆس، هیرۆنیمۆس" و ژمارەیەك لە مێژوونووسانی رۆمی لەوانە " پولیبۆس" و "پۆسیدۆنیس" وەرگرتووە. "پلینیۆس" ی مەزن (٧٩-٢٣) زاینی فەرماندەی هێزێك بوو کە توانی ژمارەیەك لە جێماوانی گرکانی "وزوۆ" لە مردن رزگار بکات. ناوبراو خۆی بە تەواوی مانا "دائرە المعارف" یك بوو، ژمارەی کتێبەکانی گەیشتۆتە (١٢٠ ) بەرگ، تەنیا یەك بەرگیان ماوە کە(مێژووی سروشتی Naturalis Historia) یە. ئەم کتێبە پڕە لە زانیاری جیوگرافی، رەگەزی، مرۆڤناسی، زیندەوەرزانی، سەرچاوەی سروشتی و کانەکان و ناوی نووسەرانی رۆمی و یۆنانی. "پلینیۆس" لە نوسراوەکانی خۆیدا دەڵێ: "کاردۆخ"ەکانی دێرین باوباپیرانی "کۆردۆنیی" یەکانن دراوسێی خاکی "حزیاب" و (ئەدبا بینی)- ئەربیلن، لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە سەر زەمینی "گۆردوینی" دەکات؟ (Pllinnh V12,2). وەڵێ "بەتلیمۆس" سەرداری یەکێك لە لەشکرەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی، سەرزەمینی "گۆردۆینی" چیاکانی "گوردوای کردو خیان"ی لێك جیا کردۆتەوە.(Ptolemaius.V2,5) و (Ptolinaius.V12,2).

وتەکانی ئەم مێژوونووسە پتر لە وانەی پێش خۆی لە واقع نزیکن، چونکە وەك یەکێك لە هاورێیانی ئەسکەندەر، کاتی هێرش کردنە سەر خاکی پارس بەلای خاکی "گوردیا"دا تێپەڕیوە لە نزیك فیشخاپور (پیش خاپوری ئەمڕۆ) لە رووباری دیجلە پەڕیوەتەوە و لە دەوروبەری ئەربیل لە نزیك لادێی "گوگمیلای" رەت بووە. ئەم داستانە لەلایەن "ئەریانوس"، "کورتسیرون" و "پلوتارخوس" دووبارە بۆتەوە. (Arrian anab 11. 17,7 Curt 1V. .10,8 Plut, Alex 31,4)

لە سەدەکانی پێش هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی شوێنی جیۆگرافیایی کوردستان نادیار و سنوورەکەی بێ پێناسە بووە، هەرچەند "سترابون" (Satro 1,2,3) وتوویە "گوردۆنی" یەکان پێش ئەمەش بە ناوی "کاردۆخی" ناسراون کە هەندێکیان لە "توروس"، "سۆڤێنی" و "ئەرمەنستان" ژیاون، وەلێ لە شوێنێکی تر(Starbo XVI 1,2,3) لە کاتی پێناسەی سنووری ناوچەی "گوردیا" لە کتێبی دووەمی جیۆگرافیادا دەڤەری رووباری دیجلە بە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوان دەناسێنێ، بەم پێیە دەکەوێتە داوی پێکناکۆکییەکی ئەوتۆ کە مێژوونووسانی دوای خۆشی وەك "یولیۆس هونوریوس" گرفتار دەکات. بەڵام "ستاربۆن" سێ شاری "گۆردوینی" دەناسێنێ: "ساریسا" (شیریشی ئێستا نزیك توری عابدین)، "ساتالکا" و "پیناکا" (فینکی ئەمڕۆ) و لە نەخشەکەی خۆیدا نیشانیداون. ناوی ئەم سێ شارە لە کتێبی مێژوونووسێکی تردا هاتووە بە ناوی "ئەمیانووس مارکلینووس" (٤٠٠-٣٠٠ زاینی) کە ئەفسەری سوپابووە. ناوبراو بە ئەرکی سەربازی، ماوەیەکی درێژ لە ناوچە کوردنشینەکان ژیاوە، لەبەر ئەوەی ئەرکی راوەدوونانی لەشکری تێشکاوی ساسانی پێ سپێردراوە، زۆر شوێنی دەڤەری زێی گەورەی باکووری ئەربیل، گەڕاوە.

"مارکلینیوس" ئاماژە بە پایتەختی سەرزەمینی "کۆردۆین" واتە شاری ئامێدی دەکات کە "دیاربەکری" ئەمڕۆیە، ناوبراو دوای شەڕ و پێکدادانێکی خوێناوی لە "کۆردۆین" دەگەڕێتەوە رۆما و بیرەوەرییەکانی خۆی بەناوی (resgestate) لە (٣١) بەرگ کتێبدا دەنووسێت کە تەنیا (١٨) بەرگی ماوە، لە بەرگی (١٤-٣١). خۆشبەختانە ئەو بیرەوەرییانەی راست و رەوان نووسیوە، بەوردی باسی تێکرای نووسراوە، رووداو، مێژووی روودانیان و هەر دوو بەرەی شەڕی، کردووە. دروستبوونی شاری ئامێدی گەڕاندۆتەوە بۆ چوار سەدە پ، ز. لە درێژەی باسەکەیدا بەوردی داستانی شەڕی ساڵی ٣٥٩ی زاینی و سەردەمی برەوی "جوونین"(govieien) دەگێڕێتەوە. "مارکلینوس" لە کۆتایی داستانەکەیدا ئاماژە بە



بەدبەختی، ماڵوێرانی و گیرۆدەیی کوردان، دەکا کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ئیمپراتۆری پارس و رۆم لەسەر خاکی کوردان، بەسەر کوردان هاتووە......

هەرچەند ناوچەکانی خوارووی زێی گەورە پێش رووداوەکانی "مارکلینوس" تەواو لە چوارچێوەی خاکی کورداندا نەبوونە، وەلێ ئەم ناوچانە و دەوری "ئەربیل" گۆڕانی فەرهەنگی و زوانییان بە سەردا هاتووە. ئەم پیرۆسەیەش لە سەردەمی "میدیا" وە دەستپێکردووە. گەورەترین بەڵگەی ئەم گۆڕانەش جێگیربوونی "ساکی"یەکانە کە لە ناویاندا شابانوو- "هیلینیا" و "ئیزاتسی" یەکەم- لە دینی خۆیان وەرگەڕاون و لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیاندا بوونەتە جوولەکە. فلاویوس یوسیفوس (یوسف کوڕی ماتیاس)، لە ساڵی (٣٧) زاینی لە فەلەستین لەدایکبوو. ناوبراو سیاسەتوانێکی وریاو جەنگاوەرێکی ئازا و مێژوونوسێکی سەرکەوتوو بووە. چوار بەرگ کتێبی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، لە هەموویان گرینگتر، "شەڕی جوولەکان" بووە. ئەم کتێبە بە زوانی ئارامی نووسراوە دوایی کراوەتە یۆنانی. کتێبی "شەڕی جوولەکان" سەرچاوەیەکی کامڵە بۆ راڤەکردنی مێژووی رۆم، سەردەمی فەرمانڕەوایی "ساکس" و چۆنییەتی دامەزراندنی وڵاتی "کوردۆین" لە لایەن "مونابازوس" بۆ کوڕەکەی "ئیزاتسی دووەم" لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زاینی. (joseph.Aut. 193). "ساکسی"یەکان کاریگەرییەکی بەربڵاویان هەبووە لەسەر زوان و ئێتنۆگرافی نەتەوەی کورد بەتایبەتی لە شارەکانی ، ئەربیل، پردێ، شرگرت و کەرکوك، ناوی خۆشیان بۆ یادگار لە شاری "سەقز" بەجێ هێشتووە.

بەم پێیە زۆربەی مێژوونووسانی رۆمی و یۆنانی هەموو هەوڵێکی خۆیان ئاراستەی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری رۆمی کردووە کە خاکی "کۆردۆین" ەکان ویلایەتی سەر سنووریان بووە و هەمیشە ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە. بۆ نموونە "کاسیوس دیوکاسیانوس (٢٣٠-١٥٥ی زاینی) کە لە لایەن ئیمپراتۆرەوە ئەرکی نووسینەوەی مێژووی خۆرهەڵاتی پێ سپێردراوە، لە هێرشی "کراکلای" ئیمپراتۆر لە ساڵی (٢١٦) ی زاینیدا، هاورێی ئیمپراتۆر دەبێت، هەرچەند کتێبێکی دیوانی ئیمپراتۆرییە، وەلێ لە وتەکانیدا راستگۆیە: "ترایان لە سەر خاکی "کاردۆین" لە رووباری دجلە پەرییەوە. "سیکتوس روفوس" دواتر سەلماندی کە "کاردۆین" هەمان "کوردۆین"ە، بەمەش بایەخی ئەم رستەیەی لە مێژووی "کاسیوس"دا پشت راستکردەوە. لە پەیمانی ئاشتی ساڵی(٢٩٧)ی زاینی لە نێوان "گالریوس" و "دیوکلیتیانوس" لە لایەك و "نەرسی" ساسانی لەلایەکی تر، دوای ئەوەی "نەرسی" پێنج

ویلایەتی خۆی دا بە رۆمییەکان، "کاردۆنیون" کە یەکێك لەو پێنج ویلایەتە بوو لە لێواری رووباری دیجلە، هەل و مەرجی ئەوەی هەبوو ناوی نەتەوەی لێ بنرێ، هێندیك نەتەوە هەبوون لە رووی زوانی و ئابوورییەوە لە کۆمەڵگای "کوردۆین" جیاواز بوون، دواتر ئەو نەتەوانە لە ناو "کوردۆین"ەکاندا توانەوە و بوون بە بەشێك لە نەتەوەی کورد. یەکێك لەو نەتەوانە "کیرتی"یەکان بوون، "تیوس لیویوس" (٥٩-١٧زاینی) وەك هێزێکی سەربازی ژێر فەرمانی "سلوکی" ەکان باسیان لێوە دەکات. "لیویوس" بە گەورەترین رۆمان نووس دادەنێن، لەبەر توانای ئەدەبی تایبەتی خۆی، پێش ئەوەی بە مێژوونووسی بزانن بە ئەدیبێکی کارامای لە قەڵەم دەدەن. لەو (١٤٢) بەرگ کتێبەی نووسیویەتی تەنیا (٣٥) بەرگی ماوە.

لە سەدەی یەکەمی پیش زایین پاشایانی سەربەخۆ لە سەر خاکی"کوردۆین"ەکان فەرمانڕەوا بوون. لە جەنگی یەکەمی "میترادات پورتیدا" ئەو کاتەی "لوکولوس" هێرشی بردە سەر ناوچەکە، "زاربینوس" فەرمانڕەوای وڵاتی "کوردۆین" بوو، کاتێك رۆمییەکان خاکی کوردانیان داگیر کرد،"ئاریوبرزن کاپادۆیی" فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بوو.

ڕۆمییەکان بەهۆی چەندان جار هێنانی سوپای جۆراجۆر و مانەوەی دریژخایەن لە "کوردۆین" بەرە بەرە شارەزای ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بوون. لەوانە "سللۆسیتوس" (٨٦-٣٤ پێش زایین). شێوەی هەڵبەستنەوەی شکەستە بە کەڵك وەرگرتن لە "ئەموم" راڤە دەکا( ئەمڕۆ لە کوردستان بە ئەموم دەڵێن مۆمیایی یا مومنایی و شێوەیەکی شکستە بەندییە. شکستەبەندەکان دوای خستنەوە جێی هێسکە شکاوەکان مێو لە دەوری ئەندامە شکاوەکە دەبەستن بۆ راگرتنی هیسکەکان). بەم پێیە بە پشت بەستن بە نووسراوەی مێژوونووسان دەتوانین گەلێك لایەنی نەزانراوی مێژووی نەتەوەی کورد بەدەستبێنین.

ب- لەو بەڵگەنامە گرینگانەی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، دەتوانین "بەردینە نووسراوەکان" ناوبەرین کە بە زوانی یۆنانی نووسراونەتەوە(Tomarion). بۆ تۆمارکردنی مێژوو کەڵك لەو کاغەزە بەردانە وەردەگیرا. "پلینیوس" دەڵێ: خشتەی تەنکیان لە قوڕ دروستدەکرد، دوای سافکردنی نیشانە و پیتەکانیان لەسەر هەڵدەکەندن، دواتر لە بەر تیشکی هەتاو هەڵیان دەخست تا وشکبێتەوە. لە نامەی تایبەتییەوە بگرە تا دەرئەنجامی سەر ژمێری و یاسا لەسەر ئەم کاغەزە قوڕینانە تۆمار دەکران. لە دەڤەری هەورامان سێ پارچە کاغەز دۆزراوەتەوە کە یەکێکیان بە رێنووسی ئارامی نوسراوە (٣٠) زاراوەی کوردی و(١٠) وشەی ئارامی لەخۆدەگرێت، مێژووی تۆمارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ



مانگی "ئاروتات"ی ساڵی(٣٠٠)یۆنانی کە بەرامبەر ساڵی(١١)ی پ، ز. ناوەڕۆکی ئەم نوسراوە بەردینە، فرۆشتنی پارچە زەوییەکی کشتوکاڵییە کە خاوەنەکەی "پتسپك" کوڕی "تورینو" بە (٥٥) درهەم فرۆشتویەتی. پڕۆفیسۆر"ئیلیس مینس" لەمەڕ دوو کەونە نووسراوی تری هەورامان لە گۆڤاری " توێژینەوەی هلنی" ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩١٥ لە لاپەڕەکانی (٣٣-٦٥) چەند بابەتێکی چاپکردووە. هەروەها دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەم نووسەرە لە گۆڤاری "کۆمەڵگا ئاسیاییەکان"ی بەریتانیای ساڵی ١٩١٩دا بڵاوکراوەتەوە. دەسنووسێکی تر بە رێنووسی ئارامی لەناوچەی "ئاغجەلەر" دۆزراوەتەوە کە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی (٢٠-١٠)ی پێش لەدایکبوونی مەسیح. ئەم کەونە نووسراوانە گرینگترین بەڵگەی مێژووین بۆ روونکردنەوەی مێژووی نەتەوەی کورد و لاپەڕەی بەنرخی مێژووی کوردستانن.

## ریشەی مێژوویی زوانی کوردی

مێژووی زوانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پ، ز. ئەم زوانە بە درێژایی تەمەنی چوار هەزار ساڵەی خۆی لە چاخی "هیلینی"دا لەژێر کارتێکردنی زوانی "ماد"، "سکیت"، "کیمیری"، "ئالان" و فەرهەنگی یۆنانیدا، کە لە ئاسیای رۆژئاوادا لە رووی سیاسی و ئایینییەوە بالادەست بووە، رێبازی کاملبوونی خۆی بڕیوە.

زۆربەی زواناسان لە سەر ئەم رایە کۆکن کە دەکرێ زوانی کوردی بە کۆمەڵەیەکی هەمئاهەنگ لە بۆتەی زوانێکی سەربەخۆدا ناو بنرێ، لە هەزار ساڵ پێش زاین بەم لاوە ئامرازێکی گۆڕینەوەی بیر و رای کۆمەڵێك مرۆڤی دانیشتوی"میزۆپۆتامیا" بووە، کە نەتەوەی کوردی ناوە.

چاوخشاندنێك بە مێژووی دانیشتوانی دێرینی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، خۆرهەڵاتی ئاسیا و باکووری "میزۆپۆتامیا"، پشت بەستن بە کەونە نووسراوەکانی "سۆمەری"، "ئەکەدی"، "ئاشووری و میسری، ئەم واقعیەتە روونەدکاتەوە کە زوانی سەرەتایی ئەو خەڵکە، کۆمەڵەی زوانە هیندو —ئەوروپایی و سامییەکان جیایە. ئەو زوانانە بەرەبەرە لە ژێر کارتێکردنی ئاشوورییەکان لە رۆژئاوا و کۆچبەرانی ئارییایی (میتانی) و ئێرانی (مادی، سکیسی و کیمیری) لە باکوور و رۆژئاوا، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە کۆتاییدا هەوێنی هیند و ئەوروپاییان وەخۆ گرتووە. لەبەر ئەوە دەسپێکی زوانی کوردی، کە دیالێکتی زوانی باوی ناوچەیەکی بەر فراوانی باشووری قەفقاز(کوردستان و ئەرمەنستان)ە، لە سەرچاوەکانی هیند و-ئەوروپایی هەڵقوڵاوە.

"گرانتۆفسکی" دەڵێ: مێژووی کوردان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی گەورەی نەتەوەکانی ئێرانی لە قەفقازەوە بەرەو باشوور. نەتەوە ئێرانییەکان سەرەتا لە کوردستان و دواتر لە ئەرمەنستان نیشتەجێ بوونە. هۆی هەڵبژارتنی کوردستان بۆ نیشتەجێبونی نەتەوەکانی "ساگارتی"، "سکیس" و "کیمیری" دەسبەسەرداگرتنی ئەرمەنستان بووە لە لایەن دەوڵتی "ئۆرارتۆ"وە. شوێنەوار و هێماکانی زواناسی، دەیسەلمێنن کۆچەرانی ئارییایی زوان نەك هەر لەگەڵ قەفقاز، بەڵکو لەگەڵ ناوچەکانی باشووری روسیا تا ناوەڕاستی ئەوروپا، پەیوەندی تۆکمەیان هەبووە.

هەرچەند لە بارەی کۆچی ئارییەکانی باشووری قەفقاز، چەند تیۆری هەیە، بەلام بە پێی بەڵگە مێژووییەکانی یۆنان و رۆم لەمەر کۆچی "سرمات" و "ئالان" ییەکانِ بەتایبەتی، لە



خۆرهەڵاتی دەریاچەی قەزوینەوەیە بەرەو باشوور. "فلاویفس" و "دون کاسیوس" ئەم داستانەیان تۆمار کردووە. "ئالانییەکان" لە گەڵ کوردان وا تێکەڵ بوونە ناوەکەیان بۆ هەمیشە لە کوردستان تۆمار بووە. "مارد " ەکانیش کە سوارچاك بوونە، بە وتەی" پلوتارك" بەرەو باشووری خۆرهەڵات رۆیشتوون و لە ناوچەی "ماردین" نیشتەجێ بوون و دواتر بە شێکی دیکەی نەتەوەی کوردیان پێکهیناوە.

کەونە نووسراوی بەجێماو لە "ئاشوور" و "ئورارتو" کە گوزارشت لە پەیوەندی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و شەڕەکان دەکات، زانیارییەکی بەر فراوانی لە رووی جیوگرافی و دانیشتوانی کوردستانی کۆن دەدات بەدەستەوە کە لە پێکهاتنی مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد زۆر گرینگن. بەهۆی زۆر وشە و زاراوەی ناو ئەو کەونە نووسراوانە کە تا ئەمرۆش شوێنی خۆیان لە ناو زوانی کوردیدا پاراستووە، دەتوانین رەگ و ریشەی واقعی و رەسەنی زوانی کوردی بدۆزینەوە و لە سەر ئەو بنەمایە رێبازی گەشە کردنی زوانی نەتەوەی کورد شیبکەینەوە. رێبازی گەشەکردنی زوانی لەم ناوچانە بە کوێر بوونەوەی زوانە کۆنەکانی دانیشتوانی کوردستان و زاگرۆس (لولویی، کوتی و هوری) و لە ژێر کارتێکردنی زوانی هیندو-ئارییایی کە بەرهەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی"میتانی"یەکانی باشووری "میزۆپۆتامیا" بوو، دەستپێکرد بوو. "گرانوفسکی" دەڵێ: "سارگۆنی دووەمی ئاشووری" یەکەم جار لە ساڵی(٧١٤) پ، ز لە خۆرهەڵات و باکووری دەریاچەی ورمێ نەتەوەکانی "میتانی"دیوە. کەواتە دەتوانین بڵێین "میتانی"یەکان لە سەدەی دەهەم و نۆهەمی پێش زاین لەو ناوچانە نیشتەجێ بوونە، لە کاتێکدا "ماد" و "پارس" ەکان کۆچەر بوون.

بێگومان ئایینەکان لە ناو جەرگەی نەتەوەکان سەریان هەڵداوە و بوون بە ستوونی سەرەتایی شارستانییەتی کۆمەڵگا. هەر لەبەر ئەوە ئاینی "میهر پەرستی" و "میترایيزم" دەگەرێنەوە بۆ "هوری"یەکان و دوو هەزار ساڵ پ، ز بە ژێرخانی ئایینی دەوڵەتی "میتانی"یەکان دەژمێردرا.

ئایینی "میهر پەرستی" گەیشتە سەر زەمینی میسریش کە ئەو کاتە گرینگترین ناوەندی شارستانیەتی جیهان بوو. هۆکاری گواستنەوەی ئەم ئایینە زەماوەندی پاشایانی هەژدەهەمین بنەماڵی زنجیرەی فیرعەونەکانی میسر و شازادەکانی "میتانی"بوو، لە هەموویان گرینگتر "نفریتی تی"(تادوهیبا کەنیشکی توشتراتای میتانی) یە کە بووبە هۆی رابوونی پێشەوایانی دینی میتانی بۆ بەرگری لە خواوەندی خۆر(ئاتون). لەلایەکی تر پەرستنی خواوەند "میترا" کە

له کەونە نووسراوەکانی هەورامانیشدا تۆمارکراوە، رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەسەر بلاو بوونەوەی کلتوری "میتانی" و "هیثی" لە ناو نەتەوەکانی خۆرهەڵات، تەنانەت لە ناو ئیمپراتۆری رۆمی دێرینیش. کاریگەری بلاوبوونەوەی "میترائیزم" لە سەر فەرمانڕەوایانی رۆم بە ئەندازەیەك بوو، خواوەند "میهر" بە بەرزترین پلەی خۆی گەیشت، بایەخی ئەو خوایە لە ناو توێژی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئیمپراتۆری رۆمدا، رەنگی دایەوە. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین رێبازی گەشە کردنی زوانی کوردی لە سەدەی دەهەم و نۆهەمی پ، ز لە باکووری "میزۆپۆتامیا" و ئاسیای بچووك دەستی پێکردووە، دواتر لە ژێر کارتێکردنی "ماد"ەکانی دانیشتووی دەوری دەریاچەی خەزەر و ئازەربایجان و کوردستان بەرەو کامڵبوون چووە.

پاشەبەرەی مادەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا بە ناوی "کورد"، "تالشی" و "تات" بەناوبانگن. کۆچەرانی ئاریایی دوای لە ناوچوونی "ئاشوور" و "ئورارتو" لە سەدەی حەوتەمی پ، ز، لە کوردستان نیشتەجێ بوون. بێ گومان بلاوبوونەوەی ئایینی "زەردەشتی" کە ناکرێ لە بنەما ئایینییەکانی دانیشتوانی دێرینی ئەم ناوچەیە جیا بکرێتەوە، کاریگەرییەکی مەزنی هەبووە لەسەر تیکەڵبوونی زوانی کۆمەلایەتی ناوچە کورد نشینەکان.

رەنگە بکرێ کەونە نووسراوەکانی "هەورامان" بە گەورەترین بەڵگەی بیرکردنەوەی ئایینی، زوانناسی و شێوەی نووسین لە کوردستانی دێرین، دابنرێن. بە کەڵك وەرگرتن لەو کەونە نووسراوانە دەتوانیین رەگ و ریشەی ئەو شتە بدۆزینەوە کە پێی دەگوترێ زوانی کوردی و راستییەکانی ئەو زوانە پتر و پتر ئاشکرا بکەین.



## بونیادە مێژووییەکانی زوانی کوردی

## و

## پەیوەندییەکانی لەگەڵ زوانە کۆنەکانی جیهان

تا ئەم دواییانەش هێندێك پێیان وابوو کەونترین بەڵگەی زوانی کوردی، چوارینەکانی "بابا تاهیری هەمەدانی"یە کە لە سەدەی دەهەمی زایینی نووسراون. جگە لەوە ژمارەیەك کاری ئەدەبی بە زوانی کرمانجی سەروو لە سەردەمی کۆن بە جێماون دەکرێ ببنە مەکێك بۆ لێکۆلێنەوە لە زوانی کوردی. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە زوانی کوردی کۆن و زوانی کوردی ئەمڕۆ زۆر لێك جیان. سەرنجدانە فەرمانەکانی "شێخ مەحمود بەرزنجی" کە پتر لە نیو سەدە پێش ئێستا نووسراون و لە گەڵ نووسین و ئەدەبیاتی عوسمانی زۆر وێکدەچن، شایەتی ئەم گوتەیەی ئێمەیە:

"پوست نشینی دەرگاهی قادری جەنابی شێخ عصام الدین دام فیضه العالی. نمره ١٧٧ لە سایەی لوطف و مەرحەمەتی خدا و یاوەری حەزرەتی رەسول انام و بە یاری انبیاء و اولیای عظام لە تحت حمایت دولت فخیمەء بریتانیا دا حکومت جدیدەء جلیلەء کردستان تشکلی کردوە معلوم عالمه مقصد اصلی و خلاصەء فکری ام حکومت حاضرەیە نشر علوم و فنون و ترویج احکام شریعت و طریقت و خدمت و محافظت دین و ئایین اسلامیەیە- لە نظر ایمەدا خدمت و رەشادت جەنابی ایوە چونکە معلوم دانایانە بو حرف ادارەء خوتان و لوازمات تکیە عبداللان بو معیشت فقرای ساکفان و سافران لە اعتباری ا جمادی الاول ٣٣٧وە مانگی صەد روپیە بو خوتان و بو جناب مدرس"عبدالله نیش" پنجاه روپیەمان انعام تخصیص کرد اومیدم وایە کە انشاءالله لە سابق زیاتر خدمت ارشادات دینیە ایفا و انتشار بکن — والسلام من اتبع الهدی".

لەم نامەیەدا لە، وشەی عەرەبی، شێوەی نووسینی وشەکان و رێنووسی عوسمانی فارسی ئاسا، بەولاوە، شوێنەوارێکی زوانی کوردی ئەمڕۆی تێدای نابینرێ.

زوان لە هەر سەردەمێکدا ئاوێنەی بیر و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەیە، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە زوان لە هەل و مەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

تایبەتیدا، تووشی گۆڕان ببێ. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێش: بۆ زوانی عەرەبی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە شایانی باس بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سادەیە: شێوەی زوانی قوڕەیش لە زوانی عەرەبیدا کە قورئانی پیرۆزی پێ هاتۆتە خوار، بوو بە زوانی پیرۆزی هەموو موسوڵمانانی جیهان و تێکرای ئەو وشانەش لەم پانزە سەدەیەی دواییدا، چوونەتە ناو زوانی عەرەبی و لە قالبی عەرەبی دراون.

ئەو زوانەی ئەمڕۆ بە زوانی کوردی ناسراوە و لە ناو زۆربەی کوردان بە زوانی کرمانجی ناو دەبرێ، دەبێ لە کەیەوە بەم ناوە ناسرابێ؟ پێش بڵاوبوونەوەی نەتەوەی کورد لە دەڤەری"ما بین النهرین" دەبێ زوانی ناوچە کورد نشینەکان چ ناوێکی هەبووبێ؟.

بێگومان زوانەکانی ناوچەکە لە هەر سەردەمێکدا ناوێکی تایبەتییان هەبووە، لەبەر ئەوە ناتوانین زوانی "ماد"ەکان- تەنانەت شێوەی ئاڤێستایی- ش بە دڵنایی بە زوانی" کوردی کۆن" دابنێین، هەروەها ناتوانین زوانەکانی "میتانی"، "ماننا"، "کوتی"و...، تەنیا لەبەر ئەوەی نەتەوەکانیان لەسەر خاکی کوردستان نیشتەجێ بوون بە زوانی کۆنی کوردان ناو بنێین. زوانی کوردی ئەمڕۆ، پێکهاتەیەکە لە زوانی دانیشتوانی سەرەتایی کوردستان، لەوانە "ماد"، "میتانی"، "کوتی" و...، کە لە بوارێکی مێژوویی‌دا بە یەك گەیشتوون و لە بڕگەیەکی زەمەنیدا، ناوی " کرمانجی" لێنراوە.

جگە لە تایبەتمەندییە ناوچەییەکانی سەر ئەو خاکە، فەرهەنگ، کلتوور، سیاسەت و ئاینی دراوسێکانی کوردستان کاریان کردۆتە سەر زوانی کوردی. " سۆمەری" و" ئەکەدی" و دواتر لە سەدەی چوارەمی پ، ز "هلینیزم" کاریگەر بوونە لەسەر گۆڕانکارییەکانی زوانی کوردی. لە نێوان ئەو دوو قۆناخەدا، زوانێکی "میتانی" لە کوردستان باو بووە، وەلێ دوای هەزار ساڵ، لە ژێر کارتێکردنی زوانی کوچەرانی "ماد"، بایەخی خۆی وەك زوانی سەرەکی لەدەستداوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بونیادی مێژوویی زوانی کوردی و پەیوەندی لەگەڵ زوانە کۆنەکانی جیهان، تاوتوێ دەکەین. بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ریشەی زوانی کوردی یارمەتی لە مێژوو وەردەگرین، لە کۆتاییدا هەوڵدەدەین، لە مێژووی راستەقینەی زوانی کوردی نزیك ببینەوە.

گەورەترین دەسکەوتی فەرهەنگی مرۆڤ لە بواری مێژوودا، بە کاربردنی زوانە بۆ ئاخاوتن و نووسین، تا بەو هۆیەوە بتوانێ مەبەستەکانی خۆی بگەێنێتە ئەوانی تر. بنیادنانی زوان بەرپرسییەکی مرۆیی مەترسیدار بووە، چونکە نەوەکانی ئادەمیزاد پشتا و پشت بۆ



ڕەنێوهێنانی هەرگیز درێغییان نەکردووە. مرۆڤی دێرین بیروڕایەکی ڕێك و هاوئاهەنگی نەبووە تا بتوانی لەو ڕێگەیەوە دەرکی هەمە لایەنەی ئەو واقعییەتانە بکا کە باڵیان بەسەر جیهاندا کێشاوە. مرۆڤی ئەوسا لای وابوو خەون ئامرازێکی پەیوەندییە لەگەڵ جیهانی پاش مرۆیی و هۆیەکی پەیوەندییە لەگەڵ شتەکانی بان سروشت.

"سۆمەرییەکان" زاراوەی "نم" یان بۆ پێناسەی ئەم تایبەتمەندییە کاریگەرە "هێزی بان سروشتی" بەکاردێنا. "ئەکەدییەکان" ئەم زاراوەیان وەرگێڕایە سەر زوانی خۆیان ناویان نا "شمتو". ئەم وشەیە هەر بەو شێوەیە ڕۆیشتە نێو زوانی عەرەبی و بوو بە"شیمة و سمة" و مانای "ناوەڕۆك" ی وەخۆ گرت. زاراوەی "شمتو" مانای چۆنیەتی هەبوونی شمەك نییە، بەڵکو پێناسەی شتێکە کە بەسەر کات و شوێندا زاڵە و بە ئارەزووی خۆی مامەڵیان لەگەڵ دەکات. "شیمة" لە عەرەبیدا بە مانای هەبوونی " بابەتییانەی زات" ە.

"ئی یا" خوای "سۆمەرییەکان" هەر ئە و خوایەیە کە"بیروسوس" پێشەوای دینی بابلی ناوی نابوو"ئاوانس". "ئاوانس" بوونەوەرێکی ماسی شێوەی زیندووە لە دەریا هاتۆتە دەرێ تا مرۆڤ فێری، نووسین، پیشەسازی، کشتوکاڵ و فەرهەنگ بکات. لە کتێبی "الملوك الاول، الملوك الثانی" بە شێوەی "عیون" هاتووە، لە زوانی "کەنعانی" و "ئارامی" و "عەرەبی" بووە بە پاشگری ئەم ناوانە، "صبعون"، "جدعون" و "شمعون". ئەم پاشگرە وەك "ئیل-الله" یە لە پاشکۆی ئەم وشانە"ئسماعیل"، "صموئیل"، "جبرائیل" و...

زاراوەی "لو" لە زوانی سۆمەرییەکاندا مانای ئادەمیزادە. دووبارە بوونەوەی ئەم زاراوەیە بە شێوەی"لولو" مانای ئادەمیزادەکان دەگەیەنێ، لەگەڵ پێشگری "نم" وەك "نم لولو" دەبێتە "مرۆڤایەتی".

"سۆمەرییەکان" بۆ وشەی "دیل" یا " زیندانی" زاراوەی "لولوب" یان بەکار هێناوە، واتە "مرۆڤی زیندان کراو" بە فۆنیومی عیلامییەکان بوو بە "لولوبوم". سۆمەری و ئەکەدییەکان دوای سەرکەوتن بەسەر دانیشتوانی باژێڕی کەرکوك تا دەریاچەی ورمێ و سنووری "حەلوان" ناویان لەو ناوچانە نا "لولوب" و "لولوبوم". ئەم زاراوەیە کە لە جوگرافیای دیرینی کوردستاندا تۆمار کراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سی ٚ هەزار ساڵ پ، ز. دواتر "ئورارتو" کان ئەم زاراوەیان بۆ "دوژمن" و "بێگانە" بەکاردێنا.

لە زوانی "سۆمەریدا" زاراوەی " کور" بە مانای "چیا و لوتکە" و "کور کور" بە مانای "هیشی" ناوچەی شاخاوی و زنجیرە چیا" دێت. ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیشدا بەمانای

"چیا" دێت. "کورکورداغ" ناوی کێوێکە لەسەر زێی بچووك نزیك گوندی "کانی تو" لە دەڤەری پشدەر کە شوێنی نیشتەجێ بوونی "لولوبیان" بووە. ئەم زاراوەی "سۆمەری" دواتر بوو بە"کو" و لە زوانی کوردیدا مایەوە "کێو واتە چیا".

وشەی "گامێش" لەزوانی کوردیدا هەر گامێشە کە لە داستانی "گەلگامێش" ی سۆمەری وەرگیراوە، هێمای پیاوەتی و راستی بووە، دواتر کراوە بە ناوی ئاژەڵێك کە لە کشتوکاڵدا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

لە تاوتوێکردنی رەگ و ریشەی زاراوەکانی زوانی کوردیدا، رووبەرووی بارودۆخێك دەبینەوە کە دەریدەخا کۆمەلانێکی جۆراوجۆر ئەوسا لەسەر خاکی کوردستان ژیاون. هەرچەند فەرهەنگی سۆمەری و ئەکەدی و عیلامی لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی هیند و ئەورووپییدا بەرەو لەناوچوون رۆیشت، وەلێ گەلێك و شە و زاراوەیان لە زوانی کوردیدا بەجێ هێشت.

لە تاوتوێکردنی وشەی خودادا هیچ جیاوازییەکی زوانی لە نێوان خوداوەندی خۆر "شمس" و "هەتاو" ی بابلیدا نابینرێ. "سوریاش" ی کاشی و "سوریا" ی هیندی و "خۆر" ی کوردی هەمان "هۆر" ی فارسییە کە پێشگری هۆرمزد- ئاهۆرامزدایە. زاراوەی "شمس" دواتر لە زوانی عەرەبیدا هەر بەمانای "خۆر" مایەوە، خۆری کوردیش هەر بەو شێوەیە.

"ئاهورا" لە زوانی کوردیدا بوو بە "ئاهور" و "ئاگر" و بوو بە ناوی ناوچەیەکی جیۆگرافی دەوری دەریاچەی ورمێ "ئاگرووپایگان-ئازەرئابادگان- ئازەربایجان".

هەرچەند زاراوەی "هەتاو" ی کوردی لە روکاردا لە "ئافتاب" ی فارسی نزیکە، وەلێ شێوەی گۆڕاوی "ئوتو" خواوەندی سۆمەرییە کە سەد ساڵ پێش پەیدابوونی پەرستن سەریهەڵداوە. دانیشتوانی "سوبارتوم" یش کە بەناوی خۆر ناوبانگیان دەرکردبوو ئەم ناوەیان لە بەر پەرستنی خواوەند"هووار-هور"بە یادگار بە جێهێشت.

بەم پێیە زاراوەی"ئاور" و "ئاگر" ی کوردی کە هەمان "ئاهورا" خوای رووناکی و حیکمەتە، شێوەیەکی گۆڕاوی "وارونا" یە، دواتر بوو بە "ئاسورا"ی هیندی و "سوریاش"ی کاشییەکان، کە هەردووکیان لە سەر خاکی کوردان ئەم خودایانەیان دەپەرست. ئەو وشەیە ئەمڕۆ ناوی چرایەکە بە کوردی "سورەییا" و بە عەرەبی "ثریا" پێیدەگوترێ.

زاراوەی "سور"ی کوردی کە مانای رەنگی "سوور" ە لە "ثوخرا-سوخرا" وەرگیراوە و لە زوانی هیندیدا بە "چوکرا" بەکار دێ و هێمای رەنگی خۆرە.



زاراوەی "هورمز"مانای حیکمەتە، بەبێ گۆڕان لە زوانی "ئارامی" یەوە چۆتە ناو زوانی فارسی. "دیوا" لە ناو نەتەوەکانی ئەورووپادا خوای جەنگە، لە کوردیدا بووە بە "دێو" کە هێمای شەڕە و دواتر بوو بە "دێوانە" واتە ناوی ئەو کەسانەی سەرشێت و درندەن. لێرەدا دەبینین نەتەوە دێرینەکانی هیند و ئەورووپی لەبەر ئەوەی کۆچەر بوونە جەختیان لەسەر پەرستنی ئەستێرە کردووە، دوای نیشتەجێ بوون لە شوێنێك و وەدیهاتنی شارستانیەت، روویان کردۆتە پەرستنی خوایان و بۆ رێزلێنان شارەکانیان بەناوی ئەوانەوە کردووە.

ناوی شاری "مەهاباد" لە ناوی خواوەند "ئاهورا" یا "ئاسورا" وەرگیراوە ، چونکە لە زوانی هیندیدا زاراوەی "مەها" مانای گەورە یا مەزنە. ئەمەش لە وشەی "مهاتما" دا واتە "رووحی مەزن" دەردەکەوێ.

زاراوەی "مزگەوت یا مزگەفت" کە دواتر لە زوانە ئەورووپاییەکاندا بوو بە Mosque، لە بنەرەتدا پەرستگای خوای حیکمەت "مزدیا-مزدا"یە، بە زوانی پەهلەوی "مزگیت"ە واتە پەرستگا. ئەم وشەیە پێش ئیسلام لە کوردیدا هەبووە و لە زوانی عەرەبیدا شێوەی "مسجد" ی وەخۆ گرتووە.

زاراوەی "ئاناهیتا" خواوەندی هەسارەی "زوهرە" بوو بە "ئاناهید-ناهید"، بە کوردی بوو بە "ناهید" کە ناوی ژنان و کیژانە. وشەی "نەهد" لە عەرەبیدا بەمانای "سینگی ژن" دێت کە هێمای ئاناهیتا بووە و لە زوانی سۆمەریدا بە شێوەی "ئینانا-ئینی نی" بەکار هاتووە. گومانی تێدا نییە پەرستنی " خواوەندی دایك" بە کۆنترین شێوەی خوا پەرستی دادەنرێ. شوێنەواری بە جێماو لەگوندی "چەرمو" لە دەڤەری چەمچەماڵ و رۆژهەلاتی کەرکوك گەورەترین بەڵگەی پەرستنی "خواوەندی دایك"ن لە سەر خاکی کوردستانی دێرین(دایك، هێمای زاوزێیە).

نیازی مرۆڤ و پێویستی دامەزراندنی پەیوەندی ئابووری و دابینکردنی بژێو، لە لایەك بۆتە هۆی لەدایکبوونی خودایانی کار و پیشەسازی، لە لایەکی تر بۆتە هۆی پێناسەی وشە و زاراوەی پەیوەست بە هەل و مەرجی ئابووری.

لەکوردیدا زاراوەی "باژێڕ" مانای بازاڕە، بە شوێنێك دەوترێ کە ئاوەدانە و رارەوی خەڵکێکی زۆرە. بێگومان ئەم پێناسەیە هەمئاهەنگە لەگەڵ ئەوەی کە دەیبینین. خەڵکی لە گەلێك شوێنی جیاوازەوە بە خۆیان و کاڵاکانیانەوە بەمەبەستی سوودی ئابووری و ئاڵوگۆڕی کاڵا، روو دەکەنە بازاڕ. ئەم شوێنانە پتر لە سەنتەری شارە گەورەکاندا وەدی دێن و بە

دەوریاندا خانوو و بینا دروستدەکرێن. وەلێ گرینگترین خاڵ لە وشەی باژێردا چاوگەکەی "باژ" ە. لە پێناسەی باژدا دەڵێن: لە دەروازەی شارەکان پیش چوونە ناو بازاڕ کەسانێکی هەمان شار بە ناو"باژ"یان وەردەگرت. عەرەبییەکەی دەبێتە"باج". ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیشدا بەکار دێت. ئەم وشەیە دواتر بە شێوەی "بازاڕ" خزایە ناو زوانی ئینگلیزی و ئەرمەنی و بە شێوەی "پازاڕ" چووە ناو زوانی تورکی و بولگاری. لە هەر زوانێکدا "بازاڕ" بە مانای شوێنی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و پێداویستی دێت. لە تورکیدا "پازاڕ گوینی" بە رۆژی یەك شەممە دەڵێن کە مانای رۆژی بازاڕ دەگەیەنێ.

پەیدابوونی ناوی شاری "سەکس-سەقز" دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوە کۆچەرەکانی "سەکس"، کە لەم شوێنەدا کاڵا و پێداویستییەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەوانە زۆربەیان لە سەردەمی "ماد" ەکان لەم شارەدا نیشتەجێ بوون، ئەم دەڤەرە بە بەشێك لە خاکی "ماننا" کان دەژمێردرا کە دانیشتوانەکەی زوان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەبوو و لەگەڵ کوچەرییەکان جیاواز بوون.

دوابەدوای گۆڕانکاری ئابووری و فەرهەنگی لەسەر زەمینی کوردستانی دێرین، کە دەرئەنجامی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری "ماد" بوو، بیر و بۆچوون و ئایین گۆڕانیان بەسەردا هات. گومانی تێدانییە فەرهەنگ و ئایینی ئاشووری و فەرهەنگی سۆمەری، بە بەربڵاوی کاریان کردۆتە سەر دانیشتوانی کوردستانی دێرین، تەنانەت ئەفسانە و داستان و ئایینەکانی ئەو سەردەمە لە قالبی هیندو-ئەوروپیدا داڕیژران.

"گا" لەلای سۆمەرییەکان گیانداریکی خاوەن پلە و پایە بوو، کە پێش مرۆڤ دروستکراوە. ئادەمیزادیش ناوی "کیومەرد" یا "گیامەرتین" بووە بە شێوەی "گیان مردوو" گوێزراوەتەوە بۆ ناو زوانی کوردی و لە وێدا بەمانای "حەزرەتی ئادەم" دێت.

بەم شێوەیە زاراوەی تر هاتە ناو فەرهەنگی زوانی کۆنی دانیشتوانی کوردستانی دێرین و لە جوگرافیای و مێژووی ئەم ناوچەیەدا تۆمارکران. خواوەند مهرا "میترا" کە هێمای گزنگ و سەرچاوەی ژیان و زانایی بوو، وردە وردە خزایە نێو زوانی کوردی و لە تەك زۆر وشە و زاراوەدا جێگای خۆی گرت.

"میرزا" (مهرزاد) مانای رۆشنبیر و زانا، "جوامێر" (جوان مهر) بە مانای خۆشەویستی خواوەند، مهر و "مهرەبانی" کە شادی و بەختەوەرییە هاتە ناو گەنجینەی زاراوەکانی زوانی کوردی. زاراوەی "مهرەجان- مهرگان"یش کە یەکێکە لە جەژنەکانی ئێرانی کۆن، لە زوانی



هیندیدا بە شێوەی "میهراجا" و لە زوانی کوردیدا بە شێوەی "میهر-میر" بە کار دێ کە بۆ ڕێزلێنان دەبێتە پێشگری ناوی گەورەپیاوان.

"مهر- مهران" بەو کەسە دەوترێ کە کاروباری پەرستگا "مهرا" ی لە ئەستۆ دابووە، لە کوردیدا بووە بە "میری میران" کە مانای رابەری مەزنە.

رۆژی "السبت" لە عەرەبی، یەهودی و سلاڤی (روسی، بولگاری، یۆگۆسلاڤی و.... )دا یەکێکە لە رۆژەکانی هەفتە. هۆی ناونانی ئەم رۆژە دەگەڕێتەوە بۆ داستانی دروستکردنی حەزرەتی ئادەم کە خوا دوای دروستکردنی یەکەمین ئادەمیزاد واتە "کیومرد- گیان مردوو"، لە رۆژی حەوتەمدا پشووی دا. ئەم وشەیە لە عەربیدا بووە بە "السبات"، لە بنەرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هزری هیندو- ئەوروپییەکان کە لە "سانسکریتی- میتانی"دا وشەی "ساپتا" یە. لە زوانی "مادی و ئاڤیستا"دا پیتی "س" گۆڕاوە بۆ "ه" بە شێوەی "هاپتا" بەکار هاتووە. ئەم وشەیە لە زوانی کوردی و فارسیدا بە شێوەی " حەفت-حەوت"ە، لە زوانی سلاڤیشدا بە شێوەی "سیم- سیدوم" و بە "سیون" چۆتە ناو زوانی ئینگلیزی، خۆیشی لە بنەڕەتدا "سپتوم- سیپن" ە.

بە هۆی رووداو گەلێکی مێژوویی، هێندێك وشە یا بزر بوون یا بە یەکجاری لە ناو چوون، وەلێ لە زوانی کوردیدا بە شێوەیەکی تر سەریان هەڵداوە و مانایەکەیان گۆڕاوە.

زاراوەی بورژوازییەت کە ئەمڕۆ وەك واژەیەکی بیانی هاتۆتە نێو زوانی کوردی، بە مانای چینێکی کۆمەڵایەتی دێت، کوردییە. زاراوەی "بۆرگ" زاراوەیەکی کۆنی سەربازییە لە کوردستانی دێرین بە مانای "قەڵا" بەکار هاتووە. (لە عەرەبیدا "بورج"ە). گەلێك قەڵای سەربازی لە ناوچەکانی "حزیب"، "کوردوئن"، "ئوسروینی"، "سوزیفین" و "ئەرمەنستان" دروستکراون کە لە دەڤەری جۆگرافیایی کوردستانی دێرین دابوونە.

شێوەی دروستکردنی ئەم قەڵاتانە گەیشتە یۆنان و رۆم و بوو بە پاشگری هەمیشەیی شارەکانی وەك: هامبۆرگ، مادیبۆرگ، پترزبۆرگ، ولفسبۆرگ و... . "بۆرگ" لە زوانی هیتیدا "بیرگ-بیرز" و لە زوانی کوردیدا بووە بە بەرز. لە ئینگلیزیدا Burg بە مانای بەرزی و چیا دێت، چونکە لە رۆژگارانی کۆندا قەڵایەکان لە شوێنێکی بەرز دروستدەکران. لەم رووەوە ناوی "بورژوازی- بورگواز" لەبەر جیاوازی ئەو چینە لە گەڵ چین و توێژەکانی خوارێ و کەم دەرامەتی دەوری شار و لادێکانە. ئەم ناوەش دوای شەڕی پیشەسازی ئەوروپا برەوی پەیدا کرد.

زاراوەی "سلق-لوبیا" لە کوردی و عەرەبیدا بەکار دێ، رەگ و ریشەی سۆمەری هەیە. زاراوەی "المرج و الدستور" لە عەرەبیدا هەمان "میرگ- Merg" و "دەستەوەری" کوردییە. زاروەگەلی عەرەبی وەك: "الجوز، رێباس، طمش" هەمان گوێز و رێواس و تەماشای کوردین. زاراوەگەلی تری کوردی وەك: نیشان، سەرداو، سەراب و... بەبێ گۆڕان لە عەرەبیدا بەکار دێن.

وشەی "فیردۆس" هەمان "پردۆس-Pridus" ی پەهلەویە کە لە "پرادیز-Paradiza"ی هاخامەنشی وەرگیراوە، لە ئاڤیستادا "بهتر بودن" ە و لە زوانی ئینگلیزی و هیندیدا"Paradise" ە واتە بەهشت.

هێرشی ئەسکەندەری مەکدونی بۆ سە ر رۆژهەلآت بوو بە هۆی تێکەڵبوونی فەرهەنگی هلینستی و فەرهەنگی رۆژهەلات. دانیشتوانی باکووری "میزۆپۆتامیا" خواکانی "بابل و یۆنان" یان دەپەرست. "ئاهورامەزدا" لەگەڵ "سن" و "مردوك"، "میترا" لەگەڵ "شمس"، "ئاناهیتا" لەگەڵ "عشتار" بوون بەیەك. لەم نێوەندەدا ئاسەواری بەجێماوی ئایینەکانی دانیشتوانی دێرینی کوردستان تا ئەو جێگایە درێژەیان بەژیانی خۆیان دا کە ئیسلام دەرکەوت و لە ناو بیری ئیسلامی کورداندا توانەوە.

لە دەقێکی سۆمەریدا، نۆێژکەرێکی سۆمەری لە نوێژکەیدا دەڵێ: "تۆ ئەو کەسەی کە نەسیمی ژیانت پێبەخشیم" (لە دەقە ئەسڵیەکەدا جێناوی "تۆ" و "من" نییە). ئەو وشانەی لەو دەقەدا بەکار هاتوون: "زێ، شاگ، مو، شی، نەی، گاڵ" ن کە ماناکانیان بە ریز دەبێتە: "نەسیم، ژیان، بەخشین، بەرەو، هێز، کەس".

سۆمەرییەکان کاریگەرییەکی بەربلآویان لە سەر شارستانییەتی میزۆپۆتامیا هەبووە. کەونە نووسراوی "ئانوبانینی" پاشای "لولوبیان" کە لە "سرپولی زەهاو" دۆزراوەتەوە بەڵگەیەکی بەنرخە بۆ پشتیوانی ئەم وتەیە: "ئانوبانینی" لە بەرامبەر خوای "عشتار"دا دەموچاوی خۆی لە چیای "پادیرا" خشاندووە.

لە کەونە نووسراوی سەرپولی زەهاودا دەردەکەوێ، جگە لە بەربلآوی ئایینەکانی سۆمەری و ئەکەدی لەو ناوچانەدا، کەسایەتی "ئانوبانینی" بەڵگەیەکی پتەوە بۆ پەیوەندی نیوان خوای سۆمەر "ئان" و "بای" ئەکەدی. "ئان" خوای ئاسمان و "بانینی" بەمانای خولقێنەر دێ (ئانوبانینی مانای خوا منی دروستکرد).

"ئانوبانینی" زاراوەیەکی "سۆمەری-ئەکەدی"یە. ئەم ناوە لە سەردەمەکانی دواتریش بە هەمان مانای "خوا دروستیکردم" یا "خوداداد" بە شێوەی "میترادات" بەکار هاتووە.



"میترادات" دواتر بووە بە "میهرداد" و لە زوانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ "میهرزاد-میرزا". "خودادات"، "عطاالله"ی عەرەبی و "الله ویردی" تورکی و "بوگدان"ی سلاڤییە کە هەموویان بەرامبەرن بە "خوداداد" یا "خوا منی دروستکرد". دەرکەوتنی ئیسلام و بلآوبوونەوەی لە ناوچە کوردنشینەکان بووبە هۆی هەڵبژاردنی گەلێك ناوی عەرەبی کە سەرەتایان بە "عبد" دەسپێدەکات وەك: عبدالله، عبدالرحمن، عبدالرحیم و... .

دینی مەسیحیش هەر وەك ئیسلام کارێکی - هەرچەند کەمتری- کردۆتە سەر ناونانی هێندێك دەڤەری جوگرافیایی وەك: بیت عبهی، بیت قردو، کرخاد بیت سلوخ و...

دەنگەکان لە زۆر زوانی جیهاندا لە رووی فۆنێتیك و ماناوە وێکدەچن. زۆر دەنگ بە گۆڕانێکی کەم و دووبارە بوونەوە بوونەتە وشە. بۆ نموونە وشەی "گروم-Grom"ی روسی لە روی فۆنێتیك ماناوە لە زاراوەی "گرمە گرم-Girma Girim)ی کوردی دەچێت کە بەمانای دەنگی هەورانە. "تەك تەك" لێکدانی دوو شت، "خورە خوڕ" دەنگی ئاو، " کەوتن-افتادن"، نموونەی ئەم دەنگانەن.

هێندێك جار خەسڵەتی نەتەوەیەك لە چوارچێوەی وشەیەکدا پێناسە دەکرێت. وشەی "مەرد" و " مەردایەتی"کە بەرامبەری" مرۆڤ و مرۆڤایەتی" ن. ئەمە ئاماژە نییە بە نەتەوەکانی "مارد" کە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی دێرین ژیاون، بەڵکو پێناسەی خەسڵەتێکی تایبەتی ئەو نەتەوەیە.

وشەی کوردی هەن کە لە لە زوانی ئەرمەنی دێریندا تەنیا یەك مانایان هەبووە، وەلێ لە قۆناخەکانی دواتردا، چەند مانای تریان وەخۆگرتووە. وشەی "سەر" جیا لە مانا کۆنەکەی، ئەمڕۆ مانای بڵند دەگەیەنێ. "نووك، لوتکە" و "سەرەتا" ش دەگەیەنێ، ئەمانە و جگە لە وشەی سەردار، سەرتیپ، سەربەست و... کە سەر وەك پیشگر لە هەموویاندا بەکار هاتووە.

روسەکان بە هەموو موسوڵمانانیان دەوت "تاتار" چونکە ئەوان بەهۆی تاتارەکانەوە موسوڵمانیان ناسیوە. هەمان شێوەش لە بارەی "ماگ"ەکاندا راستە کە لە سەدەی حەوتەمی پ، ز وەك پێشەوایانی دینی چالاکییان دەنواند. لە زوانی ئینگلیزیدا وشەی" ماگ-Magic" بەرامبەر جادووگەرە. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بە شێوەی "مەجوس" ی لێهاتووە.

یۆنانییەکان بە هەموو دانیشتوانی رۆژهەلآتیان دەوت "ئاسیا" یی، "ئاسیا" لە "ئاسۆ" ی ئاشووری کە لە مانای رۆژهەلآت وەرگیراوە و لەزوانی کوردیدا مانای ئاسۆ و رووناکییە.

نەتەوەی ئەڵمانیان بە زاراوەی "نیمتس-Nemitsi" دەناساند کە بە زوانی سلاڤی دەبێتە "لاڵ" و لە عەرەبیدا بوو بە"نەمسا"، ئێستا نەك هەر بۆ ناساندنی ئەڵمانییەکان بەکار نابرێ، بەڵکو ناوی کۆمەڵێك نەتەوەی نیشتەجێی قارەی ئەفەریقایە. هەر بەم پێیە ناوی "های" بۆ ئەرمەنی، کرمانج بۆ کورد و "ئالان" بۆ "ئوستینی" گۆڕا.

لەزوانی کوردیدا گەلێك وشە و زاراوە هەن مانای رووداوێکی کۆن دەگەیەنن، وەك "ئەسپ-ئەسپا-هەسپا" کە زۆر کاریگەر بووە لەسەر ژیانی کۆچەرانی هیندو-ئەوروپی، هەر لەبەر ئەوە چینی ئەسپ سواران "ئەسپابار- سپابار- سوارە" چینی باڵادەستی کۆمەڵگا بوون. بەم شێوەیە ناوی "ئەسپ" چووە ناو بواری پیاوانی چینی فەرمانڕەوای کۆمەڵگا دێرینەکانی هیندو- ئەوروپی، لە سەدەی شەشەمی پ، ز بە "هیستا- سپا" چووە ناو هەخامەنشی، لە سەدەی پێنجەمی زایینی بە"ئسپاری"، چووە ناو ئالانی، لە سەدەی حەوتەمی زاینی بە "ئسپاروخ" چووە ناو بولگارەکان. لە زوانی عەرەبیدا زاراوەی سواران بوو بە "الاساورة"، لەکوردیدا وشەی "بارا" بوو بە "بار". هەر بەم شێوەیە وشەی "ئاپ" کە دەنگی ئاو خواردنەوەیە، بوو بە پێشگر یا پاشگر و چۆتە سەر ناوی رووبارەکان، لەوانە : رووباری "پنج ئاب-پنجئاب" لە هیندوستان و "دون ئاپ-دانوب".

گۆڕانی پیتی ب بۆ و، ژ بۆ V، لە زۆر وشەی کوردیدا دەبینرێ. گۆڕانی وشەی "ئاب" بۆ "ئاو" لە زاراوەی وەك: گولاو، گەرماو، دۆشاو، کانیاو و...دا بەدیدەکرێت.

مرۆڤ پێش دروستکردنی شوشە و داهێنانی ئاوێنە، لە ئاودا سەیری سیمای خۆی دەکرد، لە بەر ئەوە وشەی "ئاو" لەگەڵ پاشگری "ێنە" زاراوەی ئاوێنەیان وەدیهێنا کە بەرامبەری "ئاینە" ی فارسییە. لە زوانی کوردیدا هێندێك زاراوە هەن لە پێکەوە لکانی دوو یا چەند واژە پێکهاتون و زاراوەیەکی نوێیان خولقاندووە، "دەست لێ هەڵگرتن" و "چاولێ پۆشین" لەو نموونانەن.

زوانی کوردی سەرەتا لە ژێر کاریگەری رێسای زوانی هیندو- ئەوروپی (میتانی و تائەندازەیەك لە ژێر کاریگەری هیپی و ) دابووە و دواتر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زوانی "ماد" ی (کە ئاڤێستا یە کێك لە شێوەکانییەتی)، سکسی و کیمیری.

بە سەرهەڵدانی ئەسکەندەری مەکدۆنی، هلینیزم زوانەکانی رۆژهەڵاتی خستە ژێر کاریگەری خۆی لەوانەش زوانی کوردی. لە راستیدا زوانی "میتانی" لە سەدەی شانزەهەمی پ، ز لە سەرخاکی "میتانیا" زوانی فەرمی چینی فەرمانڕەوا بووە کە هەزار و پێنج سەت ساڵ پ . ز زایین دەسەڵاتی گەیشتۆتە باکووری "میزۆپۆتامیا". خێڵەکانی نیشتەجێی زنجیرە



شاخەکانی ئەم ناوچەیە کە بە "سوارچاکی" بە ناوبانگ بوون بەرەو باشوور و رۆژئاوا تا دەریای میدیترانە رۆیشتن. "ئانتوان مۆرگات" دەڵێ: هورییەکان لە ژێر دەسەلاتی چینێکی باڵادەست دابوون... ناوی ئەو چینە کە "ماریانی" بوو دەگەڕێتەوە بۆ زوانی هیندی کۆن. ئەم بابەتە نیشانەی پێوەندی زوانناسی سانسکریتی و بنەمای هاوبەشی ئەم نەتەوانەیە لەگەڵ ئەو خێڵانەی لە باکووری هیند ژیاون. "هیثی"جیجر" دەڵێ: ناوی "خوریان" لە ناوی "خوار-hvar" خوای خۆر وەرگیراوە.

بەم پێیە بوونی ئەم ناوە لە باکووری میزۆپۆتامیا و ئەو نەتەوانەی خوای "خۆر" یان پەرستووە (گووتی، لولویی، کاسی و...)، نیشانەی هاوبەشی دینی دەڤەرێکی جوگرافیایی بەر فراوان بووە کە لە دەریای میدیترانەوە درێژ بۆتەوە تا هیندوستان. "خۆر پەرستی" بەئەندازەیەکی بەربڵاو کاری کردبۆ سەر ئەم ناوچەیە و گەلێك زاراوەی بە فەرهەنگی وشەگەلی ئەم مرڤایەتییە سپارد. زاراوەی "هوارداتا-Hvardata" مانای "خوداوەندی خۆر دروستیکرد،" بە شێوەی "ئەمرداتو"، "خورداتو، و "خومرداتو" لە دەسنووسەکانی (بابل) دا بەدی دەکرێ. لە کوردستان ئەم ناوە بە شێوەی "خورماتو (تازە خورماتو- توزخورماتو)" لە جوگرافیای ئەو ناوچەیە بۆتە ناوێکی هەمیشەیی. "توزخورماتو" ناوی یەکێکە لە شارەکانی کوردستان. ناونانی شاری بەغداش کە مانای"خودای باگا دروستیکرد" هەر بەم شێوەیە.

"هرودوت" مێژوونووسی یۆنانی بۆ ناوی "خۆر" کەڵکی لە وشەی "ماتینی-Matiene" وەرگرتووە. ئەم وشەیە لە نووسینی کلاسیکی یۆنان و(رۆم) دا بەرچاو دەکەوێ و مەبەست لەوەش دەڤەرێکی جوگرافیایی بەربڵاوبووە کە لە نێوان رووباری ئاراس و دەریاچەی ورمێدا بووە و شوێنی کۆبوونەوە و نیشتەجێ بوونی نەتەوەی کوردمان پیدەناسێنێ. "سترابۆن" یش دەریاچەی ورمێی ناوناوە "ماتینی".

لەسەدەی پێنجەمی پ، ز، "میتانی" یەکان لە رۆژهەڵاتی "هالیس" تا رووباری ئاراس دەژیان، بەرەبەرە لە سەر رووباری دیجلە و رۆژئاوای زاگرۆس بڵاوبوونەوە.

"هرودت" چوار نەتەوەی رۆژهەڵاتی یۆنانی ناونا "ئەرمەن"، "ساسپیر"، "ئالارود" و "ماتینی"، ئەرمەنییەکان، ئیبریان ( گرووپێك لەنەتەوەکانی گورجی)، "ئورارتو" یی و "هوری"یەکانن. لەم دابەشکردنەدا ناوی کورد نەهاتووە، وەلێ لەبەر پەیوەندی حاشاهەڵنەگری زوانی کوردی و میتانی دەتوانین ئەم دوو زوانە بە ئەندامی یەك خێزانی زوانی دابنێین. بەڵگەی ئەوتۆ هەن دەتوانین بە پشت پێ بەستنیان پەیوەندی زوانی نێوان زوانی کوردی و میتانی

بسەلمێنین. بێگومان چینی "مارییانی" لە دەوڵەتی میتانیدا بە پەروەردەکردنی ئەسپان خەریك بوون. کەسێکی هوری بە ناوی "کیکولی" لە دەقێکدا باسی پەروەدەکردنی ئەسپی کردووە. ئەم دەقەش لە پایتەختی "هیتی" یەکان دا دۆزراوەتەوە. لەو کەونە نووسراوەدا ئاماژە کراوە بە داگیرکردنی وڵاتێکی پان و بەرین ئاسیای رۆژئاوا، کە لە رۆژهەڵات لە زنجیرە چیاکانی "زاگرۆس"ەوە تا دەریای میدیترانە و لە رۆژئاواو لە دەریاچەی وانەوە تا باکووری "ئاراپخا- کەرکوك" درێژ دەبێتەوە. پایتەختی "هیپی"یەکان شاری "واشوکان" بووە کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە. کۆنی ئەو نووسراوانە کە لە تابلۆکانی "بوغاز کوی"دا باسیانکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٠ی پ، ز و وشەی ئەوتۆیان تێدایە پەیوەندی لەگەڵ بەخێوکردنی (ئەسپ)دا هەیە. ژمارەی (٩) لەلای نەتەوە کۆچەرەکانی هیند و ئەوروپایی گەلێك پیرۆز بووە. کۆنترین ناوی ئەو سەرزەویە کە دانیشتوانی دێرینی کوردستان لە سەری ژیاون بە "Maiteni" تۆمار کراوە، وەلێ لە دەسنووسە چەرمییەکانی "تل العمارنە" دا "Mi-ta-na" نووسراوە کە لە وەرگێڕانی "ئەکەدی" دا بۆتە"Mitani".

لێرەدا پێویستە ناوی ئەو چەند جەنگاوەرە هوری "میتانی" یە بێنین کە لەکاتی هێرشی "مورسلی یەکەم" پاشای هیتي، بە هانای دانیشتوانی مالوێرانی "میزۆپۆتامیا"وە هاتوون. "مورسلی یەکەم" لەساڵی ١٩٥٤ی پ، ز هێرشی کردۆتە سەر "بابل". ناوی وەك "ئاڤانتیس"، "ئوروتیس"، "ئاڤاگازانییا" و.....نیشانەی گۆڕانکارییەکی زوانی بەرچاوە کە لە سەر خاکی باکووری "سوبارتوم" لە ناو هۆرییەکان روویداوە. ئەم ناوانە بنەچەی هیند و ئەوروپییان هەیە.

جگە لەوەی پیشتر وترا، گرینگترین بەشی ئەم دەسنووسانە، باسێکە دەربارەی "نە کورس ئالاغ" یا " پێشبڕکێی ئەسپان" کە "کیکولی" بەشێوەی "ناوارتی ڤاژە- navartane Vazanasaia" لێی دەدوێ.

هەر "کورس" لەو نۆ کورسانەی زوانی یۆنانی، "کیکلوس "، و "رڤیسە-rvesa" مانای ماوەی"دوور"ە. لە رۆژگارانی پێش "میتانی" یەکان ئەم کورسانە بە شێوەی "ناڤا فراڤورسا- navafra jwrsa" هاتووە، وەلێ زاراوەی "ئاسپارڤیسە"ی میتانی لە زوانی کوردیدا بە شێوەی"ئەسپ ریز-asp rez" ماوەتەوە.

ئەم کورسانە هەریەکەیان دوو فەرسەخ کە دەبێتە (١٠،٥) کیلۆمەتر یا حەوت میل، بووە. کێبڕکێی ئەسپان پێچاو پێچ بووە بە درێژایی (٧٠٠) یارد و درێژایی هەر کورسێك



(١٤٤٠) یارد بووە و بە "زاچارا" ناوی هاتووە. زاراوەی "مەیدان"، سەنتەری شارەکان لە میتانی وەرگیراوە کە (میتانا-مەیدان) بووە. بەم پێیە دەتوانین پەی بە رەگی وشەکانی تر وەك: "ئەسپ"، "ریز" و "ریس" ببەین. لە بەر ئەوەی کە زاراوەی "ریز-rez" پاشگری "ئەسپ ریز"ە، بە شێوەی "رێز" و "رێز گرتن" واتە رێز دانان چۆتە ناو زوانی کوردی. لە بنەڕەتدا "ریز" مانای بەریز وەستانی ئەسپانە لە بەرامبەر رابەری نەتەوە، ئەم زاراوەیە لە زوانەکانی ئەوروپادا بە شێوەی کۆنی خۆی ماوەتەوە "رایس-Race ".

لە پەیماننامەی پاشا "شوپیلولیوما"ی یەکەمی هیتي و سوڵتان "کورتی وازا" ی میتانی، ناوی خوایانی هیند و ئەوروپایی هاتووە وەك: میترا(مهرا)، ڤارونا (ئاهورا)، ئیندرا، و ناساتیا. ئەو ژمارانەی لە دەقی "کیکولی" دا هاتوون لەگەڵ ژمارە کوردییەکانی ئەمڕۆ زۆر وێك دەچن.

ژمارەی (٩) لە کۆنەوە تا هاتنی ئیسلام، پیرۆز بووە. "هرتسفیلد" لە بارەی ئەم ژمارەدا ئاماژە بە داستانێکی کۆن دەکات و دەڵێ: خوای چاکە و خوای شەڕ سێ هەزار ساڵ فەرمانڕەواییان کرد، سێ هەزار ساڵی تریش فەرمانڕەوایی دەکەن، سێ هەزار ساڵی دوایی شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن و بەندەکانی خۆیان لە ناو دەبەن.

"ئارتور کریستنسن" لە دەهەی سی پ، ز، دوور و درێژتر لە سەر ئەو داستانە دەنووسێ و لە کۆتاییدا دەڵێ: ئەم شەڕە نۆ هەزار ساڵ درێژە دەکێشێ تا بە تێشکانی دنیای شەڕ کۆتایی دێت.

ئەم داستانە بە تێپەڕینی کات گەلێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە هەموویاندا کە زۆربەیان لە باکووری "میزۆپۆتامیا" و ئاسیای گچکەدا هاتوونە ناو مێژووی مرۆڤ، خاڵی هاوبەش هەیە: لە هەموویاندا باوەڕ بە خوایەك هەیە کە لە شێوەی خۆرە و سەرچاوەی خێرە. ئەمە خوای هەمیشەییە و ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە کاتی دەرکەوتن و ئاوابوونی خۆر کرنۆشی بۆ دەبەن و سوپاسی دەکەن.

ئەو رۆڵە مەزنەی "نفریتی تی "هاوسەری" ئامنحوتپ "فیرعەونی میسر کە بە "ئەخناتون" بەناو بانگە، (ئاتون خودای مهر) گێڕاویەتی، داوای لە فیرعەونەکانی میسر کردووە یەك خودا بپەرستن، لە راستیدا ئەوە بانگەشەی یەکتا پەرستی بووە لە میسری دێرین. "فیلیپ ڤان برگر" بە پشتیوانی کەونە نووسراوەکانی میسری دیرین و میزۆپۆتامیا، "نفریتی تی" بە " میتانی" دادەنێ. "کایزر سادر" لە ساڵی ١٩٣٨دا دەڵێ: "نفریتی تی" لە

بنەماڵەی سوڵتانەکانی"میتانی" بووە و پێشکەش بە فیرعەونی میسر کراوە، پێش ئەوەی زەماوەند لەگەڵ فیرعەون بکات ناوی "تادوهیبا" بووە.

لە کوردستان شوێنی جوگرافی ئەوتۆی لێیە کە ناوەکەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێتەوە سەر زاراوەی "میتانی". چیای "ماتینا" لەنزیك شاری "ئامێدی"، گوندی کورد نشینی "مەتینا" لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا لە ناوچەی جەزیرە لە نێوان گوندی "سەرکانی-راس العین" و "توربە سپی-تل ابیض"، نموونەی بەرچاوی ئەم بابەتەن.

ڕێسای زوانی کوردی و رستەسازی ، کاریگەری هیند و ئەوروپایی بە روونی پێوە دیارە. ئەو پاشگر و پێشگرانەی لە زاراوە و رستەکاندا بەکاردێن نیشانەی ئەم کاریگەرییەن، وەك: "لە سلیمانی دا"، "لە مەهابادەوە"، "دەچمە هەولێرێ"، "لە سنە را هاتم" ...

زۆر ناوی شار و لادێ و شتە سروشتییەکان وەك رووبار، چیا، دەربەند و هێندی ناوی تایبەت، ناسنامەیەکی گرینگی رووداوە مێژوویییەکان و زوانی وڵاتی کوردستانن. لە ناوی شاری "پنجوین-Peng-ion"دا راستی زاڵبوونی فەرهەنگ و سیاسەتی هلنیستییەکان، بەدیدەکرێ، ناوی ئەو شارە بە "پێنج یون" دەخوێنرێتەوە کە مانای "پێنج یۆنانی " یە. ژمارەی پێنج لە زوانی کوردیدا لە دەقە میتانییەکاندا بە "Penz" دەنوسرێ، لە لایەکی تر کورتە سەرنجێکی ناوی لادێکانی دەور و بەری پێنجوێن وەك: "سەلەسی-Salasi"، "مەسە-Masa"، "کلیو-Kelu"، "ولەسم"، "نژمارNijmar" و.... جەختە لەسەر لولویی بوونی ئەو شوێنانە. پاشگری "سی" لە کۆتایی وشەی "سەلەسی" لەو پاشگرە بەکاربراوانە دەچێ کە لە ناوی ئەو شارانەی (لولویی) دا هەن کە "ئەدد نیراری" ئاشووری لەساڵی ٨٠٢ ی پێش زاین ناوی بردوون، وەك: "بوناسی-Bunasi"، "ئاراسی-Arasi" و "باراهسی-Barahsi".

لەبارەی زاراوەی "نژمار" دیسان پاشگری "ار" هەیە کە لە شارەکانی "خارخار" و "هاشمار" ی (لولویی) دا دەبینرێ. ئەم شارەش کەوتۆتە ناوچەی "دەربەندیخان". ناوی گوندی "نولو" لە نزیك شارەدێی "دەرەتفی" مەریوان و رۆژهەڵاتی پێنجوین، پێناسەی دانیشتوانی لولویی ئەو ناوچەیەن لە رۆژگاری دێرین. لەپاڵ ئەم ناوە دێرینانە، ناوی شار و لادێی نوێ بەدی دەکرێ، لەوانە: "نزارە"، "نەرزەنە"، "خونیانە"، "بوبان"، "مەریوان (میهرەوان-میهرەبان)"، "بناوە سوتە"، "دولاش" و.... .



لە سەردەمی عوسمانی هێندێك ناوی تورکی کەوتوونە پاڵ ناوی کوردی. "قزلچە" مانای " شوێنی سوور"، "سورداش"مانای "بەردی سوور" و وشەی"کارتاك" گۆڕاوە بۆ "قرتق=قەرەداغ" کە ناوی زنجیرە چیایێکی باشووری سلێمانییە.

زۆربەی ئەو نەتەوانەی دەوروبەری "سیعرت" و "دیاربەکر" و "میدیات"، سەرەڕای سیاسەتی بە تورك کردنی سەردەمی عوسمانی و کەمالیزم، ناوە کوردییەکانی خۆیان کە رەگ و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دێرینی کوردستان، پاراستووە: "دیوو"، "سینو"، "رەشکوتا"، "سینیکا"، "ئالکا"، "میهرکان"، "مەندکان"، " هەسکان"، "چیکان"، "سلوانا"، "هەویرکاو" و... لەو بابەتەن.

ئەو زاراوانەی سەرەوە رەچەڵکی هیند و ئەوروپایی خۆیان پاراستووە، وەلێ ناوی هێندێك هۆز و عەشیرەت لە کۆتاییدا پیتی"ی" پەیوەندیان پێوەیە. ئەم پیتەش دەگەڕێتەوە بۆ زوانی لولوبی و کاسی. لولویی و کاسییەکان لە سەر خاکی کوردستانی دێرین ژیاون. "ی" ی پەیوەندی، بەرامبەر "و"، "وم" ی گرووپی زوانە سامییەکانە. لە فارسیشدا "ی"ی ئامرازی پەیوەندی هەیە. وێدەچێ "ی"ی ئامرازی پەیوەندی کوردی لە زوانی فارسی وەرگیرابێ، وەلێ زاراوەی "لولایی-Lulli" کە مانای پیاوێکی لولویی، و "بازایی-Bazai" مانای "پیاوێکی بازووە" پەیوەندی واقعی نێوان "ی"ی ئامرازی پەیوەندی کوردی لەگەڵ زوانی "عیلامی" دا نیشاندەدا. ئەم دوو وشەیە لە زوانی "ئەکەدی"دا بە "لولوپوم" و "بازورم" دەخوێندرێنەوە.

لە لایەکی تر پیتی "ب - پ" ی لولویی کە نیشانەی زوانناسی "عیلامی"یە و لە کۆتایی وشەی "نیشپی-Nispi" و "کینیپا-Kiniba" هاتووە، لە کۆتایی زاراوەی "زاب-Za-ba" یش کە رووبارێکە لە کوردستان، بەدیدەکرێ. تۆفیق وەهبی زوانناسی ناوداری کورد، ناوی ئەم رووبارە بە ناوێکی تایبەت دەزانێ.

عوسمانییەکان ساڵانێکی دوور و درێژ کردبوویانە قاو و دەیانگوت: لەبەر ئەوەی کوردەکان توانای گۆکردنی پیتی "ذ"یان نییە، ناوی ئەو رووبارە کە "ذهب" بووە گۆڕیویانە بە "زاب". لە دەوڵەتی عوسمانیدا ناوی "ئاڵتوونیان" لێناوە. ئاڵتون لە (تورکی)دا "ذهب" ی عەرەبییە کەمانای زێڕە.

زاراوەی "قشلاق" ی کوردی کە لە زوانی عەرەبیدا "قشلق"ە، لە بنەڕەتدا وشەیەکی تورکییە و بەرامبەر "بۆرگ" ی زوانی دانیشتوانی دێرینی کوردستانە. هێزەکانی عوسمانی و سەلجوقی، لە نیشتەجێ بوونی زستانەی خۆیان، خولقاندوویانە.

هێندێك وشەی كوردی كە بۆ ناوی كەس بەكار هێنراون چوونەتە ناو زوانی عەرەبی و توركی، وەك "شیرین"، "نەرمین"، "شەرمین" كە لە زاراوەی "شیر" و "نەرم" و "شەرم" پاشگری "ین" دروستبوون و وشەی كوردین.

لەپاڵ نیشانەی عیلامی، "ب" و "پ" پاشگری "ش" یا " ئش" لە زوانەكانی عیلامی و "كاسی" دەبینرێ. ناوی جوگرافیایی "سیماش"، "كیماش"، "توركیش" نیشانەی ئەم پاشگرەن. یەكەم گومان ئەوەیە كە ئەم پاشگرە پەیوەندی لەگەڵ پاشگری "سی-Si" كۆتایی وشەی (لولویی) دا هەبووە.

وەلێ ئەم پاشگرە تایبەتە بە زوانی كاسییەكان كە خۆیان بە "كاش"ی ناو دەبرد. "ئەكەدی"یەكان بەو نەتەوەیان دەگوت "كاششو-Kassu". كاسییەكان نەتەوەیەكی یەكپارچە و بە توانا بوون. پاشگری "ش" لە كۆتایی ناوی پاشاكانیان وەك "گانداش-Gandas"، "كاشتیلیاش" بەدی دەكرێ. تەنانەت ناوی مەملەكەتی "بابل" لە سەردەمی فەرمانڕوایی "كاسی"یەكان "كاردونیاش" و شاری "ئەشنوناك"ی عیلامی، "توپلیاش" بووە.

"دیاكونف" پاشگری "ش" بەرامبەری "خاك" دادەنێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی پاشگری "ش" كە لە كۆتایی ناوی پاشایەكانیان هاتووە، بەجێ نییە. وشەی كاسی "میری" لە "میریاش"دا مانای "خاك"، "زەوی" خوای دایكە كە بەرامبەرەكەی "میریزیر " یا "مووری" عیلامییە. ئەم زاراوەیە بە شێوەی "میر-Mur " لە زوانەكانی روسی و (سلاڤی) دا وەك خۆی ماوەتەوە كە بە مانای "زەوی" یا "گێتی" دێت. بێگومان هیندی و كاسی لە بەكارهێنانی ئەم زارەوەیەدا هاوبەشن.

لە لایەكی تر "سوریاش" خوای خۆری "كاشی"، هەمان "سوریا"ی سانسكریتییە. ئەم ناوە وەك نازناوی پاشایانی كاشی لە سەدەی سێزدەی پ، ز بەكار هاتووە. (شاگاراكتی-سوریاش)، سوریا-ثریا، ئەمڕۆ لە زوانی كوردیدا بۆ ناودێری كچان بەكار دێ.

"كاشی"یەكان بە پێچەوانەی "میتانی"یەكان لە نەتەوەكانی هیند و ئەورووپی نەبوون، لە خوارووی چیاكانی كوردستان دەژیان، لە ناویاندا تەنیا چینی ئەریستۆكرات و ئەشراف روویان لەزوانی هیند و ئەورووپی كردووە، وەلێ چینەكانی خوارتر و "هوری" (مشكێنو ئەكەدی-مسكێنی كوردی) هەرچۆنێك بێ زوانی سەرەكی خۆیان پاراستووە.

سەرچاوە باوەڕ پێكراوەكان باسی پەلامار یا داگیركردنی سەرزەوی باكوور ناكەن لە لایەن سوارانی هیند و ئەورووپایی، وەلێ دەسنووسەكانی بابلی باسی هێرشی "هیتی" یەكان دەكەن



دژی ئەكەدییەكان لە سەردەمی پاشای بابلی "سمسودیتانا" لە ساڵی١٥٩٥ی پ، ز. وڵاتی بابل پاش "هوری"یەكان لەناوچوو. ئەرنست "هرتسفیلد" لەمەڕ ئەم دوو رووداوەدا دەڵێ: وڵاتی هوری و ئاززی بە تەواوی لەنێو چوون. دواتر هەردووكیان بوونە بەشێك لە ئیمپراتۆری "میتانی" كە كەوتبۆ سەر سەرچاوەی ئاوی خاپور ناوجەرگەی "هانی گالبات" یا ناوچەی دەرسیم و دەوروبەری شارەكانی "ئوروشو"، "ئەرزنجان" و "ئەرزنابیا-ئەرزڕوم". پاشای "هیپی"، "هاتوسیلیسی سێهەم" لە بڕگەیەكی فەرمانی خۆیدا دەڵێ: "دوشمن ئازی ئامد و تمام كوركورمیش ئوگوی غارت و شاموحای را سنگر كرد". واتە: ئازی دوژمن هات ناوچەی باكووری داگیر كرد و دیاربەكری كردە سەنگەر.

"هرتسفیلد" پێی وایە رووباری "مرادسو" لە باكوور، سنووری نێوان "هوری" و "ئاززی" بووە. لەبەر ئەوەی ناوی "ئاززی" و "هەیاشا- هایا" لە نووسراوەكانی "مورسلی" پاشایدا یەك مانایان هەیە. هرتسفیلد دەڵێ: "هایا" شێوەی كۆنی "هایك" كە ئەو كاتە ناوی وڵاتی ئەرمەنیان بوو، بەم پێیە رووباری ناوبراو سنووری نێوان ئەرمەن و خاكی "خاریا-خوریان" بووە.

لە ناو دەقە (هیتی) یەكاندا چاومان بە ناوی شاری "بورشخند" دەكەوێ كە شێوەی ئاشووری "بورشخاتوم"ە. بەشی یەكەمی ئەم وشەیە "Burg"ە مانای بەرز یا بڵندی كوردییە. بەشی یەكەمی وشەی "ماشوهند" كە ناوی شارێكە مانای (بزرگ-مەزنی) كوردییە.

لە لایەكی تر ناوی " بوریاش-خوای باو باران" ی "كاشی" یەكان هاتۆتە ناو ناوی پاشایانی وەك: "ئولام بوریاش"، "كاداشمان بوریاش"، "تازی بوریاش" كە لە زوانی یۆنانیدا "بوریاس"ە بەمانای بای شەماڵی توند. بوریاش لە كوردیدا بووە بە "بوران" یا "بوریان" كە مانای سەرما و سۆڵە لەگەڵ بەفر و كڕێوەیە.

ئەگەر پاشگری "ان"لە زاراوەی بوران بكەینەوە تەنیا "بور" دەمێنێتەوە كە هرتسفیلد پێی وایە بە مانای "گەورە" دێ.

لە زوانی "كاسی" دا ناوی "بوگاش" هاتووە كە هەمان "باگا" ی زوانەكانی سلاڤییە كە تائیستاش هەر ماوە و بە مانای خوا دێت.

پاشگری "ش" یی كاسییەكان لە تەك ناوی خوایەكاندا هاتووە و لە زوانی عیلامیدا بە پاشەڵی ناوەكانەوە نووساوە، وەك: هوتتاش= كار، تیریش= وتی، تالاشە= نووسی و خوایانی "لەیلا ئەپرتاش"، "هونیان نوكاش"، "تیمی ڕاپتاش"، "كوك كیراوش".

له دیالێکتی هەورامیدا پیتی "ش" لەتەك کۆمەلێك وشەدا هاتووە بەتایبەتی کردارەکان، وەك: "بەردش= بردی"، "واردش= خواردی" و "کەردش= کردی". پاشگری "ش" لە زوانە هیند و ئەوروپییەکاندا وەك "هیتی" و "ئاڤێستایی" و تەنانەت " هوری"ش، بە شێوەی (س، ئێس، s) بە کار براوە. ئەم پەیوەندییە لە نێوان  و کورد لە بەر ئەوەی دراوسێ بوون بە شتێکی ئاسایی سروشتی.

پرۆفیسۆر "هروزنی" لە سەرەتای سەدەی بیستەم نیشانیدا "ان" لە هەندێك وشەی کوردیدا وەك پاشگر بە کار دەبرێ، وەك: گاوان، مەڕوان، پەزوان، رەزەوان و...... .

واژەی "دان" ی  بە شێوەی "دانتیس-da-ant-es"ی لاتینی، لە زوانی کوردیدا وەك خۆی ماوە. ئەم واژە یە مانای ئەو دیارییە بووە کە پێشکەش بە خودایان کراوە. هەر بۆیە "دونوم-donum"ی لاتینی و "دانا-dana"ی بەمانای دیاری دێن. لە زوانی (سلاڤیش) دا ئەو دیارییەیە پێشکەش بە سەرکردەکانی ئەو نەتەوەیە دەکرێ.

بینیمان زوانی کوردی لە قۆناخی پێش ئیسلامدا پێگەیشتووە، لەگەڵ زوانەکانی دانیشتوانی کوردستان لە پەیوەندیدا بووە و دواتر لە ژێر کارتێکردنی چەندین زوانی هیند و ئەوروپی بەرەو کامڵبوون چووە. ئەمرۆ زوانی کوردی پێکهاتەیەکە لە زوانەکانی کوردستانی دێرین لە بۆتەیەکی هیندو ئەوروپیدا کە بە تێپەربوون بە گەلێك قۆناخدا گەیشتۆتە سنووری هەنووکەیی مێژوو.



## گۆڕانکارییە مێژوییەکانی دوو هەزار ساڵی پ، ز
## لە ئاسیای گچکە و باکووری میزۆپۆتامیا

گەڕانی دێرینناسی و توێژینەوەی زواناسی، دەریخستووە، یەکەم کۆڕەوی نەتەوە کۆچەرەکان کە ئەمرۆ بە ناوی هیند و ئەوروپییەوە ناسراوە لە شوێنێکەوە دەستیپێکردووە کە دەکەوێتە خوارووی روسیا نێوان دەریاچەی "ئارال" و رووباری "دانوب". کات و ساتی ئەو کۆڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پ، ز. دوو باڵی رۆژهەلات و رۆژئاوای ئەم نەتەوە کۆچەرانە بە لێوارەکانی دەریای (رەش) دا چوونەتە ناو نیمچە دوورگەی باڵکان و ئاسیای گچکە، لە رێڕەوی خۆیاندا لە رووبارەکانی "دون"، "دنیپر"، "دنیستر"، و"دانوب"، پەریونەوە. گرووپەکانی پێشەنگی ئەم نەتەوە کۆچەرانە دوای تێپەرین لە چیاکانی قەفقاز و پەڕینەوە لە روباری "ئاراس" لە داوێنی چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون. دوای ئەم رووداوە گۆڕانێکی بونیادی پەیوەندی زوانی و رەگەزی وەدیهات لە نێوان خۆجێییانی ئەو دەڤەرە و ئەوانەی رەویان کردبوو بەرەو یۆنان، ئاسیای گچکە، باکووری میزۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس.. لە ئاکامدا ئەم گوڕانکارییە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی نەتەوەگەلێك لە دوو هەزار ساڵ پ، ز بەناوی: "ئاخی"، "ئایونی" و "دوری" لە یۆنان و "لیدی" و "هیتی" لە ئاسیای گچکە و "میتانی" لە باکووری میزۆپۆتامیا.

دوا بە دوای پووکانەوەی دەسەڵاتی "میکینی"، "گریکەکانی" دێرین گەلێك ئەفسانەی سەیر و سەمەرەیان بۆ باو باپیرانی خۆیان هەڵبەست. دوای کۆچکردنی ئەوانە، "دوری" یەکانی ناوچەی "بارنسوس"ی ناوەندی یۆنان، بە پەڕینەوەیان لە "ئارگۆلیس" و "میکینی" لە کاتێکدا تایبەتمەندی نەتەوەیی " دوری" یان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو، یەکەم زەمینەی لە نێو چوونی فەرهەنگی "میکینی"یان خوڵقاند.

دوای ئەم کۆڕەوانە لە ناوچەکانی خۆرهەلاتی یۆنان، نیشتەجێ بوونی "گریك" ەکانی خۆرئاوای ئاسیای گچکە، بە دروستکردنی شارگەلێکی گریکی دەستیپێکرد. لەم نێوەندەدادەتوانین ئاماژە بەسێ گرووپی جیاوازبکەین:

١- "ئاخی" و "ئایونی" کە لە ناوچەی "تسالیا" وە بەرەو "لیسبوس" هاتبوون، شارێکیان بە ناوی "ئایولیس" دروستکرد. ناوی "ئاخی" سەرەتا بە شێوەی "ئاخایووی- Akhaiwoi" یا "ئاخایوی- Achaioi" هاتووە. "هومر" ناوی "ئاخی" لەگەڵ "دانای" و "ئارگی" یەکان هێناوە. بە وتەی هومر خاکی ئەم نەتەوانە رۆژئاوای یۆنان و "کریت" و "رودس" و ناوچەگەلی دیکە بووە کە لە سەدەی ١٤ و١٣ی پێش زایین فەرهەنگی "مێکینی" یەکان لە وێدا گەشەی کردووە، وەلێ لەمەر کاتی سەرهەڵدنیان لەو ناوچانەدا، بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە.

بەڵگە وەدەسهاتووەکان دەریدەخەن تێکەڵ بوونی "ئاخی" و میکینی"یەکان بەهۆی ژن و ژنخوازی و یەکییەتی لەشکرییەوە بووە، دژی دوژمنانی هاوبەش لە ژێر فەرماندەیی سەرکردەکانی "میکینی". بەڵام خەسڵەتی سوار چاکی و جەنگاوەری نەتەوە کۆچەرەکان و سەرهەڵدانی "دووری" یەکان لەو ناوچانە بۆتە هۆی دەسەڵاتی سیاسی و لەشکری بەسەر شارەکانی "میکینی"دا کە "پلوپونزی" مێژوونووس دواتر باسیکردووە.

٢- لە خوارووی "ئایولیس-Aeolis" (ئەو ناوچانەی نەتەوەکانی ئایولی تێیدا نیشتەجێبوون) و دەربەندی "هیرموس" و ئەو دەربەندەی"ئەیونی" یەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، خۆرهەڵاتییەکان ناویان لەو نەتەوانە نابوو "یۆنان". سەرەتای بزاوتی ئەو نەتەوانە لە شارەکانی "ئاتیکا" و "ئارگولیس"ەوە دەستیپێکرد، دواتر ئەو ناوچانە بەشێك لە خاکی "لیدی" (رۆژئاوای ئاناتولی) یان پێکهینا.

لە لایەکی تر ناوی "یۆنان" لە گۆڕانی واژەی "ئەیۆنی" زوانەکانی رۆژهەڵاتەوەیە. ئەم ناوە یەك جار لە کتێبی "ئیلیاد" دا هاتووە. ئەمانە یەکەم نەتەوەی"یۆنانی- گریکی" بوون کە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیك پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدا کردوون، "ئەیونی" یەکانیان بە ناوی "یوڤانی-Yavani ،یونانا-Yauns یونان-Yunan" ناسیوە. بە پێی بۆچوونی دکتۆر عبدالطیف حەسەن عەلی، ئەم ناوگۆڕانە سەرەتا لە "قوبرس" سەریهەڵدا، چونکە نەتەوە نیشتەجێکان پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ "ئوگریت" ەکان یا "راس الشمر" ی ئەمڕۆ هەبووە کە لە سەر سنووری سوریان، ئاشوورییەکانیش بەناوی "یەمانیYamani" ناسیویانن.

٣- "دووری-Dori" یەکان لەخوارووی "ئایونیا" دەژیان، بەڵام لە گەلێك سەردەمی جیاوازدا لە "رودیس" و "دیلای" (گۆشەی باشووری رۆژئاوای ئاسیای گچکە) و خاکی "پلوپونز" ی یۆنان سێ نەتەوەی بەناوبانگ "هیلیس-Hylleis"، " پامفیلوی-



Pamphloi" و"دیمانیس" ژیاون کە دواتر بەرەو باشووری ناوچەکانی "ئیجە" راخزیون. پێشتر (لە ساڵی١١٠٠ پ، ز) لە کۆتایی سەردەمی برۆنزی لە لایەن "ئاخی"یەکانەوە داگیر کرابوو. ئەم نەتەوانە لە باشووری "ئەناتۆلی" یش لە شوێنێك کە یۆنانییەکان پێیان دەوت "کریسفونتیس" ژیاون. ئامۆزای "هەرکول" فەرمانڕەوای "میکینی" ئەم دەڤەرەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

٤- جۆن گارستانگ دەڵێ: فەرمانڕەوای "هیتی"یەکان سەربەخۆیی پاشاکانی نەتەوەی گریکی یەکگرتووی بە فەرمی ناسیبوو، هەروەها دەڵێ:"هیتی" یەکان بە چاکە باسی سەردارانی "ئاخی" یەکان دەکەن و بە "برا" ناویان دەبەن.

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین بە دەسپێکردنی سەردەمی برۆنزی واتە ١٩٠٠ ساڵ پ، ز، نەتەوەیەکی تر کە بنەچەکەی هیند و ئەورووپی هەیە، لە نیمچە دورگەی باڵکان سەریهەڵدا. بە بڕوای د(.عبدالطیف احمد علي)، ئەم نەتەوەیە بە هۆکاری جەنگ نەهاتوونە ئەم ناوچەیە، بەڵکو بە درێژایی چەند سەدە کۆچیان کردووە و وردە وردە نیشتەجێ بوونە. شارستانییەتی ئەوانە لە شارستانییەتی دانیشتوانی خۆجێی ئەم ناوچەیە کە بە کشتوکاڵەوە خەریکبوونە، پتر نەبووە. وەلێ کۆچەرانی نوێ بەرە بەرە کاریان کردۆتە سەردانیشتوانی خۆجێی و لە ئاکامدا چینێکی باڵادەستیان وەدیهێناوە. لە سەدەی ١٦ی پ، ز، دانیشتوانی ئەم نیمچە دوورگەیە لەگەڵ دوو رەگەزی تری هیند و ئەورووپی و دانیشتوانی دەریای میدیترانە تێکەڵبوونە.

لەلایەکی تر رەچەڵەکی هیند و ئەورووپییەکان (رۆژئاواییەکەی) بە سەر ناوچەکانی ئاسیا ناوەڕاستدا زاڵبوون، بەتایبەتی چیاکانی "تۆرۆس" و "کیلیکیا"، بە پێچەوانەی باکووری میزۆپۆتامیا کە رەگ و ریشەی رۆژهەڵاتی هیند و ئەورووپی هەیە و دواتر بوو بە سنووری فەرهەنگی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

"ئەنتون مورتگات" دەڵێ: ئەم نەتەوانە سەرەتا یەك کۆمەڵ نەبوون، بەڵکو گرووپگەلێکی ئادەمیزادی ناهەمئاهەنگ بوون. "هیتی" کە لە نەتەوەکانی هیند و ئەوروپای رۆژئاوا وەدیهاتووە، توانی بنەمای زوانی خۆی بەسەر ناوەند و خوارووی ئاسیای گچکەدا بسەپێنێ. زوانی "هیتی" لەبەر هێزی زاڵی خۆی، لە رۆژئاوای باڵکانەوە بەرەو "هلسپونت -داردانیل" و "بسفۆڕ" لە وێوە بەرەو ناوچەکانی دەوری رووباری "هالیس ( لە تورکیا قزل ئیرماقە )" پەرەی سەند. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە ئەم بۆچوونە رەتدەکەنەوە و لایەنگری ئەوەن کە ئەو پەرەگرتنە لە رێڕەوی قەفقازەوە بووە.

گومانی تێدانییە "هیثی" یەکان چ لە ڕێگەی قەفقازەوە هاتبن یا لە ڕێگەی باڵکانەوە، لە گەڵ فەرهەنگی میزۆپۆتامیا تێکەڵبوونە، ئەم تێکەڵاوییەش لە ڕێگەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گچکەوە بە ئەنجام گەیشتووە. بەڵگەی ئەمەش "ڕێنووسی بزماری" یە. ئاشکرایە ڕێنووسی بزماری یەکەم جا ر لە میزۆپۆتامیا پەیدا بوو ئینجا گوازرایەوە بۆ دراوسێکان.

لە لایەکی تر دامەزرانی ئیمپراتۆری ""هیثی"" کە بەرەو ڕۆژهەڵات و باشوور پەرەی گرت، لە ژێر کاریگەری نەتەوەکانی ناوچەکە ڕەسەنایەتی هیند و ئەوروپی وەخۆ گرت. ئەو نەتەوە دێرینانەی لەو دەڤەرەدا ژیاون، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵانەی بە زوانی "نیسی" دەدوان، وەلێ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی "هیثي ناوەڕاست"، "لووی" و "هوری" دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە بەربڵاوی سەپاندبوو. ئەم سەردەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم و سەرەتای سەدەی چواردەهەمی پ، ز.

بەڵام شانشینی نوێ کە سەدەی چواردەهەم تا سەدەی پانزەهەم دەگرێتەوە، تایبەتە بە پاشاکانی "هوری" کە نازناوەکانیان بە زوانی ""هیثی"" بووە. لە کەونە نووسراوی "یازلیکا" شدا کە لە تورکیا دۆزراوەتەوە بەدیدەکرێت، ئەم نووسراوە بە خەتی "هیروگلیف" و زوانی " لووی" نووسراوە، ناوی خوایەکانی هوری و یەکەم پاشای ئەم شانشینە نوێیەی واتە "شوپیلولیوما" لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی پ، ز، لەوێدا تۆمار کراوە. ئەم پاشایە سەرەتا لەگەڵ میتانییەکان شەڕیکرد و دواتر ئاشتی. هەر چۆنێك بێ ئەم نەتەوانە بەشێك لەو کۆمەڵانە بوون کە سەرەتای هەزار ساڵەی پ، ز، بەرەو ناوەندی ئاسیای گچکە راخزیون و تێیدا نیشتەجێ بوون.

لێکۆڵینەوەی "ئەنترۆپۆلۆجی" نیشاندەری تێکەڵاوی ئەم نەتەوانەن لەگەڵ دانیشتوانی خۆجێیی. هەر لەبەر ئەوە بیروڕای "حاتی" و "هوری" لەسەر ئەم نەتەوە هیند و ئەوروپییانە کاریگەر بووە.

دوابە دوای یەکیەتی سیاسی دەوڵەتی "هیثی" کە لە سەدەی هەژدەهەمی پ، ز بوو بەهۆی یەکپارچەیی نەتەوەکانی ناوچەکە، ئەم ڕەگەزە جیاوازە توایەوە و زوانی "نیسی"، "لووی" و "پالایی" بوو بە زوانی گفتوگۆی نەتەوەکانی دانیشتوی "ئەناتولی".

بەم پێیە دەتوانین بڵێین چینی سەرمایەداری دەوڵەتی "هیثی" کە لە هیند و ئەورووپیەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە سەرەتای دوو هەزارساڵی پ، ز، ناوی کۆنترین پاشاکانی خۆیان (ئانتیتا و پوختانای باوکی) لە "حاتوساس (بوغاز کوی)"، لە سەر پارچە خشتێك



بەیادگار بەجێ هێشتووە. ئەم دوو پاشایە لە سەدەی حەڤدەی پێش زاییین فەرمانڕەوای "کوشاد" بوونە. دوای ئەوانە ناوی پاشایەکی تر بە ناوی "تابارنا" تۆمار کراوە کە لە ساڵەکانی ١٦٨٠-١٦٥٠ی پ، ز "پادوکیا" و چیاکانی "توروس"یان داگیر کردووە. لەوە دەچێ "تابارنا" یا "لابارنا" نازناوی پاشایەکی "هیثی" بووبێ. "هیثی" یەکان ساڵی ١٣٤٠ی پ، ز بوونە تاکە هێزی ڕۆژهەڵاتی نزیك.

پایتەختی "هیثی"یەکان لە سەردەمی "هاتوسیلی یەکەم" لە "بوروسخەند"ەوە گوێزرایەوە "هاتوساس"نزیك بوغاز کۆی ئەمڕۆ (١٦٥٠-١٦٢٠پ، ز). ئەم پاشایە خاکێکی زۆری لە ئەناتولی باکووری سوریا بەدەستهێنا و کوڕەکەشی "مورسلی یەکەم" لە ساڵ ١٥٩٥ی پیش زایین، بە هێرش کردنە سەر "بابل" بنماڵەی "ئاموریان" و "یاسای حامورابی" ڕامالی. هێرش بە پەلەی "مورسلی یەکەم" بۆ سەر میزۆپۆتامیا بوو بە هۆی گۆڕانکاری سیاسی لەناوچەکە. "کاشی"یەکان دانیشتوانی لۆڕستان و باکووری ڕووباری دیالە، کەڵکیان لەو هەلە وەرگرت، بە هێرش بردنە سەر "سۆمەر" و "ئەکەد" یەکیەتییەکی بەهێزیان دروستکرد. لەو سەردەمەدا ئەو وڵاتە"کاردونیا"شی پێدەگوترا. (لەزواندا کاردونیا مانای "خودان" پاوانی خوای زەمین). بە مردنی "مورسلی یەکەم"، شەڕ لەسەر دەسەڵات دەستیپێکرد و سەرئەنجام ساڵی ١٥٣٠پ، ز "تیلپینوس" لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشتوو ئاسایشی بۆ "هیثی" گێڕایەوە.

لەمەودوا تا دامەزراندنی شانشینی نوێ (١٤٠٠-١٢٠٠پ، ز)، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی دواتر سەرچاوە مێژووییەکانی یارمەتیمان نادەن. "شوپیلیومای یەکەم (١٣٨٠-١٣٤٠)" بە دەسەڵات گەیشت، وڵاتی "ئارزاوا"ی داگیر کرد، شەڕی لەگەڵ میتانییەکان کرد و لە سەردەمی "مونالیس" بەرنگاری میسر بۆوە. لە کاتی "رامسیسی دووم" جەنگێکی قورس لە نزیك "قادش" (١٢٨٨پ، ز) لە نێوان هەر دوو هێز ڕوویدا، لە ئاکامدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی "هاتوسیلی سێهەم (١٢٧٥-١٢٥٠پ، ز)" زەماوەندێکی سیاسی کرا و بوو بە هۆی بەستنی پەیمانی ئاشتی.

دەوڵەتی "هیثی" لەناکاو کوێربۆوە. گومانی مێژوونووسان ئەوەیە کاریگەری شاڵاوی نەتەوە کۆچەرەکان بۆ سەر ئاسیای گچکە بوو بە هۆی سەرەکی ئەم ڕووداوە. دوای ئەوە ناوچە سەربەخۆکانی "کیلیکیا"، "فریکیا"و "سوریا" لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازی "ئاشوورییەکان" خویان نەگرت و هەر زوو لەناو چوون. دوابەدوای ئەم ڕووداوانە لە سەدەی دوانزەهەمی پێش

زایین، دانیشتوانی خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیای گچکە بە ناوی "هیتی"چوونە ناو مێژوو. "هیتی" بە شێوەی "حیتی" لە تەوراتدا هاتووە.

لەلایەکی تر دەبینین "لیدیا (رۆژئاوای ئاسیای گچکە)" ناوچەیەکە ناسنامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح. زوانی "لیدی" زۆر لە زوانی "هیتی" نزیکە، دەتوانین بڵێین درێژبوونەوەی زوانی "هیتی"یە. راستییەکەی ئەوەیە زاراوەی "هیتی" نەك بۆ کۆمەڵێکی تایبەت، بەڵکو بۆ ناساندنی تێکڕای دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە کار هاتووە.

نووسراوەکانی "بوغاز کۆی" دەریدەخەن زوانی "هیتی" بۆ دوو دیالێکتی "پاشایانە" و "عامیانە" دابەشبووە. ئەو دیالێکتەی خەڵکی ئاسایی پێی دواون "نیسی" یا "نیسیرتی" بووە، دیالێکتی ناوچەکانی باشووریش بە "لووی" یا "لوانی" ناسراوە.

بە ڕای "جۆرج رو" زاراوەی "هیتی" بەگشتی کۆبوونەوەی سێ نەتەوەیە کە بە سێ زوانی "لووی"، "بلایکی"، و "نساتی" دواون. لە نێو ئەوانەدا "لویانی" یەکان یەکەم نەتەوە بوونە هاتوونە ناو ئاسیای گچکە و زوانی خۆیان بە ڕێنووسی "هیرۆگلیف" نووسیوە و بە درێژایی رۆژئاوای "کیلیکیا" نیشتەجێ بوون.

"بلایکی" یەکان لە دەڤەری "سیواس" ژیاون، وەلێ "نساتی" یەکان کە ناوی خۆیان لە شاری "نیسا" وەرگرتووە، لە "کاپادوکیا" نیشتەجێ بوونە. شاری "نیساوە" یا "نیشا" هەمان شاری "کانیس-کولتەپە" بووە.

"جۆرج رو" پەردە لەسەر ئەم راستییە لادەبا کەئەوان ڕێنووسی بزماریان لە سوریا وەرگرتووە و کردوویانە بە ئامرازێك بۆ نووسینی زوانی هیند و ئەورووپی خۆیان".

پاشاکانی "هیتی" زۆر رێزیان لە پێشەوایانی دینی دەگرت و خواکانیان بە پشتیوانی حکوومەتی خۆیان لە قەڵەم دەدا. "تیشوب" خوای ئاسمان و خواجۆری پاشاکان و نەتەوەی "هیتی" بوو. ئایینی ئەو وڵاتە پێش "هیتی"ییەکان پەرستنی دیاردەکانی سروشت بووە. لە روانگەی خەڵکەوە زەوی وەك دایك بووە. لە قۆناخی یەکگرتنی نەتەوەکان و سەردەمی ئیمپراتۆری، خوای خۆر، خوای جەنگیش بووە و لای "هیتی" یەکان خوای خوایان بووە.

ئەم رووداوە مێژووییانە و رۆڵی هیند و ئەورووپی لە گۆڕانکارییەکانی سەرووی میزۆپۆتامیا، چیاکانی زاگرۆس لە رۆژهەلات، تا دەریای میدیترانە لە رۆژئاوا، لە باکوور ئەرمەنستان تا



دەشتی "ئەرەپخا"ی لە باشوور، گرتەوە. لەم رووەوە باڵی دەسەلاتی ئەم ناوچانە لە دووهەزار ساڵی پ، ز، گەیشتە سوریا و فەلەستین.

زوانی "هوری" هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ کۆمەڵەی زوانەکانی سامی و (هیند و ئەورووپی) دا نییە لەبەرئەوە بە زوانەکانی ناوچەی "سوبارتو" دەژمێردرێ، وەلێ هوری زوانان لە دوو هەزار ساڵی پێش زایینەوە چینی ئەریستۆکراتی سیاسییان دروستکرد کە بە زوانی هیند و ئەورووپی دەدوان. ئەم زوانە دواتر بوو بە زوانی رەواو فەرمی دەوڵەتێك کە بەشان و بازووی "هوری"یەکان دروستبوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی میتانی کۆتایی هات.

یەکەم جار ناوی "هوری" سێ هەزار ساڵ پ، ز لەو دەقە ئایینییە کۆنانەدا، بەدی کرا کە لە میزۆپۆتامیا دۆزرانەوە، ئەم دەقانە پێناسەی شێوە زوانێکن کە دیالێکتی دانیشتوانی رۆژهەلاتی دیجلە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە.

لەسەر بنچینەی تیورییەکانی "جۆرج رو" مرۆڤ نزیکەی سەدەیەك زووتر زانیاری پتری لەسەر "هوری"یەکان دەسکەوت، ئەویش ئەو کاتەی ناوی یەکێك لەوانە لە دەقە بزمارییەکانی "تل العمارنە"ی میسر خوێندرایەوە. ناوی "هوری" لە کتێبی "العهد القدیم" و "سفری تکوین" بە "الحوریتیون" هاتووە. " جیجر" توانی پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان ئەم زاراوەیە و "خوای خۆر" بدۆزێتەوە کە "خوار —خور" یا "هوار- هور" بووە. ئەم زاراوەیە شێوەی رۆژئاوایی "سوار-سوور"ە کە ناوی دانیشتوانی باکووری هیندوستان بووە. دۆزینەوەی ئەم زاراوەیە لە باکووری میزۆپیۆتامیا، پەیوەندی سیاسی، ئایینی و نەتەوایەتی دانیشتوانی ئەم ناوچانەی لە رۆژهەلاتەوە تا دەگاتە رۆژئاوا، پتر لە جاران خستە روو. پەرستنی خوای خۆر لە لایەن کۆمەڵێك نەتەوەی جۆراوجۆر، نیشانەی باوەڕی هاوبەشی ئایینی بووە کە سەرەڕای جیاوازی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەلایەتی، باڵی بەسەر ئەم بەشەی جیهاندا کێشاوە. زاراوەی "خۆر-هور" ئەمرۆ هەم لە زوانی کوردیدا مانای خۆرە هەم لەناو ژمارەیەك عەشیرەتی کورددا، هێشتا ناوێکی پیرۆزە.

جگە لەوەی دانیشتوانی باکووری میزۆپۆتامیایان بە "هوری" دەناسی، بەڵگەی ئەوتۆ لەبەر دەستن دەیسەلمێنێ ئەم خوایە مەزنترین "خواجۆر" ی ئەم ناوچەیە بووە. گەلێك پاشا و ژمارەیەکی زۆر مەڵبەندی جوگرافی ئەو دەڤەرە بە شێوەیەك ئەم ناوەیان هەڵگرتووە. "هورداتا" مانای "خۆر بەخشی" و "خوموورداتو-خورداتو" ناوی یەکێ لە سوڵتانەکانی باژێرێکی جوگرافییە. دواتر ئەو زوانەی لە ناو دانیشتوان برەوی پەیدا کرد(هێندێك بەڵگە

نیشانی دەدەن ئەم زوانە زوانی هاوبەشی پیاوانی ئایینی بووە)، لە دەقە "هیتی"یەکاندا (نوسراوەی بوغاز کوی) "خوریلی" یا "هورلیلی" ناوبووە، دانیشتوانی کوردستان و ئەرمەنستان سی هەزار ساڵ پ، ز پێی دواون و تا ساڵەکانی کۆتایی ئیمپراتۆری "هیتی" زیندوو بووە.

بە کوێربوونەوەی دەوڵەتی "میتانی" یەکێك لە زوانە نەتەوییەکانی هوری بوو بە زوانی دەوڵەتی"ئورارتو". ئەم دەوڵەتە لە دەور و بەری دەریاچەی وان دامەزرا و لە سەدەکانی هەزار ساڵەی پ، ز "توشپا (توروشبا)"بووە بە پایتەختی.

لە دەقە "ئاشووری" و "بابل" ییەکاندا ناوی "ئورارتو" تۆمار کراوە و لە (تەوراتیش) دا بە شێوەی "ئارارات". نووسراوە بزمارییەکان بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە "ئورارتو" ییەکان خۆیان بە "هالدی" و وڵاتەکەیان بە "هالدیا-خالدیا" ناو بردووە. (زاراوەی "بیانیا" ش لە هێندێك دەقدا تۆمار کراوە).

لە راستیدا "خالد-هالد"ناوی "خواجۆر"ی هورییە کە لە شێوەی پیاوێکی کراس شۆڕ لە سەر پشتی شێرێکی ئەفسانەیی وەستاوە. دانیشتوان لەو باوەڕەدا بوونە کە هاوسەری ئەم خوایە، خوای جۆر "ئۆربانی" یا "باگبارثو" بووە. لە تەك ئەمانەدا هورییەکان دوو جۆر خوایان هەبووە: جۆرێکیان "خوای جۆر" ی ناوچەیی بووە وەك "تیشوب (خوای تۆفان)" و هاوسەرەکەی "هیپا- خیپا" کە جۆرێك لە خوای دایك بووە و جۆرەکەی تر خواکانی بێگانە بوونە وەك خواکانی میزۆپۆتامیا و...

لەسەدەکانی سێزدە و دوازدەی پ، ز، سوڵتانەکانی "ئاشووری" لە وڵاتی "هوری" و "هالد" شانشینی یەکگرتوویان دامەزراند بە ناوی "نایری" کە کەوتۆتە خوارووی دەریاچەی وان (ناوچەی نیری یا نەهری لە کوردستان). ئەمەش ئەو کاتە بوو کە "ئاشوور" ریبازێکی سەختی گرتبووە بەر، بەڵام لە سەدەی دوانزەهەمی پ، ز بە گێڕانەوەی دووبارەی دەسەڵات لە بەرامبەر پاشاکانی "بیانیا" و "نایری" و ئەو ناوچانەی دواتر ناویان نرا ئەرمەنستان، راپەڕی.

هەرچەند "هالد" خوای مەزنی ئەم مەملەکەتە بوو، "ئورارتو" ییەکان لە رووی سیاسییەوە بەناوی "هالدی-خالدی" خویان بە دنیا نەناساند، لەبەر ئەوە زاراوەی "ئورارات" یا "ئوراشت" تەنیا بەناونیشانی یەك دەوڵەت چووە ناو مێژوو.

لە دوو هەزار ساڵی پ، ز، نەتەوەکانی سەرزەمینی "بیاینی" لە بنەوپاڵەوە یەکیان گرت و یەکییەتی "ئوروئەتری"یان لە رۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە دروستکرد کە بوو بە هەوێنی



شانشینی "ئورارتو". لە هەزار ساڵەی یەکەمی پ، ز ئەم تیرە و هۆزانە بە نەتەوەی کۆچەر دانەدەنران، بەڵکو دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بوون و پەیوەندی زوانی و فەرهەنگییان لەگەڵ دنیای قەفقازدا هەبوو، وەلێ پەیوەندیان لەگەڵ دنیای "هوری" لەوە قووڵتر بووە. لە سەردەمانی دوایی پەیوەندییەکانی فەرهەنگی هوری لەگەڵ دراوسێکانی باشوور باشتر بوو و زاراوەی "ئورارتو" لە زوانی ئاشووریدا بوو بە وشە.

ئەمڕۆ ئەرمەنەکانی دەوری "دەریاچەی ورمێ" ش زاراوەی "ئورارتو"یی لە ئاخاوتندا بەکاردێنن. مێژوونووسی روس "ئودیڤ" دەڵێ: ئەم بابەتە، پەیوەندی زوانناسی "ئورارتو"یی لەگەڵ دنیای قەفقازدا دەخاتە روو.

لە سەدەی پێنجەمی پ، ز و دوای کۆێربوونەوەی دەوڵەتی "ئورارتو"، "هرودت" ناوی نەتەوەکانی ناوچەکەی هێناوە، بەتایبەتی نەتەوەکانی رۆژهەلاتی ئاسیای گچکە وەك: ئەرمەن، ساسپیر، ئالارود وماتینی. هرودت بە پشتیوانی ناوچەی جوگرافیایی، ئەرمەن و ئیبیری بە بەشێك لە گورجی، ئورارتو و میتانی بە هیند و ئەوروپایی، داناوە کە لەگەڵ هورییەکان تێکەڵبوونە. بەم پێیە مێژوونووسی یۆنانی توانیویەتی لە رووی تایبەتمەندی زواناسی و ئەتنوگرافییەوە ئەم نەتەوانە لێك جیا بکاتەوە. هرودت لە بەشی سێهەمی مێژووەکەی خۆیدا کاتێك نۆزدە وڵاتی ئیمپراتۆری "ئەخمینی" دەناسێنی، ویلایەتی سێزدەهەم بە "ماتیینی" یا سەرزەمینی "میتانی" ناو دەبا، هەروەها "ساسپیری" بەنەوەی گورجی و "ئالارود" بەنەوەی "ئۆرارتو" ییەکان دادەنێ. پێویستە ئاماژە بەخاڵێ بکەین ئەویش جیا کردنەوەی زاراوەی مێژوویی و ئایینی و ئەتنوگرافییە لەم باسەدا. بۆنموونە: "هوری" زاراوەیەکی ئایینییە کە لە هەزار ساڵی پ، ز بەکار براوە. پێناسەی ئەونەتەوانەیە کە لە سەر خاکی "زوزان" (سوبارتو) ژیاون و خوایەکان "هیمای خۆر" بووە کە بە دووباڵی خۆی لە ئاسماندا دەفرێ. ئەم نەتەوانە سەرەڕای ئەوەی باوەڕی ئاینی هاوبەشیان هەبووە و بۆنە ئایینییەکانیان بە زوانی هوری ئەنجامداوە، زوانی تایبەت بە خۆیان هەبووە. بۆ نموونە، هێندێك نامەی "سوبارتی" سێ هەزار ساڵ پ، ز هەن، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ زوانی (هوری) دا نییە. کەواتە ناوی سیاسی دەوڵێتێکی "میتانی" کە ئایینەکەی هوری بووە و دوو هەزار پ، ز سەرتاسەری ناوچەکە داگرتووە، هەرچەند مێژوونووسان رووبەڕووی ئاستەنگ دەکاتەوە، وەلێ لە رووی پێکهاتەی ئایینییەوە زاراوەی "هوری" و بنەمای سیاسی زاراوەی "میتانی"، لە دوو گوتاری لێك جیادا تاوتوێ دەکرێن.

ناوی دەوڵەتی "ئورارتو" لەگەڵ کوێربوونەوەی لە مێژووشدا شوێنەواری نەما. تەنها ناوە "عیبری"یەکەی وەك "ئارارات" مایەوە و بوو بە ناوی لوتکە شاخێك لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتولی. بەڵام لە بەرامبەردا وڵاتی "بیانیا" خزایە ناو گەلێك دەقی بزماری، کەچی زاراوەی "هالدی" یا سەرزەمینی "هالدیا" لە زۆر رووەوە لە بۆتەی زاراوەکانی "هوری" دا تاوتوێ دەکرێ.

ناوی خوداوەند "هالد" پێش پەیدابوونی دەوڵەتی "ئورارتو" هەبووە. زۆربەی پەرستگاکانی ئەم خوایە لە ناوچە کورد نشینەکانی ئەمڕۆدا بوونە، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە و باکووری میزۆپۆتامیا، پەرستوویانە. ئەم ناوە تا سەرهەڵدانی ئیسلام و هێرشی "خالد بن ولید"، لە کوردستان باو بووە. وێکچوونی "هالد" یا "خالد" لەگەڵ "خالید" بووە بە هۆی هێندێك هەڵەی مێژوویی لە زانستی کوردناسیدا. خوداوەند "هالد" رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە مەڕ دروسبوونی چینی دەسەڵاتداری شانشینی "ئورارتو"، لە کاتێکدا خوداوەندی "هور" لەم حکوومەتەدا بە "شوینی" ناسراوە، هێماکەشی هەمان خۆری باڵدار بووە.

بەڵام سێهەمین خواوەندی "ئورارتو"، "خواجۆر"ی (با) بووە بەناوی "تیشوب". رەگەزی هوری باکووری عێراق و سوریا و جەزیرەی گرتۆتەوە، بەڵام خودی هوری هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نەبووە، ئەوە زاراوەی "ماتینی" بووە، رۆڵی نائایینی لە قالبی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە.

هاوسەری "تیشوب" واتە "هیبا" جۆرێك لە خواوەندی دایك و لە هەمان کاتدا خوای وڵاتی هوریان بووە. بنەمای ئایینی و زوانناسی هوریان دەریدەخا کە ئەوانە گرووپێکی چیانشین بوونە و شانشینی خۆیان لە نێوان رووباری (دیجلە و فرات) دا دامەزراندووە. کاتی خۆی "هوری" یەکان لە وڵاتی سۆمەر گرووپی بچووك بچووکیان پێکهێناوە. د. جۆرج رو دەڵێ: لە چارەکی یەکەمی دوو هەزارساڵەی پ، ز لە "هلال الخصیب- عێراق و سوریا و لوبنان" هاتوچۆ و ژمارەی هۆرییەکان بەرەو زۆر بوون دەچوو. بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان کاریگەرانە بخەنە گەڕ، لە شاری "ئالالاخ" ی سوریا لە نێوان "حەڵەب" و " ئەنتاکییە" (١٨٠٠پ، ز) هێزێکی بە توانایان کۆ کردەوە. دەقە ئاینییەکانی ئەرشیفی "ماری" و "شارباژێڕ" نیشانی دەدەن لەو سەردەمەدا بە تەواوی دەستیان بەسەر باکووری (عێراق) دا گرتووە، شاری "گاسور" یان داگیر کردووە و ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ "نوزی"، زوان و نەریتی دانیشتوانی پیشوویان کە سامیی بوونە، وەرگرتووە و کلتوورێکی پێشکەوتویان



وەدیهێناوە. هەروەها دەوروبەری "تەپە گەورە" و "گردی بەللای" دەوری موسڵیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

لەبەر ئەوەی "میتانی"یەکان خواکانی هوریان دەپەرست، گرفتێکی زۆر سەریهەڵداوە. "ئانتوان مورتگات" دەڵێ: ئەم خاڵە هەرگیز روون نەبووە کە چۆن دەکرێ پاشاکانی هوری و پاشاکانی دەوڵەتی میتانی لێك جیا بکەینەوە. لە کاتێکدا لە رووی باوەڕی ئاینییەوە هۆری بوون و لە لایەنی یاسایی و سیاسییەوە بە میتانی لە قەڵەم دراون. کەواتە بۆ ئەوەی بتوانین لە سەدەکانی ناوەڕاستی هەزارساڵەی پ، ز بکۆڵینەوە و کاریگەریان لە سەر زوانناسی وەك بناغەی پێکهاتەی زوانی کوردی تاوتوێ بکەین، پێویستە میتانییەکان و پێناسەی سیاسییان و رۆڵی فەرهەنگیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێش دووەم کۆڕەو نەتەوەکانی هیند و ئەورووپی، شرۆڤە بکەین.

لێرەدا بۆ نموونە ئاماژە بە نووسراوی "مینواس" پاشای خالدی دەکەین کە لە ساڵەکانی ١٩٧٣-١٩٧٥ لەگەڵ دەیان کەونە نووسراوی تر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراونەتەوە و"هوری" بە گشتی و "خالدی"یەکان بە تایبەتی لە جیهانی هیند و ئەورپی جیا دەکەنەوە. نووسەر دەڵێ:

| | |
|---|---|
| خالدینی ئوشما شینی | خوای بەتوانای خالدی |
| مینواس ئیشپونی خی | مینواس کوڕی ئیشپونی |
| لوگال دان نوگال ئەلسولینی | پاشای بە توانا پاشای گەورە |
| لوگال کور بیاینا ئەوی | پاشای سەرزەمینی بیاینا |
| ئەلوسی ئورو توشپە یی ئورو | داد پەروەری شاری توشپەر |
| مینواس شیئینی | مینواپ ئەنجامیدا |
| تنیلی تیشپونی | ئەم کارە. |

# پەرەگرتنی میتانی، شۆڕشی ئەخناتون و گۆڕانی زواناسی کوردی

هەر لە کۆنەوە تائێستا مێژووی میتانییەکان باس و خواسی کەم لەسەر کراوە. ژمارەیەکی کەم لە توێژەران گوێیان داوەتێ و مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتیش هەمیشە ئەم پرسەیان پشت گوێ خستووە. لەکاتێکدا مێژووی میتانییەکان لە رووی جوگرافی و شوێنی نیشتەجێیان دوو هەزار ساڵ پ، ز لە رۆژهەڵاتی ناڤین بایەخێکی بەرچاوی هەبووە.

"کامپڵ" ئاماژە بەوە دەکات کە دەوڵەتی میتانی هێزێکی بە توانای رۆژهەڵاتی ناڤین و بەردەوام لە رکابەریی سیاسی و لە شکری هێزەکانی تری ناوچەکەدا بووە. لەبەر ئەوە هێزەکانی ئیمپراتوری "هیتی" بەرەو ئەناتولی پەرەی دەگرت، دەوڵەتی میتانی، خاکی کوردستان تا دەگاتە دەشتەکانی میزۆپۆتامیا و باکووری سوریای داگرتبوو. بابل "کاردونیا" بە رابەری "کاشی" یەکان خەریکی فراوانکردنی پاوانی خۆی بوو، ئاشوورییەکانیش سامیان رادەنا. تیکڕای ئەم هێزانە بەرەنگاری فیرعەونەکان دەبوونەوە کە تا فەلەستین وسوریا پێشرەویان کردبوو. ئەم بارودۆخە پەیوەندییەکی سیاسی ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکان خولقاندبوو کە بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی باکووری میزۆپۆتامیا و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی دێرین، زۆر بەکەڵکە.

ئەم بەشەی بەردەست هێزی دووەمی "میتانی" و " پێنجەمی میسر" شرۆڤە دەکات کە نموونەیەکی لەبارە بۆ تاوتوێ کردنی چەندی و چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی فەرهەنگی ئاسیا و ئەفەریقا و بەرەنگاری یەکتر بوونی باوەڕ و ئایینی هیندوئەوروپی و میسری کۆن. ئەو دەرئەنجامەی لە لێکۆڵینەوەکانی سەرەوە وەدەست دێن، فاکتەری بنەڕەتی راپەڕینی ئایینی "ئەخناتون"ە، کە رەگ و ریشەی شکڵگیری دەگەڕێتەوە بۆکوردستان. بەشۆکەی یەکەمی ئەم بەشە تایبەتە بە دەوڵەتی میتانی، ئایین و زوان و فەرهەنگیان. لە بەشۆکەی دووەمدا، لە مێژووی زنجیرەی هەژدەهەمی پاشاکانی میسر دەدوێین، کە ئەخناتون یەکێکە لە



فیرعەونەکانیان. بە درێژایی ئەم بەشەی بەردەست پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی نێوان میسر و میتانی دەخەینە بەر باس.

### ١- میتانی:

وشەی "میتانی" سەرەتا وەك زاراوەیەکی سیاسی و ناوی دەوڵەتێك لە دووهەزار ساڵەی پ، ز لە ناو خەڵکانێك برەوی پەیداکرد کە پێیان دەوترا "هوری" و لەرووی زوان و بنەچەوە هیندوئەوروپی (هیندی-ئاریایی) بوون. جەنگاوەر و شۆڕەسوارانی ئەم نەتەوەیە بە "ماریانو" بەناوبانگ بوون. ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لێکدراوێکی "ماتینی" بووە و مۆرفۆلۆجی هیند و ئەوروپی هەیە. ناوی خۆماڵی ئەم زاراوەیە وەك لە نووسراوەکانی کەرکوك (نوزی) دا هاتووە "هانی گالبات" یا "هالی گالبات"بووە.

ئەم چینە وەك هێزێکی سیاسی لە نێو هوریەکاندا کەڵکی لە رکابەری میسر و هیتی لە سەر سوریە، وەرگرت و خاکی خۆی لە کوردستانی ئەمڕۆوە بەرەو رۆژئاوا تا باکووری سوریا، فراوان کرد. بە پێی بۆچوونی "جۆرج رو" یەکەم پاشای میتانی "پاراتارنا- Pratarna" بووە (١٤٨٠پ، ز). "ئانتوان مورتگات"، "شوتتارنای یەکەم" بە سەرەتای زنجیرەی فەرمانڕەوایی میتانییەکان دەزانێ، کە ناوی لە سەر پەیکەری "ئیدریمی" پاشای "ئالالاخ" هاتووە و دەریدەخا کە هەمان "پاراتارنا"ی مەزنە. ئەم ناوە دیسان لە کەونە نووسراوەیەکی تر لە "نوزی" دا دۆزراوەتەوە کە دەکەوێتە دەوروبەری کەرکوك، لە سەر پەنجەیەك هەڵکەنراوە کە سوڵتان "شاوشاتتار" نامەکانی خۆی پێ نووسیوە.

پاشاکانی زنجیرەی فەرمانڕەوایی میتانییەکان لە مێژوودا بەم ریزبەندییەن:

"کیرتا" (سەرەتای سەدەی شانزەهەمی پ، ز)، "ئیار راتتارنا". "ساداتتار"، "ساوساداتتار"(لە ناوەندی سەدەی پانزەهەمی پ، ز)، "ئارتادامای یەکەم"(کۆتایی سەدەی پانزەهەمی پ، ز)، "شوتتارنای دووەم" (سەرەتای سەدەی پانزەهەمی پ، ز). "ئارتاشتومارا"، "توشراتتا" (١٣٦٠ پ، ز). "ماتی وازا"، "شاتتوارای یەکەم"، "واساشاتتا" (کۆتایی سەدەی چواردەهەم و سەرەتای سەدەی سێزدەهەمی پ، ز) و "شاتتوارای" (دووەم- ١٢٧٠پ، ز).

لەو پانزە پاشایە تەنیا "شاوشتتار-ساوساداتتار" کەونە نووسراوی (١٤٨٠ی پ، ز)ی بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووین کە لەوێدا خۆی بە گەورەی ئاشوورییەکان ناو ناوە. لە کاتێکدا

پاشاکانی ئاشوور لە "ئاشوور رابی" یەوە تا دەگاتە "ئاشوور نادینا" لە مێژوودا بە پاشا ناو براون و دواتر "توشراتتا-١٣٦٠ی پ، ز" ناوبانگی دەرکردووە و پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ سوڵتانەکانی میسر پەیدا کردووە. زانیارییە کۆکراوەکانی "تل العمارنە" دەریدەخەن لە سەردەمی "تحوتمس چوارەم" و "ئامنحوتب سێهەم " و "ئامنحوتب چوارەم (ئەخناتون)" ژن و ژنخوازی لە نێوان فیرعەونەکانی میسر و پاشاکانی (میتانی) دا هەبووە. هەروەها "شوتتارنای دووم" کە دوای "ساوساداتتار" هاتووە پەیکەری "عەشتار" خواجۆری نەینەوای بە هیوای چاکبوونەوە بە دیاری بۆ فیرعەونی میسر ناردووە. بە هەرحاڵ ئەم خزمایەتییە لە کۆتاییدا بووە بەهۆی ئەوەی "میتانی" یەکان وڵاتی "هیثی"یەکان داگیر بکەن، "توشراتتا" بوو بە قوربانی ئەم پیلانە سیاسییە و دوای کونترۆڵکردنی "واشوکا" ی پایتەخت کوژرا، وەلێ "ماتینی وازا" ی کوڕی بە یارمەتی پاشای "هیثی"یەکان "شوپیلولیوما" دەسەلاتی لە "شوتتارنا"ی هوری ستاندەوە. لە سەردەمی ئەم پاشایە دەسەڵاتی میتانی و هورییەکان کۆتایی هات، چونکە "هیثی"یەکان تەنیا بەیارمەتی "میتانی"یەکان دەیانتوانی دەسەڵات وەدەستبگرنەوە و پانتایی فەرمانرەوایی خۆیان بەرەو رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات پەرە پێبدەن. دواتر پاوانی دەسەڵاتی ئەوان زۆر بەرتەسك بۆوە. "ئاشووری"یەکان ئەم ناوچەیان بە "هانی گالبات" ناو دەبرد. سەرەتا "حەد نیراری یەکەم" ی ئاشووری (١٣٠٧-١٢٧٥پ، ز) بەشێك لە خاکی "هیثی"یەکانی داگیرکرد، دواتریش "شلمنصەری یەکەم"ی ئاشووری (١٢٧٥-١٢٤٥پ، ز) ئەو بەشەی تری خاکی "میتانی"یەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە دەکەوتە رۆژهەڵاتی رووباری فوڕات. دوای ئەم کار و کاردانەوانە بوو، ئاشوورییەکان پێدەشتەکانی نێوان رووباری "دیجلە" و "فوڕات" و بەشی خوارووی زنجیرە چیاکانی "تورۆس" یان ناونا "هانی گالبات" و پایتەختیان لە "واشوکا" دامەزراند ( ئەم شارە لە نزیك سەرچاوەی رووباری خاپوور بووە). ئەوکاتە دەوڵەتی "میتانی" لەوپەڕی دەسەڵاتی خویدا بوو. "جورج ڕو" دەڵێ: کاریگەری سیاسی هوری-میتانی لە "ئوگاریت (راس شمرا)- کەلەسەر سنووری سوریا و فەلەستینە" بە باشی دیاربووە. ئەم مێژوونووسە لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: نووسراوە مێژووییەکانی باکووری عێراق ئەم وتەیە وەراست دەگێڕن و دەڵێن: تێکڕای پاشاکانی "ئاشوور" لە ساڵەکانی (١٥٠٠-١٣٦٠پ، ز)، تا ئەو کاتەی "شاوساتار" خاکی ئاشوور داگیر دەکا و "دەرگا زێڕ"ەکەی بۆ "واشوکا" دەگویزێتەوە، لە ژێر باڵی پاشاکانی (میتانی) دا فەرمانڕەواییان کردووە. "ساوشاتار" لە راپۆرتێکدا ئاماژە بە سەرپێچی و هەڵگەڕانەوەی



پاشای ئاشوور، دەکا. ئەگەر بە پێی تیورییەکانی "دکتر مورتگات"، پەیمانی دۆستایەتی نێوان دواپین فەرمانڕەوای میتانی "ماتتی وازای" و "شوپیلولیوما" پاشای "هیثی" راست بێ، ئەوا گەلێك دەوڵەتی گچکەی ئۆتۆنۆم لە پاڵ دوەڵەتی "ئاشوور"دا هەبوونە.

ئاشوورییەکان لە نێوان ساڵەکانی (١٤٥٠-١٣٧٥پ، ز) تەنیا سێبەری پاشا بوون، چونکە "ئاشوور رابی یەکەم" و "ئاشوور نیراری سێهەم" و دوو کوڕەکەی بەناوی "ئاشوور بیلینیشیشو" و "ئاشوور ریمینیشیشو" سەر لە پێناوی میتانی بوونە. هەروەها "ئەریبا ئەدەد" دووەم کوڕی "ئاشوور بیلینیشیشو" لە سەرەتای فەرمانڕەواییان لە ژێر دەسەڵاتی "توشاتتا"دا بوون. ملکەچی پاشاکانی ئاشوور بەمردنی "توشراتتا" کە بوو بەهۆی کوێر بوونەوەی میتانییەکان، کۆتاییی هات. پێدەچێ "ئەریبا ئەدەد"، دەوڵەتی ئاشووری لەژێر دەسەڵاتی میتانییەکان رزگار کردبێ. ئەم پاشایەی ئاشووری هاوچەرخی "شوپیلیولیوما" و "ئەخناتون" ی فیرعەونی میسر بووە.

بەمردنی "شوتتارنای دووەم" و سەرهەڵدانی ناکۆکی لە سەر پاشایەتی "شوتتارنا دەرفەتی بەدەست هێنا و خۆی کردە پاشای میتانی . هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نییە پەیوەندی خێزانی نێوان "توشراتتا" و پاشایەکانی پیش خۆی نیشانبدا، لە بەر ئەوە ناتوانین رەوایی تاج وتەختەکەی بەراست لە قەڵەم بدەین، هەر چۆ نێك بێ ئەو پاشای یەکێك لە و پێنج دەسەڵاتە شکۆدارانەی ئاسیای رۆژئاوا بووە.

دوای گۆڕانە سیاسییەکانی ناوچەکە و هاتنی میسری و سورییەکان و بەرگری "هیثی" یەکان، نامە و پەیامی ئەوتۆ لە نێوان پاشایانی میتانی و فیرعەونەکانی میسر ئاڵوگۆڕ نەکرا. ئەو نامانەی تا ئێستا ژمارەیەکیان دوزراونەتەوە، زانیاری بەنرخیان لەمەڕ پاشای میتانی داوەتە دەست.

وەلێ ئەو پەیمانەی کە "ماتی وازای" کوڕی "توشراتتا" ناچار بوو لەگەڵ "شوپیلولیوما" ی "هیثی" بیبەستێ، لە راستیدا رەنگدانەوەی پەیوەندی نزیکی ساڵەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایی میسر و میتان بووە کە بە لە ناوچوونی دەسەڵاتی میسر و "هیثی" یەکان دوایی هاتووە. هەرچەند توانای "هیثی" یەکان بۆ گۆشەگیر کردنی ئەمیرنشینی "میتانی" و بێ دەسەڵات کردنی، کاریگەر بوو، وەلێ ئاشوورییەکانی ئەودیوی تینوی دەسەڵات، هەرەشەیەکی جیدی بوون بۆ ئیمپراتۆری "هیثی". "هیثی" یەکانیش بەئاگاداری لەو مەسەلەیە لەپاشایانی "کاشی" یەکان نزیك بوونەوە و میرنشینی "میتان"یان لە سنوورەکانی

خۆیاندا بەهێز کردەوە تا بەربەستێك لە نێوان خۆیان و ئاشوورییەکان دابنێن. پێدەچێ لە سەردەمی "توشراتتا" دا کە بە ژن و ژنخوازی لە گەڵ فیرعەونەکانی میسر پەیوەندی دیپلۆماسیان بە هێز کرد بوو، پاشای "هوری" یەکان فەرمانڕەوایی میتانییەکانی کردبێ کە لایەنگری "هیثی" یەکان و دوژمنی میسرییەکان بوونە. ناوی ئەو پاشایە لە پێشەکی پەیمان نامەی نێوان "ماتی وازا" و "شوپیلولیوما"ی، بە "ئارتاتاما" هاتووە.

مورتگارت دەڵێ: پەیدابوونی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان "ئارتاتاما"ی هوری و "شوپیلولیوما" ی بەلگەی سەرەکی ئاگری ئەو شەڕەیە کە "توشراتتا" دژی "هیپی"ییەکان هەڵیگیرساندبوو، وەڵی خۆیشی بەهۆی ئەو شەڕە جلەوی دەسەڵاتی لە دەست دەرچوو، چونکە "شوپیلولیوما" باکووری شامی داگیر کرد، ئەو شوێنەی کە فاکتەری ناکۆکی بوو، لە فوڕات پەرییەوە و "واشوکا" ی پایتەختی داگیرکرد ( ئەم شارە لە نزیك راس العین)ە.

مورتگارت لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێ: "شوتتارنا" کوڕی "ئارتاتاما" کەڵکی لەو هەلە وەرگرت و خاکی میتانییەکانی وێرانکرد. لێرەدا سەیر ئەوەیە، پاشایەتی میتانییەکان نە بە باوك نە بەکوڕ نەگەیشت، چونکە "ماتی وازای" کوڕی "توشراتتا" خۆی گەیاندە ئاسیای گچکە و بە زەماوەند لەگەڵ کچی "شوپیلولیوما"، لە جێی باوکی کچە، لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت. "ماتی وازای" وەك زاوای "شوپیلولیوما" بە پاشای "میتانی" هەڵبژێردرا و بە پێی پەیمانێك بوو بە خاوەنی دەسەڵاتی "هیثی" یەکانیش. بەم شێوەیە یەکییەتییەکی مەزن دروستبوو بۆ بەرەنگاری بەهێزترین و ترسناکترین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی نزیك کە بە کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی "توشراتتا" سەربەخۆ ببوو. میرنشینی میتانی بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆری "هیثی" و دواتریش خاکی میتانی لەلایەن ئاشوورییەکانەوە داگیرکرا. بە لەناوچوونی هێزی میتانییەکان هورییەکانیش دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لەدەستدا و هەموویان لە شوێنێکی جوگرافیایی کۆبوونەوە کە دەقە نووسراوەکانی ئاشووری، بە وڵاتی "نایری" ناوی دەبا. زۆربەی بۆچوونەکان لە سەر ئەوەن کە ئەم خەڵکانە بڵاو بوونەتەوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆهەمی پێش زایین بەرە بەرە یەکتریان گرتۆتەوە. ئەوانە خوایەکەیان "هالد" بووە و دوای سەربەخۆیی سیاسی، "ئۆرارتو" یان وەدی هێنا. لە دەقە ئاشوورییەکاندا زوانی ئەوانە بە ناوی "هالدی" تۆمارکراوە، کە لە راستیدا ئەم زوانە شێوەی پەرەگرتووی زوانی "هوری دێرین" بووە.



**٢- زوان لە وڵاتی "میتانی"**

بزاوتی "مورسلی یەکەم" پاشای "هیثی" لە ئاسیای گچکەوە بەرەو وڵاتی "بابل"ساڵی ١٥٩٥ ی پ، ز و دوابەدوای سەرهەڵدانی چەند گرفتێکی سیاسی و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی گۆڕانگارییەکی قووڵی لە میزۆپۆتامیا وەدیهێنا. ئەو گۆڕانکارییەی باکوور و رۆژهەڵاتی "میزۆپۆتامیا" گرتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین.

پێش ئەوەی "مورسلی یەکەم" بابل داگیر بکات، هورییەکان لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیە بڵاو ببوونەوە، هەزاران کەونە نووسراوی کۆنتر لە سەردەمی "حامورابی" نەمری بۆ ناوی هورییەکان بەجێهێشتووە. ئەو سەردەمە پەیوەستە بە "زنجیرەی ئوری سێهەم" واتە دوو هەزار ساڵ پێش زایین.

ئەو کەونە نووسراوە یاسایی و بازرگانییانەی لە "نوزی" کەرکوك دۆزراونەتەوە، بەڵگەی باوەرپێکراوی ئەم وتەیەن، هەروەها ئەو دەقە ئایینیانەی بە زوانی هوری نووسراون و لە شاری ماری دۆزراونەتەوە بۆ سەردەمی "زیمریلیم" پاشای "ماری" دەگەڕێنەوە کە دوژمنی سەرسەختی حامورابی بووە، لە هەمانکاتدا شایەتییەکی تری بڵاو بوونەوەی هورییەکانە. وڵاتی رەسەنی هورییەکان لە باکووری میزۆپۆتامیا ( کوردستانی ئەمڕۆ)، دوایی بوو بە نشینگەی نەتەوە هیند و ئەوروپییەکان هەر وەك پێشتر وتمان چوارچیوەیەکی جوگرافی بۆ یەکییەتی سیاسی ئەم نەتەوە نیشتەجێیانە وەدیهێنا. ئەم رووداوە لە ناو دانیشتوانی زاگرۆس بە تایبەتی بۆ "کاشی" یەکانیش پێشهات. تێکڕای ئەم رووداوانە بە هۆی بۆشایی سیاسی ئەوکاتە وەدیهاتبوو، کە دوای مردنی "سمسۆدیتانا" لە بابل روویدا، ئەویش لە کاتی هێرشی "هیثی" یەکان بە سەرکردایەتی "مورسلی یەکەم" بۆ سەر بابل و بەرەنگاربوونی هورییەکان لە ناوچەی "ئەلزیك" رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە لە باکووری میزۆپۆتامیا دەگەڕانەوە. بەرگری هۆرییەکان بەرامبەر هێزی مورسلی لە پیناوی پاراستنی مافی سیاسی میرنشینی میتانی، سەرەتای دروسبوونی پەیوەندییەکانی ناوچەکە بوو، کە بە درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی میتانی لە ساڵەکانی ١٥٠٠پ، ز، سنوورەکانی خۆیان لە باشوور لە پێدەشتەکانی کەرکوك (ئەرەبخای دێرین)، لە رۆژهەەڵاتەوە تا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و لە رۆژئاواوە تا دەریای میدیترانە، فراوانکرد و شاری "واشوکا" یان کرد بە پایتەخت.

بەبڕوای "ئابایف" مێژوونووسی روس، نەتەوە ئارییەکان دوای وەرێکەوتنیان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بە هەڵبژاردنی ڕێگای قەفقاز هاتنە رۆژهەڵاتی نزیك و گرووپێکیشیان رووی لە

هیندوستان کرد. دەقە "ئەکەد" ی و "هیتی" یەکان ئەم رووداوەیان دوو هەزار ساڵ پێش زایین تۆمار کردووە.

ئەو زوانەی دواتر بوو بە زوانی فەرمی شانشینی میتانی، ئەڵقەیەکە لەو زوانانەی کە دەگەڕێنەوە سەر زوانە دینییەکان کە کات و شوێنی لێك جیا بوونەوەیان دیار نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەگەری زۆر کاتەکەی دوو هەزار ساڵ پێش زایینە، واتە ئەو سەردەمەی ڕێنووس لە دایك نەببوو.

بە بڕوای زۆر لە زوانناسان ئەو زوانەی لە شانشینی میتانی برەوی هەبووە، هەرچەند رەگ و ریشەی هیند و ئەوروپایی خۆی پاراستووە ، وەلێ لە هەمان کاتدا زۆر زاراوەی خۆماڵی تێدا بووە کە سەرچاوەکەی زوانە ئایینییەکانی ئەو دەڤەرە بووە و ئەمڕۆ لای ئێمە بە زوانی هوری ناسراوە. زۆر لەو زاراوە خۆماڵییانە زۆرجار بەهەڵە بە زاراوی"سوبارتو" لە قەڵەم دراون.

لێرەدا دەتوانین بڵێین زوانی دانیشتوانی سەرەتایی کە ئەمڕۆ بە هوری دەناسرێ، ماوەیەکی زۆر زوانی فەرمی دانیشتوانی "سوبارتو" بووە. ئەو کۆنە نووسراوە بزماریانەی لەو سەردەمە بەجێماون، بە هەوڵی پرۆفیسۆر پنچیس Pinches لە ساڵی ١٨٩٧ لە کەرکوك "نوزی" خوێندرانەوە و ئەنجامەکانیان کە لە گۆڤاری سەڵتەنەتی "کۆمەڵگای ئاسیایی" بڵاوکرانەوە، لاگیری ئەم تیورییەن.

ئەو دەقانەی لە ژینگای هوری و میتانییەکان بە جێماون، دەریدەخەن کە زوانی هوری زوانی ئاخاوتن و نووسین بووە. لەم بارەوە "گاد Y.G.Gadd" دەڵێ: ئەو شتەی ئەو کەونە نووسراوانە لەوانی تر جیادەکاتەوە، ئەو ناوانەن کە تایبەت بوون بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە. ئەو نووسراوانە ناوەڕۆکی بازرگانی و یاساییان هەیە، هیچ شوێنەوارێکی دەسەڵاتی ئاشووریان بەسەرەوە نییە، تەنانەت ناوی خوای ئاشوورییەکانیشیان تێدا نییە. لە کەونە نووسراوی ژمارەی (١-٥١) کە تایبەتە بە بابەتێکی بازرگانی، ناوی بنەماڵەی هوری دانیشتووی "نوزی" هاتووە کە بە کاری بازرگانییەوە خەریکبوونە، وەك: گیبیل- شاروبوهیشینی شینای، نینکیا، ولو، موکری، -تیشوب ئەکواتیل، بوتیای ها شیب، تیللا، پیاتیشینی، تیشانای.

گاد لەو بارەیەوە دەڵێ: ئەم ناوانە " میتانی"ن بۆ یەکەم جار دوای دۆزینەوەی نامەکانی "تل العمارنە" زانران. ئەویش لەبەر ئەوەی زاراوەی "میتانی" تەنیا واژەیەکی سیاسی بوو نەك زاراوەیەکی رەگەزی یا زوانناسی. هەر بۆیە وشەی "سوبارتو" پتر بۆ ناوی دانیشتوانی ئەو شوێنە بەکار دێ کە زوان و رەچەڵەکیان یەك بووە. لە نامەکانی "تل العمارنە" دا بەو ئەنجامە



دەگەین کە سوبارتو" و دەڤەری باکووری میزۆپۆتامیا و سوباری "هوری"، هەمان دانیشتوانی دەوڵەتی میتانین.

لە راستیدا بەشی یەکەمی ئەم بابەتە پەیوەندی بە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی شانشینی "میتانی" و بەشی دووەم پەیوەندی بە سەردەمی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە هەیە. وەڵێ ئەمە بەو مانایە نییە کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا پتر لە زوانێك لە ئارادا نەبووە. دەسەڵات لە دەست کەسانێکدا بووە کە بە زوانی هیند و ئەورووپی دواون و خەڵکی ئاسایی دانیشتووی ئەو وڵاتە بە زوانی خۆماڵی خۆیان راز و نیازیان کردووە. لەم رووەوە ئەم ناوانەی پێشوو بە شێکن لە زاراوە خۆماڵییەکان.

لە کەونە نووسراوی "نوزی" دا گەلێك ناوی تری دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بەدی دەکرێن، وەك: ئەلونوزی، کاکزی، تاشینیپویTasenip(w)i، کونینادی، وازوراننی، پیروگالامبی Pir(ud)galambi، بوهیشینی، کورووخانی، زومرتوترابی و هاباتی. هەندێك لەو زاراوانە ئاوێتە بوونە وەك: ئاری- مادکا، ئارابخا-ئاری، نینوا-ئاری (نینوا ناوی ئەو خوایەیە کە شاری نەینەوا بۆ رێزلێنانی ئەو دروستکراوە).

ژمارەیەك کەونە بەڵگە، نیشاندەدەن ئەو هوریانەی باکووری میزۆپۆتامیا کە بە زوانی خۆماڵی خۆیان دەدوان، زورینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیان پێکدەهێنا کە دواتر بوو بە ئاشوور. شاری "نینوا" ش شارێکی سوبارییە و شایەکانی دامەزرێنەری ئەو شارە، "ئوشپیا Auspha" و "کیکیا" بوونە.

دوای هەڵکەندن و پشکنین لە "نوزی" لە لایەن پرۆفیسۆر چیرا Chiera لە ساڵی ١٩٢٥ز و دواتر گەڕانی شوێنەوارناسانی "زانکۆی هاروارد" لە ساڵی ١٩٢٧ز، ئاسەوارە دەسکەوتووەکان بە "سپایزەر" سپێردران، تا بەڵگەنامەکان لە رووی یاسایی- کۆمەڵایەتی، لێك جیا بکاتەوە، هەر هەمووشیان سپایزەر وەریگێڕان و هێندێکیشیان بە زوانی ئەکەدین. "میك" لە ناو ٢٢٢ دەقدا ٥٠٠ واژەی هاوبەشی لە ناو زوانی کەونە نووسراوەکانی "عیلام"، "کاپادونیا" و میزۆپۆتامیادا، دۆزییەوە. لە ناو ئەو کەسانەدا کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم شۆڕەسواری لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون بوون لە بارەی زوانی "هوری-میتانی" یەکان، دەتوانین ناوی "گاد"، "بۆرگ" و "سپایزەر ببەین. دوای ئەم سێ کەسە، لێکۆڵەرانی ئەڵمانیش بایەخێکی زۆریان بە بنەمای زوانی هیند و جیرمانی ... داوە".

وەلێ لێکۆڵینەوە لە زوانەکانی "پشتی قەفقاز" سەرەتا لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو پەرەی سەند و دواتر لێکۆڵەرانی گورجستان وەبەریان هێنا. زواننانسانی گورجستان لەو باوەڕەدان بنەچەکەی زوانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ خێزانە زوانی "کرتیوالی" کە پەیوەندی ئاشکرای هەیە بەتایبەتی لەگەڵ "ئۆرارتو" و بەگشتی لەگەڵ "هوری". هەر لەو بارەیەوە "جینسن Jensen، میسیرشمیت Messershmidt و بۆرك Bork خزمەتێکی زۆریان کردووە، هەرچەند بۆرك لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە نامە بەناوبانگەکەی خۆیدا، بەبێ هیچ جۆرە بەڵگەیەك، دەڵێ زوانی نووسینی "توشراتتا" بەشێکە لە زوانەکانی قەفقازی. بە هەرحاڵ لە ناوچەی "ئورکیش و نامار" چەند کەونە نووسراو وەدەستکەوتوون، هێندێك خاڵی تاریکی زوانی میتانی روونکردۆتووە کە دانیشتوانی دەڤەری "ئارابخا" پێی دواون. کەونە نوسراوی تریش کە لە ئەرشیفی " بوغاز کوی" پایتەختی "هیپی" یەکان دەسکەوتووە ئەو تارماییانەی سەر زوانی میتانی دەرەوێننەوە.

لەو کەونە نووسراوانەدا زوانی هوری بە "هور- لیلی" ناوی هاتووە، وەلێ ناوی دانیشتوانی بە هور- لیش، هور- لاش و هور- لوش تۆمارکراوە، جیاوازی ئەم وشانە بە ستراوەتەوە بە شێوەی ئەدا کردنیان. ئەو ناوە بە شێوەی "هیپی"Hu-u-ur-Lu-u نووسراوە، وەلێ لە نامەکانی "تل العمارنە، نامەکانی میتانی"، هەر ئەو وشەیە بە (کور) "هور- هی" یا "هورو- هی Hurwu-he" هاتووە. شاری "روها- ئورهورای دێرین" کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن "ئورفا" لە باشووری تورکیایە، پێدەچێ لەو سەردەمەدا هوری نشین بووبێ و هەر لەو ناوەڕا سەریهەڵدابێ. ناوچەی "حەڕان- هاریان" یش وەك ئورفا مەڵبەندی "هوری- میتانی"یەکان بووە.

لە لایەکی تر هەندێك پەیوەندی "فۆنۆلۆجی" لە نێوان زوانی "هوری ( لە زوانی کوتی و لولو وەرگیراون)" و زوانی "عیلامی" هەبووە کە لە رووی پێکهاتەوە واتە "مۆرفۆلۆجی" گەلێك لاوازترن. وەلێ وێکچوونی "ئیتمۆلۆجیکی" لە نێوان ئەو دوو زوانەدا، وەك سپایزەر ئاماژەی پێکردووە، زۆرن، پاشگرەکانی "س، ش" کە لە زاراوەی وەك "هورلش" یا "هورلاش" بەکارهاتوون لاگیری ئەم وتەیەن. وەلێ نابێ لە بیرمان بچێ کە هەر زوانە تایبەتمەندی خۆی هەبووە. لێك نزیکی ئەم دوو زوانە بە تێپەڕ بوونی رۆژگار، بە تایبەتی لە دوو هەزار ساڵی پێش زایین، بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدیهات، کەم بۆوە.



لەم برگە مێژووییە تایبەتەدا، دەسنووسەکانی "هوری" و نامە دوور و درێژەکانی "توشراتتا" پاشای میتانی، رۆڵێکی گرنگیان لە ناساندنی زوانی ئاخاوتن و فەرمی شانشینی "میتانی" دا گێڕاوە. زوانی هوری (کە زوانی خەڵکی ئاسایی و فەرمی شانشینی میتانی و هەموو دانیشتوانی باکووری میزۆپۆتامیا بووە، لە سێ هەزار تا یەك هەزار ساڵی پێش زایین)، وەك هەر زوانێکی تر چەند دیالێکتی هەبووە (رەنگە زوانی "کوتی" و تا رادەیەکیش "لولوبی"، "خالدی" و "کاردۆخی" دیالێکتی ئەم زوانە بووبن). ئەم دیالێکتانە لەبەر ئەوەی هێندێك خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەبووە، هەریەکەیان وەك زوانی سەر بەخۆ ناسراون.

زوانی "کاسی-عیلامی" یەکان لە پاڵ زوانی (هوری) دا دوو زوانی لێك جیای ناوچە شاخاوییەکانی باکووری میزۆپۆتامیا بوونە. زوانی هوری لە زوانە ناوچەییەکان بووە کە پانتاییەکی جوگرافیایی زۆری داگرتووە و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زوانە هیند و ئەوروپییەکاندا نەبووە. زوانی میتانیش یەکێکە لە زوانەکانی هیند و ئەوروپی بە خەسڵەتی فۆنۆلۆجیکی و گرامەری تایبەت بەخۆی. ئەم دوو زوانە شوێنەوارێکی بەرچاویان لە سەر زوانی کوردی ئەمڕۆ بە جێ هێشتووە. بۆ نموونە: هێندێك دەنگ لە زاری رۆژهەڵاتی زوانی هوری (کەونە نووسراوەکانی نوزی- کورکوك) لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانییان بەسەرداهاتووە، لەوانە پیتی" ر گۆڕاوە بۆ ل"، لە زاراوەی هوری، "ئاموری" بووە بە "ئامولی"، زاراوەی تری وەك: "شارامولی"، "کلت وامولی" و "ولویا-Wuluia" بەم شێوەیە گۆڕاون، بەتایبەتی زاراوەی دوایی بووە بە "وروپا".

گوڕانی دەنگەکان لە زوانی کوردی ئەمڕۆشدا بەدی دەکرێ. ئەم گۆڕانکاریانە بە تایبەتمەندی زۆربەی زوانی هیند و ئەوروپی دەژمێردرێ. جگە لەوە خاڵێکی سەرنجراکێشی تر ئەوەیە، پاشگری هوری "ئاری"یە کە لە زوانی کوردیدا وەسەر هێندێك وشە خراوە. کوردەواری= واتە هەرشتێك پەیوەندی بەژیانی کوردانەوە هەبێ، زاراوەیەکە کە زۆر بەکاردەبرێ، نینەواری = واتە هەرکەسێك پەیوەندی بە نەینەواوە هەبێت، ئارابخای = هەرکەس پەیوەندی بە ئارابخاوە هەبێ، زاراوەی تری وەك "ناوارا-ئاری"، "هانا-ئاری" و... هەر لەو بابەتەن.

بەڵام لەم نێوەندەدا وشەی ئەتۆ هەن پەی بردن بە رەگ و ریشەیان زۆر ئەستەمە:

"ویرا- ری"، "تورا- ری"، "گیلوماری"، "کاتی- ری" و... لەگەڵ چەند زاراوەی تری ئاوێتە وەك "تورا- ر- تیشوب"...

لێرەدا خاڵێك پێویستە باسبكرێ: پیتی "ر" لە کۆتایی ناوی هێندێك شار و ناوچەدا دەبینرێ بەتایبەتی دیالێکتی ڕۆژهەڵات. لەو سەردەمانەی دواییدا شێوەی ئەم ناوانە لە ناو دانیشتوانی ناوچە هوری نشینەکان و دەوروبەری ئەوان بەدیدەکرێ (هورەزینا- وار، ماهی — ری- مار و دواتر لە سەرزەمینی کاپادونیا).

لە زوانی هوریدا لە تەك پیتی "ر" پاشگری "ە" یش لە کۆتایی زاراوە جوگرافییەکاندا هەیە وەك: گورپازا- ە، هیلپیشو- ە و تاروازا- ە، دەبینرێن. لەوبارەوە هەرکاتێك وشەکە پێش پیتی "ە" بە پیتێکی بێدەنگ کۆتایی بێت، "ە" یەکە دەبێتە "هی"، وەك "نولاز- هی"، "هاورنیش- هی".

"ە" لە کاتی کۆکردنەوەدا، لەگەڵ "خ" دەبن بەیەك وەك وشەی " ئاوی هێنا "ئاروار هێنا" و "کوزە هێنا"، وشەکانی بەشی عەرەبی "ئارابخا ( کەرکوکی ئێستا)" لەم بابەتەن.

"ە" لە زوانی "هوری"دا لە جێی(صفت) بەکار هاتووە. پای- هو، سیهال- هی، و میکوە- هی، لەو نموونانەن. پاشگری "نا" ش بە پاشەڵی هێندێك وشەوە نووساوە، وەك: کورزا- ههی- نا. بەم پێیە ناوی شوێن و هیندێك خاڵی جوگرافیایی وڵاتی کەنعان، هوری، کاشی و کاردو بەم شێوەیان لێهاتووە: کنا- هی، هورو- هی، کوششو- های و کاردو- هی، یا کیناخی، خوروخی،کوشوخای وکاردوخی.

وەلێ ناوی کەسەکان  بە پاشگرێکی درێژ بۆوە کۆتاییان هاتووە، وەك "ئیزی-izz-I"، "ئەرزیزە" و "ئەکیززی". پێدەچێ ناوی شاری "نوزی" لە ناوی کەسێك بە ناوی "ننوزە" وەرگیرابێ. لە "عیلام"یدا پیتی "ە" بووە بە "ك" وەك: "ترهو" بووە بە "ترکو". لە لایەکی تر دەبینین هێندێك زاراوە بە "ش" کۆتاییان هاتووە، وەك: کاریش، هوتی پوراشی و کیراشی. دوور نییە "پاهاراشی" بەرامبەر وشە عیلامییەکەی "پاراهاشی" هەر لەو قالبەدا پۆلێن کرابێ. سپایزەر دەڵێ: پاشگری "ش" کورتکراوەی زاراوەی "برا" ی هوری (شینی Senne) یە کە لە تەك ناوی پاشاکانی "ئورکیش" و "نامار" دا هاتووە، وەك "ئەریسینی"، "پوهی- شینی"، "ئاکی- پ- تا- شینی". هەندێك وشەی ئاوێتە مانای کار بە زاراوە دەبەخشن. نیشانەی وەك "ئەب"، "ئەف"،"ef"-ib  حەز و ئارەزوو دەگەیەنن:

تیهی- پ- تیلا Tehi-P-tilla

هاشی- پ- تیشوب Hasi-P-Tesup

ئلهی- پ- شاری  Elhi-P-Sarri



هورییەکان لەپاڵ پاشگری "هی-he" بۆ ئاماژە بە شتی بێ گیان "تی-ti" یان بەکارهێناوە. لەسەر ئەم بنەمایە ناوی "ئار- تی" مانای بەخشین و خەڵات کردنە. ئەم پاشگرە لە ناوچەی "کوتی" و "لولوبی" لەو شوێنەی عیلامییەکان بەتایبەتی "کاسییەکان" زۆرینەن و لەناوی ئەو شار و ناوچانەی تا ئەمڕۆ لەزوانی کوردیدا ماون، بەدی دەکرێ. بۆنموونە، زاراوەی "لولوبی" بە "لولو- با-تی" دەرکەوتووە کە مانای نشینگەی بوونی لولوییەکانە. ئەو زاراوانەی دیکە کە بەو ڕێسایە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ئەمانەن: "کیلامبا- تی"، "سنگیبو- توتی" و "ئاراك- دی" واتە سەرزەمینی لولوبیان. ئەمڕۆش ئەم شێوە ڕێسایە لە ناوی عەشیرەتی خۆشناو و دزەییاندا، وەك "خۆشناو- ەتی"، "دزەیا- تی"، شێوەی کۆنی خۆی پاراستووە. لە بارەی زاراوەی "هانی گالبات" ئاماژە بەهەمان بابەت دەکرێ. ئەم شوێنە لە ناوەندی وڵاتی "میتانی"دا هەیە و ئاشوورییەکان بە هۆی نەخوێندنەوەی پیتی "ی" لە پاشکۆی زاراوەکەدا بە "هانی گالبات" خوێندوویانەتەوە. لەم ڕووەوە زوانی ئەم دەڤەرە لەبەر پاشگرەکانی بۆتە جێگای سەرنج، نەك پێشگرەکانی (Not a prefixal but a suffixal ). لە لایەکی تر پەیوەندی ئایینی ئەم ناوچانە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هێندێك وشەی ئاوێتە. بۆ نموونە: "ئاریخ- خارپا" وشەیەکی ئاوێتەیە پێکهاتووە لە کردارێکی هوری و ناوی خوایەکی کاسی. زاراوەی "تونی- ماشهو" ناوی پاشایە، بەشێکی هورییە و بەشێکی کاسییە. لێرەدا ئەو وشە هوریانەی بە واژەی خواوەند "تیشوب" کۆتاییان دێ، میتانین.

ئەم ناوانە تا سەرهەڵدانی هیند و ئەوروپییەکان لە میزۆپۆتامیا لە ئارادا بوونە. وێڕای ئەوەی هاتنی نەتەوەکانی هیند و ئەورپی ناکۆکی زوانی لەگەڵ زوانەکانی تردا وەك "هیثی" و زوانەکانی میزۆپۆتامیا  و سوریا، نەخولڤاند، گۆڕانێکی قووڵی زواناسی لە ئاسیای گچکەدا وەدی هێنا.

هەرچۆنێك بێ دەتوانین گەلێك ناو و زاراوەی هوری و میتانی لە تەنیشت یەکتر دایانبنێین و لێکیان جیا بکەینەوە و بەتەواوی کاریگەری لەسەر زوانە خۆماڵییەکانی هاوچەرخ وەك "ئەرمەنی"، "کوردی" و "قەفقازی"، دەخاتە ڕوو. لێرەدا کەمێك لەو وشانە تاوتوێ دەکەین:

| | |
|---|---|
| ئاوردەن | akap |
| کەدبانو | allai |
| خوداوەندان | enis .enna |
| پادشاە | jwri erwi |

| | |
|---|---|
| کوە، قوللە | papne |
| دل | tisne |
| چەسپیدە | urha |
| ئەمیری | halzuhlu |

ئەو ناوە جوگرافیانەی سەردەمی "هوری" یەکان تا ئەمڕۆش لەناوچە کوردنشینەکان ماون، رووباری "باخ" و "توپز" کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن تۆپزاوە، لەو جۆرە ناوانەن، بەشی یەکەمی وشەی دووەم وەك زاراوەی، "توپ-پیا"، "توپ-کی-شینی" و...هیترە. سپایزەر دەڵێ: زۆربەی بابەتەکانی زواناسی "هالدی" کە بەزوانێکی هوری نوێ دەناسرێن چوونەتە ناو زوانی "ئەرمەنی" و بەشی "ساتیم" کە لەگرووپی زوانە هیند و ئەوروپییەکانن.

لە روانگەی فیلۆلۆجییەوە "هالدی" دەگەڕێتەوە سەر زوانی هوری، یا وەك "ئونگناد" دەڵێ: زوانی هالدی بە خوشکی زوانی هوری دادەنرێ.

"تسیرتیهیلی" دەڵێ: دەستووری زوانی هالدی، "و-u" بە فونیمێك بۆ گوزارشت لە سێهەم کەسی تاك، بەکار دێنێ. لەم بارەیەوە سپایزەر دەڵێ: هەر هەمانشت لەمەڕ زوانی هوریشدا راستە، وەك:

تەن- ول- وtan-ol-u مانای دەیدەم بە تۆ

تەن- ول- هەtan-ol-a

لە عیلامیشدا ئەم نیشانانە زۆر لێکنزیکن:

١- کوماربی (باوکی خودایان)

٢- هیپا(خیپا) خیپیت (هاوسەری تیشوپ)

٣- کوروی

٤- کوشوخ

٥- شاوشکا (خوای عەشق و جەنگ کە خواجۆری عەشتار وهوریان )ە.

٦- شیری(ش)

٧- شوالا

٨- تیشوب (خوای ئاو و هەوا)

٩- تیللا

١٠- تیروی



**٢- میتانی، زوانی فەرمانڕەوایان:**

| | |
|---|---|
| خاك | Vartana(War tana) |
| یەك | Aika |
| سێ | Terra |
| پێنج | Panca |
| حەوت | Satta |
| سەرکەوتن، بەدەستهێنان | Uazza |
| پاك | Arta |
| راستی | Satya |
| دەڵێ | Vadin |
| کەسێك کەسەرکەوتوانە دەگەڕێتەوە | Biria- Zzana |
| نیو حەوت | Satta- Uazza |

بۆ ئەو ناوە میتانیانەی ریشەی هیند و ئەوروپایان هەیە، دەتوانین ئاماژە بەم زاراوانەی خوارەوە بکەین: " ئارتا- منا، ئاتتا- شاما، ئاوا- شورا، ئاو- دورتا، کالما- شورە، تاما- زانی بیدە، ئارتا، بیدە- شورە، بیریا، بیریا- ئاتی، بیریا- شورە، بیریا ززانە، پوروسە، شیمە- شورە، شاتا- ئاواز، شو-مالا، شو-مالیا، شو- ماترا، توشی- مانا، ئاواززی، ئامبی- زینا، ئاشو- زانا، ئوتا- زیننا، وەر- شاما". ئەو زاراوانەی لە سەدا سەد هیند و ئەوروپایین بریتین لە:

پارسا- شاتار، ساو- شاتتکی، ساو- شاتتار، کە لە نامەکەی سارشتاردا بۆ کریکارێك بە ناوی "شیلوا- تیشوب"، نووسراوە.

لە بەڵگەنامەکانی "بوغاز کوی" دا ناوی خواوەند "ششوا" هاتووە کە لە کەونە نووسراوەکانی نوزی بە "سورا" و لە "وادی هیندی" بە "ئاسورا" و لە ئاڤیستادا بە "ئاهورا" نووسراوە.

**٣- دین لە وڵاتی میتانی:**

لەبەر ئەوەی سەرزەمینی میتان سەرە ڕێی کۆچی بیر و باوەڕ، ئایینی و رەگەزی جۆراوجۆر بووە، تێکەڵەیەك لە خاندان، پاشایان، بیر و باوەڕ و ئایینی جۆراوجۆر وەخۆ گرتووە. گەورە

سولتانەکان لەبەر ڕێزی زۆریان بۆ خوایەکانی ناوچەکە بۆ زیارەت هاتوونەتە ئەم وڵاتە. شاری ئەربیل ماڵی خواوەند عەشتار ، موساسیر رووگەی هاڵدیان، "توشبە ( وانی ئەمڕۆ)" شاری (تیشوب) خوای با و باران بووە. وەلێ گەورەترین خوای خواکانیان، خواجۆری "هور (خور یا هووارا)" بووە کە میتانییەکان بە " سور" ناویان دەبرد. ناوی ئەم خوایە لە بەڵگەنامەکانی "هیتی" بە "شورا" هاتووە، هەروەك لەمەوپێش وتمان لە کەونە نووسراوەکانی هیندی دێرین "ودا" بە "سورا" و لە دەقە "کاسی"یەکاندا بە "سور- یاش" گۆکراوە. میتانییەکان خوداوەند "سور" یان بە خڕۆکی خۆر وێنا کردووە کە دووباڵی هەبووە. دواتر ناوبانگی ئەم خوایە گەیشتە دەرەوەی سنووری میتانییەکان. هەژدەهەمین پشت لە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی میسر، بە هۆی ژن وژنخوازی لەگەڵ میتانییەکان، ملیان بۆ پەرستنی ئەم خوایە کەچ کرد. ئاشوورییەکانیش بە ئیلهام وەرگرتن لە خوای میتانی، خواجۆری خۆیان لە خڕۆکێکدا و تیر و کەمان بەدەست، وێنا کرد. سەیر نییە ئەگەر بڵێم هەر ئەو هێمایە، لە دەوڵەتی "ئەخمینی"یەکان، بوو بە ئاڵای خواوەند ئاهورامەزدا ، کە هەمان "شمس" کوڕی خواوەند "خۆر" بوو لە میسر. پاشاکانی "هیتی" ناوی خۆیان بە خۆری باڵدار دەڕازاندەوە و لە قەبی خۆریان بۆ خۆیان دادەنا.

خواکانی سەرزەمینی "سوبارتو" ی رۆژگاری پێش زایین، لە قۆناخەکانی دواییدا دەپەرستران. ئەو خوایانە توانای بەخشینی ژیان و مردنیان هەبوو، دواتر بوونە ئەستوونی راگرتنی دەوڵەتەکان.

دیاردە سروشتییەکان وەك باو باران و ئاگر و... خوای تایبەت بە خۆیان هەبوو. دۆستی و دوژمنی ، پاکی و ناپاکی، قین و بەزەیی و...خواکان، بە هۆی ئەم دیاردە سروشتیانەوە دەردەکەوتن. ئەم تێڕوانینە لە جیهان، بەرە بەرە پەڕییەوە ئەودیوی سنوورەکانی سەرزەمینی میتانی. گومانی تێدا نییە، ئایینی هوری پشتا وپشت چەند رەگەز و بەرەبابی گیرۆدەی خۆی کرد. ئەم ئایینە لە بەر خوای ئاو و هەوا و "تیشوب" و "هاوسەرەکەی "هیپا"، نەك هەر کاریکردە سەر "سوبارتو"، بەڵکو کاری کردە سەر "هیتی"یەکانیش، بەتایبەتی لە دوایین قۆناخەکانی ژیانی ئەم میرنشینە. هەرچەند خواوەند "عەشتار" ناوی "شاوشکار"ی هوری وەخۆ گرت، وەلێ کاریگەری باوکی خودایان، "کوماربی" گەلێك قووڵتر بوو.

هورییەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبوو. بەلگەی ئەم گوتەیەش درەختێکە کە کەوتۆتە نێوان دوو گیانداری ماڵی. ئەم درەختە، درەختی ژیانە و پەیوەندە لەگەڵ خۆری



باڵدار. لێرەدا لە تەك ئەم درەختەدا پێویستە ئاماژە بە تەقەڵای گا و شێر و هێندێك گیانداری ئەفسانەیی بکەین.

لەمەڕ خاڵگەلی هاوبەش لە نێوان دینە جوراوجۆرەکاندا "کایزر سادر" دەڵێ: فەرهەنگی میتانی لە ناودڵی شارستانیەتی سۆمەر هەڵقوڵاوە... لە پەرستگای میتانییەکاندا گەلێك خوا کۆببونەوە کە بە هۆی هەر لەشکر کێشی و داگیرکارییەك ژمارەیان پتر دەبوو. میتانییەکان بە رێز گرتن لە تێکڕای ئەو خوایانە، بە چاوی خۆشەویستییەوە سەیریان دەکردن. ناوی ئەو خوایانە لە کۆتایی پەیماننامەی دوولایەنەی نێوان "هیتی" و میتانییەکاندا هاتووە کە خواکانی وڵاتی دراوسێ ، زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، رووباری دیجلە و فوڕات، ئاسمان و زەوی و با، دەگرێتەوە.

بە دەسپێکردنی هەزارەی دووەمی پێش زایین، ئەم وڵاتە هاتنی ئادەمیزادی نوێ و رەگەزی جۆراوجۆری بەخۆیەوە دی، کە بیروبۆچوونی تریان هەبوو لەمەڕ ژیان، زوان و فەرهەنگیان لە زوان و فەرهەنگی ئەو ناوچەیە جیاواز بوو. ئەوانە خاوەنی رێنووسی سانسکریتی- هیندی بوون. ئەم کۆچبەرە نوێیانە لە سەدەی شانزەهەمی پێش زایین، دەسەڵاتی سیاسیان لە رۆهەڵاتی نزیك بەدەستەوەگرت. لەم رووەوە ناوی خواکانی هیند و ئەوروپایی وەك "ڤارونا، ئیندرا، میترا، و نستییە" بە لیستی خواکانی پێشینەوە زیاد بوون. ئەو خوایانە ناویان لە پەیمانەکانی نێوان هیتی و (میتانی) دا هاتووە. وەلێ لە بنچینەی ئایینی ئارییەکاندا (زەردوشتی) ئەو ناوانە وەك خۆیان نەماون، "بەڵکو "نستیە" بە "ناهید" هاتووە. ناوی "ئیندرا" لە ئاڤێستادا (وندیداد٩،١٠،١٩،٤٣) لە شێوەی عیفریت و جنۆکە و شەیتان هاتووە. بەڵام ناوی "ڤارونا" لە دنیای (ئێرانی) دا بەر چاو ناکەوێ. "کارنوی" بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەم بابەتەی هەیە و دەڵێ: "ڤارینا"ی ئێرانی هەمان "ڤارونا" یە وەلێ لە سەر شێوەی شەیتان و دێو، لە کاتێکدا لای یۆنانییەکان ( ئورونوس Ouronos) بووە.

دەڵێن "ناستییە" هەمان "ناوی- هیثیا" یە و زاراوەی "نا- ستییە" بەمانای" ناروانییە-not nature"یە کە هەمان خواوەند "ناسیان-nasjan" ی گووتییەکانە.

بەڵام "ڤارونا" خوای یاسا، "ئیندرا" خواجۆری یاران و "میترا" خوای هەتاوی پرشنگدار بووە. بە گشتی "ڤارونا" چاودێری جێبەجێکردنی یاساو پاراستنی بووە. مەبەست لە یاسا سروشت و جیهانی قوربانیدانیشە. ئەم هێمایانە ناویان "ریتا" یە و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە هەرە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی دێرین.

"ریتا" به تێپەڕینی وەخت گۆڕانی بەسەردا هات تا بوو بە "ئارتا-Arta". ئەم زاراوەیە مانای "پاك" و "بێگەرد" ە كە وەك یاوەری ناو و كەسەكان بە كار هاتووە. "كوك" دەڵێ: ئەم خوایە، خوای رەفتار و بەرپرسی یاسا بوو، وەلێ بەرە بەرە توانای خۆی لە دەستدا و تەنیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر با و بەرزی و هەستانی دەریادا (جزر) دا، هێشتەوە. "ئیندرا" لە شێوەی دێوێكی سەركێش، بە كوڵكی زەردو سوور و سپییەوە، بوو بە خوای گەورەیی و دەسەڵات، بە سواری ئەرابەیەك، ناپاكی لەناو دەبا و ئەژدیهای رەقیب سەردەبڕی. "ئیندرا" زۆر حەزی لە ژن و خواردن بوو، ئەوەندە مەزن و شكۆدار بوو گوایە هیچ گیاندارێكی ئاسمان و زەوی تۆزییان نەدەشكاند. بەم پێیە : "ڤارونا" خواوەندی یاسا و قوربانی دەستی لەكاری خۆی كێشایەوە و بۆ خوای سێكس (ئارەزوو)، دەستی لە شكۆمەندی خۆی هەڵگرت ، هەر وەك "ئەخناتون" خوای خرۆكی خۆر كە مەزنی خۆی بۆ خواكانی دواتر بە میرات بە جێهێشت. "ڤارونا" دوای ئەوەی دەسەڵاتی خۆی دا بە ئیندرا ئاوای گوت: خواحافیز ئەی خواوەندی زانا، خواحافیزی لە باوكم ... باوكم بە تەنیا بە جێدێڵم چونكە "ئیندرا" م هەڵبژاردووە.

"دكتۆر ستانلی كوك"، دوای ئاماژە بەم بابەتەی سەرەوە دەڵێ: نازانین ڤارونا چۆن بۆ خوایەتی هەڵبژێردرا. كەس نازانێ لە كوێ را هاتووە. رەنگە رەچەڵەكی ئاریایی نەبێ، وەلێ وێدەچێ رابوونێكی پڕاكتیكی لە پشت پرسی ئەم خواوەندەوە بووبێ. ڤارونا خواوەندی سەردەمانی پێشوو بووە، ئەو كاتەی پەیوەندی نێوان میسر و "هیتی" پتەو بووە، ڤارونا و ئیندرا لە خوایە ناسراوەكانی باكووری میزۆپۆتامیا و ئاسیای گچكە بوونە، هەر لەبەر ئەوەیە ناویان لە پەیماننامەی نیوان "میتانی" و "هیتی" یەكاندا هاتووە. بە هەرحاڵ بنەچەی ڤارونا بە باشی نەزانراوە. وەلێ ئاشكرایە لەبەر ئەوەی "خوای رەفتار" بووە، پلە و پایەیەكی بەرزی هەبووە.

" ڤارونا" ویژدانی خەڵكی دەهەژاند و لە مامەڵەی نێوان دوو كەسدا، هەمیشە كەسی سێهەم بووە، لە هەموو شتێك ئاگادار بوو، كەس نەیدەتوانی هاوشانی بێ، لە سەر تاوان سەرزەنشتی خەڵكی دەكرد، خەڵك داوایان دەكرد لە گەڵیان نەرم و بە سۆز بێت.

"میترا" هەمیشە هاودەم و لە تەك "ڤارونا" دابوو، رەنگە بكرێ بە ئاسمان و خۆر لە قەڵەم بدرێن. لە لایەكی تر ئیندرا لای هیتی و میتانییەكان خوای جەنگ و پلەی لە تێكڕای خوایەكان باڵاتر بوو. كتێبە كۆنەكەی "ودا" هەواڵی سەركەوتنی وی تێدایە بە سەر(جنۆكە و ئادەمیزاد) دا، بە سەر خۆردا زاڵبووە و دێوی كوشتووە. چەكی ئیندرا هەورەتریشقەی ئاسمان



بووە. بۆ شاكارەكانی خۆی "ئەكسیری سۆما"ی دەخواردەوە. "ماروتس" یەكێك بووە لە هاورێكانی كە لای كاسییەكان بە "ماروتاش" بەناوبانگە. "ماتروتس" لای هیندییەكان، سامبڵی ئەو لاوانەیە كە رابەری هەورن و باران وەدیدێنن.

لە ئایینی هیند و "ئیندرا" لە باران بارینا رۆلی كەم بووە، وەلێ ئەفسانەی زۆریان لەمەڕ "كەرامات" ەكانی تریدا تۆماركراوە. لەپاڵ ئەم خوایەدا، ناوی "میترا" خواوەندی مەزن لە پەیماننامەكانی نێوان هیتی و میتانییەكاندا بەرچاو دەكەوێ، كە هەردووكیان سوێندیان پێخواردووە.

ناوی "میترا" لە دۆڵی هیندی بە "میثرا" هاتووە كە بەمانای برایەتی و پەیمانە، چونكە خۆی سیمای بەڵێن و وەفا بووە، راستی و دۆستی لە نێوان دەوڵەتەكاندا خوڵقاندووە. لە هەمانكاتدا خواجۆری خۆر بووە، رووناكی بە خۆر هەڵاتن بەخشیوە و چاودێری هەموو كاروبارێك بووە. یۆنانی و رۆمییەكان، روویان كردە پەرستنی ئەم خوایە و تا پلەی خوای جەنگ و داد پەروەری بەرزیان كردەوە. قوربانی "میترا" تەنیا گایەك بووە. ئەوەی سەرنجراكێشە ئەوەیە: پاشاكانی هەخامەنشی گوێیان نەداوەتە پەرستنی ئەم خوایە، هەرچەند هێماكانی بەشێك بوون لە ئایینی زەردەشتی. وەلێ تەنیا بۆ بەرژەوەندی سیاسی بووە.

لە چاخی "هلنی" دا پەرستنی ئەم خوایە، رۆژئاوای ئێران، باكووری میزۆپۆتامیا و ئاسیای گچكەی گرتەوە، بەتایبەتی چینی ئەریستۆكرات و پاشاكانی "پارت"، "ئەرمەن"، "پونتوس"، "كوماگینی"، "كیلیكیا". هەرلەبەر ئەوە زۆر كەس بەناوی ئەم خوایەوە ناودێر كران. "میثراداتی یەكەمی پارتی"، "میثراداتی دووەمی پارتی" ، " میثراداتی سێەمی پارتی"، "میثراداتی شەشەمی پارتی" پۆنتوسی پاشا و میثراداتی ئەرمەنی و...نموونەی لەم بابەتەن.

لە ساڵی ١٣٦ی زاینی لە ئیمپراتۆری رۆمدا سەدان پەیكەری خواوەند "میثرا" داتاشرا و "میثراییزم"، لە سەردەمی " كومودوس (١٨٠-١٩٢ز)"، "سپتمیوس سیڤیروس (١٩٣-٢١١ز) و... و "كاركالا (١٢٧-٢١١ز) بوو بە ئایینی مەزنی رۆمی دێرین. وەلێ لە بارەی سەردەمی ساسانییەكانەوە، "ئارتور كریستنسن" دەڵێ: ئەو خۆرەی ئاگرپەرستەكانی سەردەمی ساسانی دەیانپەرست، خۆر نەبوو، بەڵكو "میهر"، "میترا" ی یەشتی كۆن بوو، "میترا" ش بە خوای پەیمان و رووناكی بەیانیان دەژمێردرا و "بابل"یەكان بەناوی "شمش"

دەیناسی، خوای "رووناکی- رۆژ" بوو کە میتراییەکان کردبوویانە سەمبولی خۆیان و(خۆری لەشکان نەهاتوو).

شێوەکانی تری "میترا" کە لە زوانی کوردیدا بە "میهر" رەواجی هەیە، بە زۆر ناوی کوردییەوە لکاوە، "میرزا-میهرزاد"، "میهرەبان" و زاراوەی وەك "میهر- گان"ی خوڵقاندووە.

" میترا" دژی بت پەرستان خەباتیکرد، کەچی لەسەرەتای مەسیحییەت لە دژی ئەو راپەڕین. پلوتارك لە بارەی ئەو ئایینەدا دەڵێ: پەرستنی ئەو خوایە سەرەتا بەهۆی چەتەکانی "کیلیکیا" کە لە ساڵی ٦٧ی پ، ز بەدیل گیرابوون، گەیشتە وڵاتی رۆم، وەلێ لە سەدەی یەکەمی زایینی لە ئەوروپا بە ترۆپکی خۆی گەیشت. لە و قۆناخەدا لە ئیتالیا، باکووری "دانوب"، "راین"، ئینگلستان" و "ئیسپانیا" پەرستگای ئایینی "میتراییزم" دامەزرا. میتراییزم کە بە فەرمانی "کومودوس" رێی کەوتبووە ئەوروپا، زۆری پێنەچوو بە فەرمانی "ئورلیان (٢٧٤ز)" لە رەونەق کەوت. بەڵام "سول ئیفیکتوس" بۆ ئەو ئایینە گەراندەوە. "دیوکلیدیانوس" لە ساڵی ٣٠٧ی زاینی میترایزمی کردە ئاینی فەرمی سەرتاسەری ئیمپراتۆری رۆم. بە برەو پەیداکردنی دینی مەسیح، ژمارەیەك لە ئیمانداران پێیان وابوو بەرژەوەندی ئیمپراتۆری لەوەدایە دینی مەسیح لە جیاتی میتراییزم بە فەرمی بناسرێ، وەلێ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی "یولیان (٣٦٠-٣٦٣ز)"ە جارێکی تر بتپەرستی برەوی پەیداکرد و پێش لە ناوچوونی، لە نێو چینی ئەرستۆکرات (ئەشراف) بوو بە باو. کەشیش "ئینج" دەڵێ: میتراییی ئایینی سوپاییەکان بوو، چونکی بنچینەکەی لەسەر پیاوەتی، یاسا و سەبرگرتن، وەستا بوو...، ئەو ئایینە لە سەدەی سێهەمی زاینی لە ماوەیەکی کەمدا، کاری کردبووە سەر تێکڕای بیر و باوەڕە دینییەکان. هۆی سەرەکی پەرەپێدانی فەرەمانڕوا و ئیمپراتۆران بە ئایینی میتراییزم، هاوئاهەنگی لە گەڵ تاکرەوی و برەودان بە تاك خودایی بوو.

لە کەونە نووسراوەکانی "میترا"دا، ئەو خوایە شاخی گایەکی گرتووە و بە نیازە بیکوژێ. بە پێی ئەفسانەکانی رۆژ هەڵات، لە خوێنی ئەو گایە، گەنم و گیانەورانی تر خوڵقاون. ئەم باوەڕە ئەوەندە پەرەی گرت کە وێنەی سەر بڕینی گایەك لە لایەن "میترا"، بوو بە هێمایەکی پیرۆز بۆ رازاندنەوەی پەرستگایەکانی میترائی. لەو وێنەیەدا، پەیکەری چەند گیانداری ئەفسانەیی زەبەلاح، کە دوو گیانداری تر، مەشخەڵ بە دەست، لەم لاو لەو لایان وەستا بوون ، دەبینران. میترا خوایەکی گەلێك میهرەبان بوو، بانگەشەی ئازایەتی و راستگۆیی بۆ مرۆڤ



دەکرد. بۆ پاك بوونەوە لە تاوان، هێمای تایبەت وەدی هاتبوون. میتراییەکان سەمبولی ئایینی خۆیان لە ژێر زەمینی تاریکی پەرستگاکان دادەنا، کاتی نوێژکردن حەوت جار ناوەکانیان دووبارە دەکردەوە کەناوی حەوت ئەستێرە بوو و کارێکی سەیری دەکردە سەر دڵ و دەروونیان.

میتراییزم و مەسیحییەت هەرچەند یەك رەگ و ریشەیان نەبوو، وەلێ زۆر لێك نزیك بوون. هەردووکیان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبوو، ئەوەندە نەبێ میتراییزم باوەڕی بە مردن و گەرانەوە هەبوو لە سیمای جیاجیادا بۆ ئەم جیهانە تا لە دوایین قۆناخدا ئاگرێك لە ئاسمانەوە زەوی دادەگرێ و مرۆڤ بەرەو بەختەوەری هەمیشەیی دەبات. ئەم رۆژەش رۆژی ٢٥ی کانوونی یەکەمە و رۆژی لەدایکبوونی خۆری لەشکان نەهاتوویە، بە رێکەت رۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحیشە.

جەنگ لە دژی "هکسۆس"ەکان ( کە نەتەوەکانی ئاسیایی و هوریش دەگرێتەوە) کە سەدە و نیوێك پێش فەرمانڕەوایی زنجیرەی هەژدەهەمی میسرییەکان، لەو وڵاتەدا فەرمانڕەوابوون، رەنگە لەسەردەمی "سەقنن رەع"دا بووبێ کە ئەوکاتە فەرمانداری ئەمارەتی "طیبة" بووە و هەر لە شەڕی ئەوێشدا کوژراوە. "کامس" کوڕی "شوێنی"، دژی "هکسوس"ەکان درێژە بە جەنگ دەدات، وەلێ دەسبەسرداگرتنی پایتەختەکەیان لە لایەن دەستە بە تواناکانی برایەکەوە "ئەحموس"، تا داگیرکردنی فەلەستین درێژەی کێشا. "ئوحموس" بە دامەزرێنەری هەژدەهەمین شانشینی میسر دادەنرێ کە بە هەوڵی فراوان، میسری گەیاندە ئەوپەڕی دەسەڵات و شکۆمەندی. "ئامنحوتب" درێژەی بە رێبازی باوکیدا تا ئەو جێگایەی لە سەردەمی ئەودا سوپای میسر دەستی بەسەر رووباری فوراتدا گرت. دوای ئەویش "تحەتمسی یەکەم" لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت و یەکسەر بێوەژنی فیرعەونی پێشووی کردە هاوسەری خۆی، دوای ماوەیەك وازی لە فەرمانڕەوایی هێنا و تاج و تەختی بە هاوسەرە کەی، "تحوتمسی دووەم" بەخشی. زۆری پێنەچوو دوای زەماوەند لەگەڵ "حچپوسوت" کۆچی دوایی کرد. دوای مردنی "تحوتمسی دووەم" هاوسەرەکەی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بوو بە سەمبولی کەسایەتییەکی بەهێزی مێژووی میسری دێرین. دوای مردنی ئەو خاتوونە بە توانایە، "تحوتمسی" سێهەم کە کوڕی یەکێك لە ژنەکانی "تحوتمسی دووم" بوو، لە ساڵی (١٤٨٠پ، ز) لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. ناوی ئەم فیرعەونە لە مێژووی میسردا لەگەڵ بەجێ گەیاندنی پرۆژەگەلێکی مەزندا گرێدراوە. لەسەردەمی ئەودا ئیمپراتۆری میسر لە فوراتەوە تا باشووری سودانی داگرت. چەند هێرشی کردە سەر وڵاتانی ئاسیایی و لەگەڵ هێزی "هیتی"

یەکان کەوتە شەڕ، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بە سەریاندا سەرکەوێ ، دەستی دۆستایەتی بۆ شانشینی "میتانی"، "کاردونیاش (کاسی)" و "ئاشوور" درێژ کرد بەڵکو بتوانێ بەهۆی پەیوەندی دیپلۆماتیك لەگەڵ دژبەرەکانیان، "هیتی"یەکان ناچار بکات هاوکاری بکەن.

لە کۆتاییدا میسر لەگەڵ میتانی ڕێککەوت، چونکە ئەو شانشینە لە ڕۆژهەلات و باشوور لە هەموان بەهێزتر بوو. بە بۆچوونی "مکلستر" دەوڵەتی میتانی دەیویست "نهارین (ناوچەی نێوان دیجلە و فورات)" وەك قەلایەکی پتەو لە بەرامبەر میسرییەکاندا بپارێزێ. لە ساڵی (١٤٧٩پ، ز) "تحوتمسی سێهەم" ڕوویکردە ئاسیاو چووە ناو شاری "قرقمیش". لە شەڕی میتانییەکان سەربازانی فیرعەون سەرکەوتن. هەشتەمین هێرش سەرەتا لە "فینیقییە" وە دەستی پێکرد و دوایی (نەهارین) یشی گرتەوە. تێکڕای شارەکانی سەر ئەو ڕێگایە تا دەگاتە ڕووباری فورات کەوتە ژێر دەسەلاتی سوپای میسر. هەر لەوێ بۆ نیشانەکردنی سنووری وڵاتی خۆی، لە سەر تاشەبەردێك ناوی خۆی هەڵکەند.

"تحوتمسی یەکەم" پێش ئەوەی بگاتە سی و سێهەمین ساڵی فەرمانڕەوایی خۆی، کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو "ئامنحوتب" ی کوڕی لە سەر تەختی دەسەلات دانیشت (١٤٤٧-١٤٢٠پ، ز). هێشتا ماوەیەك بەسەر فەرمانڕەوایی ئەودا تێنەپەڕی بوو کە بە خۆی و سوپاکەیەوە ڕووی کردە ئاسیا و زوڵم و ستەمێکی زۆری لە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە کرد. ناوبراو لە دەور و بەری ساڵی ١٤٢٠ی پ، زدا کۆچی دوایی کرد. دوای مردنی ئەو ئاژاوە و شەڕ و شۆڕ ئاسیای داگرت و میتانییەکان شارەکانی "والالاخ" و "قرقمیش" یان، گرتەوە. "تحوتمسی چوارەم (١٤١١-١٣٧٩پ، ز)" بە ئاگادار بوون لەو پرسە، چارەسەرەکەی لە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ میتانییەکاندا دۆزییەوە و هەوڵیدا لێیان نزیك کەوێتەوە.

دەڵێن "تحوتمسی چوارەم" میراتگری ڕاستەقینەی فیرعەون نەبوو تا وەك باوکی فەرمانڕەوایی بکات. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا ڕکابەری نێوان پیاوانی ئایینی خواوەند "رع" و خواجۆر "ئامون" پەرەی گرتبوو. لەم ڕووەوە دەتوانین ئەو سەردەمە بە سەردەمی لاوازی میسرییەکان ناوبنێین. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین میتانییەکان لە میسر نزیك کەوتوونەوە، بەڵکو ئەوە میسرییەکان بوون بەرژەوەندی خۆیان لە ئارامی ئاسیا، میزۆپۆتامیا و سوریادا، دەدۆزییەوە. لەم بارودۆخەدا هەرچەند "کاشی"یەکانی بابل دۆستایەتی خۆیان نیشاندابوو بەڵام میسرییەکان میتانییەکان بەلاوە لە پێشتر بوو. "تحوتمسی چوارەم" حەوت جار داخوازی شازادەی میتانی کرد تا پەیوەندی ژن و ژنخوازی بکاتە ئامرازێکی "پەیوەندی سیاسی". لە



ئاکامدا بە ئارەزووی خۆی گەیشت و زەماوەندی لەگەڵ کچی "ئارتاتاما" ی میتانی کرد، تا "ئامنحوتبی سێهەم" بەرهەمی ئەم ژن هێنانە بێ. بەم پێیە میسرییە لاوازەکان داگیرکردنی ئاسیا و میتانییە بێ دەسەلاتەکان بۆ گرتنەوەی فەلەستین و سوریا، هاوکاری یەکتریان کرد. کچی "ئارتاتاما"ی میتانی بۆ یەکەم جار پێداویستییەکانی لە ناوچوونی بنەمای ئایینی میسری دێرینی فەراهەم کرد. واندن بێرگ دەڵێ: بە هاتنی شازادەی ئاسیایی "موت-ئوم-ڤیا"، شکۆ و بەختەوەری بۆ میسر گەڕایەوە و ئایینی میتانیش هاتە وڵاتی میسر. کوڕی "تحوتمس" کە لە "موت-ئوم-ڤیا" وەدنیا هاتبوو، لە پانزە ساڵیدا لەسەر تەختی دەسەلات دانیشت و بوو بە "ئامنحوتبی سێهەم". پەروەردەی دایك و کاریگەری بیر و باوەڕەکەی، نەریتێکی ئاسیایی بۆ کوڕەکەی بەجێ هێشت.

### ٣- پەیوەندی میتانی- میسری بە پێی بەڵگەنامەکانی "تل العمارنە":

لەساڵی ١٨٨٧ی زاینی ژمارەیەك کەونە نووسراو لە بەشی ڕۆژهەلاتی ڕووباری نیل لە پارێزگای "المینا"ی میسر دۆزرانەوە کە ئەمڕۆ بە "تل العمارنە" ناسراوە. ئەم نووسراوانە بە شێکن لە شارێکی کۆن بەناوی "ئەخت ئەتون" واتە ئاسۆی ئەتون. ناوی ئەم شارە لە ناوی خواجۆرێك وەرگیراوە کە فیرعەون "ئامنحوتەبی چوارەم (ئاخن ئەتون)"، هەولیدا سەرتاسەری میسر ناچار بکات ئەم خوایە بپەرستن. "پیتر" توانی لەو بەڵگەنامانەدا ناوی ئەم پاشایانە کۆبکاتەوە و وەریانگێڕێ. توێژەرانی ئەڵمانی لە ساڵەکانی نێوان ١٩١١-١٩١٤ز و توێژەرانی میسری لەساڵەکانی ١٩٢٦-١٩٣٧ز درێژە بەم گەڕان و پشکنینە بدەن تا دوادەرئەنجامی لەساڵی ١٩٥١ لە لەندەن بڵاوکرایەوە. زۆر لەو کەونە نووسراوانە، ئەو نامانە بوون کە لە نێوان پاشا گەورەکانی ئاسیا و هەژدەهەمین نەوەی فیرعەونەکانی میسر ئاڵوگۆڕ کراوە. هەروەها ئەونامانەی تێدا بوون کە شایەکانی پەیوەست بە دەزگای دەسەلاتی میسر لە ئاسیای ڕۆژئاوا (سوریا و فەلەستین) بۆ فیرعەونەکانی میسریان ناردووە.

"برستد" دەڵێ ئەو نامانە سێسەد دانەن و بە خەتی بزماری بابل نووسراون. لەوانەدا، نامەکانی "ئامنحوتبی سێهەم" و "ئەخناتون" ی کوڕی لە لایەك، نامەی پاشایانی بابل، نینوا، میتانی، قوبرس، سەردارانی سوریا و فەلەستین لەلایەکی تر، بەرچاو دەکەون. ئەو پەیوەندییانە لە نێوان "ئامنحوتبی سێهەم" و "شوتتارنا" کوڕی "ئارتاتاما" ی میتانیدا هەبووە.

پێش دۆزینەوەی ئەم نامانە، بولیڵێك لەمەڕ زوانی فەرمانڕەوایی زنجیرەی هەژدەهەمی پاشایانی میسردا هەبوو. بەڵام ئەم نامانە تارمایی ئەو سەردەمەیان ڕەواندەوە و وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانییان دایەوە.

ئەو نامانەی بە ژمارەی 27 و EA23 کۆدیان بۆ دانراوە، نامەی میتانین کە لەلایەن "توشراتتا"وە نووسراون. مێژووی گەیشتنی نامەکانیش تۆمار کراون وەلێ بە باشی ناخوینرێنەوە. ئەو بابەتانەی لە نامەکاندا هاتوون، دەربارەی ساڵەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایی "ئامنحوتبی سێهەم" ن. یەکێك لە نامەکانی تری "توشراتتا"، نامەیەکە بۆ "ئەخناتون" نووسراوە. نووسراوە میسرییەکان کە لە پەراوێزی نامەکاندا هاتوون، گەیشتنی نامەکە (ساڵی ٣٦) نیشاندەدەن. یەکەم کەونە نووسراو لە موزەخانی بەریتانیا (بە ژمارە ٣٣) و ئەوی تر لە موزەخانەی بەرلین (بە ژمارەی ٢٧)، پارێزراون.

نامەی ژمارە EA27 لەسەر خشتێکی قوڕ نووسراوە، لەبەر ئەوەی لای سەرەوەی شکاوە، مێژووی نووسینەکەی دیار نییە. نامەیەکی تریش هەربەو شێوەیە لای سەرەوەی شکاوە و کاتەکەی دیار نییە، بەڵام نامەکانی وەك "میموریا،...، هتاتاتو- هیبا، بەرچاو دەکەون کە مێژووەکەیان دەگەڕێتووە بۆ ساڵەکانی سەرەتای فەرمانڕەوایی "ئەخناتون (ئاخن ئاتون) ".

"ریدل Riedel" لێکۆڵینەوەی لەسەڕ نامەکانی میتانی دەستپێکرد ( لەنامەی ژمارە ١٧ را تا ١٩). دوای ڕێکخستنیان دەرکەوت نامەی ژمارە ١٧، ١٩، ٢٠،٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤ بە ناونیشان "نب- ما- رع" نێردراون کە مەبەست "سێهەمە". مێژووی گەیشتنی نامەی ٢٣ بەرامبەر ساڵی ٣٦ە لە ناو ئەو نووسینانە نامەیەك بۆ "تیپا" نووسراوە.

نامەی ژمارە ٢٧ لە رووی ناوڕۆکەوە زۆر لە نامەی ژمارە ٢ و ١٢ دەچێت. "ریدل" دەڵێ ئالوگۆڕی نامەی "توشراتتا"ی میتانی لەگەڵ میسر ١٠ تا ١٢ ساڵ درێژەی هەبووە (لە ئامنحوتبی سێهەم تا سەرەتای فەرمانڕەوایی ئەخناتون). وەلێ نامەکانی تر پەیوەندییان بە وڵاتانی ئاسیاوە هەیە: نامەی "هیثی" یەکان ژمارە (٤١ و ٤٢) ە، نامەی ئاشوورییەکان ژمارەی (١٥ و١٦) یە، نامەی "کاشی" یەکان (١تا )ە، نامەی وڵاتی "ئازاراوا" ژمارەی (٣١ و٣٣)یە.

هاوکات لە شوێنێکی تر دێرینەناسێك بەناوی "هوینکلر" لە ساڵی ١٩٠٦ز خەریکی پشکنین بوو لە ناوچەی "حاتوساس" پایتەختی "هیثی" یەکان (واتە بوغاز کوی ئەمڕۆی تورکیا). لە ئاکامی ئەو گەڕانەدا چەند نووسراوی سەدەی چوارەمی پێش زایین دۆزرانەوە کە



ناوەڕۆکەکەیان لە گەڵ نامەکانی "تل العمارنە" زۆر لێك دەچوون. درێژەی ئەو بە دواداچوونە لە ساڵەکانی ١٩٣٢-١٩٣٣ز بوو بەهۆی دۆزینەوەی کەونە نووسراوەکانی پاشایانی ئاشووری لە "خورسباد". دواتر دۆزینەوەکانی "ئەگاریتی" و فەلەستین، ئەڵقە بزرەکانی مێژووییان دۆزییەوە.

"هروزنی"پرۆفیسۆرێکی خەڵکی "چیك" لە ساڵی ١٩١٤ لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر ئەو کەونە نووسراوانە دسپێکرد و دەرئەنجامەکانی خۆی لەم پەرتووکەی خوارەوەدا نووسی:

F.Hrozny.Die Sprache der Hethite. Leipzing

دواتر "فیلیپ ڤاندنبرگ" پیرستێکی دروستکرد بۆ ئەو کەونە نووسراوانە کە لە گەلێك شوێنی جیاجیای جیهان پاریزراون و نزیکەی ٣٠٠ نووسراون:

-٢٠٢ کەونە نووسراو لە مۆزەخانەی بەرلینی رۆژهەڵات/ بەشی ئاسیا، لەوانە (٨) یان شکاون.

-٨٢ کەونە نووسراو لە مۆزەخانەی، لەندەن لە بەریتانیا.

-٥٠ کەونە نووسراو لە مۆزەخانەی نەتەوایەتی میسر، سێیەکیان شڕن.

-٢٣ کەونە نووسراو لە ئەشمولیان ،ئۆکسفۆڕد، ٢١ دانەیان شکاون

-٨ کەونە نووسراوی شکاو لە لەندەن

-٧ کەونە نووسرواوی بچووك لە مۆزەخانەی "لۆڤەر" ی پاریس.

-٤ کەونە نووسراو لە "روستوو تیزبك" قاهرە.

-٣ کەونە نووسراو لە لینینگراد.

-٢ کەونە نووسراو لە مۆزەخانەی "متروپلین"ی نیۆیۆرك"

- ١ کەونەنووسراو لە "هاسسکیلە" زانکۆی شیکاگۆ؟

-١ کەونە نووسراو لە مۆزەخانەی ئەستانبۆڵ.

-١ کەونە نووسراو لە "فرنسیکە" ی پاریس.

لێرەدا "ڤاندنبرگ" دەڵێ: ٣٨٥ کەونە نووسراوی "تل العمارنە" لەگەڵ ١٠،٠٠٠ نووسراوەی "بوغاز کۆی" زانیارییەکی زۆورمان لە بارەی فیرعەونەکانی میسر دەداتێ بەتایبەتی سەردەمی "نفریتی تی" و پەیوەندی نێوان میسر و میتانییەکان.

بەم پێیە بە پشت بەستن بەو کەونە نووسراوانەی بەردەست دەتوانین بڵێن پەیوەندییەکی زۆر نزیك لە نێوان "ئامنحوتبی سێهەم ( باوکی ئەخناتون)" و پاشای میتانییەکان ( شوتتارنا کوڕی ئارتاتاما) دا هەبووە.

"شوتتارنا" گیلوخیپای کچی خۆی داوە بە فیرعەون. گوایە ئەو شازادە میتانییە ( لە دەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایی ئامنحوتبی سێهەمدا) ٣١٧ کارەکەر و نۆکەری لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ میسر. دوای مردنی پاشای میتانی"توشراتتا" ی کوڕی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. ئەویش "تادوخیپا" ی کچی بۆ "ئامنحوتبی سێهەم" نارد، وەلێ دوای مردنی ئەو فیرعەونە شازادەی میتانی بوو بە هاوسەری "ئامنحوتبی چوارەم (ئاخن ئەتون)" و لەقبی "نفریتی تی" بۆخوی هەڵبژارد. یەکێك لەو نامانەی کە تائەمڕۆش بە باشی ماوەتەوە، نامەیەکە "توشراتتا" بۆ "ئامنحوتبی سێهەم" ی ناردووە، تێیدا رازیبوونی خۆی لە سەر زەماوەندی کچەکەی "تادوخیپا- نفریتی تی" لەگەڵ "ئامنحوتبی سێهەم" دەربڕیوە:

بۆ برادەر و زاوام کە خۆشیان دەوێم و خۆشم دەوێن، "ئامنحوتبی سێهەم" پاشای گەورە و فیرعەونی میسر.

لە "توشراتتا" پاشای گەورە، برادەرت و باوکی ژنەکەت کە تۆی خۆشدەوێ.

من تەندروستیم باشە، هیوادارم تۆش هەر وابی، وڵاتت، خوشکم، هاوسەرەکانت، کچەکانت، ئەسپەکانت، گەورەپیاوانت و هەرچی هەتە سەلامەت بین.

لە کۆنەوە پەیوەندی دۆستانە لە نێوان باوباپیرانی من و تۆدا هەبووە، تۆ ئەو پەیوەندییەت سەقامگیرتر کردووە، لە راستیدا یارو یاوەری باوکم بووی و بەم پێیە ئێمە لە یەکتری نزیك بووینەوە. ئەم پەیوەندییە ئیستا دە هێندەی رابردوو پتەوتر بووە. با خواوەند دۆستایەتیمان قووڵتر کاتەوە و "تیشوب" ی خوای میتانی لەگەڵ "ئامون" یارمەتیمان بدەن.

ئەو پەیام هێنەی تۆ ناردبووت بە ناوی "مانی" دەڵێ: تۆ بەتەمای لەگەڵ کچەکەم زەماوەند بکەیت و بیکەی بە شاژنی میسر. ناتوانم دلی برادەرەکەم بڕەنجێنم. لەبەر ئەوە بە "مانی" دا کچەکەمت بۆ دەنێرم. ئومیدەوارم هەرکە گەیشتە ئەوێ لە پەنای "عەشتار"و "هامون" دا شاد و بەختەوەر بێ.

"گیلیا" ی برام لە تۆوە نامەیەکی بۆهێنام، کە خوێندمەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. بەخۆم گوت، تەنانەت ئەگەر دۆستایەتیشمان نەمێنێ ئەم نامەیە ئەوەندە کاریگەر دەبێ کە هەمیشە تۆم خۆشبوێ. بۆم نووسیبووی کە من خۆشەویسترین هاوڕێ و دلسۆزترین دۆستت دەبم. گوتبووم دەبێ دۆستایەتی ئێمە دەهێندەی سەردەمی باوکمان قووڵتر بێت و تۆ پتر ڕێز بۆ من دابنێی. برا ئەو زێڕەی کە ئەمڕۆ بۆم دەنێری، دەبێ لەهی سەردەمی باوکم پتر بێ، تۆ بۆ باوکم نامخار



(Namkhar) بە ئەندازەی یەك کیرو (Kiru) زێڕت دەنارد، بەڵام ئەو زێڕەی بۆ منت ناردووە بە مس زەرد کراوە... لەبەر ئەوە دەمەوێ زێڕی زۆرترم بۆ بنێری، چونکە لە وڵاتی ئێوەدا زێڕ زۆرە.

جگە لەو نامەیە "توشراتتا" نامەبەرێکی ناردووە بە ناوی "تی" بە بۆنەی مردنی (ئەخناتون) ی باوکییەوە پرسەنامەیەکی بۆ ناردووە.

گرینگترین بابەت کە لە نامەکەی "توشراتتا" دا بەرچاو دەکەوێ، ئەوەیە فیرعەونی بە برا داناوە، ئەمەش هاوشانی دوو پاشا نیشاندەدا. لەلایەکی تر فیرعەون زاوای پاشای میتانی بووە، لە بەر ئەوە هەواڵی تەندروستی خوشکی دەپرسێ. لە راستیدا خوشکی "توشراتتا" لە گەڵ "ئامنحوتبی سێهەم" زەماوەندی کرد کە لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا لە میسر بووە، وەلێ فیرعەونی میسر داخوازی لە "توشراتتا"دەکات، ئەو داوایە بە "گیلیا" برای پاشای میتانیدا دەنێرێ. لێرەدا پاشای میتانی جارێکی تر ئاماژە بە دۆستایەتی قووڵی دوو وڵات دەکات، داوای یارمەتی لە "ئامون" خوای میسرییەکان و "تیشوب" خوای هوری دەکات کە خوای میتانییەکانیشە. کەواتە ئەم دوو خوایە لە یەك پلە دابوونە. لە تەك ئەوانەشدا ناوی "عەشتار" یش هاتووە کە وەك خوای خۆشەویستی لەگەڵ "تیشوب" و "ئامون" لەلای فیرعەون بەختەوەری کچەکەی دابین بکەن. ئەم بابەتە بەڵگەی پەیوەندی فەرهەنگی میسر و وڵاتی ئەم بەرو ئەوبەری رووباری فوڕاتە.

لایەنێکی گرینگی تری ئەم نامەیە تۆمارکردنی ناوی میتانییە کە بەناوی"گیلیا" کە نێردراوی پاشای میتانییەکانە. شتێکی تر کە ناکرێ بەسەریدا تێبپەڕین داواکردنی زێڕی بێ خەوشە لەلایەن پاشای میتانییەکان و دووپاتکردنەوەی ئەندازەی زۆرتر. ئەمە دەریدەخا لەو سەردەمەدا "میتانی" لەبەر ململانێی درێژخایەن لەگەڵ "هیتی"یەکان تووشی گرفتی ئابووری بوونە. "ڤاندربرگ" دەڵێ: پرسی ئەو زێڕەی بەرەو باکوور و وڵاتی "میتانی" دەنێردرا، نیشانەی دۆستایەتی نەبوو، تەنانەت بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندی دیپلوماتیکیش نەبووە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی، مامەڵەی ژن و ژنخوازی نێوان میسر و میتانی بووە، کە لە هەژدەهەمین بنەماڵەی فەرمانڕەوای میسرەوە دەستپێکردووە و تا سێ پشت درێژەی هەبووە. لە کۆتاییدا "هیتی"یەکان میتانییەکانیان تێکشکاند و چوونە ناو بنەماڵەی دەسەڵاتداری میتانی و "تحوتمسی چوارەم" لە رۆژئاوای ئاسیا دەسەڵاتی خۆی لە دەستدا.

## ٤- هاوسەری "ئەخناتون" و "نفریتی تی"، پەرەسەندنی پەیوەندی سیاسی- ئایینی: نێوان میسر و میتانی:

"ئەخناتون" نازناوێکی دینییە، فیرعەونی میسر لە خۆی نابوو. ئەم گۆڕانەش پاشکۆی ئەو گۆڕانکارییە ئایینییە بوو کەسەردەمی فەرمانڕەوایی وەدیهێنا (١٣٧٠-١٣٤٩پ، ز). ناوی "ئەخناتون" ئامنحوتبی چوارەم (ئامون حوتب/ ئامنوفیس) بوو، بەڵام ناوە راستییەکەی "نیفر-خیپرو- رع" بوو کەمانای (روخسار جوانی رع) دەدات.

باوباپیرانی زۆر هەوڵیاندا لە دەسەڵات و نفوزی ئەو رۆحانییانە کەم کەنەوە، وەلێ نەیانتوانی گۆڕانکارییەکی بونیادی ئەنجامبدەن. ئەخناتون کارە نیوەچڵەکانی باوکی تەواو کرد. بێگومان لێرەدا کاریگەری و نفوزی شازادەکانی میتانی کە ئایینی "خورپری" یان بۆ میسر هێنا بوو، "ئامونیزمیان" خستە بەر هێرش.

لەم کێشمە کێشە ئایینییەدا "نیفرو-خیپرو-رع" پەرەی گرت. ئەو لایەنگری هەق و راستی بوو، زۆر زیرەك و وریا و خاوەن بیر و بۆچوونی فەلسەفی بوو. لەبەر ئەوە نەیدەویست دەستەمۆی رۆحانییەکانی ئامون بێ. بیرکرنەوەیەکی نوێی بونیاد نا و هێزێکی بە نێوی "ئاتون" ناساند. خوایەك کە دەیویست تەنیا "ئاتون" بپەرستن و شەریکی بۆ پەیدا نەکەن، تەنیا ئەو دامەزرێنەری بوونە دەبێ ئەو بپەرستن و ئەو دروستبکەن.

پیاوانی ئامونی لە دژی راپەرین، لەبەر ئەوە ناچار بوو "طیبة" بەجێ بهێڵێ و پایتەختێکی نوێ بۆ میسر بنیاد بنێ بەناوی "ئەخت-ئەتون" واتە ئاسۆی ئەتون. "ئەخناتون" دژی پیاوانی ئامون شەڕی راگەیاند و نازناوی پێشووی خۆی (ئامنحوتب-ئامون حوتب) ی لەکەدار کرد. لەپاڵ ئەم راپەڕینە ئایینییەدا، بزاڤێکی هونەری و کۆمەڵایەتیش هاتە ئاراوە کە لە قەڵاچۆکردنی کۆنەپەرست بەولاوە ئامانجێکی تری نەبوو. "ئەخناتون" داوای لە هونەرمەندان کرد نیگاری هاوسەرە جوانکیلەکەی "نفریتی تی" و شەش کیژەکەی بکێشنەوە.

بەراست "نفریتی تی" کێیە گۆڕانێکی ئاوا مەزنی ئایینی- سیاسی بەسەر میسر و ئیمپراتۆری فیرعەوندا هێنا. رێسای ئەم واژەیە لە میسری کۆن (نوفرتیتی- Nofretete) بە مانای جوان، ئەو هاوسەری ئەخناتون بوو، وەلێ وەك دیارە ئەخناتون مێردی دووەمی "نفریتی تی" بووە. مێردی یەکەمی "ئامنحوتبی سێهەم" باوکی ئەخناتون بووە. "نفریتی تی" لە ساڵی ١٣٨١ی پ، ز لەدایکبووە و لە تەمەنی پانزە ساڵی بووە بە هاوسەری ئامنحوتبی سێهەم. چەند ساڵێك بەسەر ئەو هاوسەریەدا تێنەپەڕی بە مردنی ئامنحوتبی سێهەم لە ساڵی



١٣٦٠پ، ز، نفریتی تی بێوەژن کەوتەوە. دوای ئامنحوتبی سێهەم، ئەخناتونی کوڕی واتە "ئامنحوتبی چوارەم" لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت و نفریتی تی کرد بە هاوسەری خۆی. ئەخناتون شەیدای نفریتی تی بووە. "ڤاندربرگ" دەڵێ: بە پێی ناوەڕۆکی نامەکانی "تل العمارنە" بەتایبەتی نامەی"توس(ی) راتتا" کە "توشراتتا" بۆ ئامنحوتبی سێهەم و چوارەمی نووسیوە، وا دەردەکەوێ پاشای میتانی لەبەرامبەر داخوازی کچەکەی "تادوهیبا" داوای زێڕی بێ خەوشی کردووە، لەگەڵ بەدەست گەیشتنی زێڕەکە، کچەکەی خۆی ناردووە بۆ "طیبة" بۆ لای ئامنحوتبی سێهەم".

ئەو میسرناسە مەزنە بە دڵنیایی تەواوەوە دەڵێ: "تادوهیبا" هەر ئەو شازادە میتانییەیە کە لە میسر بە "نفریتی تی" ناسراوە. "سرفلیندرس پیتر" و "ئەلیونورابیل دی موت" یش بە راشکاوی تەواو ئەم گوتەیە پشتراست دەکەنەوە.

گەیشتینە ئێرە کە "تادوهیبا" هەمان "نفریتی تی" یە. خاتوو ئیلونورابیل دەڵێ: "نفریتی تی" شازادەیەکی ئاسیای رۆژئاوا، دڵناسك، خۆشەویست و چەلەنگ بوو، باوکی لە پای وەرگرتنی زێڕێکی زۆر ناردی بۆ فیرعەونی میسر. لە سێ ساڵی مێردی یەکەمی لەدەسدا و لە مێردی دووم بوو بە خاوەنی شەش کیژۆلە. جگە لەوە تایبەتمەندی ئەنترۆپۆلۆجی "نفریتی تی" لە شێوەی میسری جیاواز بووە. دۆزینەوی پەیکەری ئەو ژنە لە رەشەمەی ١٩١٢ز لە "تل العمارنە" لە لایەن "لودڤیك بورگارت" راستی ئەم گوتەیە دەسەلمێنێ.

بۆ یەکەم جار "نورکوندستون" نامەکانی "تل العمارنە"ی لەگەڵ رووداوەکانی ئەو سەردەمە بەراورد کرد، نامەکانی میتانی ١٧تا٢٩ و نامەکانی "نفریتی تی ٢٠، ٢٢، ٢٥ و ٢٩ ی کۆکردەوە و رێکی خستن.

لە راستیدا مانای "نفریتی تی" بە زوانی میسری دێرین و نامەکانی "تل العمارنە" گومان ناهێڵنەوە کە ئەم شازادە بێگانەیە، میتانی بووە و خەڵکی رۆژهەڵاتی تورکیا ( ئەو شوێنەی ئەمڕۆ کوردان لەسەری نیشتەجێن) و هاتۆتە وڵاتی میسر. شازادەیەکی قەد باریك، باڵابەرز، چاو بادامی، سپی پێست و ناسك بووە، هەموو ئەمانە لاگیری ئەوەن کە خانەدان بووە و دنەی میسرییەکانی داوە پێیدا هەڵبڵێن.

## بەشی دووەم
## شۆڕشی ئەخناتون

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی "ئامنحوتبی چوارەم " و "نفریتی تی" گۆڕانکارییەکی ئایینی تەواو لە میسر روویدا. ئەم گۆڕانکارییە زۆر جیاواز بوو لە گۆڕانکارییەکانی پێشو، بە شێوەیەك گۆڕانێکی بونیادی لە بیر و بۆچوونی دانیشتوانی میسر وەدیهێنا. ئەم گۆڕانە لە درێژەی کاردانەوە سیاسییەکانی پانزە ساڵەی میسر، کتوپڕ لە بواری دیندا هاتە ئاراوە. "جریفس" میسرناسی زانکۆی ئۆکسفۆرد دەڵێ: ئەو گۆڕانەی ئەخناتون لە ئایینی میسردا وەدیهێنا، لە پەرەگرتنی مەسیحیەت و رەوینەوەی بت پەرستی لە ئەوروپا، کەمتر نییە.

ئادەمیزاد سەدان ساڵ بوو لە میسر پەنای بۆ خواوەند "رع" و "ئامون" دەبرد. کتوپڕ ئەخناتون فەرمانیدا تەنیا خواوەند "ئاتون (بە کوردی هەتاو)" بپەرستن. پەیوەندی شا و خاتوونەکەی لەگەڵ ئەم خوایە زۆر قووڵبوو. لە بەر ئەوە ئەوان لەسەر زەوی خۆیان بە نوێنەری "ئەتون" دەزانی. ناوی "ئەتون" پێش هاتنی "ئەخناتون" یش هەبوو، سیمای ئەو خۆرە بوو کە بەچاو دەبینرا. باوکی ئەخناتون "ئامنحوتب" یا "ئامون خوب" ناوی خۆی کە بە ناوی "ئامون " ی خواوەند دەستی پێدەکرد، هەروەك خۆی هێشتەوە. بەڵام ئەخناتون خواوەند "ئامون" ی وەلانا و میسری لە هەر رواڵەتیکی ئامون پاککردەوە. ناوی "ئەخناتون" مانای گوێرایەڵی خواوەند "ئە تون". پێش بەرپا بوونی ئەم شۆڕشە دینییە، "منف" ئەم بیرۆکەیەی بڵاوکردەوە کە "پتاح" خولقێنەری بوونە و رووحانییەکانی "طیبة" دنیایان بە دەسکردی "ئامون" دەزانی. لە نێوان ئەم دوو بیرکردنەوەیەدا بیری سێهەمیش هەبوو کە رووحانییەکانی "عین الشمس" رەواج پێدەری بوون. لە روانگەی ئەوانەوە خواوەند "رع" جیهانی دروستکردووە و فیرعەونەکان لە سەر زەوی، نەوە و میراتگری ئەون. کەواتە دەبێ خواوەند "رع" بپەرستن.

بە پەیدابوونی رەگەزی میتانی لە ناو بنەماڵەی پاشاکانی میسر، گۆڕانکارییەکی بونیادی روویدا. هەر کە سەردەمی "ئامنحوتبی سێهەم" دەستیپێکرد، خرۆکی خۆر کە "ئەتون" بوو، خواوەند "رع" ی وەلانا، بەلای فیرعەونەوە هێند گرینگ بوو، ناوی خۆی نا "فرمێسکی ئەتون" و نازناوی ئەتونی بە پاسەوانەکانی خۆی بەخشی.



ئەو ئایینە لەو سەردەمەدا نیشانەی خواوەندی ژیان بوو کە رووحی بە لەشی گیاندارانلدا دەکرد، ئەو بیر و هزرەی رووحانییەکانی ئامون بەتەواوی لێی بێ ئاگا بوون، ئەخناتون پەرەی پێدا. ئایینی ئەخناتون لایەنگرانی گەورەی پەیدا کرد،هەر ئەو رووحانییانەی "منف" و "عین الشمس" بوونە پشتیوانی دینی نوێ.

سەرئەنجام ئەخناتون "طیبة" ی بە جێهێشت و پایتەختێکی نوێی بە نێوی "ئەخت ئەتون" دروستکرد. ناوی تێکڕای خوایەکانی لەسەر مەزاری پاشایانی پێشو پاککردەوە. لەوەو دوا، "ئەتون" وەك خرۆکی خۆر ئاسمانی دەنەخشاند و تیشکی دەهاتە سەر زەوی تا بە سەر فیرعەون و ژنەکەیەوە بێ و بیانپارێزێ.

بەداخەوە پەیکەرەکانی شاری "ئەخت ئەتون" لە ناوچوون، بەلام لە سەر نەخش و نیگاری کەونە گۆڕەکان، دەکرێ ئەندازەی پەرستگاکانی شار مەزندە بکرێت. وێنەی "ئەتون" زۆر پرشنگدار بووە، کەواتە پەرستگای گەلێك رووناکیان هەبووە، بە پێچەوانەی پەرستگاکانی تر کە تاریك و ترسناك بوونە. "جریفس" دەڵێ: بە پشت بەستن بە سروودە هەڵکەنراوەکانی سەر کێلەکان، دەتوانین بڵێین،نوێژ لە پەرستگاکان گرینکترین پاڕانەوە بووە لە سەردەمی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

ئایینی "ئەتوون" لە مەر مردن و زیندو بوونەوە، شتێکی پتر لە دینەکانی تری نەهێنا. وەلێ گرینگترین بابەت ئەوە بوو کە "ئەخناتون" بە یەکتایی خواوەند گەیشتبوو، دروشمی "راستی و دروستی" پەرەپێدەدا. ئەم دینەی "ئەتونی" یەکەم دینی یەکتا پەرستییە لە مێژووی مروڤدا.

بەکورتی دەتواتنین بڵێین هاتنی شازادەکانی میتانی بۆ میسر وەك هاوسەرانی فیرعەونەکان باوەڕی دینی لە نێو پاشاکانی میسردا گۆڕی و لە ئاکامدا بووبە هۆی شۆڕشی ئەخناتون. ئەم رابوونە ئایینییە، میسری توشی قەیران کرد و بوو بەهۆی لەدەسدانی ئەو وڵاتە ئاسیایانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی میسر دابوون. "هیتی"یەکان لایەنگرانی خۆیان لە وڵاتی میتانی هێنایە سەر کار و لە کۆتاییدا "ئاشوور"بە توانای لە رادەبەدەر، دەسەڵاتی سەد وپەنجا ساڵەی خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاند.

هاتنی "موت ئەم ئویا" ی میتانی بۆ میسر و چوونی بۆ ناو کۆشکی "تحوتمسی چوارەم" گومانی لەمەڕ خودایانی میسر دروستیکرد. دوای ئەوەش "تادوهیپا" کچی "توشراتتا" ئەم گومانەی زۆرتر کرد و ئیتر کۆمەڵگای میسر گۆڕانی ئایینی بەسەردا هات. دوای مردنی

"ئەخناتون" وەك "جریفس" دەڵێ: بە مردنی "ئەخناتون" بەخت رووی لە "نفریتی تی" وەرگێڕا و بوو بە میراتگری ئازار و ئەشکەنجەی میسرییەکان. لەبەر ئەوەی "نفریتی تی" کوڕی نەبوو تا کارەکانی باوکی تەواو بکات، کەوتە ژێر گوشاری رووحانییەکانی "ئامون" و ناچار کرا ناوی خۆی و مێردەکەی لە شوێنی جۆرا و جۆر بسڕێتەوە.

"ئەخناتون" لە میسر ١٧ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد. بەمردنی شاری "ئەخت ئەتون" توشی ئاژاوە و بشێوی بوو. دوای ئەخناتون زاوایەکەی "سمنخ رع" کە مێردی "مرتاتون" بوو ماوەیەکی کەم لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت، دوای ئەویش "توت-عنخ-ئەتون" مێردی "ئەنخسنپاتون" دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و دوای ماوەیەك ناوی هاوسەرەکەی گۆڕی بۆ "توت-عنخ-ئامون-توتان خامون" و "ئەنخنسن ئامون".

"ئەخناتون" و هاوسەرەکەی ناوی خۆیان نا (پەیوەندی نێوان "ئەتون" و خەڵك)، بە پێچەوانەی فیرعەونەکانی تری میسر، سەمبولە کەونەکانی میسریان پشت گوێ خست.

لەلایەکی تر پێویستە وەك سەمبولی خواوەند "ئەتون" سەرنج بدرێتە خڕۆکی خۆر. لە کەونە نووسراوەکانی میسری سەردەمی "ئەخناتون" دا، خڕۆکی رۆژ لە تێکڕای نەخش و نیگارەکاندا دەبینرێ، سەمبولێك کە لە وڵاتی میتانی و سەرزەمینی ئاسیای رۆژئاوا هێمای خواوەندی خۆر بووە. تەنانەت "توشراتتا" لە نامەکەی خۆیدا وێنەیەکی خۆری کێشاوەتەوە کە نیشانەی هاوئایینی دوو نەتەوە و پەرستنی یەك خوا بووە.



## کوردستان لە سەردەمی سەرگۆنی "هەزار ساڵ پ،ز
## شێوەی تۆمارکردنی رووداوەکان لە ئیمپراتۆری "ئاشوور"دا

رووداوەکانی دەڤەری کوردستان لە نیو هەزار ساڵی پێش زایین کە بوونە هۆی گۆڕانکاری زوانناسی و ئایینی لەو ناوچەیەدا، بنەما سەرەتاییەکانی زوانی کوردی وەك زوانێکی سەربەخۆ، هێنایە ئاراوە. جگە لەو بەڵگانەی لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، پێویستە سەرچاوە و بەڵگەی بایەخدارتر بۆ ئەم ئەرکە بخەینە روو.

لە سەرتای ئەم قۆناخەدا (سەردەمی سەرگۆنی)، زۆربەی ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی (میتانی) دا بوون، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری "ئاشوور" کە لە ساڵ ٩١١ی پ، ز جارێکی تر سەری هەڵدابوو. تەنیا شتێك کە لێرەدا پێویستە باسبکرێ ئەوەیە، لە باشووری دەریاچەی ورمێ، دەوڵەتی سەربەخۆی "ماننا" فەرمانڕەوایی دەکرد.

لە لایەکی تر هێندێك ناوچەی نێوان دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وان، تا "رەواندز" و "شنۆ" و "مياندواو" لە باشوور، "تورعابدین" لە رۆژهەڵات، لێرە و لەوێ لە ژێر دەسەڵاتی پاشاکانی"ئورارتو" و "هالد" دا بوون.

لەبەر ئەم دابەشبوونە سیاسییە، کوردستان سەرەتای هەزار ساڵەی پێش زایین کەوتبووە ناو سێ دەڤەری زوانناسی، بەواتایەکی تر ، ناوی شار، لادێ، رووبار، چیا، نەتەوە و تاکەکان بە یەکێك لەو سێ زوانە تۆمار کراون. گومانی تێدا نییە ئەم زاراوانە پێش پەرش و بڵاو بوونی، نەتەوەی "ماد"، "سکس" و "کیمیری" زۆربەیان خۆماڵی بوونە. دوای بڵاوبوونەوەی نەتەوەکانی (گوتی، لولوبی، هوری، ماننایی) لە ناوچەکانی کوردستان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سیاسی "ماننا"، "ئورارتو" و "ئاشووری"، بۆ یەکەم جار هاوبەشی فەرهەنگی — زوانی- ئایینی، دەبینین کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی باڵادەستی جۆرێك لە زوانی هیند و ئەوروپایی لە ناوچە کورد نشینەکان و یەکیەتی سیاسی- کۆمەڵایەتی دانیشتوانەکەی.

لەسەرەتای ئەم برگە تایبەتەی مێژوودا، ئیمپراتۆری "ئاشوور" پەرەی سەند، کە لە سەردەمی "ئەدەدنیراری دووم" لەماوەی نێوان ساڵانی٩١١-٨٩١ پ، ز دەستپێکردبوو. هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم شایەی ئاشووری بۆ سەر دانیشتوانی بناری چیاکان لە رۆژهەڵاتی "ئاشوور" کۆمەڵکوژی لێکەوتەوە. هەروەك خۆی گوتوویە، ئامانجی لەناوبردنی

کۆچەرانی نوێی ئەو دەڤەرەبووە. بێگومان، تۆمار کردنی هەواڵی ئەم رووداوانە لە هێرشی شای ئاشووردا، زانیاری بەرچاو لە مەر مێژووی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی "ئاشوور" دەدا بەدەستەوە. شەڕخوازی "ئاشوور" و ئارەزووی لە رادە بەدەریان بۆ نووسینەوەی مێژوو کە لەساڵەکانی ٧٤٧-٦١٢ ی پ، ز، دەگاتە لوتکە، دوو نیشانەی گرینگی ئاشوورییەکانن لە مێژوودا، هەر لەبەر ئەوە ساڵانی ٧٤٧-٦١٢ی پ، ز لە مێژوودا بە "سەردەمی سەرگۆن" ناونراون.

دوای مردنی "ئەدەدنیرار"، کوڕەکەی "توکولتی نینور تای دووم (٨٩٠-٨٨٤)" لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. لە کوتایی فەرمانڕەوایی ئەم پاشا بەدەسەڵاتە پاوانی فەرمانڕەوایی، لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە تا رووباری خاپور و شاری (نوسیبین- نیسیپس) ی گرتەوە. دوای ئەو "ئاشوور ناصر پال ٨٨٤-٨٥٩پ، ز" دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، شایەکی لەخۆ رازی و ستەمکار بوو، پاوانی دەسەڵاتی ئاشووری گەلێك فراوان کرد و کەونە نووسراوی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

لێرەدا باسکردنی خاڵێك پێویستە، ئەویش ئەوەیە: هۆی شەڕەکانی پاشایانی ئاشوور تەنیا بەرگریکردن لە دەسەڵاتی خۆیان و خوا مەزنە کانی ئاشوور بووە، چونکە خۆیان بە بەرگریکاری مافەکانی خوایانی خۆیان و جێنشینی ئەوان دەزانی، بۆ رازی بوونی ئەوان کەڵکیان لە دەسەڵات وەردەگرت. لەبەر ئەوە وەستان لەبەرامبەر شاکانی ئاشوور مانای دژایەتی  کردنی خواوەند "ئاشوور" بوو. زۆربەی نووسراوەکانی "سنخریب" لە بارەی شەڕەکانیدا بەم رستانە دەسپێدەکات: لەم شاڵاوەدا خوای گەورەم هانیدام بۆ شەڕ.

لەلایەکی تر دەبینین دانیشتوانی دێرینی کوردستان، دوای سەدان ساڵ شەڕ و خوینڕێژی "ئاشوور"، بەرە بەرە خۆیان لە ژێر رکێفی سیاسی، سەربازی و ئایینی "ئاشوور" رزگار کرد، ئەو بۆشاییە سیاسییە ئایینییەی خۆیان بە نەتەوەکانی "ماد" و "سکس" پڕ کردەوە. بڵاوبوونەوەی باوەڕی سیاسی و ئایینی نەتەوەکانی "ماگ" شێوەیەکی زوانی نوێی لە کوردستان خوڵقاند کە بریتی بوو لە دیالێکتی "ماد" و ئەمڕۆ بە زوانی ئاڤێستای مردوو ناودەبرێ. ئەم زوانە پتر لە ١٤٠٠ ساڵ زوانی پیرۆزی پەرستگاکانی کوردستان و شوێنەکانی تر بووە.

هەر کە "ئاشوور نەصیر پال (٨٨٤-٨٥ پ، ز)" لە سەر تەختی ئیمپڕاتۆری دانیشت، بە بێ هیچ هۆیەکی دیار، هێرشی کردە سەر ناوچە شاخاوییەکانی باکووری میزۆپۆتامیای تا



دەگاتە وڵاتی "کوتموخو" ی باکووری دیجلە. دواتر بۆ دانیشتوانی داوێنی چیاکانی "کاشیاری" لە مەملەکەتی "زاموادا" دەوروبەری ئێستای سلێمانی، بانگەشەی شەڕی کرد، هەواڵی سەرکەوتنەکانی خۆی لە کەونە نوسراوی جۆراو جۆردا نووسیوە.

"شلمنصر ناصری (٨٥٨-٨٢٥پ، ز)" کوری نەصیر پال، سی و یەك ساڵی فەرمانڕەوایی خۆی بە داگیرکردنی وڵاتانەوە خەریك کرد، بە وتەی خۆی تا گەیشتە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەریاچەی "نایری (وان)" لە ناو خاکی "ئورارتو".

دوای ئەو کوڕەکانی لە سەر تاج و تەخت ناکۆکیان تێکەوت، وەلێ لە کۆتاییدا "شمشی ئەدەدی پێنجەم" لە ساڵی ٨٢٤ی پێش زایین لە سەر کورسی دەسەڵات دانیشت. تا ساڵی ٨١١پ، ز خەریکی هێوڕکردنەوەی بارو دۆخی ناوخۆ بوو. لەراستیدا ئەم ئاژاوەیە وەك "جۆرج ڕو" دەڵێ: بە هۆی راپەڕینی سەرتاسەری چینی زوڵم لێکراوی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات بوو، دژی فەرمانڕەوایانی "ئاشووری".

هەرچەند "ئەدەدنیراری سێهەم (٨١٠-٧٨٣ پ، ز)" لە جیاتی باوکی لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئاشوور دانیشت، وەلێ ساڵەکانی سەرەتا دەسەڵات لەناو دەستە بە توانایەکانی دایکی (سامورامات —یۆنانییەکان دەیانگوت "سمیرامیس") دابوو. "ئەدەدنیرار" دوای خۆی چوار کوڕی بە یادگار بە جێهێشت. لە هەموویان بە ناوبانگتر "تیگلات پلاسری سێهەم (٧٤٥-٧٢٥ پ، ز)"بوو. لە راستیدا پڕ بەمانای وشە دامەزرێنەری ئیمپراتۆری "ئاشوور"ە. لە سەردەمی ئەودا ئیمپراتۆری ئاشوور بە ترۆپکی دەسەڵاتی خۆی گەیشت. تەنیا ناو هێنانی ئەو بەس بوو بۆ ئەوەی نەتەوەکانی "ئورارتو" و "میدیا"، "بابل"، " سوریا" و "فەلەستین" لە ترسان  بلەرزن. یەکێك لە کارە گرینگەکانی ئەو، راگواستن و دوورخستنەوەی هەزاران بنەماڵە بوو لە سەرزەمینی باوباپیرانیان بۆ ناوچەکانی تری ئیمپراتۆری ئاشووری، توانای ئیمپراتۆری ئاشووری لە سەردەمی "سەرگۆنی دووم (٧٢٦-٧٢٢ پ، ز)" و "ئەسەرحەدون (٦٨١-٦٨٩پ، ز)" یش  هەر بەردەوام بوو، تا لە سەردەمی "ئاشووربانیپال" ئەو شکۆمەندییە رووی لە کەنەفتی کرد و راپەڕینی ئازادی خەڵکانی ژێر دەست دەستیپێکرد. بە سستبوونی پایەکانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری "ئاشوور"، هێزی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی "ماد"ەکان لە ناوچەی "ئەکباتان (هەمەدان)" بەرەبەرە گەشەی کرد، سەرئەنجام هەر ئەو "ماد" انە ئیمپراتۆری ئاشووریان رووخاند.

لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئاشوور، کەونە نووسراوە هەرە گرینگەکان ئەوانەن کە پاشاکان بۆ خواوەند "ئاشوور" یان نووسیوە، لەنێو ئەوانەش نووسراوەکانی سەردەمی "سەرگۆن"ییە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ نەتەوەکانی "ماد"، "سکس" و "کیمیری" کە لە کوردستان بڵاو ببوونەوە.

نامەی پاشاکانی ئاشوور بۆ پاشاکانی دراوسێ و گوزارشت کردنیان، پێرستی ئەو رووداوە مێژوییانەی لە نامە و کەونە نووسراوەی سوڵتانەکانی ئەو دەڤەردا، تۆمار کراون، بەردی بناغەی دۆزینەوەی راستییە مێژووییەکانن.

گرفتێکی خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە، ئەوەیە زاراوەی بێگانەیان تێدایە، گومان دەکرێ زاراوەی زوانەکانی ئەو ناوچەیەبن. لەبەر ئەوە لە هێندێك شوێندا مانایەکی دیاریکراو نادەن بەدەستەوە. لەم رووەوە دەتوانین بڵێین گرینگترین راپۆرت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٧٢ی پ، ز لە شاری نەینوا کە دوای مۆر کردنی پەیمانێك لە نیوان "ئەسەرحەدون (٦٨٠-٦٦٩پ، ز)" و "راماتا"ی ماد رابەری "ئوروکازابارانا" دا، نووسراوە.

پێویستە زۆربەی ئەو کەونە نووسراوانە لەسەر بنەمای زوانبەندی مێژوویی رێك بخرێن، جگە لەوە زیادگۆیی پاشاکانی ئاشووریش چێبکرێ، تابتوانین ئەو راستییە مێژوویانە بە دەسبێنین کە گومانیان تێدا نییە. ئەگەر کەونە نووسراوەکانی ئاشووری لەگەڵ نووسراوەکانی ئیمپراتۆری "هیثی" بەراورد بکەین دەبینین زیادەگۆیی سوڵتانەکانی "هیثی" لە هاوتا ئاشوورییەکانیان کەمتر بووە. لە تاوتوێکردنی کەونە نووسراوە مێژووییەکان، گرفتێکی گەورە هەیە، ئەویش نادیار بوونی سەرچاوەی گوزارشتەکانە کە بنووسەکان بۆ ئەو نووسراوانە پشتیان پێبەستوون. نووسەر ئەو هەواڵانەی لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە و لە ژێر چ هەل و مەرجێکدا نووسراوە؟ لێرەدا ئەگەر وەك نموونە کەونە نووسراوی ئاشوور بە نموونە بێنینەوە، لەو شەش کەونە نووسراوەی "تیگلات پلاسری سێهەم" دەتوانین یەکێکیان بکەین بە کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی جیاوازییەکانی نێوان دەقە نووسراوەکانی پاشایانی ئاشوور، لە ناوی شوێن و کەسەکاندایە، رووبەڕووی چەندان گرفت دەبینەوە. سەرەڕای ئەو گرفتانەش، لە چەند کەونە نووسراودا ناوی نەتەوەی وەك "سازرابانو"، "پارسوا" و "زاگروتی" بە رێك وپێکی تۆمار کراون. لە دەقی "تیگلات پلاسر" دا دەبینین بێژەرەکە بۆخۆی پاشایە، چونکە زاراوەی وەك، گەمارۆمدا، بردم، وێرانمکرد، کوشتم و ...ی بەکارهێناوە.



وەلێ ئەوەی لەم نێوەندەدا سەرنجراکێشە، دووبارە بوونەوەی زاراوە و رووداوەکانە. بە داخەوە شێوەی نووسینی ئەم پاشایە کورتە بێژی و ئاماژەی گشتییە کە لەگەڵ دووبارەکردنەوەی زاراوەکان هاورییێە، بە پێچەوانەی "سەرگۆنی دووەم" کە بەوردی، رووداوەکان، ساڵی روودانیان، ناساندنی دوژمنەکان... دەخاتە روو. بۆ نموونە:

(لە ساڵی حەوتەمی فەرمانڕەواییمدا، "روسا" کەوتە دژایەتی "ئولوسونو" سەرۆکی وڵاتی "ماننا" و لە بەرامبەر "دیائەکو" دوو دڵ بوو...). لەبەر ئەوە نووسینەکانی سەرگۆن روونترن و زانیاری پترمان دەدەنێ لەمەڕ، سیاسەت، شەڕ، ئابووری و کۆمەڵگا. وەلێ ئەو کەونە نووسراوانە دوو دەستەن: دەقەکانی خورساباد و ئاشوور، دەقەکانی "کالح" و نەینوا. ئەم دوو کۆمەڵە دەقە، هێندێك جار لەبارەی رووداوێکدا دوو شتی جیا دەنووسن،. بۆ نموونە، لە یەکێك لە تابلۆکانی "خورساباد" دا ئاماژە بە دیلگیرانی ٢٠١٧٠ کەس لە دانیشتوانی "ئورزانا" ی ناوچەی "موساسیر" دەکات، کەچی لە دەقەکانی تردا تەنیا ٦١١٠ کەس نووسراوە. جگە لەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە ناوی کەس و شوێنەکانیشدا دەبینرێ. رەنگە یەکێك لە هۆیەکانی گۆڕانی ناوەکان، کێشەی نووسینی پیتەکان بووبێ کە لە زوانی ئاشووریدا هەیە.

ئەگەر نووسراوەکانی "تیگلات پلاسر" لە گەڵ کەونە نووسراوەکانی پێش خۆی بەراورد بکەین ( وەك کەونە نووسراوەکانی ("سنخریب ٧٠٥-٦٨١ی پ، ز"، ئەسرحەدون ٦٨١-٦٦٩ ی پ، ز"، "ئاشوور بانیپال ٦٦٨-٦٢٧ ی پ، ز") دەبینین "تیگلات پلاسر" پتر بە تۆمار کردنی چالاکییە سەربازییەکان و داگیرکارییەوە خەریکبووە، کەچی سەرگۆن لایەنەکانی تریشی تۆمار کردووە. کەم وکوڕی نووسراوەکانی ئەسرحەدون ئەوەیە کە ئاماژەیان بە ساڵی رووداوەکان و هێرشە سەربازییەکان نەکردووە، وەلێ ریزبەندی رووداو و ناوی شوێن و دەڤەرە جوگرافییەکان، بایەخیان گەلێك زۆرە. بۆ نموونە لە یە کێك لە تابلۆکاندا هاتووە: "پاتوشاررا" ناوچەیەکە لە سەر سنووری دەریاچەی خوێ کە کەوتۆتە سەر زەمینی "ماد" و بناری چیاکانی "بیکنی". لێرەدا دیارە مەبەستی دەریاچەی ورمێیە.

لە قۆناغەکانی دواتردا، دەبینین ژمارەی کەونە نووسراوەکانی "ئاشوور بانی پال" پترە، وەلێ ئاوەژووکردنەوەی رووداوەکان و زێدەگۆیی و هەڵگێرانەوەی واقیع، لە رووی مێژوونووسییەوە ئەو نووسراوانەی بێ بایەخ کردووە. بێگومان لە کەونە نووسراوەکانی "تیگلات پلاسر"دا کە زۆربەیان باسی شەڕ و شۆڕە، ناوی شوێن خێل و پاشایانی ئەو دەڤەرە زۆر دەبینرێ کە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زۆر گرینگن. لە ستونی یەکەمدا کە لەمەڕ هێرش بۆ

سەر ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئەمرۆ و باشووری ئاسیای بچووك نووسراوە، دەخوێنینەوە:

"... توانیم بیست هەزار پیاوی "موشکایا" بەدیل بگرم. پێنج پاشای ئەوان، پەنجا ساڵ بوو باجیان لە وڵاتی "ئیلزی" و "بورکوزی" دەستاند... سوێند بە خوای خۆم دەخۆم تا ئێستا هیچ کەس نەیتوانی بوو لەشەڕدا بەسەریاندا سەرکەوێ، وڵاتی "کوموخ" یش لەدەست واندابوو. بە هیمەتی خوای خۆم "ئاشوور" گالیسکە و لەشکرم کۆکردەوە و یەکسەر بەرەو چیاکانی "کاشیار" رۆیشتم. لەگەڵ بیست هەزار کەس و پێنج پاشایان شەڕم کرد، بەسەریاندا سەرکەوتم و لاشەکانیانم لە ناوبرد، سەریانم بڕی و کێوێکم لە کەللەسەرەکانیان دروستکرد، دەسکەوتێکی زۆرم وەچنگ کەوت و شەش هەزار کەسم بەدیل گرت دابەشمکردن بەسەر سەربازەکانمدا. ئەوسا "کوموخ" یە یاخییەکان باجیان نەدەدا. سوێند بە خواوەند "ئاشوور" بۆیان چووم و سەرکەوتم ژن و ماڵیانم بەتاڵان گرت، شارەکانیانم سووتاند و ستوونی دووەمم وێرانکرد. ئەوانەی لە ترسان هەڵاتبوون پەنایان بردە بەر شاری "شیریش". منیش گالیسکەکانم ئامادە کرد و چیا سەختەکانم بڕی و رێگاکانم یەك لەدوای یەك ئاوەڵا کرد و پردێکم لە سەر رووباری دیجلە دروستکرد و شاری "شیریش"م بەو هەمەوو قەڵا سەختانەیەوە داگیرکردو تێکڕای دوژمنەکانم کوشت و لاشەکانیانم لە رووباری دیجلە هاویشت. ئەوکاتە وڵاتی "کورخە"ش بە هانای "کوموخ" ەوە هاتبوو. لە گەڵیان بەشەڕ هاتم و لاشەی سەربازەکانیانم فرێدایە ناو رووباری "ناموا". "کیلی ئەنترو" کوڕی"کالی ئەنترو" نەوەی "سارو" کوری "سیوسونی" کە پاشاکانی ئەوان بوون بە دیلم گرتن. ژن و زێڕ و جامی مسی و کورەکانیانم بەتاڵان برد. شار و کۆشکی فەرمانڕەواییم سوتاند، بەڵام شاری "ئورخیناس" قەڵایەکەی لەسەر چیاکانی "باناری" دروسکرابوو. ئەوانە لە ترسی خوای من "ئاشوور" خواکانی خۆیان بردبۆ ناو ئەشکەوتی چیا بەرزەکان و خۆشیان هەڵاتبوون. منیش سەربازەکانم ئامادەکرد، لە دیجلە پەڕیمەوە، "ئەنترو" برازای "ئورخیناس" بەسەر دەست وپێمدا کەوت، شەست قاپ و قاچاغی مسی، جامم و پیالەیەکی مسی لەگەڵ سەد و بیست کۆیلە و گاو گۆل و مەڕی بەدیاری پێدام، منیش لێی خۆشبووم...



**ستوونی سێهەم:**

بۆ داگیر کردنی وڵاتی "ڤامر" چوار هەزار سەربازی "ئارومای" لە سوپای هەڵگەڕاوەی "خاتی"، شارەکانی "سوبارت" یان داگیر کرد. سوێند بە خواوەند "ئاشوور" هەرکە زانییان بەنیازی "سوبارتو"م، جوامێری من وایلێکردن دەست لە شەڕ هەڵبگرن و بە سەر دەست و پێمدا بکەون. ١٢٠ گالیسکەیان پێبەخشیم...

"تیگلات پلاسر" پاشای بە توانا و سەربەرز، یاغییەکانی شکست دا. بە یارمەتی خوای خۆم "ئاشوور" هێرشم بردە سەر وڵاتی "خاریاو". ئەو لەشکرانەی لە چیا بەرزەکانی "کورخی" بڵاو ببونەوە و هیچ پاشایەك دەستی پێیان نەگەیشتبوو. خواوەند "ئاشوور" فەرمانی پێدام هێرشیان بکەمە سەر. ئەررابە و جەنگاوەرەکانم کۆکردەوە و رووەمکردە چیاکانی "ئەدنی" و "نوایا" کە وەك نووکی خەنجەر راستبوونەتەوە، ئەررابەکان کەناتوانن پێیدا تێپەڕن لە جێگایەك جێمهیشتن و لە چیا سەختەکان سەرکەوتم. وڵاتی "کورخی" لە شکرە پەرش و بڵاوەکەی خۆی کۆکردەوە و شەڕێکی قورس لە چیای "ئەزوتابجیس" روویدا.هەمووییانم کوشت و لاشەکانیانم لە سەر لوتکەی چیا جێهێشت. دواتر بە خێرایی بە شارەکانی سەر رێگامدا تێپەریم. شارەکانی ولاتی "خاریا"م داگیر کرد کەدەکەونە باشووری چیاکانی، "ئەیا"، "سویرا"، "ئەدنی"، "سیز"، "سلغو"، "ئەرزانیبو"، "ئوروسو" و "ئەنتیکو"، دوای تاڵان کردن، هەمەوو شارەکانم ئاوردا. لە وێوە بەرەو وڵاتی "ئەدواس" رۆیشتم. خەڵك لە ترسان بەرەو چیاکانی دەورو بەر هەڵاتبوون و شاریان بەجێهێشتبوو. بە پشتیوانی خواوەند "ئاشوور" باج وخەراجێکی زۆرم بەسەردا سەپاندن.

وڵاتی "سارواس وئاماس" کە دەمێك بوو دوژمنایەتیان دەکردین، وەك شەپۆلێکی خرۆشا و هێرشم کردە سەریان و لە سەر چیاکانی "ئاروما" لەگەڵیان کەوتمە شەڕ...

وڵاتی "ئینترەوا وداریا" کەیاغی ببون، بە سەپاندنی باج و خەراجێکی زۆر... تەمێم کردن...وڵاتی "مورتاس و سارواس" ی نێو چیاکانی "ئەسانیوە ئەدهوما" م خستە ژێر رکێفی خۆم...

**ستوونی چوارەم:**

"... بەیارمەتی خواوەندی مەزن و بەتوانا "ئاشوور"، هێرشم کردە سەر وڵاتی "سوجی" و "کرخی" کە ئامادە نەبوون کڕنۆش بۆ خواوەند "ئاشوور" ببەن، بە ٦٠٠٠ سەربازی "بلاخیم"

و "لوخی" و "ئەریرجی" و "ئەلامون ینتمی" لە گەڵ وڵاتی "کرخی" دوور، لە چیاکانی "کرخی" کە لوتکەکانیان وەك شمشێر تیژە. لە گەڵ دوژمنان شەڕم کرد و چایاکانم بە خوێنی ئەوان سوور کرد. وەك خۆری دەم کەل هێرشم کردە سەر وڵاتی "سوجی" بیست و پێنج خواو ژنەکانیانم وەچنگ هێنا و شارەکانیانم سوتاند. سەربازەکانیان دوای ئەوەی تار و مار بوون، بەسەر دەست و پێمدا کەوتن و دیاری زۆریان پێشکەش کردم. منیش بە یارمەتی خواوەند "ئاشوور" بە سەپاندنی باج و خەراجێکی زۆر لێیان خۆش بووم ...

لەو رۆژانەدا بە هێزی خوای خۆم "ئاشوور" و بەیارمەتی بەهرەی هەمیشەیی "شاماش" و یارمەتی وەرگرتن لە خوا مەزنەکانی تر کە لە هەر چوار ناوچەکە فەرمانڕەواییان دەکرد، خواوەند "ئاشوور" داوای لێکردم شەڕ لەگەڵ پاشاکانی رۆخی دەریا بکەم. بە رێگای زۆر سەختدا تێپەریم کە تائێستا هیچ کەسێك نەیتوانی بوو پێیاندا تێپەڕێ، چیاکانی "ئیلاما، ئامادانا، ئیاخیس، سرابلی، ترخونا، ترکاخولی، کیزرا، ترکاناب، ئیلولا، خسترای، ساخسیمارا، ئوبراملی ئەدرونی، سەلیاتری ئونوباناسی و سیسی، تێکرا شانزە چیام بڕی. لەو شوێنانەی ئەرابە بەکار دەهات کەڵکم وەرگرت، لەو شوێنانەی نەدەکرابا، ئەرابەکانم بە جێدەهێشت. درەختی چیاکانم بڕی بۆ پەڕینەوە لە رووباری دیجلە پردم پێ دروستکرد. پاشای "نیم"، پاشای "کونوبو"، پاشای "توالی"، پاشای "ئەزروجینی"، پاشای کولیبارزینی"، پاشای "سینیبرینی"، پاشای "خیموا"، پاشای "پایتیری"، پاشای "ئیرام"، پاشای "ئەباینی"، پاشای "ئەداینی"، پاشای "کیرنی"، پاشای "بایا"، پاشای "ئۆجینا"، پاشای "نازابیا"، پاشای "ئەبارسیونی" و پاشای "دایانی"، تێکڕای ئەو بیست و سێ پاشایە سوپاکانیان کرد بەیەك ولەگەڵمدا کەوتنە شەڕ. منیش هەموویانم کوشت و لاشەکانیانم لە دەشت و چیا بەجێهێشت. لەو شەڕەدا سەد و بیست ئەرابەم بەدەست هێناو وەدووی شێست پاشای دیکەی "نایری" کەوتم کە پشتیوانی پاشاکانی تر بوون، تاکەناری دەریا هەموو قەڵاکانیانم داگیر کرد.



## چاوخشاندنێك بە سەرزەمینی کوردستاندا لە سەردەمی سەرگۆن، پێش لە دایك بوونی زوانی کوردی

ئەگەر سەرنجێکی کورت بدەینە ناوی جوگرافی و ئەو کەسانەی لە دەقەکانی پێشوودا ناویان هاتووە، دەبینین ناتوانین ئەو زاراوانە بە کوردی کۆن دابنێین. هەرچەند هێندیك لەو شارانە وەك "موش"، "پالو"... هێشتا لە کوردستان هەن، بەڵام ئەم وشانە هیچ مانایەکیان نییە. ئەم راستییە لاگیری ئەوەیە: نەتەوە دێرینەکانی نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك، رۆژئاوای ئێران و باکووری میزۆپۆتامیا کە هێندێکیان باوباپیرانی کوردان بوونە، بە زوانێك دواون لە بنەماڵەی زوانی کوردی ئەمڕۆ دوور بووە. لە کەونە نووسراوەکاندا وا دەردەکەوێ کە ئەم نەتەوانە خاوەنی یەکیەتییەکی سیاسی پێویست نەبوون بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرامبەر هێزەکانی ئاشووری سەردەمی سەرگون، بێگومان لەم نێوەندەدا زوانی چینی دەسەڵاتداری دەوڵەتی میتانی کۆن کە بێ پەیوەندی نییە لەگەڵ زوانی کوردی ئەمڕۆ، هەم لە رووی کاریگەری درێژ خایەن، هەم لەرووی هێزی ئایینی و فەرهەنگییەوە، کارلێکی بەرچاوی کردۆتە سەر زوانە خۆڵاتییەکانی ئەو دەڤەرە.

ئەم تێکەڵاوییەی زوانی، لە ناوەڕاستی هەزار ساڵەی دووەمی پێش زایین دەستیپێکرد و لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین، بە شێوەیەکی ئەوتۆی لێهات کە کەسێکی وەك "مینواس" پاشای "هالدی" کە بە زوانی خۆماڵی دەدوا، شارێکی لە ناوچەی "توم" لە نێوان "موش" و "ئخلاط" دروستبکا و ناوی بنێ"مینواس کرت" کە بە کوردی ئەمڕۆ مانای "دەسکردی مینواس"ە. ناوی ئەم شارە ئەمڕۆ لە کوردستانی تورکیا بووە بە "مەلاز کرد". بەم پێیە کۆمەڵی زاروەی "توپوتومیك" کە پێش سەرهەڵدانی زوانی کوردی لە کەونە نووسراوەکانی ئاشووری سەردەمی سەرگۆنی تۆمارکراون، لە توێژینەوەی جیوگرافی —مێژوویدا، بایەخێکی زانستی زۆریان هەیە. بۆ نموونە هێندێك لەو زاراوانە تاوتوێ دەکەین: بە پێی ئەو هەواڵانەی تۆمار کراون، لە هێرشی "شلمنصری سێهەم" لە ساڵ ٨٥٦ ی پ، ز و گەڕانەوەی لە چیاکانی زاگرۆس بەرەو دەشتەکانی "ئاشوور"، وادەردەکەوێ کە بە سەر خاکی"کیروری" دا کە "ئەربا- ئەیلو" ی ئێستایە، تێپەڕیوە. شوێنی جیوگرافی ئەو ناوچەیە بە روونی دیاریکراوە، وەلێ مەبەست لە بەرامبەر "ئەربا- ئەیلو" چیاکانی رۆژهەڵاتی "ئەربیل"ە.

له راستیدا "کیرووری" له باشووری ناوچەیەك بوو كە لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ بە "گیلزانو" دەناسرا. لەم بارەیەوە، سپایزەر دەڵێ: "کیرووری" ناوچەیەك بووە لە نێوان ئەربیل و رەواندز. ئەم ناوچەیە دەشتی "هەریر" و چیاکانی "سەفین"، "سپیلك" و "پیرمام" و ناوچەیەك بە ناوی"موساسیر" ی، دەگرێتەوە كە لە لای "هالدی"یەکان پیرۆز بووە. لە روانگەی "لویس لیواین"، سنووری "موساسیر" لە "کێلە شین" ەوە تا گوندی "سیدەك" بووە، لە بەرئەوە کیرووری دەشتەکانی باشووری دەریاچەی ورمێ نییە، وەلێ خڕ و دۆڵەکانی رووباری "زێی بچووك" دەگرێتەوە. هەواڵی هاتوچۆی "توکولتی- نینوتای دووەم" کاتێك بەرەو باشووری ئەو ناوچەیە رۆیشتووە و بەو چیایانەدا تێپەڕیوە کە بەسەر زێی بچووکدا دەڕوانن، لە کەونە نووسراوەی ئاشووریدا تۆمار کراون. "ئاشوور ناصر پالی دووەم" هەربەو رێگایەدا لە ئاشوورەوە بەرەو "نومی" رۆیشتووە. ئەم شوێنە لە "زاموا"، لەناوچەی "کیرووری"، نزیك "ئیتی تی" بووە، ئەو شوێنەی لەلای پاشاکانی ئاشووری زۆر گرینگ بووە.

**زاموا:**

ئەم زاراوەیە پتر لە هەر ناوێکی تر لە کەونە نووسراوەکانی ئاشووریدا هاتووە. هۆی ئەمەش هێرشی یەك لە دوای یەکی پاشاکانی ئاشوور بووە بۆ سەر ئەم ناوچەیە بە تایبەتی هێرشەکانی "ئاشوور نەصیر پالی دووەم". لەبەر ئەوە هەواڵی مێژوویی و جوگرافی ئەم ناوچە کوردنشینە کە زۆربەی بەشەکانی دەکەوێتە کوردستانی عێراق (سلێمانی و دەورو بەری)، لە هەر شوێنێکی ئەم ولاتە پتر و لە هەمانکاتدا روونترە.

ئەم زاراوە جوگرافییە لە دەقە ئاشوورییەکاندا، بە سێ شێوە تۆمار کراوە، "زاموا"، "مازاموا" و "زاموا شابیتانی". پیشگری "ما" لە بنەرەتدا "مات"ە لە رێنووسی بزماریدا بە مانای "ولات" دێت. بەم پێیە "مازاموا" مانای ولاتی زاموا، هێندێك جار بە شێوەی "کور زاموا" یا "عال زاموا" واتە "زاموای چیای بەرز" یا زاموای چیا بەرزەکان، تۆمار کراوە.

وشەی "زاموا" یەکەم جار لە نووسراوەکانی "ئەدەدنیراری دووەم" دا بە دیکرا. دواتر بە هەمان شێوە "ئاشوور ناصر پال" و دوای ئەو "سەرگۆنی دووەم" و "ئەسرحدون" باسی دەکەن، لە کۆتاییدا لە نامەیەکی "ئاشوور بانی پال" دا ئەم زاراوەیە بەر چاو دەکەوێ. "مازاموا" لە لایەن "تیگلات پلاسر" تۆمارکراوە، لە کاتێکدا هەر ئەو زاراوەیە بە شێوەی "زاموا شابیتانی" لە ساڵی ٨٥٥ی پ، ز، "شلمنصری سێهەم" نووسیویەتی.



دوای تێپەرین لە چیای "گوللار" و "بابیت" دەگەینە ئەم شوێنە. تەنیا لوتکەیەك کە دەکەوێتە باشووری زێی بچووك ئەو "بازیان" ەیە "بابیت" یش شارێکە لە دەوروبەری ئەو، هەرچەند سپایزەر دەڵێ: مەبەست لە "گوللار" هەمان لوتکەی "کولار" ی ئەمرۆیە لە قەڵاچوالان. وەلێ "لویس لیواین" لەگەڵ ئەمەدا نییە و دەڵێ: لە ئاشوورەوە هیچ رێگایەك نییە بۆ ئەو چیایە، تا پاشاکانی ئاشوور بتوانن لەوێوە دەستیان بگاتە "زاموا"، لەبەر ئەوە لوتکە چیایەك کە "کوللار" بێت، هەر ئەو "بازیان" ەیە. بێگومان زاراوەی کوللار و کلار هەردووکیان یەکن. تەنانەت ئەگەر شوێنی ئەو زنجیرە چیایانە لە رووی مێژووییەوە گۆڕابێت، وەلێ "بابیت" ناوی دەوڵەتێکە کە لە دەوروبەری بازیان دامەزراوە و لە بنەڕەتدا ناوی گوندێك بووە لە پاڵ چیای "کوللار".

لەناوچەی "زاموا شابیتانی"، "شلمنصر ساڵی ٨٤٣ ی پ، ز شاری "بیرتو" ی کردە ئامانج و "ئاشوور ناصر پالی دووەم" دوای ئەوەی بە شاری "بابیت" دا تێپەریوە بە "بیرتو" ناوی بردووە.دوای ئەوە پاشای ئاشووری ناوی "بوناسی" هێناوە کە لە کەونە نووسراوی "شلمنصری سێهەم" بە شێوەی "بونایسی" تۆمار کراوە. "شلمنصری سێهەم" شاری "ئەیدی" داگیر کرد کە "حەسەنلوی" ئەمرۆیە لە کوردستانی ئێران.

دانیشتوانی "زاموا" بە لولو- بی" بەناوبانگ بوونە. بە پێی کەونە نووسراوەکانی شاری "نوزی (دەوروبەری کەرکوك)" و هەواڵی پاشایانی ئاشوور، دەتوانین بڵێین ناوچەی "زاموا" یا ولاتی لولوبیان لە نزیك "ئارابخا" بووە. لە سەر بنچینەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی "لیواین"، جگە لە "هەورامان" و دەریاچەی "زرێبار" لە باکوور تا رووباری "قەڵاچوان"، لە زێی گچکەوە تا دیالە لە ناوچەی "نامری" تا "هاشماری" دەگرتەوە. بەم شێوەیە ناوەندی شارستانییەتی ئەم ولاتە "دەشتی شارەزور" ی ئەمرۆ بووە. وەلێ سپایزەر شتێکی تر دەڵێ: "لولو"کان لە سنووری "هالمان" را تا باشووری رۆژهەڵاتی "سەرپولی زەهاو" بلاوبوونەتەوە. بەڵگەش کەونە نووسراوەکانی "ئانوبانینی" پاشای "لولوبی" یەکانە کە لە سەردەمی "نارم سن" ی ئەکەدی ئەم ناوچەیەی داگیر کرد و کەڵکی تەواویشی وەرگرت لە هێرشی "کوتی" یەکان بۆ سەر "ئەکەد".

پەیوەندی "لولوبی" و ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی ئاشووری، گومان دەکرێ دامەزرێنەران و پاشایانی ئاشوور لە سەدەی نوزدەهەم تا سەدەی هەژدەهەمی پێش زایین بە رەگەز "لولوبی" بووبن، وەك: ئەداسی، لوبی، بزی، لەللای.

لەمەڕ زوانی "لولوبی" یا زوانی دانیشتوانی "زاموا" تاکە لێکۆڵینەوەی رێك و پێك، توێژینەوەکانی " هوزینگ" و "سپایزەر"ە لە سەرتای سەدەی بیستەم. "دیاکونوف" چەند

زاراوەی لولوبی هێناوە وەك: لار(چیا)، كین، گین، یا كینگی (قەڵا یا شوورە یا شوێنی نیشتەجێبوون)، كوتو (ئەسپی) عیلامی، كوتی ومیهرانییە. بەڵام هیچ بەڵگەیەك نادا بەدەستەوە كە لاگیری ئەم وتەیە بكات.(بڕوانە دیاكۆنۆف، مێژووی مادەكان)

وەلێ روونە پاشگری زوانی "لولوبی" نیشانەی ب و پ، لاگیری ئەوەن كە نزیكییەك لەنێوان ئەم زوانە و زوانی عیلامیدا هەبووە وەك ناوی چیاكانی هەورامان "نیشپی" و چیای" پیرەمەگرون "كینیپا". ئەم پاشگرانە لە ناوی كەس و هێندێك ناوچەی جوگرافیشدا دەبینرێن. لەلایەكی تر چیای ئەزیز- و" یا "ئەزمرِ" و چیای "پاتیر"، "للر" و "هاوسەر" و سەرزەمینی "لارە" و رووباری "ئیدیر" و شاری "زمری" بە پاشگری "یر" و"ری" كۆتاییان دێ، ناوی وەك "سیمكی" كە "سماقە" ی ئەمرۆیە بە دەگمەن بەرچاو دەكەون. شارەكانی تر وەك، "بونسی"، " میسو"، "ئەرزیز"، "هودون" و چیای "سوەنی"، رووباری "ردانو"، هەردوو رووباری "زبن (زێی گەورە و زێی بچووك)" و ناوچەی "هلمان" هەموویان زاراوەی "لولوبی"ن، هێندێك جار لە نێو ناوە لولوبییەكاندا زاراوەی هوری دەبینین، وەك، "هوەلسیندو"، "پر سیندو" و...

هێندێك جاریش ناوی كەسی لولوبی دەبینین كە بە "دبارا- تیرا" كۆتاییان دێ وەك "كیرتیارا" پاشا و "لاربوسا" و "نیكدیارا" پاشای "ئەیدی" كە پەیرەوی هەمان شێوە زوانن و "شلمنصری سێهەم" لە ساڵی ٨٥٥ ی پ، ز ئاماژەی پێكردووە. "میكدریارا" پاشای "سوبنای" هەر ئەو "سومبی"یەیە كە سەرگۆن باسی كردووە.

سپایزەر دەڵێ: شاری "بیرتو" و "لگەلگە" كەوتۆتە نێوان زنجیرە چیاكانی بازیان و "برنداغ"...

هەروەها شاری "بونایس"، "لاربوسا" و"بارە" كەوتونە رۆژئاوا، رۆژهەلات و باشووری رۆژئاوای"نیسیر". شاری "دورلولومی" لە باشووری رۆژهەڵاتی "بارە" و "ئاركدی" لە سەر چیای "بنگردی" لە دەوری "موان"ە.

مەبەستی "سپایزەر" لە خستنە رووی ئەم بابەتانە ئەوەیە كە نیشانی بدا، ناوەندی سەرزەمینی "زاموا" لە دەوروبەری شاری "هەڵەبجە" ی ئەمرۆ بووە. بەم پێیە "زاموا" كەوتۆتە شوێنێك لە نێوان خاكی "كیروری" لەباكوور، دەڤەری "نامری و هاشمار" لەباشوور، "ئالابریا" لە رۆژهەلات و "ئاراپخا" لە رۆژئاوای بووە.



**نامری:**

لە دەقە ئاشوورییەكاندا، لەتەك ناوی "كیروری" و "زاموادا" وڵاتی "نامری"ش چەندان جار ناوی هاتووە. "نامری" لەگەڵ شێوەی كۆنی خۆی "نامار، ناوار" دەگەرێتەوە بۆ مێژووی دێرین. ئەم ناوە لە دەسپێكی مێژووی شاری "ئەكەد" دا هاتۆتە ناو مێژوو، تا سەردەمی فەرمانرِەوایی پاشایانی "ئاشوور" خۆی نواندووە. وەلێ برِیك جار ئەو وڵاتە بە وڵاتی "كاشی"یەكان ناودەبەن. هەواڵی ئەو ولاتە لە زۆربەی كەونە نووسراوەكانی "شلمنصری سێهەم (٨٣٥ی پ، ز)" ی ئاشووریدا هاتووە، دوای ئەوەی لە زێی گەورە پەرِیەوە و چیای "هاشیمور" ی برِی چووە ناو سنووری "نامار". شوێنی "هاشیمور" جارێكی تر لە لایەن "شمشی ئەدەدی پێنجەم" دیاریكراوە، ئەویش ئەو كاتەی بە چیای "ئەبیبە" و "حەمرین"دا تێپەرِی و هێرشی كردە سەر بابل.

بەم پێیە "نامار" كەوتۆتە بەری رووباری سیروان-دیالە نزیك چیای "حەمرین". ئەو دەڤەرە تا سەردەمی "شلمنصر" میرنشینێكی سەربەخۆ بووە، لە كاتێكدا "ئاراپخا" بە بەشێك لە ئیمپراتۆری ئاشوور دادەنرا. لە هێرشی دووەمی "سنخریب"دا "كاشی" یە چیا نشینەكان لەگەڵ "یاموبیگالی"، دوای ئەوەی ئاشوورییەكان رایانگواستن لە ناوچەی "نامری" شاری "هاردشبی" و "بیت كوبانی" نزیك رووباری دیالە، لە ژێر چاودێری فەرمانرِەوای "ئاراپخا" كە ئەوكاتە گوێ لەمستی ئاشوورییەكان بوو، نیشتەجێ كران. لە سەردەمی سەرگۆن چەند ماوەی دیاریكراو، حاكمی "لەللومی" یا "زاموا" فەرمانرِەوایی "نامری" كردووە. لە دوو كەونە نووسراوی دۆزراوە لە شاری"ماری"دا هاتووە، ژنێك بە ناوی "ناوارتیوم" هێزێكی پیكهاتوو لە دە هزار "كوتی" بۆ شەرِ ئامادە كردووە.

لەلایەكی تر "ئارابخا" كەوتبووە باكووری چیای "حەمرین" واتە باكووری "نامری"، رووباری دیالە ئەو مەڵبەندەی لە باژێری "هالمان"، "ئەیالمان"، "ئارمان"، "هلبن" و "ئەلوەند"، جیا دەكردەوە.سەرزەمینی ئاراپخا لە باشوور بە "زێی بچووك" لە رۆژهەلات بە وڵاتی "زاموا" كۆتایی دەهات.

**ئالابریا:**

سەرزەمینی "ئالابریا" دەكەوێتە باشووری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و سەرچاوەكانی "زێی بچووك" و باكووری رۆژهەلاتی "زاموا". ئەم ناوچەیە ئەمرۆ شاری "سنە" و بەشی باشووری رۆژئاوای ئەو شارە دەگرێتەوە كە زۆر جار پاشاكانی ئاشوور، لە رێگەی "پێنجوین" و زرێبار"ەوە چوونەتە ئەوبەر.

## پەرەگرتنی زوانی کوردی و سەرنجێک لە زوانەکانی پێش ئەو

ئەگەر لە مێژووی وڵاتی کوردستان بکۆڵینەوە، دەتوانین ئاماژە بەو گۆڕانە زوانناسییە بکەین کە لە سەرەتای هەزار ساڵی پێش زایین دەستیپێکردووە و بە سەرهەڵدانی زوانێکی سەربەخۆ، کۆتایی هاتووە.

شێوەکانی زوانی پێش ئەم قۆناغە (هوری، کوتی، لولوبی و تەنانەت کاس) یش، هەرچەند گەلێك دیاردەی زوانناسی هاوبەشیان هەبووە و کۆمەڵێك زاراوە و رستەیان لەبەر دەستدایە، وەلێ رووبەڕووی دوو گرێ کوێرە دەبنەوە:

١- ئایا هەریەك لەو زوانانە سەربەخۆ بوونە، یا هەموویان بە زوانێکی دایکەوە بەند بوون و بە تێپەڕینی کات، لێکدی جیابوونەتەوە؟

٢- ئەم زوانانە چکارێکی زوانەوانیان کردۆتە سەر زوانەکانی ئێستای باکووری میزۆپۆتامیا، بەتایبەتی زوانی کوردی؟

لەبارەی پرسیاری یەکەم، لەم زوانانەدا ئەو زاراوە و رستانەی بە جێماون ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرە دەردەخەن، کە پەیوەندی زوانەوانی لە نێوان زوانەکانی زاگرۆسی و زوانی کورستان لە ئارادابووە، وەلێ بڕیك باوەڕی ئایینی جیاواز بووە بەهۆی لێك دابڕانیان. لە دەسپێکی هەزارەی دووەمی پێش زایین کۆچەرانی هیند و ئەورووپی زوان، بە ناویاندا بڵابوونەوە و بەرەبەرە زاراوەی خوایان و باوەڕی ئایینی تێکەڵ بوون و کۆمەڵەیەکی هاوئاهەنگیان پێکهێنا کە تایبەتمەندییەکانی لە کەونە نووسراوەکانی "میتانی" و "کاردونیا"دا بەرچاو دەکەوێ، بە شێوەیەکی وا لە سەرتای هەزارساڵی یەکەمی پێش زایین زاراوە و رستەی ئەوتۆ هاتە ناو ئەدەبیات و فەرهەنگی ناوچەکە کە پەیوەندییەکی رێك و پێکییان لەگەڵ زوانی کوردیدا هەیە. لەم رووەوە دەتوانین ئەو زوانە بە سەرەتای پەیدابوونی زوانی کوردی دابنێین.

لەبارەی وەڵامی پرسیاری دووەمدا، دەبێ بڵێین ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر زوانەکانی قەفقازی ئەم سەردەمە، کراوە، وەك ئەرمەنی، چەرکسی، گورجی و زوانەکانی داغستان، پەیوەندی ئیتمۆلۆجیکی ئەو زوانانەی لەگەڵ زوانەکانی باکووری میزۆپۆتامیا و رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك سەلماندووە، کە بەداخەوە لە مەڕ زوانی کوردی ئەنجامنەدراوە. هەر لەبەر ئەوە چەندی و چۆنی زوانەوانی کوردی و زوانەکانی سێ هەزار ساڵی پێش زایین، هەروا نادیار ماوەتەوە. لە راستیدا زوانی کوتی، هوری و لولوبی کە کۆن زوانی دانیشتوانی کوردستان



بوونە، چۆن لە زوانی کوردیدا تواونەتەوە و لە روانگەی زوانەوانییەوە چ کاریگەرییەکیان لەسەر داناوە؟

لێرەدا تەنیا دەتوانین بڵێین ئەو زاراوانەی لە پاشاکانی "کوتی" وڵاتی "سۆمەر" و "ئەکەد" و چەند پاشای خۆماڵی "لولوبی" و شوێنەواری زوانی "هوری"، بەجێماون، هێشتا وەك ناوی جوگرافیایی چەند شوێنی کوردستان دەبینرێن. هێندێك لەو ناوانە کەپاشگری (ك، ر، س، ن) یان هەیە لە وڵاتی "زاموا"دا بەرچاو دەکەون، وەك، زنجیرە چیای "سیم- کی" کە ئەمرۆ چیای "سوماقە"یە، چیای "ئەز- یرو" کە "ئەزمر" ی ئێستایە. ئەم شارانەی تریش بەهەمان شێوەن: چیا "للر" و "کللار"، "با- تیر" و رووباری "ئەید- یر"، شاری "زم- ری" و "با- ری"، خاکی "لا- رو" و "هەشمار" و هەروەها شارەکانی، بابیت، بوناس، میسو، ئەرزیر و هودن و چیای "سوەنی" لە وڵاتی "هلمەن (حلوان/ الون)" و شارێکی وڵاتی "زاموا" بە ناوی "ئەتلیلە" دژی "ئاشوور ناصرپال" شەڕیکرد، ئەم شارە دواتر ناوی "دور- ئاشوور" ی وەخۆگرت. لە نامەیەکی پاشای میتانی بۆ فەرمانڕەوای "ئاراپخا"، ناوی ئەو شارە بە "ئەتلیلە" تۆمارکراوە.

بەڵام رووباری "دیالە (سیروان)" ئەوسا ناوی "تورنات" کە ئێستا "تانجەرۆ"، ناوی یەکێك لە لکەکانی ئەو رووبارەیە. چیاکانی "هەورامان" ئەو سەردەمە پێیان دەگوترا "نیش- پی" و ناوی هەردوو رووباری "زێی گەورە" و "زێی بچووك" کە رەگەی "لولوبی" یان هەیە، بە شێوەی "زە- هـ-ب" و پاشگری "ئان" بوونەتە "زە بان"، سپایزەر دەڵێ: ناوی پاشاکانی ئاشوور، کە لە سەدەی نوزدەهەم و هەژدەهەمی پێشزایین ، ئەداسی، لوبەی، بەزەی، لولای، بووە ، بوون بە رەگەی ئەو زاراوە "لولوبی"یانە.

هەر لەو سەردەمەدا ناوی، هوننونی، تاردونی، ئەننوبانینی، کە ناوی پاشاکانی "لولوبی" بوونە لەنێو ناوی چیاکانی (زاگرۆس) دا بە رچاو دەکەون.

زاراوەی ناسراوی "سۆمەری" و "ئەکەدی" یش لە نێو ناوی پاشاکانی "کوتی، سۆمەری و ئەکەدی"دا دەبینرێن. هێندێك لەو ناوانە بریتین لە: ئینتا، ئینگیشوش، سرلکب، شولمی، ئیلولومیش، ئەنیمە بکیش، ئیگیشوش، ئیهرلکب، ئەیبەتی، کوروم، خبیلکین، لئە ربوم، ئیراروم، ئیبرانوم، خبلوم، پوزور-سوئین،ئەیەرلگندە، سیوم و تیریکان ...

پەیوەندی نێوان ئەم ناوانە و زوانی پەیوەندیدار واتە زوانی کوردی هێشتا، رووننەبۆتەوە. ئەوەی سەرنج راکێشە لە ناو ئەم ناوانەدا، ئەم پێشگرانەیە: ئیم، ئین، ئیلو، ئەنیم، ئیگی،

ئیرله، ئیبه، ئیرا و ئیبرا که به "ئی" دەسپێدەکەن و ناوی کەسن. هاوکات پاشگری "ش" له ناوەکانی وەك : ئینگیشوش، ئیلولومیش، ئەنیمه بکیش، ئیگشوشو و... دەبینرێن. له هەمان سەردەمدا ناوی پاشاکانی "هامازی"، " هدەنیش" بووه که هەمان پاشگری هەیه، به گریمانەی زۆر هەمان پاشگره که له ناوی "کاسی" یەکاندا بەشێوەی "ش" هەیه وەك: گانداش، کاشتلیاش، هەن کاردونیاش، توپیلیاش، و...

وەلێ له زوانی "هالدی" دا که به بنەچەکه "هوری"یه، س، ش لەسەر کردار حاڵەتی کەسی سێهەم دەگەیەنێ و به شێوەی "نا"یه، له کاتێکدا ئەمه له ناوی کەسدا نابینرێ، وەك: کیلی تیشوپ، کالی تیشوپ، ئیرورپی، و...

لێرەدا پێویسته هێندێك پاشگر تاوتوێ بکەین که رۆڵی کردار دەگێڕن و له چەند زاراوەی "هوری" دا هەن وەك: ئەك، ئەر، ئیهلی یا ئەیهلی، تیهی، ئیلهی، ئوثا، گیلی، گیل، و... و له و ناوانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن:

| | |
|---|---|
| ئەر- راپخا Arraphe | ناوی شارێکه و شێوه نوێیەکەی "عەرەفه" یه له کەرکوك |
| ئەر- ئەکەدی | ناوی شارێکه |
| ئەر/ئور- بیلوم | ناوی شارێکه شێوەی ئیستای "ئەربیل" ە |
| ئەر- زوهینا | ناوی رووبارێکه |
| ئەور- ئەرتو | ناوی دەڤەری ولاتێکه و شێوەی ئێستای "ئارارات"ە |
| ئیهلی- تیشوپ | ناوی کەسه |
| ئیهلی — پ- تیللا | ناوی کەسه |
| تیهی — پ- تیللا | ناوی کەسه |
| ئیتیپ- شارری | ناوی کەسه |
| ئوثا — پ- تای | ناوی کەسه |
| ئیشن — ن- نامار | ناوی کەسه |
| گیلی- پ — شاررو | ناوی کەسه |
| گیل- تیشوپ | ناوی کەسه |

له لایەکی تر گەلێك ناوی ئاوامان بەرچاو دەکەوێ: ئەیوری، ئەیروی، تیشوپ، هیپا/ خیپا.



له نامەکەی "توشراتتا" ی میتانی دا زاراوەی "ئەیوری" بەمانای پاشا بەکار هاتووه: "نیبوریاش کور میچرری- وە- نی — ش ، واته پاشای سەرزەمینی میسر. ئەم زاراوەیه له کەونه نووسراوەکانی کەرکوك، بەشێوەی"ئەیروی" هاتووه، وەلێ له عیلامی به شێوەی "هوریا" و له "کاسی"دا به شێوەی "هاربا" بەمانای گەوره و پایه بەرز، هاتووه و لەو ناوانەدا هەیه: ئەیروی، شارری، و هوربا-تیللا. "تیشوپ و هیپا" ش دوو خوای ناوداری نەتەوەکانی باکووری میزۆپۆتامیان که پیشتر ئاماژەمان پێکردن.

## له دایك بوونی بنەماکانی زوانی کوردی

له دوو هەزار ساڵی پێش زایین، هەر وەك پێشتر باسمانکرد، نەتەوه هیندو ئەوروپییەکان له ناوچه کوردنشینەکان و زنجیره چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، به سەپاندنی خەسڵەتی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا، گەلێك زاراوەی "میتانی و کاسی" یان به ئەدەبیاتی خۆیانەوه زیادکرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دانیشتوانی خۆجێیی تا ناوەڕاستی هەزارساڵی پێش زایین، جگه له گۆڕانێکی کەم نەبێ، ئایین و کلتووری خۆیان دەپاراست، تا کاریگەری کۆچەرانی "ماد"، "سکس" و "کیمیری"، بوو بەهۆی گۆڕینی بنەڕەتی کلتوور و شارستانییەتی دانیشتوانی خۆجێیی. تێکەڵاوی شێوەی کۆنی میتانی و شێوه زوانییەکانی ئەو کۆچەرانه، زوانێکی نوێی بۆ ئەو دانیشتوانه خولقاند، که گومانی تێدا نییه بنچینەی زوانی کوردییه، چونکه ناوی کەس و جوگرافی و ئەو نەتەوانەی له کەونه نووسراوی پاشایانی ئاشووردا هاتووه، لاگیری ئەم گوتەیەن و جگه له زوانی کوردی هیچ زوانێکی تر له ناوچەکەدا نییه میراتگری ئەو زوانه و خاوەنی ئەو پێکهاتە زوانییە دەوڵەمەندە بێ که دانیشتوانەکەی به شێوەیەکی پێشکەوتووتر هەر ئەو زاراوانەیان تا ئەمڕۆ به کار هێناوه.

ئاگادار بوون له گۆڕانکارییە زوانییەکانی هەزار ساڵی دووەم و یەکەمی پێش زایین، له کوردستان و زنجیره چیاکانی زاگرۆس، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی نییه، بەڵکو پشت بەستنه به کەونه نووسراوه بزمارییەکان که له چوار هەزار ساڵی پێش زایین بەم لاوه له ولاتی "سۆمەر" داهێنراوه و له ئیمپراتۆری ئاشووردابه فراوانی به کار هاتووه. خوێندنەوەی نووسراوه بزمارییەکان، گرفتی تایبەت بەخۆیان هەیه، به تایبەتی له دەستەبەندی دەنگەکان. جگه لەوه ئەو کەونه نووسراوانه به زوانی ئاشووری و بابلی نووسراون که له خێزانێکی زوانی ترن و جیاوازییەکی بەرچاویان هەیه لەگەڵ گرووپی زوانه هیندو ئەوروپییەکان. ئەم جیاوازییه

له دەنگەکاندا پتر دیارە، لە بەر ئەوە بە ناچاری لە چوارچێوەی یاسای زوانناسی ئاشووری و (ئەکەدی)دا، تاوتویٚ دەکرێن. لێرەدا هەڵگێڕ و وەرگێڕی ئەو زاراوانە دەکەین کە شێوەی سەرەتاییان لە کەونە نووسراوەکانی ناوچەکەدا تۆمار کراوە و ئەمڕۆ دوای ئەوەی گۆڕانییان بەسەردا هاتووە لە زوانی کوردیدا بەکاردێن.

زاراوەی "ئەوکسەتەر، ئەواکستەرە" دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین و لە کەونە نووسراوایی "بێستون" یشدا تۆمارکراوە. لە دەقە ئەکەدییەکانی سەدەی حەوتەمی پ، ز، بە شێوەی "ئەومەکشتر" و لە زوانی فارسی کەوندا بە "هوواخشترا" هاتووە. هەر بەو شێوەیە، "ساتەرپنو" لە ئاشووریدا بە "شتیرپرنە" و لە فارسی دێریندا بە شێوەی "چیترافرنە" دەبینریٚ.

هەروەك "بنڤینسنت" و "براندشتاین ١٩٦٤، ل١١٨" دەڵێن: "فرنە" زارەوەیەکی "ماد" ی فارسی نوێیە کە بەشێوەی "فەر" ی لێهاتووە، لە ئوسیتینی دا "فرن" و لە سوگدی دا"پرن" و لە ختنی و ساکی دا "فارە"یە. لەبەر ئەوە دیاکونوف ئەو زاراوەیە بە زاراوەیەکی "ماد" ی دادەنێت کە هاتۆتە نێو زوانە ئێرانییەکانی تر ٠(دیاکونوف ١٩٥٦ز). ئەم زاراوەیە لە کوردیدا وەك "بیٚ فەڕ" و "بەدفەر" بە یادگار ماوەتەوە کە مانای "بیٚ خێر و بەرەکەت" دەگەیەنیٚ.

زاراوەی "هوە رنە" لە زوانی ئێرانیدا بە "خوە رنە" و لە ئاڤێستادا دواتر بووە بە "خوارە" لە زوانی کوردیدا بووە بە "خۆر". لەم بارەوە دیاکونوف دەڵیٚ: پێویستە بزانین کە لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایین، وڵاتی "ماد" سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئایین و فەلسەفە بووە. مەبەست لەو رستانە دیسان زاراوەی "فرنە" یە کە لەگەڵ زاراوەی ئێرانی "هور - haur" بە مانای "خۆر" یا "رۆژ" یەك رەگەیان هەبووە و لە زوانەکانی (ئێرانی) دا شێوەی جیاجیای پەیدا کردووە. دیاکونوف لە درێژەی باسەکەیدا دەڵیٚ: ( ئەم زاراوەیە لە سەدەی هەشتەمی پیش زاییندا شێوەی "پرنو، پرنە" ی وەخۆ گرتووە ... هەر ئەو زاراوەیە لەلای "سیکث" ییەکان ڕۆخی دەریای رەش بە شێوەی "فرنە" گۆ دەکریٚ (دیاکونوف،١٩٥٦ز،ل٣٧٤-٣٧٣ چاپی رووسی). زاراوەی تری وەك "ئارتا" و "خشاثرا"ش وەك ئەبایف دەڵیٚ: لە زوانی "ماد" را هاتۆتە نێو" فەرهەنگی وشەکانی "سیکث"، ئەمەش ئەو کاتە بووە کە لە وڵاتی میدیا رۆژگاریان بەسەر دەبرد. مانای ئەم زاراوانە لە "ئوسیتینی"



دا هەر وەك خۆیان ماونەتەوە و مانای "ئاشتی- سەلامەتی، سەرکەوتن و سوێند و هیزی جادوویی و هیز و ئازایەتی، دەدەن بەدەستەوە". لەم بارەوە بڕوانە:

Abaev. v.i . osetiski I yazik folkior. I M-L 1949 str. 71.

لە دوو هەزارساڵەی پێش زایین لە دەقە بابلییەکاندا پاشگری وەك "ئیندرا" زۆر جاران بە شێوەی "ئیندار" و "ئیندارا" دووبارە دەبێتەوە.

نازناوی میتانی "پارساشانز" و "ساوششاتر" کە بە "شانز" و "ششاتر" کۆتاییان دێت، لەزوانی "هخامەنشی" دا بە "خشاترا" کۆتایی دێت کەمانای "پاشا" یە، رەگە سەرەکییەکەشی "خشایثیا" و "پاد خشایثیا" یە. ئەم زاراوەیە دواتر بە شێوەی ، کساپرا، کساترا، کسارك،کسیرك، کیسری، کیسر، قەیصەر ... ی لێهات کە لە ئاشووری دا بەرامبەری "شارو" بووە.

"ساتار"، "شتار" و "شاتر" لە (میتانی) دا و "شاثرا"، " خشترا" و ...لە ئێرانیدا چ وەك پاشگر، لە زوانی کوردی ئەمڕۆدا چ وەك پێشگر، گۆڕانیان زۆر بەسەرداهاتووە و بە شێوەی "پادشا"، "یادخشا" و "یادخشاثیا" یان لێهاتووە.

زاراوەی "پری زاتیدە" کە لە کەونە نووسراوەکانی "بابل" دا بە شێوەی "پوروشایتش"، "پوروشاتو"، "پورشاتو" ... تۆمارکراون، لە زوانی کوردیدا بووە بە "پەریزادە".

لە کەونە نووسراوەکانی "بێستون" دا، ناوی "ئەساگارتیا" ی ماد"چیتران تاخما" کە لە ناوچەی "ئەربیل" بەرەنگاری "دارا" ی هەخامەنشی بووە، لە هەمان نووسراوەدا بە زوانی "ئەکەدی"(دێڕی ٦١ و٦٢) بە شێوەی "شیتیرانتاخمو" یا "شیتیرانتاخما" نووسراوە و پیتی "گ" لە ناو نەتەوەی ئەم سەرەدارەی "ماد" دا، گۆڕاوە بۆ"ك" و "زیگیرتو" بووە بە "زیکیرتو". بەم پێیە ناوی قەڵای "سردەککە" گۆڕاوە بۆ "زەردیەکە" واتە پیتی "س" بووە بە "ز". ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیدا "زەردك"ە.

لەلایەکی تر کاتێك پیتی " ه" لە ناوی شاری "هگمتانە" دا بووە بە "ئا" لە دەقەکانی "نابونابیدا" بە شێوەی "ئەگامتانو" دێتە گۆ، هیچ شتیی دەگمەن لەم رێسایەدا وەدی نەهاتووە، زاراوەی "هورداتە" کە لە ئارییاییدا "سورداتە"یە (هورداتە مانای خورداد)، بووە بە "خومرداتو"، "خورداتو"، "خورماتو" هێندێك جار بووە بە "ئومرداتو". لەم بارەیەوە بڕوانە:

Herzfeld  E Zoroaster and His World , vol II princton 1947, p722.

لە سەدەی حەڤدەهەمی پێش زایین نەتەوەکانی "سیکث" لە کوردستان پەیدابوون. دواتر نەتەوەکانی "کیمیری" کە لە بنەڕەتدا کۆچەرانی ناوچەکانی باکووری دەریای ڕەش بوونە بە خرودۆلەکانی قەفقازدا تێپەریون. ناوی ئەم نەتەوانە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی "سەرگۆنی دووەم" لەکەونە نووسراوەکاندا تۆمارکراوە. ئەو نەتەوانە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی "ئورارتو" نیشتەجێ ببوون. بە پێی سەرچاوە یۆنانییەکان، دەتوانین بلێین ئەم نەتەوانەی دەشتەکانی باشووری روسیای ئەمڕۆ، بە یەکێك لە لکەکانی زوانی هیندو ئەورووپی دواون.

پێش دەسپێکی ئەو ڕۆژگارە، بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەم نەتەوانە لەکوردستان بەدی نەدەکرا، وەلێ لەهەمان قۆناغدا، نەتەوەکانی "ماد" هێزێکی سیاسی یەکگرتوویان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بنیاتنابوو و کۆچەرەکانیان لە تێکڕای شوێنە کورد نشینەکانەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەرۆیشتن. لە باکووریش دەوڵەتی "ئورارتو" ڕێگەی نەدەدا نەتەوەکانی "کیمیری" و تارادەیەك "ساکا (سکس)ەکانیش ، لە باکوورەوە بچن بۆ باشوور واتە بۆ دەور و بەری دەریاچەی "ورمێ". هەر لەبەر ئەوە لە هێرشی  ساڵی ٧١٤پ، ز"سەرگۆنی دووەم" بۆ سەر ئەم ناوچەیە، ناوی ئەم نەتەوانە تۆمار نەکراوە.

پێکهاتەی زوانە خۆلاتییەکانی نیشتەجێی کوردستانی دێرین، لە گەڵ زوانی کۆچەرانی هیندو ئێرانی کە بوو بە مایەی پەرەگرتن و بەرز بوونەوەی زوانی کوردی لە هەزارساڵی یەکەمی پێش زایین، دەرئەنجامی کارتێکردنی زوانی چینی فەرمانڕەوای دەوڵەتی میتانی، پەرش و بڵاوبوونەوەی نەتەوەی "سکس" و "کیمیری" لە باشووری کوردستان و دامەزراندنی ئیمپراتۆری "ماد" بوو. لەم نێوەندەدا نابێ لە بیرمان بچێ کە"ماد" ناوی گرووپێك بوو لە ناوچەی تارانی ئێستا، یەکەم جار لە بیست و چوارهەمین ساڵی فەرمانڕەوایی "شلمنصری ئاشووری (٨٣٦ی پ، ز)" ناویان تۆمار کراوە. ئەو قۆناغە لەو سەردەمەدا کە هێشتا مادەکان نە هاتبوونە ناو کوردستان و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و نەتەوەی "سکس" و "کیمیری" ش تا ئاخرو ئۆخری سەدەی هەشتەمی پێش زایین، چاویان بەو دەڤەرە نەکەوتبوو. بەم پێیە ژمارەیەك ناوی جوگرافی و سەرۆك خێڵ لە کوردستان کە پێش ئەو سەردەمە ئاشوورییەکان تۆماریان کردبوون، بە رواڵەت دەگەڕێنەوە سەر خێزانە زوانی هیندو ئێرانی و جگە لە زوانی میتانی پەیوەندییان بەهیچ زوانێکی دیکەوە نییە. بە هۆی ئەم لێك نزیکییە کە بەرفراوانییەکەی ئەگەری بەرێکەوت بوون رەت دەکاتەوە، گومان دەکرێ نەتەوەکانی "ماد" پێش سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری "میدیا" بە کوردستاندا بڵاو بووبنەوە.



دیاکونوف دەلێ: لە سەدەی نۆهەم تا سەدەی حەوتەمی پێش زایین کە زوانی ئێرانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر زوانەکانی تردا کامڵ کرد بوو، زوانەکانی ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان، هێشتا ئێرانی نەبوون. لەم نێوەندەدا ناوی پاشاکانی میتانی لە کوردستان، وەك: پاراتارنا، شوتنارنا، ئەیارتتارنا، ساوساداتتار، ئەرتاداما، ئەرتاشتومار، توشراتتار، شاتتوارا کە لە سەدەی نۆهەمی پێش زایین لە کەونە نووسراوەکانی ئاشووری بە تایبەتی نووسراوەکانی "ئاشوور ناصر پالی دووەم" لە کاتی هێرش بۆ سەر وڵاتی "زاموا" تۆمار کراوە(٨٨١-٨٨٠ پ، ز)، ئەوە دەردەخا کە زوانی هیند و ئەورووپی لە باکووری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك لە پێش سەدەی نۆهەم و هەشتەمی پێش زایین پەرەی گرتووە. کەواتە پێش پەیدابوونی کۆچەرانی "ماد" و ناماد کە بە شێوەکانی زوانێکی ئێرانی دواون، خزمایەتییەکی تایبەت لە نێوان ئەو ناوە کۆنانە و زاراوەکانی هیند و ئەورووپیدا هەبووە، ئەمەش قۆناغی تێکەڵبوونی کۆچەران و دانیشتوانی خۆجێیی ، خیراتر کردووە.

پیش پەیدابوونی ئیمراتۆری ماد، جگە لە دەوڵەتی "ماننا" کە بە زوانی خووڵاتی خۆیان دواون، یەکەی زۆر بچووك هەبوون کە هێشتا یەکیەتییەکی سیاسی هاوئاهەنگیان نەبوو، بەو زوانە دواون کە ئێمە مەبەستمانە. هەر لەبەر ئەوە دەوڵەتی ئاشووری لە هێرشەکانی خۆیدا توانی بە ئاسانی ئەو هێزە بچووکە ناوچەیانە هەڵوەشێنێ. وردە وردە لە نێوان ئەم نەتەوانە پەیوەندی سەرەتایی دامەزرا کە هەرە سادەکەیان، کردنەوەی ئاور بوو لە سەر چیاکان بە مەبەستی یەکتر ئاگادار کردن لە شاڵاوی ئاشوورییەکان.

لە شکرکێشی "ئاشوور ناصر پالی دووەم" لە تێکرای پاشاکانی تری ئاشووری بەهێزتر بوو. ناوبراو بە ڕێگەی "کیروری"دا ڕۆیشت بۆ دەڤەری "زێی گەورە" لە وێشەوە بە پەلە رووی کردە ڕۆژئاوا. لێرەدا ناوچە شاخاوییەکان دەبنە ڕێڕەوی سوپای ئاشوور، وەك "سمیس، سیمرە، ئولمانیا، ئەدواش، خارگا، خرماسا" کە ئەسپ و ئێستر و ئاژەڵ و شەراب بۆ پاشای ئاشوور دەکەنە دیاری، ناوچەی "گلیزان"یش ناچار دەبێ خەرجی سەفەرەکە و ئەسپ و زێوەر و کەلو پەلی مسیین بکەن بە دیاری. لە ناوچەی "زاموا" ئاشوور ناصر پال سێ پاشایەتی گچکەی لەناو برد: "موساسینا" کە ناوەندەکەی قەڵای "بوناسی" یا "بونایس" بوو، "دگاراکنور" و "کیرتیارا" کەناوەندەکەیان قەڵای "لاربوسا" بوو. پاشای ئاشووری باجێکی زۆری لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە دانا، وەلێ دوای دوو ساڵ میرنشینی "ئامیکا" و "ئارشتوا" سەرپێچیان لە باجدان کرد، لەبەر ئەوە پاشای ئاشوور دووبارە هێرشی کردە سەریان. ئەو

هێرشە لە "بار" ناوەندی "کیرتیارا"، "سابینا" ناوەندی "خودون" و ناوچەکانی دەوروبەری چیای گەردن کشی "هاشمار"، خوێن رشتن و تالانێکی زۆری لێکەوتەوە. دوای ئاشوور ناصر پال، پاشایەکی تری ئاشووریش، هەواڵی رووداو و هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ئەو ناوچەیە بە یاداشت کردنی ناوەکان ، تۆمار کردووە. لێرەدا هێندێك لەو ناوانە تاوتوێ دەکەین:

**١- ئاراشتوا:**

سپایزەر پێیوایە ئەم زاراوەیە ناوێکی کۆنە لە کوردستان، وەلێ ئێستا گومانی تێدانییە زاراوەیەکی هیند و ئارییییە. ئەم زاراوەیە لە ئێرانیدا بە شێوەی "ئارشاتائوا"، "رشاتاواە" بووە و دواتر بووە بە "ئاراستی". یڤستی دەڵێ: ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئاراستیا" تۆمار کراوە. لە ئاڤێستاشدا هەر بە شێوەی "ئاراستیا" ماوەتەوە. پاشگری ئەم زاراوەیە "توا" کە لەئێرانیدا "تاوا"یە، لەگەڵ پاشگری گشتی "تی، تیا" کە لە زوانە کۆنەکانی کوردستان بەکارهاتووە، جیاواز. توا لە "ئاراشتوا" پاشگرێکە وەك ئەو پاشگرەی لە زاراوەکانی "پاراتاتوا و راماتوا" بەکار هاتووە و هەمان "تاواس"ی زوانی هیندییە کە لە کوردیدا وەك "تاو" ماوەتەوە بەمانای هێز و توانا. ئەم زارائیە لە ناوی "سکس" یەکاندا بەدیدەکرێ وەك: تیگراتاوا، دەرگاتاوا= تیرتاو و درژتاو.

زاراوەی "ئارشتوا" یا "ئارش" لە بنەڕەتدا "ئوشا"یە. لەبەر ئەوە "ئەرشاتوا" لە قالبی "ئارشائارا" دا، مانای بەتوانایە و هێنێك جار لە ناوی ئاژەڵیشدا دەبینرێ وەك: سیورشان، سیوسپا، ئاراجات ئەسپا، ئاراجات ئارشان.

**٢- ئامیکا:**

پاشگری ئەم زاراوەیە "کا" پاشگرێکی خۆڵاتی کوردستانە، لە ئێرانیدا بووە بە "ئامایکە" و لە یۆنانیدا بووە بە "ئامایکوس" رەگەی سەرەکی لە دوو هەزار ساڵی پێش زایین "ئامایە" بووە.

"سرمات" رابەری نەتەوەی "سکس" لە یۆنانیدا بە "ئامایکوس" و لە زوانی "ئوسیتینی" دا بە شێوەی "ئامایك" هاتووە کە بەرامبەری "بیناکار، سازکار" ە. زاراوەی "مای" لە فۆنەتیکی زوانی هیندو- ئێرانیدا مانای "دروستدەکا".

**٣- ئەورزانە:**

پاشای ناوچەی "موساسیر" (رواندز- شنۆ) لە ساڵەکانی ٧١٥-٧١٤ پێش زاین بووە. ئەم ناوە کە لە لایەن ئاشوورییەکان "سارگون" و "ئورارتو" ییەکان تۆمار کراوە هێندیك جار



وەك" ئاورزان، ورزان" دەبینرێ. یۆنانییەکان ئەم زاراوەیان بە شێوەی "برزانیس- برزان" تۆمار کردووە. لەم بارەوە بڕوانە کتێبی (گرانتوفسکی هەمان ل**٢٨٩** چاپی روسی).

هەر بەو شێوەیە "ئاماجەییگ" یا "ئامایە بیگ" لە "ئوسیتینی (ئالانی) ئەمڕۆدا" هەمان زاراوەیە کە لە ئاڤێستا (وندیداد و یشت) دا بە شێوەی "ئامە یانت، ئاماتو"، ئامادە ، هاتووە، لە زوانی بابلیدا مانای "ماربانی" وەخۆ گرتووە.

**٤- کیرتیارا:**

ئەم زاراوەیە ناوێکی کۆنە لە کوردستان کە بە پاشگری ئێرانی و هیندی "را"، "ئارا"، "ئارە" کۆتایی هاتووە. لە روانگەی "ملکشویلی" ئەم زاراوەیە وشەیەکی ئاوێتەیە کە لە چەند بەشی لولوبی دروستکراوە (کیور "خوا"+پاشگری تی+ ئارا) لەکاتێکدا پاشگری "ئارا" لە هێندێك زاراوەی "میدی" دا وەك "تیگرا ( مانای تیژ)" بەرچاو دەکەوێ.

بەشی یەکەمی ئەم زاراوەیە "کرت" مانای "کرد"ە کە چەندا مانا دەگەیەنێ، لەوانە: کار، جووڵان، چالاکی، بزاوت و... لە زوانی هیندیدا بە "کرتی" و لە فارسی میانەدا بە "کرتیر" و لە "پارتی"دا بە "کردیر" تۆمار کراوە.

**٥- ئەرتە سری:**

ئەم زاراوەیە ناوی پاشایەکی ناوچەی "شوردیر" ە لەنزیك سەرچاوەی زێی گچکە، کە لە ساڵی ٨٢٨ی پێش زایین لە سەردەمی دەسەڵاتی "شلمنصری ئاشووری" لە وێ فەرمانڕەوا بووە. ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پیکهاتووە: "ئەرت" مانای پاك و تەمیز، "سەر"یش هەر سەرە کە وێکڕا دەبنە "سەر پاك". لە بەڵگە نامەکانی هەورامان، سەدەی یەکەمی پێش زایین، ئەم زاراوانە: ئارتائەستاتا، ئەرثاس ئات، ئارتە دانیا، ئاردین ... بەدی دەکرێن. لە سەردەمی هەخامەنشییەکانیشدا ئەو زاراوانە هەبوون کە بە "ئارتە" دەسپێدەکەن، وەك: ئارتا خشاسا= ئەرتکسیرکس، ئەرتبان، ئارتا فارنا، ...

**٦- ئەوپو:**

رابەری ناوچەی "گیلزانا"( دەڤەری باکووری ئاشوور، لە نێوان دەریاچەی وان و ورمێ) لە سەردەمی "توکولتی نینورتای دووەم" ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان کۆمەڵەی زوانی.

**٧- ئاسو:**

هێندێك جار بە شێوەی "ئاسەو" یا "سوا" دەبینرێ، ئەمیش هەر ناوی فەرمانڕەوایەکی ناوچەی "گلیزانا" یە لە سەردەمی شلمنصری سێهەمدا.

**٨- کاکی:**

یەکێك بووە لە سەرکردەکانی "هوبوشکیا" لە باکووری ئاشوور. ئەم ناوە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٨٥٩ ی پێش زایین بە شێوەی "کاکیا" تۆمارکراوە، هەر لە هەمان ساڵدا جارێکی تر دووبارە بۆتەوە. هەر ئەو ناوە لە ساڵی ٨٥٦ ی پ، ز بە شێوەی کاکی نووسراوە. بڕوانە کتێبی( F.justi, 1895. p. 152 هەروەها کتێبی K. Tallqvist 1918, p111) لە ساڵی ٥٢٠ ی پ، ز، زاراوەی "کاکیا" ناوی پیاوێکی "ماد"ی بووە. لە شانامەشدا "کاکویی" ناوی نەوەی " زوحاك"ە.

لە زوانی (ئێرانی) دا "کاکا، کاکو" مانای برا، مام، خاڵ و لەزوانی کوردیدا بە مانای "برا گەورە" دێت. "کاکی" لە ساڵی ٧٤٤ی پێش زایینیشدا بەدیکراوە. ئەمجارەیان ناوی رابەرێکی ناوچەیەکە نزیك وڵاتی "پارسوا". مالکشویلی دەڵێ: کاکیا فەرمانڕەوای "هوبوشکیا" کە دامەزراوی دەستی ئاشوورییەکان بووە، پیاوێکی "هوری"بووە. (بڕوانە Melikishvili 1954.p92). لە ساڵی ٨٣٦ی پێش زایین لە کەونە نووسراوەکانی "شلمنصری سێهوم" ناوی یەکێك لە شازادەکانی ئەو دەڤەرە "کیکی" بووە. هەروەها " کاکە, کاکییە" وەك ناو یا نازناو، لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێشچ زایین.

**٩- داتانا:**

ئەم زاروەیە لە ساڵی ٨٢٨ی پ,ز بە شێوەی "داتا" بووە، لە ساڵی ٨٢٧ی پ,ز بە شێوەی "دادی" و لە ساڵی ٨٢٠ ی پ,ز لە لایەن "شمشی پێنجەم"ەوە بە شێوەی "داتانا" تۆمار کراوە. ئەم کەسە (داتانا) رابەری ناوچەی "هوبوشکیا" بووە و گۆڕانی فۆنیمی "د,ت" کە لە زوانە کۆنەکانی خۆڵاتی و زوانی کوردی ئەمڕۆشدا دەبینرێ، باو بووە. ملکشویلی دەڵێ: "دادی" زاراوەیەکی "هوری" یا "سوباری"یە کە لە زوانە کۆنەکانی ئەو دەڤەرەدا هەبووە. لە "زامودا"شدا بە شێوەی "ددا" بووە. (بڕوانە Melikishvili 1954.p92 چاپی روسی). بێگومان ئەم زاراوەیە لە زوانەکانی ئێرانیشدا بە شێوەی "دات، داد" و لە نێو کاسییەکاندا دەبینرێ و بەشێوەی "داتاس" لە ژێر ناونیشانی زاراوەیەکی "ماد" ی لە یۆنان تۆمار کراوە. (شێوەی "داتامیس" و "دادای"یش هەن). ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە شێوەی "ددە" بەمانای (بدە) یە( وەك نانبدە/ و). لە ناو "سکسی" و "سرمات" ەکان بە شێوەی "داداس، دادوس، داداگوس و دادایوس" بە کار براوە.



ئەم زاراوەیە لە سەر هێندێك ناویش هەیە، وەك "داداپارنا، داتتا، داداتتاکا و دادو. بەشی دووەمی زاراوەی "داتانا"، "انا" بووە کە کۆتایی ناوی کەسی ئێرانییە.

**١٠- کوندشپی:**

ئەم زاراوەیە بە شێوەی "کوشتشپی" و لە کەونە نووسراوەکانی "تیگلات پلاسری سێهەم" یەکەمجار لە ساڵی ٨٥٤ ی پ,ز و دووەم جار لە ساڵی ٧٤٢ی پ، ز، کەوتۆتە بەرچاو. لە راستیدا ئەم زاراوەیە "گوندەسپە" یە و لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا بە شێوەی"وینداسپە، ویشتاسپە" بینراوە. لە سەردەمی ساسانییەکان و سەدەی شەشەم فەرماندەی سوپای پیادە ( یەکێك لەسەر لەشکرەکانی بەهرامی چوبین) نازناوی "کوندا گوشاسپ" بووە. ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە "کوندك یا کوندە" واتە پاڵەوان، جەنگاوەر، ئازا و "ئەسپە" مانای "ئەسپ"ە. زۆر وێدەچێ ناوچەی "کوندەکی دیری" لە سەرووی زێی گەورە کە لە دەوروبەری "کەلەکی یاسیناغا" یە و لە شەڕی "گوگمیلا" ئۆردوگای "دارا" و "ئەسکەندەری" مەکدونی بووە، هەمان "کوندەك" ی هەزار ساڵی پێش زایین بووبێ. بە ئەگەری زۆر، دەشێ زاراوەی "گوندوك" شێوەیەکی تری ئەم زارەوەیە بوبێ کە ناوچەیەکە لە دەوروبەری زاخۆ و ناوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەرەتایی چاخی بەردینی نوێ و لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدییەکان ژیانی تێدا بووە،.

**١١- بارو:**

ناوی کەسێك بووە لە سەدەی نۆهەمی پێش زایین، کە شێوەی ئاشوورییەکەی "بیت بارو یا بیت باروا"یە کە لەلایەن "سنخریب" و "تیگلات پلاسری سێهەم" وەك ناوی باژێڕێکی جوگرافی و دەڤەرێکی کەنار "بیت ها هامبان" و "ئیللیپی" لە باکووری رووباری "سیروان" ، تۆمار کراوە. ئەم زاراوەیە لە کەونە نووسراوەکانی "ئورارتو"دا بە شێوەی "باروانا" هاتووە. دواتر چۆتە نێو زوانەکانی ئێرانی، لەوانە زوانی فارسی کۆن و لە کەونە نووسراوی "بێستون" دا وەك ناوێکی ئاوێتە "کاوباروا" هاتووە و دواتریش شێوەی "گاوباروا"ی وەخۆ گرتووە لە کۆتاییدا بووە بە "گوبارو یا گوبار" کە ناوی ئەو سەرداره "کوتی" یەیە کە پێش کورش چۆتە ناو شاری بابل و رووبارێکیشی بەناوەوە کراوە. (نارگوبارو= نهرجوبار) ئەم زاراوەیە لە زوانی هیندی کۆندا بە شێوەی "بەهارو" و "باروا" تومار کراوە و بەمانای "گەورە و ئاغا" دێت. (بڕوانە F. Justi 1895 R.Kent 1956).

**۱۲- پیریا:**

ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر سەرچاوەکانی "زێی گەورە"، لەگەڵ خاکی "شیتوارا"، "توبال"ی پێدەگوترێ. (بڕوانە Husing 1930, 225; Scheftelowitz 1902, 276; Tallqvist 1918, XXIV)

لە ئێرانیدا ئەم واژەیە بە شێوەی "فریایا"، "فریریا" تۆمارکراوە (Husing 1930, 225). لە زوانی فارسی نوێدا ئەم زاراوەیە بە شێوەی "فری" و لە هیندی کۆندا "پریا" هاتووە لە زاراوەی "پری" کە بەمانای " خۆشی" دێت وەرگیراوە. ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بۆ ناونانی کەسێك یا بنەماڵەیەك بە شێوەی "فریا" و "فریانە" بەدیدەکرێ. هەرچۆنێك بێ ئەم زاراوەیە مانای "خۆشی"، " خۆشویستن" و "جوانی " دەدات، جا چ ناوی کەس یا ناوێکی جوگرافیایی بێت.

ناوی "شیتوارا" لە کەونە نووسراوەکانی ئێرانیدا هەر بەو شێوەیە تۆمارکراوە، وشەیەکی پیکهاتوو لە "شیتی" مانای "ژینگە" و "واریا" کە لە"وار" وەرگیراوە واتە "بژارتە"، هەردووکیان لە پاڵ یەکدا "ژینگەی هەڵبژاردە" دەگەیەنن.

**۱۳- پیری شاتی:**

ناوی یەکێکە لە فەرمانڕەوایەکانی وڵاتی "ماننا" کە لە کەونە نووسراوەکانی پاشایانی "ئاشووردا" ناوی " گیزیلبوندە"یە و لە ساڵی ۸۲۰ی پ,ز کەوتۆتە بەر هێرشی "شمشی ئەدادی پێنجەم". (دیاکونوف ۱۹۵٦ ل۱٦٥ چاپی روسی). بیروڕای جوراوجۆر لە سەر شێوەکانی تری ئەم ناوە هەیە، وەلێ گومانی تێدانییە ناوی وەزیری فەرەیدون "پیرشاد" بووە کە لەگەڵ ئەم زاراوەدا بێ پەیوەندی نییە. (بڕوانە **مجمل التواریخ**)، لە بیرمان نەچێت ناوی "پەریزاد"یش زۆر لەم زاراوەیە دەچێ. "پور" و "پرو"ش هەمان مانا دەگەیەنن.

**۱٤- ئێرتی زاتو:**

لە هێندێك دەقی کۆندا بە شێوەی "ئێرتی ساتی" تۆمارکراوە. ئەم زاراوەیە ناوی کەسێك بووە کە دواتر لە زوانی ئێرانیدا قالبی "ئەرتە+ زاتە" ی گرتووە. ( بڕوانە Schefelowiytz 1902, p 275). ئەم زاراوەیە بە شێوەی "رتە جاتە"ش بینراوە، وەلێ شێوەی کۆتایی بۆتە "ئەردەزاد" واتە " نەوەی پاك".



**۱۵- برزوتە:**

ئەم ناوە لەگەڵ زاراوەی پێشوو تۆمارکراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە " برز" یا "بەرز" زاراوەیەکی کوردییە لە فارسی کۆندا "بربد" و لە هیندیدا"برە" بووە، بەشی دووەم "وتە" پاشگرێکی کوردییە.

لە کەونە نووسراوەکانی (بابل) دا وشەی ئاوێتە لە گەڵ پاشگرەکە دەبینرێ، وەك: بیرزیبیا، برزاینا. (بڕوانە Eilevs 1936, 171, 188) و هەروەها "شاتە برزانە" (بڕوانەBenveniste 1958, 53).

"ساتراپ ئاراخوسیا" سەرزەمینی یۆنان لە سەردەمی"دارای سێهەم"دا، ناوی "بارزانیس"، (بارزان+ تیس) بووە. ئەم زاراوەیە لە رۆژئاوای خاکی "میدیا" بە شێوەی "برەزەوەنت، برەزەوەند" گۆکراوە.

**۱٦- تانە:**

ئەم ناوە ئێرانییە هەر مانای باوك بووە و لە هیندیدا بە شێوەی "تتە" هاتووە. لە "ئاشوور"ی، "سکسی" و "سرمات" یدا، ناوی کەس بووە. ئەمڕۆ لە زوانی کوردی (دیالێکتی گۆران)، بولگاری و ئەڵمانی بە مانای باوك بەکار دەبرێ و لە ئینگلیزیدا بۆتە "دادی".

**۱۷- کرنە کوش:**

ئەم زاراوەیە، ڕەسەنەکەی "کرنەك" و "وش" (پاشگر خۆڵاتییە بەرامبەر "وکا، کا") یە و هێندێك جار بە شێوەی "کرنە وکا" یا "کورنەکا" بەکار هاتووە. "کرنەك" لای ئەرمەنییەکان ناوی پاشایەکی ئەرمەنی بووە، کە لەلایەن "موسا خورینی" تۆمار کراوە؟ (بڕوانە Justi 1895, 165). "کورنەك" لە کوردیدا مانای "کوڕ"ە. لە زوانی ئێرانی کۆندا" کورنەکە" و لە فارسی میانیدا "کورەك" بووە. (بڕوانە Bailey 1953, p,268). بە کۆچکردنی نەتەوەکانی ئێرانی زوان، بەتایبەتی "ماد" ەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین، ناوە خۆڵاتییەکان لە ژێر کاریگەری ئەم کوچەرییە نوێیانە گۆڕانیان بەسەردا هات، بەتایبەتی لە ناوچەی باکووری میزۆپۆتامیا. بە چەند زاراوەی تر درێژە بە باسەکەمان دەدەین.

**۱۸- توناکا:**

لەسەردەمی "تیگلات پلاسری سێهەم" یەکێك بووە لە فەرمانڕەوایە بەناوبانگەکانی دەڤەری باشووری دەریاچەی ورمێ. (بڕوانە دیاکونوف ۱۹۵٦ ل ۱۹٤ چاپی روسی). پاشگری

"کا، اکا" خولاتییە. بەشی یەکەمی ئەم ناوە "تون" مانای "تونا"یە. ( بڕوانە گرانتوفسکی ١٩٧٠ ل ٢٢٨).

**١٩- زاتەی:**

ناوی کەسە و دواتر بە شێوەی "بیت زانی" بوو بەزاراوەیەکی جوگرافی. ئەم ناوە لە لەگەڵ "کاکی" لە ناوچەی "مەهاباد"ی ئەمڕۆ لە سەردەمی "تیگلات پلاسر" و "سەرگۆنی دووەم" بەکار هاتووە. (بڕوانە یوستی ل١٥٢).

**٢٠- سنگی:**

لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی پێش زایین، وەك ناوی کەس چەندین جار لە لایەن پاشایانی "ئاشوور" تۆمار کراوە. دواتر وەك ناوی وڵاتی "سنگیبوتی" هێندێك جار بە شێوەی "بیت سنگیبوتی" و "کور سنگیبوتو" لە کەونە نووسراوەکاندا هاتووە. لە بارەی ئەم زاراوەیەدا بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، وەلێ توێژەران پتر بە مانای "خاکی پیرۆز" ی دادەنێن. لە زوانگەلی جیاوازدا بە شێوەی "سنگواتی"، "ئسنگواتی" و ... هاتووە. (بڕوانە Bartholomae 1893; Alier V6, 96). لە ساڵی ٧١٤ی پ,ز ئەم دەڤەرە لە باکووری دەریاچەی ورمێ و دەور و بەری "خوندورە- کوتورە"، لە ژێر دەسەڵاتی "ئورارتو" دا بووە. (بڕوانە ملکشویلی، ١٩٥٣ ل٣٠ چاپی روسی).

**٢١- ئورشانیکا:**

شار و شوێنی فەرمانڕەوایی وڵاتی "سنگی" یا "بیت سنگیبوتی" بووە. ئەم زاراوەیە بەبێ پاشگری "یکا" بە شێوەی "ورشان"، "ورشنی" و "ورشنا" هاتووە کەمانای بە توانا و مەزن. بەتایبەتی "ورشنیکا" و "ورشانکە" لە "ریگ ودا" و "ئاڤیستا" دا چەندین جار بەهەمان مانا بەکار هاتووە.

**٢٢- میتاکو- ی:**

ناوی فەرمانڕەوایەکی "بیت سنگی" یە لە ساڵی ٦٤٤ی پ, ز، "سرمات" و "سکیث"ەکان بەم ناوەیان ناون و یۆنانییەکان بە شێوەی "میثاکوس" و هێندێك جار بە "میداکوس" تۆماریان کردووە. (بڕوانە یوستی ١٨٩٥ ل٢٠٤ و zgusta 1955. 118-197) "یوستی" ئاماژە بەوە دەکا کە هەر ئەم زاراوەیە لە سەدەی دەهەم لەلایەن "دیلمیان" بەکاربراوە.



**٢٣- بوردادا:**

فەرمانڕەوای ناوچەی "نیروتاکتی" بووە کە شوێنێکە لە نیوان "بیت کاپسی" و "تسیبور" لە باشووری دەریاچەی ورمێ. "شیفتیلوتیس" ئەم زاراوەی بە "بورداتە" خوێندۆتەوە. (بڕوانە شیفتیلووتیس ١٩٠٢ ل٢٧٦). ئەم زاراوەیە شێوەی فارسی کۆنە کە لە ساڵی ٦٧٢ ی پ, ز بە شێوەی "بوردای" لە لا یەن "ئەسرحدون" تۆمارکراوە. لە زوانی "ماد" دا بە "بەرەزدای" هاتووە کە مانای زۆر زیرەك دەگەیەنێ. (بڕوانە گرانتوفسکی ١٩٧٠ ل٢٣٩)

**٢٤- ئازا:**

ناوی پاشایەکی "ماننا"یە لە کوردستان لە سەردەمی" سەرگۆنی دووەمی ئاشووری"، کوڕی "ئیرانزوا"یە کە لە شەڕی دژی فەرمانڕەوایانی "ئورارتو" یارمەتی شای ئاشووری دا. دوای ئەوەی ئاشوورییەکان لە ساڵی ٧١٩ ی پ, ز, گۆڕانکارییان لە ناوخۆی "ماننا"دا ئەنجامدا، "متانی" رابەری "زیگورتو"یەکان(ئاسە گارتی) و "بگداتی" رابەری ناوچەی "تویشدیش" پاڵیان وەپاشای "ئورارتو" داو دژی "ئازا" پاشای "ماننا" راپەڕین. "ئازا" لە ساڵی ٧١٦ی پێش زایین کوژرا. رەنگە ناوی "ئازا" لەگەڵ زاراوەی "ئاسو" پاشای ناوچەی "گلیزاتا" پەیوەندی هەبێت و گومان دەکرێ ناوی پاشای "سکس" (سکث) بێت کە لە زوانی هیندیدا بە شێوەی "ئازیس" و" ئوزوس" تۆمار کراوە.(بڕوانە justi 1895.p 53-54 و Zgusta.1955; p52). لە ئێرانی دێریندا زاراوەی "ئازە" لە زاراوەی "ئاز" سەریهەڵداوە کە مانای رابەری کردنە. لە بەڵگەنامە عیلامییەکاندا کە بەرهەمی نووسراوەکانی "پرسپۆلیس"ە، ئەم ناوە بە شێوەی "ئاسەکە= ئازەکە" بووە. (بڕوانە Benveniste). وێدەچێ لە پاڵ ئەو ناوانەی بەتەواوی "ماننا" یین وەك "ئیرانزو، ئولوسونو، ئواللو" و "ئیرسینی" و ناوی "ئەکەدی" وەك "بیلخابو"، ناوی ئێرانیش بەکار هێنرابن.(بڕوانە دیاکونوف ١٩٥٦ ل٢٥٥-٢٦٤). ناوی سەرۆك خێلەکانی دەوروبەری "ماننا" وەك "تلوسینا" لە ناوچەی "ئەندیا"، "شولوسونو" لە رۆژئاوای "ماننا" هەروەها "موساسینا چ لولوبی و چ کوتی"، پەیوەندی زوانناسی بەرچاویان لەگەڵ زوانی دەڤەری "ماننا" دا هەبووە.

**٢٥- زەردوکا:**

ناوی فەرمانڕەوای "خەرزیانو" یە کە بە شێوەی "زردوکو"، "زردوکا" تۆمار کراوە، ئەم زاراوەیە لە زاراوەی "زرد" ی هیندی کۆن "هەرد" بە واتای "زەرداو" سەری هەڵداوە. "سترابو" بە شێوەی"زردوکیس" تۆماریکردووە. (بڕوانە Strabo X11. 3,25). لە باکووری

رۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە ، واتە باکووری کوردستان، ئەم زاراوەیە لە سەردەمی "بیزانس" لە لایەن "سکیپ" و "سرمات" و " فارسەکان بەکار براوە. (بڕوانە Zgusta 1955, p125,152,329).

**٢٦- زردیەکە:**

ناوی شارێکە لە "میسی" لە وڵاتی "ماننا" لە ساڵی ٧١٤ی پ,ز تۆمار کراوە. ئەم زاراوەیە هەرچەند زاراوەیەکی جوگرافییە وەلێ لە "زردوکا" وەرگیراوە.

"زردیەگە" مانای "ناوەوە، ناوەند"ە، لە ئاڤیستادا "زەرەدایە" و لە هیندی کۆندا بە شێوەی "هردایە، هردایا" هاتووە. پاشگری ئەم زاراوەیە نیشانەی خۆڵاتی بوونیەتی کە هێشتا لە زوانی کوردیدا، نیشانەی خۆشەویستییە، وەك بەبەکە، براکە و...

**٢٧- دەسوکو:**

ناوی فەرمانڕەوایەکی خۆڵاتییە لە ولاتی "ئیللیپی" باکووری کرماشان، لە سەردەمی "سەرگۆنی دووەم تۆمارکراوە و بەمانای "دەوڵەمەند و بەتوانا دێت. لە ئاڤێستادا بە شێوەی"دەسە، دەسەتەوەنت" واتە دەوڵەمەندێکی بە دەسەڵات و خاوەن کەسایەتی، لە فارسیدا بە شێوەی "دث" بەکار براوە کە مانای "لەش ساغ" ە.

**٢٨- ئەسپە بارە:**

ئەم زاراوەیە لە تەك زاراوەی "دسوکو" و لە ناوچەی "ئیلیپی" تۆمارکراوە و لە دوو بەش پێکدێت، "ئەسپ+بار" واتە سوار. ئەم زاراوەیە لە کوردستان و لەلای "سکیث" و "ئالان"ی "ئێرانییەکانیش بەکار هاتووە.

ناوی فەرمانڕەوای "سکیث"ە لە باکووری کوردستان لە سەردەمی "ئەسەرحدون". "سکیپ" ەکان ئەم زاراوەیان بەشێوەی "ئەسپاکە" بەکارهێناوە. ئاشوورییەکان بە "ئەسپاکە" کەڵکیان لێوەرگرتووە کە مانای "سەگ"ە، وەلێ "ماد"ەکان زاراوەی "ئەسپاکۆ"یان بۆ مایین بەکارهێناوە. بڕوانە (هرودت، کتێبی یەکەم، بەندی ١١) و (جوستین، کتێبی یەکەم، بەندی ٤)

**٣٠- کارەکە:**

ناوی فەرمانڕەوای "ئوریاکو"یە لە سەردەمی "سەرگۆنی دووەم". ئەم زاراوەیە لە بنەچەکەدا مانای "فەرماندەی هێزی میللی- ناسوپایی" یە لە "کارە" وەرگیراوە کە مانای "هێزی میللی و عەشایەر" ە. زاراوەی کاروانیش هەر لەوەڕا دروستبووە. هێندێك جار لەگەڵ وشەی"پاتی" بە شێوەی "کارەپاتیش" بەکار هاتووە.



**٣١- کیتاکی:**

فەرمانڕەوای ناوچەی "ئوریانگی" یە لە رۆژهەڵاتی "میدیا" (کوردستان). ئەم زاراوەیە لە ساڵی ٧١٤ی پ.ز، لە کەونە نووسراوەکانی ئاشووریدا تۆمارکراوە. ریشەی ئەم زاراوەیە "کتاکە" کە لە "کەیت، کیتە" کەمانای بیرکردنەوەیە، وەرگیراوە. لە ئاڤێستادا "کەییتە"یە مانای ئارەزوو و ئامانج و لە هیندی کۆندا بە شێوەی "کتیە" هاتووە. (بڕوانە Justi 1890; p 153,154)

**٣٢- ئەسروکە:**

لە زوانی کوردیدا ئەسرین لە ئەرمەنی کۆندا "ئەسروك" و لە ئیرانیدا بە شێوەی "ئسروك" هاتووە.(بڕوانە Justi. 1895; p47) "ئەسرون" لە "ئە ثروان" وەرگیراوە.

**٣٣- دەیوکو:**

لە بنەچەکەدا "دەیوکا"، "دەهیوکا"، "دەیوك" و "دەهیوك"ە مانای فەرمانڕەوا. ناوی فەرمانڕەوای ناوچەی "میسی"یە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین لە وڵاتی "ماننا"، هاوکاتە لەگەڵ ئەو کاتەی "زردیاکا" و "زیکیرتو" لە ژێر دەسەڵاتی "ماننا" دابوونە. ئەم نازناوە لە زاراوەی "دێ" وەرگیراوە، هەردووکیان زاراوەی مادیین.

**٣٤- زیکیرتو:**

ئەم زاراوە"ئەتنونومی" و "توپونومیك"ە، ناوی نەتەوەیەك و زاراوەیەکی جوگرافییە، لە ساڵی ٧١٩ی پ, ز تۆمار کراوە و لە کەونە نووسراوەکانی "سەرگۆنی دووەم"دا چەند جار بینراوە. رابەری ئەم نەتەوەیە "میتانی" و پایتەختەکەی شاری "پەرەدە"بووە. لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە کەونە نووسراوەکانی (بێستون) دا و بە شێوەی "ئەساگارتە" لە بابلیدا بە "سگرتو" تۆمار کراوە و لە یۆنانیدا بە شێوەی "سگرتیا" یا "سگرتیو" دەبینرێ. دواتر "زاگروت" بۆ ناوی زنجیرە چیاکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە کە "زاگرۆس" ی ئەمرۆیە، بەکارهاتووە. گرانتوفسکی دەڵێ: ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. لە باکووری رۆژئاوا ئێرانی "ئەسە" مانای ئەسپ و "گرتە" بە مانای گالیسکەیە. لە راستیدا ئەگەر ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئەسنگرتیا" تۆمار کرابێ، مانای "سەنگ تراش" دەگەیەنێ و نەتەوەی نابراو لە ناوچەی "سیعرت"، "ئەربیل" و.... بڵاو بوونەتەوە.

**۳۵- کوندرو:**

شێوەی کۆنی زاراوەی "قوتور"ی ناوچەی شوکاکە. ئەم زاراوە جوگرافییە لە ناوی خواوەند "کوندە" وەرگیراوە. شاری "کوندور" لە کەونە نووسراوەکانی (بێستون) دا ناوی شارێکی مادەکانە و لە عیلامیدا بەشێوەی "کونتاروش و کوندارو" هاتووە.( بڕوانە Herzfeld 1974; 725). ئەم زاراوەیە لە ئاشووریدا "خوندورد"ە.

**۳۶- باگ تیشوب:**

ناوی یەکێکە لەو خوایانەی، دانیشتوانی دەوڵەتی "ئاشوور، ئورارتو و ماننا" کە لە کوردستانی ئەمڕۆدا ژیاون، پەرستویانە. ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە : باگ و تیشوب (واتە خوای پەرستراو). خواوەند تیشوب/ تیسوب، خواوەندی مەزنی هورییەکانە کە لە ناوچەی "موساسیر" پەرستویانە (ئەم زاراوەیە لە لای "ئورارتو"یەکان "تیشیبا"یە). ناوی "باگبارتا"، "باگداتی" و... زاراوەی جوگرافی "باگ ماشتو" کە ناوی پەرستگایەك بووە، لە زاراوەی "باگ" وەرگیراون. بەم پێیە دەبینین لەو سەردەمەدا کوردستان لە ژێر کاریگەری سێ کلتووری دابووە: ئاشووری، ئورارتو و ئێرانی واتە سامی و قەفقازی و هیند و ئەوروپایی، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە زاراوەی جوگرافی و ناوی نەتەوەکان و نازناوی کەسەکان لە زاراوەگەلی ئەم سێ شارستانییەتە، وەرگیراون.

**۳۷- پاتی ئالدی:**

فەرمانڕەوای ناوچەیەکی نزیك شاری "توروشپە" پایتەختی "ئورارتو" و هاوئاراستەی رەوتی سیاسی ئاشوور بووە. ئەم زاراوەیە لە زاراوەی هیندو- ئاریایی "پارنا" و ناوی خواوەندی مەزنی ناوچەی "هالد، خالد" وەرگیراوە. رێنووسی "خالد" تەنیا لەم واژەیە داو لە کەونە نووسراوێکی "کێلە شین" دا بە شێوەی "ئالد" دەبینرێ و ماناکەشی "دەسکەوتی خالد"ە. زاراوەی پارنا لە ناوی کەسانی وەك "باگاپارنا"، "ئاهورپارنا" دا بەدی دەکرێ. زاراوەی "ئەوری پارنا" مانای "خۆشی ئاسمانی" یە.

لە سەردەمی "سەرگۆنی" دا لە برگەی جیاجیای زەمانید، "ئاشوور"، "ئورارتو" و "ماننا"، یەکیەتی نەتەوەیی "ماد"، ساکس" و "کیمیری"یان خستە ژێر کارتێکردنی زوان و ئایین و رەگەزی خۆیان کە دانیشتوانی ئەودەمی کوردستان بوون، لە ناو هەریەك لە نەتەوەکانی دانیشتووی کوردستانی دێرین تێکەڵەیەکی زوانی و ئایینی و رەگەزی سەریهەڵدا. سەرئەنجام مێژوو لەم ناوچەیەی رۆژهەڵاتی نزیك، رەئی خۆی دا بە دەسەڵاتی مادەکان.



# زوانی کوردی لە قۆناخی هیلینی و بەڵگەنامەکانی "هەورامان" دا

**۱- کورتەیەك لە مەڕ بەڵگەنامەکانی هەورامان:**

لە دەسپێکی سەدەی بیستەمی زایینیدا گرینگترین رووداوی مێژووی کوردستان، دۆزینەوەی چەند کەونە نووسراوی سەردەمی هیلینی بوو ( واتە یەکەم سەدەی پێش زایین) لە ناوچەی هەورامان کە سێ پارچەیان سەعیدخان پزیشکی چاو لە سنە، ناردی بۆ توێژەرانی بەریتانی. دوو پارچە لەو کەونە نووسراوانە دوای شەش ساڵ لێکۆڵینەوە، سەرئەنجام لە لایەن "پرۆفیسۆر مینس" خوێندرانەوە و دەرئەنجامەکەشی لە گۆڤاری "توێژینەوەی هیلینی" دا چاپکرا (Journ Hell. Stud. 35, 1915). سێهەمیان کە بە رێنووسی ئارامی نووسرابوو، دوای دەساڵ لە لایەن "کاولی" ناوێك خویندرایەوە و لە گۆڤاری سەڵتەنەتی "کۆمەڵگای ئاسیایی" لە وتارێکدا چاپ و بڵاوکرایەوە. (J.R.A.S.1919). پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، لەهەورامان لە لادێی "بیارە" یەکێك لە موریدەکانی شێخ علاالدین النقشبندی، بە ناوی "سۆفی عەولا" دێتە لای شێخ و دەڵێ: لە سەر یەکێك لە لوتکە شاخەکانی ناوچەی "سورێن" ئەو دیوی هەورامان کە بە سەر رووباری "دوورو" دا دەروانێ، نیگاری پیاوێك هەڵکەنراوە، تیرێکی بە دەستەوەیە. شێخ لێی دەپرسێ ئاراستەی تیرەکەم پێبڵێ بەرەو کوێیە. سۆفی لە وەڵامدا دەڵێ تیرەکە رووی لە ئەشکەوتێکە. شێخ علاالدین سۆفی عەولا و چەند کەسی تر لە مریدەکانی خۆی تەرخان دەکا ئەشکەوتەکە بپشکنن. لە ئەشکەوتەکەدا هێندێك هەرزن دەدۆزنەوە، کە هەرزنەکە لادەبەن سنوقێك دەردەکەوێ، کە سنوقەکە دەکەنەوە چەن کەونە نووسراوی تێدا دەدۆزنەوە.

یەکێك لە کەونە نوسراوەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین هەشت دێڕی ئارامی لەسەر نووسراوە. ئەو نووسراوە کە لە سەر کەوڵێك تۆمار کراوە بە پێی مێژووی یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی "فڕانسیس" (فەرهادی چوارهەم، ۳۸ تا ۲ساڵ پێش زایین). میرزا سەعید خان کە دەچێ بۆ سەردانی "شێخ نەقشبەندی" لە مەسەلەکە ئاگادار دەبێ و بە شێخ دەڵێ واباشترە ئەو دەسنووسانە بە توێژەران بسپێرین تا راستییەکانمان بۆ

دەرکەوێ. بەم پێیە هەر سێ دەسنووسە کۆنەکان دەگەنە دەست پرۆفیسۆر "ئیلیس مینس E.H.Minns".

ناوبراو نووسراوە ئارامییەکە دەنێرێ بۆ "کاولی Cowley" ئەویش وەك پێشتر باسمانکرد لە ساڵی ١٩١٩ی زایینیدا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە گۆڤاری سەڵتەنەتی "کۆمەڵگای ئاسیایی" چاپدەکات.

مینس لە وتارەکەی خۆیدا لەو بارەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دەسنووسانە زۆر بوونە، وەلێ تەنیا سێ پارچەیان بە دەست دکتۆر سەعید گەیشتووە، ناوبراو لە سەفەری خۆیدا ساڵی ١٩١٣ بۆ لەندەن دەیانداتە دەست پرۆفیسۆر براون، ئەویش دەیانداتە مینس. مینس دوای ئەوەی لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکات، لە ١١ی نۆڤامبەری ١٩١٣ دەرئەنجامەکەی دەنێرێ بۆ "ئەنجومەنی سەڵتەنەتی ئاسیا". دکتۆر سەعیدیش لەلایەن خۆیەوە مافی بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە بە پرۆفیسۆر مینس دەبەخشێ.

دوای لێکۆڵینەوە لەسەر دەستنووسی یەکەم کە بە زوانی ئارامی نووسرابوو، دەرکەوت کە ساڵی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١ و ١٢ی پێش زایین. وەلێ دووەمیان لە ساڵی ٨٨ ی پێش زایین و سێهەمیان ساڵی ٢٢ ی پێش زایین نووسراوە. دوو نووسراوەکەی تر بە زوانی یۆنانی نووسراون و باسی هەمان بابەتی دەسنووسی یەکەم،دەکەن.

بایەخی ئەم کەونە نووسراوانە لەوە دایە، نیشانیدەدەن کلتووری "هیلینی" لەو سەردەمەدا بڵاوبۆتەوە و لەگەڵ کلتووری خۆڵاتی تێکەڵبووە، بە زوانی ئارامی نووسراوە تا هۆکارێکی گواستنەوەی هزر و بیر بێت بۆ کۆمەڵێك خەڵکی ئەو دەڤەرە، لەوانە "هەورامان". ئەوەوش مانای ئەوەیە، ئەو ناوچەیە لە کلتووری یۆنانی بە دوور نەبووە و لەگەڵ دەسەڵاتداری "پارت" لە ژێر کاریگەری "هیلینیزم" و "ئارامی" دابووە. سەردەمی نووسینی ئەم بەڵگەنامانە هاوکات بووە لەگەڵ کوژانەوەی ئەستێرەی بەختی "هیلینیزم" لە ڕۆژهەڵات.

گومانی تێدا نییە کەونە نووسراوی یەکەم بە زوانی "پەهلەوی" نووسراوە و لە ئارامییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر ئەم زوانە.

بوونی هێندێك زاراوەی ئارامی لە ناو دەقەکەدا نیشانەی هەبوونی زوانی خۆڵاتی دانیشتوانی ئەو دەڤەرەیە. کاریگەری کلتووری یۆنانی و پەهلەوی و ئەشکانی بە روونی دەبینرێ و هێمای کارتێکردنی ئابووری و سیای ئەو کلتوورانەیە.



لە قۆناخی بڵاوبوونەوەی ئایینی (مەسیح) دا، لەبەر ئەوەی زوانی ئارامی بوو بە زوانێکی پیرۆز، ئەم کاریگەرییە رووی لە کەمبوونەوە کرد. دواتر زوانی ئارامی بوو بە زوانی چیانشینانی باکووری میزۆپۆتامیا و زوانی فەرمی مەملەکەتی "خزیب" و "کرخادبیت سلوخ (ئەربیل و کەرکوك)" کە چوونە سەر ئایینی مەسیح.

لەمەڕ کەونە نووسراوی "ئارامی" و زوانی "هەورامان"، چەند سەرنجێك هەیە پێویستە بخرێنە بەرچاو:

١- ئەوناوانەی لە دەقەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، هێشتا لە رووی مێژوویی و پەیوەندیان لەگەڵ زوانی کوردی، بە وردی تاوتوێ نەکراون.

٢- "کاولی" تەنیا بەشێك لەو کتێبەی تاوتوێ کردووە. بە رای ئەو دەقی دەسنووسەکە بەشێکە لە شارستانییەتی ئارامی و بە شێوەی ئەدەبی سریانییە.

٣- توێژەرانی تر هیچ هەوڵێکیان نەداوە ئەم دەقە وەرگێڕن بۆ سەر زوانە زیندووەکانی دونیا، لەبەر ئەوە ئەو هەواڵانەی لە کەونە نووسراوەکەدان، بە نەزانراوی ماونەتەوە.

٤- هیچکام لە زوانناسانی دونیا، زوانی ئەو دەسنووسەی "کاولی" بە پەهلەوی دەزانێ، لەگەڵ زوانەکانی ئێستای ناوچەکە و دیالێکتەکانی زوانی کوردیدا، بەراوردیان نەکردووە.

٥- "کاولی" و ئەوانی تر هێما، زاراوە و ئەو پیتانەیان دیاری نەکردووە کە نیشانەی لەبارن بۆ تاوتوێ کردنی زوان.

٦- کاولی لە مێژووی کوردستان و ئەو وڵاتەی کەونە نووسراوەکەی تێدا دۆزراوەتەوە، بە تەواوی خۆی گێل دەکات. پرۆفیسۆر "مینس" یش لە کۆتایی وتارەکەیدا تەنیا ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە ئەو کەونە نووسراوانە لە زوانی کوردی نزیکن، لە کاتێکدا هیچ شارەزاییەکی لە زوانی کوردیدا نییە (بڕوانە وتاری پرۆفیسۆر مینس، ل٦٥).

وەك پێشتر وتمان، یەکێك لە کەونە نووسراوەکانی "هەورامان" کە بە زوانی ئارامی نووسراوە، کاولی تاوتوێی کردووە ساڵی ١٩١٩ لە وتارێکدا بە چاپی گەیاندووە:

Cowley A. The pahlavi document from Avroman: Journal of the Royal Asiatic Society (J.R.A.S) 1919, pp 147-154

"کاولی" لای وایە ئەم کەونە نوسراوە پەهلەوی بووە لەگەڵ چەند زاراوەی "سامی" بە زوانی "ئارامی" نووسراوە.

ئەم کەونە نووسراوە لە هەشت دیڕدا لە سەر کەوڵی ئاژەڵ نووسراوە. کاولی لە کاتی یەکالآ کردنەوەی ئەم کەونە نووسراوە باسی ئەو شوێنە ناکات کەلێی دوزراوەتەوە و لەمەڕ پەیوەندی زوانناسی ئەو زوانە لەگەڵ زوانەکانی ناوچەکەدا بێدەنگ دەبێ، چونکە بواری زانیارەکانی ئەو تەنیا لەسەر زوانی ئارامییە.

لە حالێکدا ئەم کەونە نووسراوەی "هەورامان" لەمەڕ ناسینی زوانی دانیشتوانی کوردستان لە سەردەمی "هیلینی" دا بایەخێکی لەرادە بەدەری هەیە.

دەقی تەواوی ئەو دەسنووسە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- شنت///قیرخا اروتت میبنوپتسپك بری تورین.

٢- ///..و؟ یکی کرما اسمك من ابیکشکن پلزیات.

٣- رزبنو اریل بری بشنین دداهی کلا زوزن٥٢٠٢٠١٠.

٤- مه من بوموختی ئه..خ همی ادلو قدمته.

٥- شەهدین تیریك بری اپین ی...بری رشنو ارشتت.

٦- بری اپنو گریپنهی بری مترپیدی سینك بری ماتبنگ.

٧- ......کرما اسمتن کرما زینت؟ اریل من.

٨- پتسپك کلا زوزن ٥٢٠٢٠١٠ .

ئەو زاراوانەی ریشەی "ئارامی" یان هەیە و لەو کەونە نووسراوەدا هاتووە، بریتین لە:

١- شەنەت: مانای ساڵ کە لە عارەبیدا "سنة" یە

٢- ق: ئەم پیتە هێمای زاراوەی "قیپا" ی ئارامییە، بە مانای "هاوین" دێت و لە گەڵ (///)دا مانای هاوینی ساڵی ٣٠٠.

٣- یەرخا: مانای "مانگ".

٤- پەلز: مانای "نیوە" لە زوانی سریانیدا بە شێوەی "پەلگی" بەکار دەبرێ.

٥- کولا: مانای بەکوللی (واتە بە تێکڕایی_ و).

٦- مە، من: هێندێك جار مانای "لە" و جارجارەش بە مانای "کە" بەکار براوە. ئەمرۆ لە زوانی کوردی "فەیلی"دا بە شێوەی "مینا" بەکار دێ.

٧- قەدەمتو: مانای تقدیم، پێشکەش.

٨- شەهدین: مانای شاهیدان.

٩- کورما: مانای زەوی.



زاراوەکانی تر کە لە شێوەکانی سەرەتایی زوانی کوردی وەرگیراون، ناوی کەس و هیندێك زاراوەی ئایینی و کۆمەلایەتی وەخۆ دەگرن، وەك:

١- ئەروتت (ئەروتات): ناوی مانگێکە لە سەردەمی "پارت" بەمانای خواوەند "خۆر" (خوردات) ریشەی "هواردات" یا "هوارداتا" ی ئیرانییە لە هەزار ساڵی پێش زایین و ریشەی"شورداتا" ی میتانییە لە دوو هەزتار ساڵی پێش زایین و ریشەی "سورداتای" هیندییە لە... . ئەم زاراوەیە لە "بابل" یدا "ئومرداتو"، "خومارداتو" و "خورداتو" بووە.

٢- تیریك (تیرەك): لە بنەچەدا لە زاراوەی تیر= تیرا= میتر= میثرا و پاشگری خۆلآتی "ك، کو، کا" وەدیهاتووە و کۆنترین شێوەی"میثرادات" و "میثراداتیس" ە.

٣- رەشنو: یەکێك بووە لە هاوکارەکانی خواوەند "میثرا= میترا= مهرا" کە لە تەك خواوەند "سراوشا" یا"راشیو" نیشانەی تەسلیمی روح، بوونە. لە پەهلەویدا بووە بە "راشنو"، "مهر، سروش، و لاشن" کە بەرپرسی روحی مردووانن لە سەر پردی سیرات.

٤- میترپدی(میثرا- پادی): مانای میترای خاوەن موڵك، وەلێ زاراوەی " پادی"لە سەردەمی ساسانییەکاندابووە بە "پد، بد" واتە رابەر.

٥- زاراوەی ئەسەمك، پتسپك و سینك، بە پاشگری کۆنی کوردی کۆتاییان دێت. وەلێ زاراوەی تورین، ئەریل، بشنین، ئەپیو، ئەرشتت، ئەبنو، گریپنهی و ئەستمن، لە دەوڵەتی "پارت" دا زاروەگەلی باو بوونە. بە گشتی ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە زوانی کوردییەوە هەبووە بریتین لە: ئەروتەت، مەیبان، پەتەسپەك، بەری، تورین، یەکی، ئەسمك، ئەبیکشکن، یات، رەزبان، ئەریل، بەشەنین، داد، ئەیی "ئەهی"، مەبومختی، هەمی، ئەدلو، تیریك (تورك)، ئەپین، رەشنو، ئەرشەتەت، ئەبنو، گریپنهی، میثراپادی، سینەك، ماتبنکە، ئەسەمتەن و ویبەت.

ئەو زاراوانەی لەم دەقەدا بە گۆڕانێکی کەم لە زوانی کوردیدا خویان دەردەخەن بەم شێوەیەن:

١- بەر+ی: هەرچەند ئەم زاراوەیە لە زوانی ئارامیدا بە شێوەی "بار" و دواتر "مار" واتە "نەوە" هاتووە، وەلێ لە بنەچەدا هەمان مانای زاراوەی "بەری" کوردی دەگرێتەوە کە بۆ مرۆڤ و ئادەمیزاد بەکار دەبرێ. لە زوانی کوردیدا "بار" هەر بارە کە بە عارەبی دەبێتە "حمل" و لە تەك ناوی کەس و... دا هاتووە، وەك: ئەسپابارە، ئەستی بارە و...

پاشگری ئەم زاراوەیە "ی" ی پەیوەندییە کە لە کوردی ئەمڕۆدا بەکار دێ وەك: برا+ی من ( ئەم "ی" ایە لە فارسیدا پێیدەگوترێ "ی" بەدەل ، واتە کەسرە).

٢- یەکی: هەمان یەکی کوردییە.

٣- مە: ئەم ئامرازە پەیوەندییە لە دەسنووسەکانی "نرسی ساسانی(٣٩٣ ی پ, ز)" کە لە کوردستان بە پەیکەری "پیکول" بەناوبانگە، دەبینرێ. هەر ئەو ئامرازە جارێکی تر لە کەونە نووسراوەکانی "شاپور (٢٦٣ ی پ, ز)" و لە کەعبەی زەردەشتدا بینراوە. لە سەردەمی "ئەرشاکی" ئامرازی پەیوەندی "زی" لە بڕی "مە" بەکارهاتووە و لە زۆر رستەی "پارت" یدا دەبینرێ، وەك: "من کە رمە ئەبیبری زی ب کە وزەر" مانای لە زەوی وەردەگرێ کە لە گە وزەر" ە. ئەرشك ملکە بەری بەری زی پەر پیتەك بەری زی ئەرشك" واتە ئەرشەك کوڕی کوڕی پرپیتەك برازای ئەرشەکە. "وتر گنسەن رە زکە ر زی من کە پکش" واتە زەوی وتر گنسەن لە کپکسی. بەم پێیە لە کەونە نووسراوی هەورامان، رستەی "کە رمە ئەسمك مە ئەبیکشکن" بۆ " زەوی ئەسمەك کە هەڵکەنرا"، وەردەگێڕدرێ. لە کۆتایی سەردەمی "پارت" و قۆناخی (ساسانییەکان) دا، زاراوەی "چە" نرایە جێی ئەم ئامرازە پەیوەندییە کە هەمان مانای "کە" ی پارتی هەیە و لەتەك پیتی "ی" دا بەکار هاتووە. لە زوانی کوردیدا پیتی (ك، ی) بە یەك مەبەست بەکار دێن، وەك: سرود جە شادی، واتە سرودێ کە بۆ شادییە= سرودی شادی. ئەم پیتە لە زوانی بولگاری ئەمڕۆشدا وەك پیتی پەیوەندی، رۆڵی خۆی پاراستووە.

لە دەسنووسەکانی سەردەمی "هەخامەنشی" دا ئەم پیتە بە شێوەی "یاکە" لە "هەیا" وەرگیراوە و بەکار هاتووە. پیتی "یا" لەزوانی کرمانجی باکوور هەمان رۆڵی هەیە کە لە زوانی "ماد" ەکانەوە بەجێماوە و لەم بەڵگەنامەدا لە دوای زاراوەی "ئەبیکشکن" هاتووە.

٤- ئەبیکشکن.

زاراوەیەکی خۆڵاتییە، بە بۆچوونی "کاولی" نزیکترین مانای "هەبوونە"، چونکە بە شێوەی "ئابیدە بوون" خویندبوویەوە. بەڵام "ماری بویس" واقیعیانە تر خوێندوویەتەوە، " کە رما ئەسمك مە ئەبیکشن " لێرەدا مانای" کە هەڵیکەندووە" دەگەیەنێ. کەواتە مانای ئەم زاراوەیە "هەڵکەنراوە".

Mary boyce , The use of relative particles in Westrn Middle Iranian, INDO, IRRNICA WIESBADEN 1964, p 31



٥- یات.

زاراوەیەکی کوردییە بە مانای "ماڵ" دێت لە کرمانجی سەروو دا بە شێوەی "یا، بیبت" وەك پیتێکی پەیوەندی بەکار دەبرێ. "ئات" لە زوانی بولگاریدا هەمان مانای هەیە وەلێ "ئات" بۆ نێر و "ئاتە" بۆ مێ بە کاردەبرێ.

٦- داد.

هەمان زاراوەی "دای" ئەمڕۆی کوردییە، بنەچەی ئەم زاراوەیە "دادی" یا " دادەهی" یە.

٧- بوخویی.

زاراوەیەکی خۆڵاتییە مانای "خاوەن" ە، پێش ئەم زاراوەیە پیتی پەیوەندی "مە" بەکار براوە و دوای ئەو "ی" ی پەیوەست هاتووە.

٨- هەمی: لە کوردیدا مانای "هەموو" .

٩- ئەدلو (ئەرلو).

ئەم زاراوەیە بە باشی ناخوێندرێتەوە، بە رای "کاولی"مانای" گرتن" دەدات.

١٠- زەدەن ( زەبەن).

زاراوەیەکی خۆڵاتییە وەلێ بە باشی وەرنەگێڕدراوە. "کاولی" دەڵێ: زۆر مانای هەیە یەکێکیان "زەند" ە واتە تۆمار کردن.

لەمەڕ ناو و زاراوەکان، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکرێ، ئەویش ئەویە: زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ "ئایین" دا هەبووە کە بە هاتنی ئاینێکی نوێ لەناو چوونە. بەتایبەتی ناوە ئاوێتەکان بەشێکیان ناوی خوایەکانی هەمان سەردەمن، بە گۆڕانی ئایین گۆڕاون، وەلێ ئەو بەشەی سەربەخۆ و دوور لە ئایین بوونە وەك خۆیان ماونەتەوە.

لێرەدا هەواڵەکانی ناو کەونە نووسراوەکەی "هەورامان" تاوتوێ دەکەین:

**ستوونی یەکەم:**

بە ساڵی سێسەد دەستپێدەکا، چونکە سێ هێلی لار و تەریب لەگەڵ پیتی "ق" لەتەك یەکدان کە پێکەوە مانای سێسەد دەگەیەنن. ناوی مانگەکەی بە شێوەی "ئەروتات" تۆمار کراوە کە "هوروەتات" (زەندی) یە و دواتر بووە بە هورداد= خورداد. دوای ئەو زاراوەیە زاراوەیەکی نەزانراو نوسراوە کە بەرواڵەت ژمارەی (١٣) یە، وەلێ گومان دەکرێ بەشێکیش بێ لە بۆنەیەکی ئارامی. بە دوای ئەم زاراوەیەدا، نازناوی "ئاولنیو" هاتووە کە بە شێوەی

"مەیبانو" تۆمار کراوە. ئەم زاراوەیە مانای ئەوکەسە دەگەیەنێ کە مەی دروستدەکا. لە کۆتایی ئەم ستوونەدا دوو زاراوە بە هێمایەك پێکەوە بە ستراون کە ئامرازی پەیوەندییە.

**ستوونی دووەم :**

بەشی سەرەتای ئەم ستوونە رزیوە . دوای ئەو دوو هێمای خوار دەبینرێن، یەکسەر دوای ئەویش زاراوەیەك هاتووە کە دەشێ وەك ژمارەیەك بیخوێنینەوە، وەلێ ئەگەر نیشانەکان لە تەك یەکدیدا بخوێنینەوە ژمارەی ٢٢١ دەردەچێ. دوای ئەم ژمارەیە زاراوەیەکی ئارامی بە شێوەی "کەرمە" بەکار هاتووەە کە بە زوانی خۆلاتی مانای "زەوی" یە. "مە ئە بیکشکن"مانای زەوی هەلکەنراوە. خاوەنی ئەم "کەرمە" بە "رەزبان" نووسراوە. ئەگەر ئەم زاراوەیە پێش ژمارەکە هاتبێ ئەوا بە شێوەی "دەرم" دەخوێندرێتەوە. دوای ئەویش خاونی زەوی واتە "ئەسەمك" هاتووە.

**ستوونی سێهەم:**

ئەم ستوونە بە زاراوەی رەزبان دەستپێدەکا. وەلێ زاراوەکانی دواتر روون نین. دوایی وشەی "داد" وەك نیشانەی کۆتایی وشەکە هاتووە، بە مانای "دای" کوردی. ئەو زاراوەی دوای ئەم کردارە بەکار هاتووە "ئەیە"یە کە هێشتا لە زوانی کوردیدا هەیە و بە مانای "ئەم"دێ . "ئەیە" وشەیەکی ئاوێتەیە لە دوو بەش پێکهاتووە ئەی+ی. دوای ئەوە بەشێکی تری ئەوبەلگەنامەیە لەبەر ئەوەی رزیوە ناخوێندرێتەوە. "کاولی" دەلێ: ئەم وشەی "دراخما"یە مانای درهەمە کەپارەی یۆنانییە و ئەوسا لە کوردستان رەواجی هەبووە. وەلێ ئەگەر ئەم زاراوەیە بە "زازو" بخوێنینەوە، لە ئاشووریدا مانای پارەی وردە دەگەیەنێ، ئەگەر زاراوەی چوارهەمیش بە "زرین" بخوێنینەوە دەستە واژەکە دەبێتە "پارەی زێڕ"، وەلێ لە سەردەمی "پارت" ەکان پارەی زێڕ نەبووە. ئەو ژمارانەی دوای ئەم زاراوە دێن ١٠،٢٠،٢٠،٥ ە کە کۆی هەموویان دەبێتە (٥٥)، وەلێ ژمارەی ٢٠ لەم کەونە نووسراوەدا جێگۆڕکێی پێکراوە.

**ستوونی چوارەم:**

هەر بەو نیشانەی ستوونی یەکەم و دووەم دەستپێدەکات. دوای ئەو زاراوەی "من" واتە "ئەز" پێش ناوی خاوەن عەردەکە دێت کە ناوێکی خۆلاتییە، دواتر وشەکان ناخوێندرێنەوە. وا دەردەکەوێ ناوی خاوەن زەوییەکە "ئەریل" بووبێ. ئینجا زاراوەی "هەمی" دێت کە لە کوردیدا مانای "هەموو"یە، زاراوەی کۆتایی، مانای "لەپێشدا" دەگەیەنێ.



**ستوونی پێنجەم:**

ئەم ستوونە بە زاراوەی "شەهدین" دەستپێدەکات کە شێوەی کۆنی کوردیە زاراوەی ئارامی "شەهد" یا "شەهاد" ە، مانای شاهیدان دەدات. دوای ئەو ناوی شاهیدەکان "تیریك"، "رەشنو" و"ئەرشتاد" و... دێت، لە نێوان هەر دوو ناودا نیشانەیەك دەبینرێ

**ستوونی شەشەم :**

. بە زاراوەیەك دەستپێدەکات کە ناخوێندرێتەوە. بەلام وشەی چوارەم لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم ناوی خواوەند "میترا" یە کە بە شێوەی درێژکراوەی "میترا پاتیش" بووە و لەم کەونە نووسراوەدا بە "میترا پادی" هاتووە. ئەم ناوە هەر لەو دەسنووسەدا بە رێنووسی یۆنانی و لە هەمان شوێندا "میراپادیس" ە. وەلێ "هرودت" و نووسەرەکانی "میدی و هەخامەنشی" بە شێوەی "میتراباتیس، میثراپاتیس" تۆماریان کردووە. زاراوەی شەشەم "سیناکیس" ەو وشەی دوای ئەو ناخوێندرێتەوە.

لە بارەی ستوونی حەوتەم و هەشتەم کە کورتەی تێکڕای دەقەکەی تێدا تۆمار کراوە، هەرچەند نووسراوەکان بە باشی ناخوێندرێنەوە، وەلێ بەگشتی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرن:

١- سالی ٣٠٠ مانگی ئوروتات مەیبان پتسپك کوڕی تورین...
٢- نرخ (؟) زەوی ئەسمەك کە (؟) داویەتی بۆ گەڕاندنەوەی مولکایەتی (؟) بۆ...
٣- خاوەن زەوی ئەریل کوڕی بنشین، ئەوەشی دا " هەمووی (٥٥) زوزین...
٤- ئەوەی لای خاوەن زەوییە ... پەسەندی کردووە (؟) لە پێشدا...
٥- شاهیدەکان، تیریك کوری ئەپین، ی... کوڕی رشنو، ئەرشتاد...
٦- کوڕی ئەبنو گریپنهی کوڕی میثراپادی، سیناك کوڕی ماتبنگ...
٧- نرخ (؟) لە زەوی ئەستمن داویەتەوە بە ئەریل، لە ...
٨- پتسپك: هەمووی (٥٥) زوزین.

بەم پێیە دەتوانین بلێین زەوی "رەز" دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی "س" کە نیوەیم بۆ ئەریل دانا و نیوەکەی ترم فرۆشت یا بە هۆی گۆڕینی خاوەنی زەوی بۆ پتسپك لە بەرامبەر (٥٥) زوزین یا (درهەم) دا، خاوەن مولك بە ئامادەبوونی شاهیدەکان ، ئەم بەلگە نامەیەی بۆ نیوەیی کردنی زەوییەکە واژۆ کرد و پارەکەی وەرگرت.

مێژووی ئەم کەونە نووسراوە "سلوکی" یە و سالی ٣٠٠ ە کە بەرامبەرە لەگەل ١٢ -١١ سالی پێش لەدایکبوونی مەسیح. هەر لەبەر ئەوە ئەم دەسنووسە یەکێکە لەو کەونە

نووسراوانەی لە نێوان ڕێنووسی "بزماری پەهلەوی" و ڕێنووسی "ئارامی" کە لە دەسپێکی قۆناغی مەسیحدا لە ڕۆژهەڵات پەرەی سەند و دوای شەش سەدە هەڵکشان، لە سەرەتای قۆناغی "سلوکی" تا کوێربوونەوەی ئیمپراتۆری "پارت" بەرە بەرە پووکایەوە.

لە بارەی زوانی ئەم دەسنووسانەدا "کاولی" بڕوای وایە کاریگەری زوانی پارتی، یۆنانی و ئارامی بە روونی بەدیدەکرێ. ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە کلتووری "هلنی" و پەرش و بلاوی دانیشتوانی یۆنانی دێرین، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەلاتی سیاسی "پارت" ەکان لە کوردستان بەردەوام بووە، شتێکی نائاسایی نەبووە.

ئەم ناوچەیە لە رووی زوانەوە پەنای بردۆتە بەر ڕێنووسی "ئارامی" کە لە مێژوودا بە ناوی ڕێنوسی "هزوارشن" بە ناوبانگ بووە. "ئیبن الندیم" یش لە کتێبی "الفهرست" دا بە"زوارشن " ی ناو ناوە و دەڵێ: ڕێنووسێکیان هەیە بەناوی "زوارشن" کە پیتی تەنیاو بە سەریەکەوەی تێدایە. نزیکەی هەزار زاراوەیان هەیە کە لە نووسیندا جۆرێك گۆ دەکرێ و لە خوێندنەوەدا جۆرێکی تر، وەك ئەوەی کەسێك بیەوێ وشەی گۆشت بنووسێ، "لحم" دەنووسێ و بە گۆشت دەیخوێنێتەوە.... جگە لە هێندێك زاراوە نەبێ کە پێویستیان بە گۆڕین نەبووە، چۆن نوسراون ئاواش خویندراونەتەوە، شێوەی نووسینیان ئاوا بووە.

لە راستیدا ئەوەی توێژەرانی سەغڵەت کردووە، خوێندنەوی دەقەکانە لەم سەردەمەدا. ڕێنووس لە "ئارامی" وەرگیراوە، لە ڕێنووسی ئارامیدا ٢٢ پیتی بێدەنگ هەیە، کەچی ئەم دەسنووسەی بەردەست تەنیا ١٤ پیتی بێدەنگی تێدایە، سێ پیت نەبێ (و، ر، ع) دەنا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو پیتانەدا نییە.

لە ڕێنووسی ئەم دەسنووسەدا چەند پیتی بێدەنگ هەیە کە بە شێوەی جیاجیا دەخوێنرێنەوە. لەبەر ئەوە پێویستە بەڵگەیەکی تر دەسکەوێ تا بزانین هەر پیتە بۆ گەیاندنی چ مەبەستێك بەکار هاتووە.

ڕێسا و ڕێنووسی پیتە بێدەنگەکانی زوانی "پارتی" لەو زوانە کۆنترن کە دەقە ئایینییەکانی سەردەمی مەسیحی پێ نووسراوە. مێژووی بە کارهێنانی ئەم زوانە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین.

گرفتی نووسین بە ڕێنووسێك و گۆکردنی بە شێوەیەکی تر (وەك نموونەکەی گۆشت و لحم) بۆتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بە زوانی ئارامی بنووسن و بە دیالێکتی خۆلاتی بیخوێننەوە. ئەم پرسە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر زوانی خۆلاتی ئەو دەڤەرە بە تایبەتی



ناوچەی هەورامان، بە جێ هێشتووە. هەمان حاڵەت لە زوانی "سوغدی" بە تایبەتی لە دەقە بوەزیییەکاندا دەبینرێ. لە پێناوی ئەوەی شێوەی ڕێنووس لەو شێوە زوانەدا، لەگەڵ زوانی خۆلاتی بگونجێ، نووسەر هەوڵیداوە بە دانانی هێما لەسەر زاراوەکان، ئەو مانایەی مەبەستیەتی پێیان ببەخشێ، هەر وەك چۆن بابلیەکان نیشانەیان لەسەر ئەو زاراوانە دادەنا کە بە ڕەچەڵەك سۆمەری بوون. وێنەی ئەم بابەتەش لە زوانی کوردیدا بەدیدەکرێ. بەم پێیە لە زوانی کوردی ئەمڕۆدا هێما لەسەر ئەلف و بێی عەرەبی دادەنرێ تا ئەو دەنگانە بڕەخسێنێ کە لە زوانی کوردیدا هەن، وەلێ ئەم شتە لە زوانی عەرەبیدا نابینرێ.

بابەتی ئەم کەونە نووسراوەیە کە (بازرگانییە) وەك دەسنووسەکەی تر بە ڕێنووسی یۆنانی نووسراوە. بەلام ئەوەی لێرەدا بۆ زوانی کوردی بایەخی هەیە، ناوی خاوەنی زەوییەکە"مەیبان" و "شاهیدان" ە کە هەموویان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و بە زوانێك دواون کە پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ زێدی خۆیاندا هەبووە. "کاولی" زۆر هەوڵیداوە لەمەڕ خاوەنی زەوییەکە بە شێوەی "دادپاکانراس" یا "گانزاکی" یا "دادباکاباك"، رایەکی دروست دەربڕێ. ناوبراو دەڵێ: ئەگەر ئەم بابەتە راست بێت، ئەوا چوارهەم ناویش هەبووە کە "ئەسمك" یا "ئەسمتك" بووە. ئەم شێوەیەش لە "ئەسیمن" ی پەهلەوی وەرگیراوە، مانای لاشەی "سیمین" ە. ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردی ئەمڕۆدا بە شێوەی "سیم" بەکار دەبرێ و وێناچێ ناوی شوێن بێ. بە هەر حاڵ ئەوەی سەرنج راکێشە، بابەتی فرۆشتنی نیوەی زەوییەکەیە بە (٥٥) زوزین (واتە ٥٥دراخما)کە پیشتر بە درێژی لێی دواین.

زاراوەی وەك "مەیبان، رەزبان، دادی، ئەیی، زرین، هەمەی"، لە گەڵ زاراوەکانی تر کە یۆنانی و ئارامین، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەگەڵ زوانی پەهلەوی- پارتیدا هەبووە، زۆر نزیکە یا بە دلنیاییەوە زوانی فەرمی چینی ئەرستۆکراتی ئەو ناوچەیە بووە. بەم پێیە وێناچێ ئەم زوانە لە کوردستان زوانی ئاخاوتنی چینەکانی تری کۆمەڵگا بووبێ، چونکە زوانی خۆلاتی تارادەیەك زۆر لە کارتێکردنی زوانی یۆنانی و ئارامی دوور بووە.

٢- ناوی کەس و زاراوە جوگرافییەکان لە زوانی کوردی دێریندا(چاخی هیلینی)

لە دەسپێکی ئەم بەشەدا، لەگەڵ راڤەکردنی شەش بابەت لەمەڕ کەونە نووسراوەکانی "هەورامان"، تاوتوێکردنی ئەو شەش بابەتە بوو بە ئەرکێکی پێویست. بابەتی یەکەم دەڵێ:

"ئەو ناوانەی لە دەقەکەدا هاتوون و لەڕوویی مێژوویی و زوانەوە پەیوەندییان بە زوانی کوردییەوە هەیە، هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە"

هەر وەك پێشتر پرۆفیسۆر مینس (خاوەنی دکتۆرای ئەدەبیات و ئەندامی ئەکادیمی بەریتانیا و مامۆستای دێرینناسی زانکۆی کامبریج) تەنیا دوو بەڵگەنامەی هەورامانی تاوتوێ کرد و سێهەمی حەواڵەی "کاولی" کرد ( بڕوانە

Minns E. Parchments of the Parthian period from Avroman in Kurdistan, Journ Hell. Stud35.1919, pp22-65)

هەروەك باسکرا "کاولی" یش لە ساڵی ١٩١٩دا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە گۆڤاری سەڵتەنەتی "کۆمەڵگای ئاسیاییدا" چاپکرد. بڕوانە

Cowley A.,the pahlavi document from Avroman Journal of the Royal Asiatic Society pp. 147-154)

جگە لە "مینس "و" کاولی" هیچ توێژەرێك، چ مێژووناس چ زوانناس کەونە نووسراوەکانی هەورامانیان، تاوتوێ نەکردووە. لێرەدا سەرەتا ئەو دوو کەونە نووسراوەی بە زوانی یۆنانی نووسراون، تاوتوێ دەکەین. دواتر، لە رووی زوان و زاراوە و ماناکانیان، لە کەونە نووسراوی سێهەم دەکۆڵینەوە:

دوو دەسنووسە یۆنانییەکە لە درێژی و پانیدا نارێکن و درێژییەکەیان لە پانییەکەیان پترە. یەکەمیان بە درێژی و پانی ٢٤,١٤ دووەمیان ٢١، ٢٧ سانتیمەترە، هەریەکێکیان دوو دەقی تێدایە و زۆر وێکدەچن. کەچی دەسنووسە ئارامییەکە تەنیا دەقێك وەخۆ دەگرێ بە درێژی و پانی ٥,١٥ و ٩ سانتیمەتر.

لە پشت بەڵگەنامەی یەکەم پێنج ستوون بە ئەلف و بێی دەسنووسی سێهەم نووسراوە، بە پێچەوانەی نووسینی دەقی یەکەمە. هاوکات ئەم دەسنووسە هاوشێوەی دوو ستوونی دەسنووسەکانە کە لەسەر پشتی دەقی یەکەم تۆمارکراوە و گچکەکراوەی بەڵگەنامەی یەکەمە و نزیکەی ٧,٥ سم دارێژترە.

واژۆ و مۆری ئەم گرێبەستە لای چەپە و ٣ سم لە دەقەکە دوورە. ئەو ناوانەی گرێبەستەکەیان واژۆ کردووە لە نێوچوون، وەلێ لەبەر ئەوەی زاراوەکان یۆنانین بۆ باسەکەی ئێمە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. کاتێك ئەم بەڵگەنامەیە بە دەست پرۆفیسۆر مینس گەیشت، هێشتا بەڵگە نامەی یەکەم هەر وەك خۆی بە پێچراوەیی مابۆوە.

کەونە نووسراوی دووەم، دەسنووسێکە نیوەی خوارێی لوول نەکرا بوو، بەشی لای چەپی سەرەوەی دەستی نەکرابۆیە، باش پێچرابۆوە و لە لای راستەوە بە دەرزی دوورابۆوەوە، تەنیا بە



بڕین یا شکاندنی دەرزییەکە دەسنووسەکە لێك دەکرایەوە. لە بەرئەوە، پرۆفیسۆر مینس سەرەتا وێنەی لێهەڵگرتوون ئینجا دەسنووسەکانی لێك کردوونەوە. کاغەزی گرێبەستەکە پێستێکی زەردی تۆخە یا واتر بڵێین قاوەییە، هێشتا برێك خوری و مێوی پێوەمابۆوە. لە زۆر شوێنی تر بە تایبەتی ئێران و یۆنان ئەم جۆرە پێستە کەڵکی لێوەرگیراوە. بەڵام لە میسر بە کەمی و لە میزۆپۆتامیا بە دەگمەن بەکار هاتووە. "هرودت" لەم بارەیەوە دەڵێ: بەربەرەکان ( نەتەوە غەیرە یۆنانی) بۆ نووسین کەڵك لە پێست وەردەگرن. پتر پێستی گا و مەڕ و بزنیان بەکار دێنا. دوای شۆردنی پێستە کە خورییەکەیان لێدەکردەوە و بە بەردێکی تایبەت دەیان کوتا، ئینجا دەیان سوو تا سپی بێتەوە و لە کۆتاییدا بە دیوی گۆشتیدا لە سەریان دەنووسی.

"پلۆتارك" دەڵێ: کتێبخانەی "پرگامون" "٢٠٠,٠٠٠" دوو سەد هەزار پارچە پێستی نووسراوی تێدا بوو، "مارکوس ئەنتۆنیس" هەمووی پێشکەش بە "کلیوپاترا" کرد. کەونە نووسراوەکانی هەورامان هاوچەرخی کتێبخانەی "پرگامون" بوونە.

هەروەك پرۆفیسۆر مینس ئاماژەی پێدەکات کەونە نووسراوە دۆزراوەکانی هەورامان زۆر بوونە، بەڵام بەداخەوە تەنیا سێ پارچەیان لەلایەن دکتۆر سەعیدخانی کوردستانی گەیشتۆتە دەست ئەهلی هونەر و لە موزەخانەی بەریتانیادا بە سەلامەتی ماونەتەوە. بابەتی هەرسێك دەسنووسەکە کڕین و فرۆشتنی سێ پارچە زەوییە لە هەورامان. ئەوەی سەرنجی مێژووناس و زوانناسان بۆ لای خۆی رادەکێشێ سێ تایبەتمەندی بنەڕەتین کە لە زوانی کوردیدا بایەخیان گەلێك زۆرە:

ناوی چەند شوێن و گوند لەو کەونە نووسراوانەدا هاتووە، گومانی تێدا نییە زاراوەی خۆڵاتی کوردستانن لە سەدەی یەکەمی پێش زایین، واتە پێش دەرکەوتنی ئایینی مەسیح و دینی ئیسلام. ئەو زاراوانە لە زوانێکەوە دەرچوون کە لە ناوچەکەدا لە برەو دابووە و هەر یەکێکیان مانای تایبەتی خۆی هەیە. مێژووی نووسینی ئەم دەسنووسانە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٨٨, ٢٢ و ١١ی پێش زایین کە بە بەراورد کردن، لەگەڵ ساڵەکانی یۆنانی و ئەو مێژووەی لە سەر دەسنووسەکان هەیە، یەك دەگرنەوە. پرسێکی دیکەی گرینگ لە تاوتوێ کردنی ئەم بەڵگەنامانەدا، وەدەسهێنانی ریشەی زوانەکانە بە هۆی ئەو زاراوانەی لە کەونە نووسراوەکاندا هەن و تێگەیشتن لە چۆنییەتی پەیوەندی ئایینی دانیشتوانی ئەوسای کوردستانە، پێش دەرکەوتنی مەسیح و ئیسلام. لەوەش بەولاوە دەتوانین بە پشتیوانی ئەو کەونە نووسراوانە پەیوەندی فەرهەنگی کوردستانی دێرین لەگەڵ دراوسێکانی و کاریگەری

"هیلینیزم" لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری دانیشتوانی دوو هەزار ساڵی بەر لە ئیستای کوردستان، وەدەستبیێنین.

زوان لە بڕگەیەکی مێژوویی تایبەتدا ئاوێنەی بیری کۆمەڵگایە، ئەم بیرکرنەوەیەش زادەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و تایبەتمەندی جیۆگرافی، هەرێمی و...یە لە هەمان بڕگەی مێژووییدا. بۆنموونە: دوای سەرهەڵدانی دینی ئیسلام، کاریگەری دین لەسەر زوانی کوردی تاوتویێ دەکەین:

دوای سەدەی حەوتەمی زایینی، زاراوەگەلی عارەبی بە پانتاییەکی فراوان هاتنە ناو زمانی کوردی. ناوی عبدلله، محمد، سعید، تقی و ... عارەبین ئەمڕۆ زۆربەی کوردان بەم ناوانە ناودێر کراون. زاراوەی عارەبی و لە هێندێك بواردا عیبریش لە سەر زۆر شوێنی جوگرافی کوردستان هەن. سلێمانی، دیار بەکر، تورعابدین و... لە وجۆرە زاراوانەن. ئەمە جگە لە چەند ناوی ئارامی وەك " مەتی، حەننا، بێتواتە، باعزار، و زاراوەی **یۆنانی وەك پترس، مەرقۆس و...**کە هاتوونەتە نێو زوانی کوردی ئەمڕۆ و هەریەکە مانایەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، مەغۆل، تاتار و چەند نەوەی تورك کە پتر لە (٨٠٠) ساڵ لە سەر خاکی کوردستان تەراتێنیان کردووە، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك واژەی زوانی "فینو-ئیگۆڕ" و " ئۆراڵ- ئاڵتای" و دواتر لە قالبی زوانی کوردی دراون و دەوڵەمەندتریان کردووە. زاراوەی وەك: "قەرەداغ، ساوج بلاغ (سابلاغ)، ئاق چلەر (ئاغ جەلەر)، کۆی سنجەق، قامیشلی، الله ویردی، قەرەسالم، یاشار، ئولوبەك و...لەم بابەتەن.

لەبەر ئەوە نابێ بە بوونی چەند زاراوەی "ئارامی" لە کەونە نووسراوەکانی هەورامانداا کە بە ڕێنووسی ئارامی یان یۆنانی نووسراون، سەرسام بین. چونکە لەو سەردەمەدا، سەرەڕای لەنێوچوونی دەسەڵاتی سیاسی یۆنان بەتەواوی و مانەوەی فەرهەنگی یۆنانی و کاریگەری بەردەوامی ئەو فەرهەنگە، زوانی ئارامی و ڕێنووسەکەی هەروا باو بووە.

بە راستی زوانی ئەم کەونە نووسراوانە چ زوانێکە؟ لەگەڵ کوردی ئەمڕۆ بەتایبەتی لە رووی رێساوە چ پەیوەندییەکی هەیە؟ پرۆفیسۆر مینس دەڵێ: دەبێ دان بەو پرسەدا بنێن کە ئەو زوانەی ئەم دەسنووسانەی پێنووسراوە یا زوانی کوردی کۆنە یا زوانێکە هێشتا نە ناسراوە. گومانی تێدا نییە، لەو بەڵگەنامانەدا، بەکارهێنانی پیتی ئارامی و یۆنانی و هێمای سەر پیتەکان (ئەو هیمایانە لە زوانی ئارامی و یۆنانیدا هەن)، بۆ نزیك کردنەوەی ئەم شێوە نووسینە بووە لە زوانی خۆلاتی ناوچەکە. لەم رووەوە لێکۆڵینەوە لەم هێمایانە و تاوتوێ



کردنی پەیوەندیان لەگەڵ زوانی دانیشتوانی ئەوسای کوردستان، بۆ ناسینی زوانی کوردی ئەو دەڤەرە بایەخێکی زۆریان دەبێ.

دکتۆر سەعیدخان لە پێشەکی کتێبیکی ئێرانیدا کە لە ساڵی **١٩٣٥** دا چاپکراوە لە مەڕ زوانی کوردیدا، لەگەڵ ئاماژە بە کەونە نووسراوەکانی هەورامان، دەڵێ: ئەو دەسنووسەی بە ڕێنووسی پەهلەوی نووسراوە و چەند رستەی کوردی تێدایە، لە ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە. ئەم زوانە زوانی باباتاهیرە و.... ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: شێخ (ابوبکر احمد بن وحشیە النبطی) لە وتارێکیدا سەبارەت بە ڕێنووسی کوردان ناوی دوو کەس دەبات بە ناوەکانی "بینوشاد" و "ماسی السوراتی" کە ئەلف و بێی تایبەتیان بۆ کوردی داناوە. دەڵێن "مەسرب" زانای ئەرمەنی (٤٣٩ی ز) ڕێنووسێکی جیا لە ڕێنووسی ئارامی و پەهلەوی داناوە و بڕێك پیتی کوردی رەگەڵ خستووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە دکتۆر سەعید لەگەڵ زۆربەی توێژەرانی دونیای دیرین ناسی و مێژوو ئاڵوگۆڕی نامەی هەبووە، لەوانە "تیودۆر نولدکە" ی ئەڵمانی و "ئەدوارد براون" کەچی باسی شوێن و سەرچاوەیەی ئەو تیۆرییەی خۆی نەکردووە. لەمەڕ کەونە نووسراوەکانی هەورامانیش دەڵێ: چەند ساڵ بوو لە دۆزرانەوەیان ئاگادار بووم، چەند جار بە نامە هەوڵمداوە بەدەستیان بێنم، وەلێ بێسوود بوو تا ئەو کاتەی بۆ چارەسەر کردنی " عەباس قولی خان" چوومە هەورامان. کتوپڕ لەو پەڕی نا ئومێدیدا بەڵگەکانم دەسکەوتن و دوایی بردمن بۆ ئەورووپا و ئینجا هەواڵیان لە زانکۆکانی "بەرلین"، "مانچستر"، "کامبیریج" و " ئۆکسفۆڕد" بلاو بۆوە.

دکتۆر سەعید لەنووسینەکانیدا هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە ئەم کەونە نووسراوانەی لە کێ وەرگرتووە، هەرگیز ناوی "شێخ علاالدین نقشبندی" نەهێناوە، نیشانەکان وا دەگەیەنن کە تەوەری سەرەکی وەدەسهێنانی ئەو کەونە نووسراوانە "شێخ علاالدین" بووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ لە بیرمان بچێ کە هەنگاوی دکتۆر سەعید بۆ گواستنەوەی ئەو بەڵگەنامانە چ تیشکێکی خستە سەر زوانی کوردی و زۆربەی بولێڵ و تاریکی ئەو زوانەی رەواندەوە.

ئەوەی لەخوارەوە دێت وەرگێڕانی دەقە یۆنانییەکان و بەراورد کردنیانە لەگەڵ دەقی سەرەکی بەڵگەکان و وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکانیان. ژمارەی ستوونی هەر چوار دەقەکە بەرامبەرە لەگەڵ ژمارەی ستوونی دەقە یۆنانییەکە:

**بەڵگەی یەکەم:**

**دەقی (A)**

١- خولی فەرمانڕەوایی شای شایان، "ئەرساکیس" پڕ بەرەکەت و داد پەروەر
٢- منیر و دۆستی هێلن، و شای شابانوان "سیاکسی" خوشکی
٣- باوك و هاوسەری و "ئایازاتیس" کە نازناویەتی
٤- "ئوتومایە" ی خوشکی و هاوسەری پاشای مەزن "تیگرانیس"
٥- و "ئازاتیس" خوشکی باوکی و هاوسەرەکەی ، لە ساڵی
٦- ٢٢٥ مانگی "ئەپیلایوس" لە "هیپارخی" بیسیرە نزیك شوێنی حەوانەوەی
٧- "بیثبرتا" لە گوندی "کوپانیس"، بە ئامادە بوونی شاهیدان، ئەم بابەتانەی خوارەوە نووسراون
٨- ئیقرار و ریککەوتنی "برکیس"
٩- و "سوبینیس" کوڕەکانی "میفۆریس" ئەم دووانە لە "گاثاکیس" وەریان گرتووە
١٠- کوڕی"ئوپیاتیس" بەو پارەی داویەتی نرخەکەی سێ درهەمە
١١- ئەو زەوییەی لە گوندی "کوپانیس" ە و پێیدەگوترێ "داد باگانراس"
١٢- بەشی یاسایی تێدایە
١٣-... پشکدارە لەگەڵ ئاو و دارایی زەوییەکە
١٤- هاتوچۆ و هەر شتێك پەیوەندی پێوە هەبێت، بە شێکی دراوەتەوە بە "برکیس"
١٥- بەشێکیشی بۆ "گاثاکیس" بە مەرجی خاوەنیەتی پێشووی
١٦-"گاثاکیس" دەبێتە خاوەنی هەمیشەیی کە بە پارەی کڕینەکەی و
١٧- نەوە و ئەوکەسانەی لەگرێبەستەکەدا ناویان هاتووە
١٨- ساڵانە هەموو بەڵێنەکان بە جێ دێنن
١٩- ... بۆ "برکیس" برایان و نەوەکانی یا هەرکەسێکی تر کە کاریان بۆ دەکات، لە هەق بەدەرە
٢٠- وەدەرنانی "گاثاکیس" لەو زەوییەی خۆی کە بە پارە کڕیویەتی
٢١- و نەوە و هەر کەسێکی تر بیەوێ لەو زەوییەی وەدەرنێ، پەیمانەکە پوچەڵ دەبێتەوە
٢٢- دەبێ داگیرکار ناچار بکرێ هەموو مافەکان بگەڕێنێتەوە و ئەویش مافی خۆیەتی هەقەکانی خۆی وەرگرێتەوە.



٢٣- دوو هێندەی داویەتی وەربیگرێتەوە لەگەڵ سزای پارە
٢٤- و ٢٠٠ دراخماش بۆ پاشای هەمووەمان: وەلێ
٢٥- هەروەها ئەگەر "**گاثاکیس**" گوێ نەداتە زەوییەکە
٢٦- و بە باشی ئاگارداری نەکات، ئەویش دەبێ زیادە (سەربار) بدات
٢٧- ئاو هەر هەشت رۆژ جارێك؟ رۆژەکان ... ئەو رۆژانەی دەکرێ
٢٨- نووسەر نیوەی ئەو. شاهیدەکان
"خوسترویس" کوڕی "ئورکاداتیس" و "ئاپاکیس"
٢٩- کوڕی "هیستوبوگیس"، "میریداتیس" کوری "ئو خوباگیس"... و٣٥؟ گوشت ١ ئیلوس
٣٠-٥٠ سەبەتە؟ نان، ٨ گا، دوو کوپە مەی و دراخما بۆ کرینی

**بەڵگەنامەی یەکەم:**

**دەقی دووەم (B)**

١- سەردەمی فەرمانڕەوایی شای شاهان "ئەرساکیس" پڕ بەرەکەت و داد پەروەر
٢- منیر و دۆستی هیلن، شای شابانوان "سیاکسی" خوشکی
٣- باوکی و هاوسەرەکەی، "ئاریازاتیس" کە نازناوی ئەوە
٤- "ئوتومایە" ی کچی هاوسەری پاشای مەزن "تیگرانس"
٥- و "ئازاتیس" خوشکی باوکی و هاوسەرەکەی، لە ساڵی
٦- ٢٢٥ مانگی "ئەپیلایوس" لە "هیپارخی" بیسیرە نزك شوێنی حەوانەوەی
٧- "بیثبرتا" لە گوندی "کوپانیس" لە بەرامبەر شاهیدان ئەم دەقەی خوارەوە نووسراوە
٨- ئیقرار و رێککەوتن لە لایەن "برکیس"
٩- کوڕی "سوبینس" کوڕانی "میفوریس" ئەم دوانە وەریان گرتووە لە "گاتاکیس"
١٠- کوڕی "ئوپیاتیس" بەو پارەی دراوە کە سێ درهەم نرخەکەی
١١- ئەو زەوییە لە گوندی "کوپانیس" ە ناسراوە
١٢- بە "گانزاك" ەو بەشی یاسایی تێدایە
١٣- هی خۆیەتی لەگەڵ سامانی، زەوی، بێ بەرهەم بێ یا بەرهەمدار

١٤- هاتوچۆ له نیوەیدا
١٥- بۆ "برکیس" و نیوەکەی تر بۆ "گاتاکیس" بەو مەرجەی کاتی موڵکایەتی پێشووی
١٦- "کاپاکیس" دەبێتە خاوەنی هەمیشەیی خۆی و
١٧- نەوەکەی بۆ هەمیشە تا ئەو کاتەی رەچاو بکات
١٨- تێکرای ئەو بەندانەی له پەیماننامەکەدا هەن
١٩- به شێوەیەکی گشتی؟ به شێوەی نایاسایی ببێتە موڵکی "برکیس" یا
٢٠- بۆ کوڕەکانی یا بۆ هەرکەسێك بەرپرسی زەوییەکەیە
٢١- ئەوکەسانەی دەستدرێژی بکەنە سەر "گاتاکیس"
٢٢- یا نەوەکەی و هەرکەسێك دەستدرێژی بکا یا هەوڵبدات دەستدرێژی بکات دەبێ
٢٣- ئەم بڕیار نامەیە پووچەڵ بکاتەوە و دوای گرتنی تاوانبار، تێکرای مافەکان بگەرێندرێنەوە، ئەویش هەموو مافەکان وەردەگرێتەوە
٢٤- و دوو هێندەی بەهای کڕینەکەی لەگەڵ سزای پارە وەربگرێت
٢٥- لەگەڵ ٢٠٠ دراخما و بۆ پاشاش هەر هەمان، وەلێ هەروەها
٢٦- ئەگەر "گاتاکیس"نەیتوانی باش ئاگاداری زەوییەکە بکات بە
٢٧- شێوەیەکی گونجاو دەبێ هەمان سزای پارە بدات
٢٨- دەبێ ئاوەکەش هی ئەو بێ، ئەو بەشەی دەبێ بدرێت بە خۆی
٢٩- لەگەڵ بەشداری له خاوەنداریەتی وەك زەمانەت و بەرپرسی هاوبەش، مۆریان کردووە "نرکیس" و "سوبینیس"
٣٠- "خوسترۆیس" و "ئاپاکیش"... شاهیدان: "دینوبازوس ئورو"
٣١- " میریداتیس" کوڕی "ئوخوباگیس"، "فراهاتیس" کوری "سیکینیما"، " مرزی...
٣٢- دەبێ "گاتاکیس" هەروەها یەك دراخما بدا بە موڵکایەتی ... ٣٥؟ گۆشت ٢٥...
٣٣- ٥٠ سەبەتە(؟) نان، دوو کووپە مەی
٣٤- ...٢٥ ...٨ گا(؟) دەبێ "برکیس" هەروەها ترێی هەڵگوشراو بدات بە "ئاپاگیس" و مەی پێنەگەیشتو و رووباری ئاو و ... ترێی هەڵگوشراو.



**دەقی دووەم (A)**

١- کاتی فەرمانرەوایی شای شاهان "ئارساکیس" پڕ بەرەکەت و داد پەروەر منیر و دۆستی "هیلن"
٢- شای شابانوان "ئولیننر"، "کیلوپاترا"، "باسیرتا"، " بیشیباناپس"
٣- له ساڵی سەد و نەوەد و یەك له "هیپارخی باسیرائورا" نزیك شوێنی حەوانەوەی "دیساکدیس"
٤- له گوندی "کوفانیس" بەرامبەر شاهیدان، ئەم پەیمان نامەیە نووسرا
٥- و بەڵێن نامەیەك له نێوان "ئەسپوماکیس" کوڕی "گاکیس" لەگەڵ "دینیس" کوڕی گاپاکیس گرێدرا.
٦- پەنجاو پێنج دراخما پارە وەرگیرا بە ناوی بەهای ئەو زەوییەی کە له دەشتی لادێیە
٧- به ناوی "دادباگاباگ"، لەگەڵ شوێنی هاتوچۆ و هاتن و رۆیشتنی ئاوەکەی لەگەڵ بەشداری خاوەن موڵکەکان
٨- سنوورەکەی ئەم دیو و ئەو دیوی رووبارەکانە له رۆژهەڵات لەگەڵ خاوەن موڵکەکان به پێی ئەم پەیماننامەیە.
٩- ساڵانە، دەبێ هەمیشە بیدەن ( وەك سکیلوس)
١٠- یەك دراخما، دوو کووپە مەی، ٢١ سەبەتە نان و پێنج گا و دوو جو...
١١- و ئەو بەڵێن دەدات کە ئەم پەیماننامەیە پووچەڵ نەکاتەوە خۆی یا هەرکەسێکی تر
١٢- دوای خۆی دێت
١٣- بە هەرشێوە و هەر چۆنێك بێت
"ئاراماسدیس" کوڕی "ئەیوادبوخشیش"، "میراداتیس" کوڕی "میرابانداکیس"، "گیریکیس" کوڕی "ئەردینیس" ئەمەیان مۆر کردووە

**بەڵگەنامەی دووەم**

**دەقی دووەم (B)**

١- کاتی فەرمانڕەوایی شای شاهان "ئەرساکیس" پڕ بەبەکەت و داد پەروەر و منیر و دۆستی "هیلن"
٢- شای شابانوان "ئولیننیر"، "کیلوپاترا"، "یاسیرتا"، "بیشیبناپس"

٣- له ساڵی ٢٩١ له گوندی "کوفانیس" و "له هیپارخی باسیرائورا"
٤- له نزیك شوێنی حەوانەوەی "دیساکیدیدا" و به ئامادەبوونی شاهیدان ئەم ئقرارەی ژێرەوە
٥- نووسراوە و پەیمانی بەستراوە له لایەن "ئەسپوماکیس" کوڕی "گاگیس" که له "دینیس"
٦- کوری "کاثاکیس" به ...له دراخما به پارەی پێدراو کڕدرا و ئەو
٧- زەویەی که له دەشتی لادێییەکە بەناوی "دادباگاباگ" و شوێنی
٨- هاتوچۆی و ئاوەکەی به بەشداری خاوەن موڵکەکان: سنوور و دەوروبەری جۆگەلەکانیان (کڕی)
٩- وەك پەیمانی پێشوو دەبێ و هەمیشه خاوەنیەتی
١٠- یەك دراخما، دوو کووپه مەی، ٢١ سەبەتە نان و پێنج گا و وەك "سکیلوس" و یەك دراخما وەك "سکیلوس" بۆ کەفیل
١١- ئەوانەی واژۆیان کردووە، "ئەسپاتیس" کوڕی "درگینیس" که ئامادە بوو و کەفالەتی خۆی قبوولکرد
١٢- ... رابردوو به "کوتیلا" یان وتووە (کووپە)
١٣- و له فرۆشیار و کەفیل برێك وەردەگرن ئەگەر کەسێك داوایەك پێشکەش بکا بۆ ئەو زەوییەی که هەر ئێستا
١٤- فرۆشرا به هەر شێوەیەك بێت و ئەگەر هەوڵێك (نەدرا) بۆ هەڵگرتنی، پشت گوێ دەخرێ
١٥- هێندێك که کار دەکەن به بێ زیادە دەیدەن بەپێی یاسا
١٦- دووسەت دراخما و هەمان بۆ خەزێنەی پاشا، شاهیدەکان "ئارماسیدیس"
١٧- کوڕی "ئەیودابوخشین"، "گیریکیس" کوڕی "ئەردینیس"، "میراداتیس" کوڕی "کیرابانداکیس"

**تاوتوێ کردن و شیکردنەوە:**

ئێستا دەچینە سەر تاوتوێ کردنی ئەو زاروانەی له سەدەی یەکەمی پێش زایین، له زوانی کوردانی دانیشتوانی ئەوسای ناوچەی هەورامانداا باو بوون و لەم دوو بەڵگەنامانەدا (بەبێ پاشگری یۆنانی) هاتوون.



**ناوی جیۆگرامی و تۆپۆنۆمیکی:**

١- بیشثه برتا:

بەشی یەکەمی ئەم زاراوەیە "بیت"ی ئارامی و مانای ئاوەدانییە. بەشی دووەمیش زاراوەی کوردییە بەمانای "بەرز"، له زوانی کوردی ئەمڕۆدا هەر بەرزە.

ئەو زاراوانەی ئەم بنەچەیان هەیە وەك: "بیثواته (بێتواتە)" هەروەها "بیثوین" و... له جوگرافیای ئەمڕۆی کوردستاندا دەبینرێن. دوور نییە ئەم زاراوەیە هەمان "بیت بەروا" ی ئاشووری بێ که لەلایەن "ئورارتو" یەکان به شێوەی "بەرواتا" تۆمار کراوە.

٢- بەیسیرە

زاراوەیەکی کۆنی کوردییە مانای "بێ سەرت کرد واته بێ خاوەنت کرد"، ئەمڕۆ له کوردستان له ناوچەیەك بەناوی ئاوی "باسەرە" له سەنگاوی سەر بەچەمچەماڵ، به یادگار ماوەتەوە.

٣- گانزاکی

بەشی یەکەم "کەنز" و بەشی دووەم "ك" یّی پاشگری خۆڵاتییە له ناوچە کوردنشینەکانی سەردەمی "پارت" ەکانە. ئەم زاراوەیە ناوی شارێکە له "ئاترۆپاتین (ئازەربایجان)" باشووری دەریاچەی ورمێ نزیك "مەهاباد" ی ئێستا، به "گنزاکا" ناسراوە و دواتر بووە به "گنجك".

٤- دادباگایاگ، دادباکاناراس.

هەردووکیان بەمانای "خوداداد" ی ئەمڕۆ دێن، مەبەست ئەو خواوەندەیە که به "باگ" ناسراوە و له زوانی سلا ڤیدا بووە به "بوگ". ئەم زاراوەیە له ناو "میدی" یەکان به شێوەی "باگاە" بووە، وەك: "باگداتی، باگاتونا، باگ ماشتو، باگ بارتو، لەگەڵ ناوی خۆر "پاگ هوتیشوب" و "باگ-تیشوپ" له هەزار ساڵی پێش زایین له کوردستان ڕەواجی هەبووە. "بغ" سیمایەکی گۆڕاوی "باگ" ە وەك لەم زاراوانەدا دەبینرێ "بەغداد، بەغپور، فەغفور، کەمانای کوڕی بغ و ...".

٥- دیساکدی: زاراوەیەکی خۆڵاتی جوگرافییە

٦- کوپان، کوفان

هەردووکیان ناوی ئەو گوندەن که گرێبەستەکەی تێدا ئەنجامدراوە، بەشی یەکەم ئەگەر "کووپ" ی کوردی نەبێ، ئەوا لەزوانی ئەکەدیدا بەمانای سەرچاوە دێت. وێنەی ئەم زاراوانە له زوانی کوردیدا زۆرن، وەك بوبان، لیلان و... کوفان، (کوفەی ئەمڕۆ).

ناوی کەس

١- ئازاتە

لەزوانی کوردیدا مانای "بەگزادە" یە ، هەرچەند زاراوەی "ئازات" ئەمڕۆ بە دوو مانا بەکار دەبرێ

ئەلف- ئازاد

ب- "ئازا" واتە نەترس، بە غیرەت، سەردار.

لە زوانی کۆندا ئەم زاراوەیە ماناکەی تێکرای چینی "سوارە" ی دەگرتەوە.

٢- ئەپاك، ئەپاکان

ناوی فەرماندەی سوپای شاپووری دووەم و لە ناوچە کوردنشینەکان رەواجی هەبووە.

٣- ئاراماسد

لە بنەچەدا "ئارامازاد" ە مانای "حیکمەت" و شێوە کۆنەکەی "ئاسارامازاش" ە.

٤- ئەرئاس ثات

لەبنەچەدا "ئەرتائەستاتا" یە مانای "پاك نەوەستاو" ە. "ئەرتا" مانای پاك دەگەیەنێ "ئەستاتا" ش "نەوەستاو" ە.

٥- ئەردین:

لە بنەچەدا لە "ئەرتا" کە مانای "پاك" و "دین" پێکهاتووە، واتە "پاك دین".

٦- ئەرساك (ئەرشاك).

لە زاراوەی "ئەرشا" کە "ورچ " ە و پاشگری "ك" دروستبووە.

٧- ئەروزاتی.

بەشی یەکەمی ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئەوروا" لە ئاڤێستادا بەدیکراوە، مانای "خێرایا بەتوانا"یە، لە تەك بەشی دووەمدا "ئازاتە" کە مانای "بەگزادە، کوڕ، نەوە" یە، زاراوەی "ئاروزاتی" پێکهێناوە. لە هەمان کاتدا زاراوەی تری لەم شێوەیە بینراون وەك: "وە هەشت ئازاتە واتە لاوێکی باش، "چهرئازات" واتە لاوێکی بالاّ بەرز و...". ئەم زاراوەیە ئەمڕۆ بە شێوەی "زاد" کە مانای "نەوە" دەگەیەنێ لە کوردیدا ماوە. وەلێ دوور نییە زاراوەی "ئەوروا" هەمان "ئاهورا" ی کۆن بێت کە ئەمڕۆ لەکوردیدا بەشێوەی " ئاورزاد" واتە نەوە یا مندالّی ئاگر بە کار دەبرێ،



٨- ئەسپوماك.

لە زاراوەی "ئەسپ" و پاشگرێکی کۆن وەدی هاتووە. رەنگە پەیوەندی بە "رەگی چاوگی "ئاماك"ەوە هەبێ کە لە زوانەکانی "پارت" ی و "سکس" و "سرمات" دا مانای "دروسکەر یا بەننا"، شێوەی ئەم زاراوەیە لە هەموو زوانەکانی هیند و ئەورووپیدا، باو بووە، وەك "ئەسپابارای" یۆنانی و " ئەسپاروخ" ی بولگاری، ئەسپای هەخامەنشی، کونداسپا، کوشتاپا و...

٩- بەرەك.

زاراوەیەکی ئەرمەنییە مانای "بەرەکات" ە کە شێوە کۆنەکەی لە زوانی ئارامیدا "باریفا" یە مانای "بەرەکەتهێن" دەدات، وەلێ شێوە "بارەك" زاراوەی کوردی کۆنە لە "بارەکە" وەرگیراوە واتە "سوار" یا باری سەر پشتی ئەسپ.

١٠- باسیرتا

مانای "بە دەوردا گەڕان" ە.

١١- کاثاك

لە بنەچەدا لە زاراوەی "گاثاکە" واتە باغ و پاشگری "ك" وەدی هاتووە.

١٢-گیریك

لە بڕێك کەونە نوسراودا بە شێوەی " گریکا" دەبینرێ ، مانای ژیان لە ناو شاخ یا کێوی.

١٣- دەرگین

ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە وشەی "دەرکا" کە مانای درێژ دەدا بەدەستەوە و "ئانا- ین" کە دەم دەگەیەنێ ، هەردووکیان لەتەك یەکدا مانای "زوان درێژ" وەدیدێنن.

١٤- دینی

مانای "دینی" ئەمڕۆیە

١٥- دینو باز

شێوە کەونەکەی "دیناوازە"یە ، مانای بەرز راگری دینە. بەشی یەکەمی ئەم زاراوەیە "دین" ە بەشەی دووەمی "باز" ە کە دەست و باز و دەگەیەنێ. ئەم جۆرە ناوانە لە و سەردەمەدا لە کوردستان باو بوونە، وەك "مونوباز" پاشای ئەربیل کە لە بنەمالّەی "سکسی"یەکان بووە. " باز" لە کوردیدا هێشتا بە شێوەی "بازنگ" ماوەتەوە.

١٦- كليوپاترا

ناوی شاژنێكی میسرییە لە سەردەمی "ماركۆس ئەنتۆنیۆس"، هەروەها ناوی هاوسەری "تیگران"ی ئەومەنی بووە.

١٧-مەرزپان

بەشی یەكەمی ئەم زاراوە ئاوێتەیە لە "مهرزات" وەرگیراوە (شێوەی ئێستای "میرزا" یە)، بەشی دووەمیشی پاشگری "پان" یا هەمان "بان" ە كە لە كوردی ئەمڕۆدا بۆتە "وان". زاراوەی "مرزپان" مانای پاسەوانی سنوور دەگەیەنێ.

١٨- میرابەندك

مانای "دیلی میهر" ە (میهر خوای زانست و كازێوەیە). "میرابەندەك" شێوەی كۆنی "میثرابانداكا" یە. بەند بەرامبەر دیل، كارگەر، پاشكۆ، دەسبەستەیە. "ك" ێش پاشگرێكی خۆلاتییە.

١٩- مەیریدات

مانای "مهردات یا مهرداد" ە (واتە هەرچی خوای میهر بەخشیویەتی). تا هاتنی ئیسلام ئەم زاراوەیە باو بووە.

٢٠- ئەوپات

بەشی دووەمی ئەم زاراوەیە "پاتی" ئاڤێستاییە بەمانای "فەرمانڕەوا" و "والی". مانای گشتی زاراوەكە "فەرمانڕەوای باش" ە. لەكوردستان هاوشێوەی ئەم زاراوەیە زۆرن وەك: "دەهیوپاتی"، واتە سەرۆكی خێڵ، "نماناپاتی"، "كاراپاتی" مانای رابەری هێزی ناسوپایی و...

٢١- ئەوركەدات

مانای "زێڕداد"، هێندێك جاریش بەمانای "گورگ داد" دێت.

٢٢- سی یەكی

مانای سی و یەكەمین، زۆرجار ئەم ناوە بە شێوەی "سیاوكوس" بینراوە، رەنگە "سیاوگوێز" هەمان ناوبێت

٢٣- سوبین

لەبنەڕەتدا "شوبین یاشینا" ی ئارامییە كەمانای "لاوێكی جوان" دەگەیەنێ .



٢٤- تیگران

ئەم زاراوەیە لە ناو ئەرمەنییەكاندا باو بووە و ئێستا شێوەی "دیگران" واتە ئەوانی تری وەخۆ گرتووە. لە بنەچەدا لە زاراوەی " تیگرای" میدی كەمانای "تیژە" وەرگیراوە. هەروەها بەمانای "تیر" یش بەكار دەبرێ.

٢٥- فرات

لە "فراهاتا" وەرگیراوە كە مانای "تێگەیشتو و خاوەن دەرك" دەگەیەنێ.

٢٦- مەیفور

لە بنەچەدا "مەهیفەرن" ە كە لە "مەه+فەرن (فەرنە، پەرنە، هەورنە)" پێكهاتووە و مانای پیاو چاك دەدات. لە دەقی كەونە نووسراوەكەدا، باوكی بەركیس و سوبینس بووە.

**مانای ئەو زاراوانەی لە بەڵگەنامەی سێهەمدا بە زوانی ئارامی تۆمار كراون:**

١- ئەروتت

لە كەونە نووسراوەكەدا بە شێوەی "اروتت" نووسراوە. ناوی مانگی "هەوەردات" یا " هەروتاتە و مانای "هواردات" یا "خوردات" ە. لە نێو "بابل" یان "خوموردات" و لە هیندیدا "سواردات" و لە میتانیدا بووە بە "شوارداتا".

٢- مەیبان

زاراوەیەكی كوردییە لە كەونەنووسراوەكەدا بە شێوەی "میبنو" نووسراوە بەمانای دروسكەری مەی.

٣- پتسپك

زاراوەیەكی ئاویتەیە "پت+سپە+ك" مانای سەرلەشكر.

٣- تورین

ناوی باوكی مەیبانە

٥- ئەسمەك

ناوی بازرگانێكی مەشروب بووە لە ناوچەكە.

٦- رەزبان

لە كەونە نووسراوەكەدا بە شێوەی "زرنبو" تۆمار كراوە و مانای " خاوەن زەوییە".

٧- ئەریل

مانای خاوەن موڵكە.

٨- بەشنین

ناوی باوکی خاوەن موڵکە.

٩- تیرەك

لە زاراوەی "تیر" و پاشگری "ك" وەدیهاتووە. بنەچەی ئەم زاراوەیە "تیردات"، " میترادات"، "میثرادات" ە کە دواتر بووە بە "مهرداد"، "تیرداد" و...

١٠- رەشنو

ئەم زاراوەیە لە ناوی فریشتە "رەشنو" پەیدا بووە کە هاوڕێی خواوەند میترا= مهر بووە.

١١- ئەرشەتەت

وەك رەشنو فریشتەیەك بووە لەگەڵ "سراشا" و "راشیو" و...

١٢- گریپنهی

ویدەچێ ناوێکی یۆنانی بێ وەك: "گریپوس"، "ئەنتیوخوس" و...

١٣- میتراپادی

زاراوەیەکی ئاوێتەیە و لە سەرچاوەکانی مێژووی کۆندا زۆر بەرچاو دەکەوێ. هیرودت بە شێوەی "میتراپاتیس" نووسیویە. "میترا" ناوی خواوەند و "پادی (پاتی کۆن)" مانای حاکم و فەرمانڕەوایە، شێوەی ئەم زاراوەیە لە ناو "ماد" ەکاندا رەواجی هەبووە. وەك: دەهیوپاتی"، "میتراپاتی"، "زانتوپاتی" ,...

١٤- سەینەك

لە هێندێك سەرچاوەدا بە شێوەی "سیناك" هاتووە. ناوچەی جوگرافی "سیناك"ە لە باکووری رۆژئاوای زاخۆ کە لە جەنگی نێوان "پارت" و "کراسوس" ی رۆمی هاتە ناو مێژوو، لەم زاراوەیە وەرگیراوە.



## پاشکۆی پەرەسەندنی فەرهەنگ و زوان و ئەلفبای یۆنانی لە رۆژهەڵات و کەونە نووسراوەکانی "هەورامان" لەم قۆناغە مێژووییەدا

کەونە نووسراوەکانی هەورامان جگە لە بایەخی زواننासی، لەرووی مێژوویی و یاساییشەوە بەنرخن. ئەم دەسنووسانە بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ و شارستانییەتی یۆنانیان لە روژهەڵات و کاریگەرییان تا کۆتایی سەردەمی ئەشکانیان لە کوردستان نیشاندەدەن. بەلگەنامەکانی هەورامان سەرەڕای ئەوەی بەباشی پەیوەندی نێوان زواناسی و فەرهەنگی کوردستان لەگەڵ هیلینیزم دەردەخەن، هەبوونی کاروباری یاسایی هاوئاهەنگ لە کوردستان دەنوێنن. بەستنی گرێبەستی سادەی وەك کڕین و فرۆشتنی پارچە زەوی لادێیەك و خستنە رووی وردەکارییەکانی و لە کۆتاییدا نووسینی بەدوو زوان شایەتی ئەم گوتەی ئێمەن کە دەڵێ: لە سێ سەدەی پێشووەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەبووە لەنێوان ئاستی شارستانییەت و کلتووری دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا.

بێگومان هەر سێك کەونە نووسراوەکە سالڕۆژی یۆنانیان پێوەیە کە بە ساڵی زایینی دەبێتە سەدەی یەکەمی پێش زایین (١١، ٢٢، ٨٨ی پێش لەدایکبوونی مەسیح).

پرۆفیسۆر مینس بەسەرسامییەوە دەڵێ: تۆمارکردنی مێژووی ئەم بەڵگەنامانە بە زوانی یۆنانی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەم پێیە لە تاوتوێ کردنی مێژووی کوردستان بابەتێك بەناوی" کاریگەری نهێلیزم لە سەر رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك" دێتە پێش و پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێ بە قووڵایی باسەکەدا رۆچێ.

لە کاتی نووسینی ئەم کەونە نووسراوانە ئیمپراتۆری رۆم و ئیمپراتۆری "ئەشکانیان" لە بێنە و بەرەی خۆیاندا کوردستانیان کردۆتە شوێنی زۆرانبازی خۆیان. هەر لەو سەدەیەدا، دوو هێزی تر لە ناوچەکەدا رۆڵێکی مەزنیان گێڕاوە، یەکێکیان "تیگرانی" ئەرمەنی بووە و ناوی لە کەونە نووسراوەکاندا تۆمار کراوە، دووەمیان "میثراداتی شەشەم" پاشای بونتوس لە باکووری دەریای رەش (٣٦-٢٠ی پ، ز) کە ناسراوە بە "یوپارتو".جگە لە رکابەریی سیاسی ئەم هێزانە، سایەی تاك فەرهنگی واتە فەرهەنگی یۆنانی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا بوو. لێرەدا لەم باسە دەکۆڵینەوە تا هەر چەشنە تارماییەك لەمەڕ پەیوەندی کوردستانی دێرین و شارستانییەتی یۆنانی بڕەوێنینەوە.

**١- پێشەکییەك لە سەر وڵاتی یۆنان و دانیشتوانەکەی، فەرهەنگ و کاریگەرییەکەی لەسەر وڵاتانی تر:**

زاراوەی "یۆنان" شێوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتە بۆ ناونانی ڕۆژئاوای ئاسیای گچکە کە لە بنەچەدا لە "یۆن" و "ان" پێکهاتووە. تێکڕای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی گچکە و باشووری نیمچە دوورگەی باڵکان بەم ناوە ناسرابوون. ئەمڕۆ ئەم ناوە لەزوانی کوردیدا بە شێوەی "وێنان" بەکار دێ.

لەسەردەمی "هۆمر" دا (سەدەی نۆهەم و هەشتەمی پێش زایین) ئەو وڵاتەیان بە ناوی "ئاخایی" دەناسی (کە خاك یا نیشتمان دەگەیەنێ). بەڵام ئەم زاراوەیە تێکرای خاکی یۆنانی نەدەگرتەوە تەنیا بەشی باکووری ئەم وڵاتە نەبێ ( واتە بەشێك لە ناوچەی "تسالیا" ناسراو بە "ئاخیا" و وڵاتی "ئەخیلیوس" لە "ئەخیل" ەوە کە پاڵەوانی داستانی "هومر" بوو).

لەلایەکی تر "هومر" زاراوەیەکی دیکەی بۆ پێناسەی ئەم وڵاتە بەکار هێناوە، "ئەرگوس" لە راستیدا شارێك بووە لە ناوچەی "ئەرگولیس" ی "پلوپونزی". ئەم شارە لە نزیك شاری دێرینی "میکینیای" دروستکرابوو، لە کاتی خۆیدا پایتەختی "ئەگامنون" ئەوسەرکردەیە ناودارە بووە کە هێرشی هێناوەتە سەر شاری "تروا".

دواتر "هومر" زاراوەی "ئەرگوس" ی بۆ تێکڕای "پلوپونزی" بەکار هێناوە و دەڵێ: کەوتۆتە ناو خاکی "هلاس" واتە یۆنان. مەبەستی "هومر" لە خاکی "هلاس" سەرزەوییەکی گچەکە بووە نزیك "ئەخیل" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی "تسالیا"، لە "هیلن" یش مەبەستی دانیشتوانی "هلاس" بووە کە بەشێوەی "پانهیلین" واتە یەکیەتی گریکەکان بەکار هاتووە (Greece مانای یۆنانە). ئەم زاراوەیە لە سەدەی حەوتەم بەولاوە پتر بەکار هاتووە.

لەلایەکی تر رۆمییەکان یۆنانییەکانیان بە "گرایك" ناوبردووە، ئەم ناونانەش لەگەڵ (Graioi) ەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی "بویوتیا" بێ پەیوەندی نەبووە. ئەوانی شاری "کیمی" یا "کومای" یان دامەزراند و یۆنانییەکانیش دواتر لە ساڵی ٧٥٠-٧٢٥ ی پ, ز شارێکیان بەو ناوە دامەزراند. لەبەر ئەوە رۆمییەکان دانیشتوانی ئەم شارەیان ناونا "گریك" و ئیتر بوو بە زاراوەیەك بۆ هەمموو دانیشتوانی یۆنان.

جگە لەوە زاراوەی "یۆنان" لە بنەڕەتدا لە "ئەیون" (ione) واتە دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئاسیای، وەدیهاتووە. ئەم زاراوەیە سەرەتا "ئەیایون –Iaone" بووە، دواتر هەروەك وتمان بە هیمای "ان" بووە بە "ئەیۆنان و یۆنان". کۆمەلەی یەکەم دانیشتووی یۆنانی دێرین بوونە و



هەر لە دەسپێکی هەزارساڵی پێش زایین، لەگەڵ دەوڵەتە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەندیان پەیدا کردووە. لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان دانیشتووی لێوارەکانی دەریای مەڕمەڕە، میدیترانە و دەریای رەش بوونە، پەیوەنییەکی قووڵیان لەگەڵ "قوبرس" و شارە کۆنەکانی سەر دەریا لە تورکیا و سوریا و لوبنانی ئەمڕۆ پەیداکردووە. (لە مەڕ زاراوەی کوپروس- Cyprus هێندێك مێژوونووس بروایان وایە کە ئەم ناوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو وڵاتە مسێکی زۆری تێدایە، وەلێ هێندێکی تر پێیان وایە ئەم ناوە لە (کورش - Cyrus) فەرمانڕەوای ئێرانی وەرگیراوە. یۆنانییەکان لە رێگەی هیتییەکانەوە لە ناوەندی ئاسیای گچکە پەیوەندیان لەگەڵ میتانییەکان پەیدا کرد پەیوەندی بازرگانی و دیبلۆماسییان بەست. ئاشوورییەکان چەند جار هێرشیان بردە سەر شارە یۆنانییەکانی رۆخی دەریای میدیترانە کە لە خاکی فینیقی بوون (لە دەقە ئاشوورییەکاندا ئەو وڵاتە بە "یەمانی" ناوبراوە).

پێش بڵاوبوونەوەی عەشیرەتکانی یۆنانی دێرین، دوو دەڤەری مێژوویی و ناوەند و شارستانییەتی گرینگ لە یۆنان هەبوون. یەکەمیان دەڤەری "کرت" و ئەوی تر شاری "کنوسوس" لە سەر لێواری دەریای ئیجە کە بەناوی گەورەپاشای خۆی "مینۆس" ناوبانگی دەرکردووە. لە راستیدا دەتوانین ئەم دوو شارە بە یەکەم ناوەندی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی یۆنانی لە جیهان دابنێین.

چەندین ساڵ دوای شارستانییەتی "کرت" و "کنوسوس"، چەند کۆمەڵێك لە کۆچەرانی یۆنانی دێرین کە گرینگەکانیان ئەمان بوون، لە باکوورەوە روویان لەم دوو شوێنە کرد:

١- تسالییەکان

٢- بیوسینییەکان

٣- دوورییکان

دوای ئەوە کۆمەڵێك لە "ئاخی" و "ئیولی" و "تسالی" یەکان روویانکردە رۆخەکانی دەریای ئیجە، ئەو شوێنەی لەمێژوودا ناوی "ئیولیس" ی وەرگرت، وەلێ ئەیونییەکان بە لێوارەکانی "ئەتیکا" و "ئەرگولیس" دا بڵاو بوونەوە. لە باشوور "ئەیونی" یەکان، کۆچەرانی "دووری" لە "رودس" و "کرس" نیشتەجێ بوون کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیای گچکە (واتە تورکیای ئەمڕۆ).

دکتۆر عەبولوەهاب یحیا مامۆستای مێژووی شارستانییەتی لە زانکۆی ئەسکەندەرییە و بەیروت: دەڵێ: دەریاکان سنووری سروشتی بوون لە بەرامبەر ئیمپراتۆری "هیثی"و"

ئاشووری" و "میسر" و  ڕێگەیاندا یۆنان بتوانێ  قۆناغەکانی لەدایکبوون و پەرەسەندنی شارستانییەت بێ هیچ دەردەسەرییەك، تێپەڕێنێ و بگاتە ئاستێکی بەرز.

لە یۆنان، حوکمرانی شایەکان، جێگای خۆی دا بە ئەرستۆکراسی. ئەم تایبەتمەندییە پتر لە شارەکانی "ئاثینا"، " ئیسپارت" و "کورنث" بەرچاو دەکەوت. یۆنانییەکان بەرەبەرە و لە سەرخۆ، پاوانی دەسەلاّتی خۆیان پەرەپێدا بۆ ولاّتانی دوورە دەست، "پرۆبونتوس لە (دەریای مەرمەرە)"، "ئەیلیوکزین لە (دەریای رەش)"، باکووری رۆژئاوای دەریای ئیجە و "سیکیلیا" و ئیتالیا.

لە هەمانکاتدا گۆڕانێکی مەزنی سیاسی، ئەتنۆگرافی و زوانناسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست روویدا، ئەویش سەرهەلّدانی "ماد" و " هەخامەنشی" یەکان و لە ناوچوونی "ئاشوور"، "ئورارتو"، "هیثی" و "فیرعەونەکان" ی میسر بوو. وەلێ دوابەدوای ئەوە جەنگی "میدیا" و "لیدی"، گرێبەستی ئاشتی لە لێواری رووباری "هالیس" و دیاریکردنی ئەو رووبارە وەك سنوور، روویاندا و پەیوەندییەکی نوێی سیاسی و فەرهەنگییان لەم بەشەی جیهاندا خولّقاند.

جەنگەکانی "کورش"، گەورە ئیمپراتۆری هەخامەنشی، جەنگی ئیران و یۆنان و لەکۆتاییدا گەڕانەوەی سوپای یۆنانی بە رابەری "گزنفۆن" لە سالّی ٤٠١ ی پێش زایین، رێگای خۆشکرد ئەسکەندەری مەکدۆنی بەمەبەستی پەرەپێدانی "هلینیزم"، هێرش بکاتە سەر ئێران. سەد سالّ دواتر ئەسکەندەر روویکردە رۆوژهەلاّت و سەرئەنجام بە ئاگر تێبەردانی "پرسپۆلیس" تاج و تەختی هەخامەنشییەکانی لابرد. بە رووخانی هەخامەنشییەکان، لە مێژوودا سەردەمێك دەستپێکرد کە شوێنەواری تا سەدەی حەوتەمی پێش زایین لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپادا بە جێما، ئەویش "هیلینیزم" بوو.

لێرەدا نابێ بەئاسانی بەسەر خالێکدا تێپەرین. نەئاخاوتن بە زوانی یۆنانی بەمانای ناکاریگەری فەرهەنگی یۆنان نەبوو. تەنانەت "پارت" ەکانیش کە رەقیبی سەرسەختی یۆنانییەکان و دواتر رۆمییەکان بوون لە کاریگەری نفوزی "هیلینیزم" بە دوور نەبوون. لێرەدا هەروەك چۆن نە ئاخاوتن بەزوانی یۆنانی مانای ناکاریگەری فەرهەنگی یۆنان نەبوو، دیالێکتی یۆنانیش بەرامبەر کارتێکردنی "هلینیزم" نەبوو. هەرچەند دانیشتوانی باکوور و باکووری رۆژئاوای یۆنان واتە، قوبرس، کیلیکیا و هێندێك عەشیرەتی دانیشتووی رۆژئاوای تورکیا (بولگارستانی ئەمرۆ) تا کۆتایی دەسەلاّتی رۆمییەکان لە بازنەی "هیلینیزم" دا دەژیان، کەچی یۆنانی زوان بوون. رۆمییەکان زۆرترین پشکی کاریگەری "هیلینیزم" یان بەرکەوت.



زۆربەی نووسەرە رۆمییەکان بەرۆمی یا بە لاتینی دەیان نووسی، یا بیرو هزری یۆنانی کاری تێکردبوون و بە یۆنانی دەیان نووسی. باسی فەرهەنگی یۆنان و "هیلینیزم" بۆ دەرفەتێکی تر جێدەهێلّین.

"فیلیپ ماکدونی" هەولێدا بە یەکخستنی دەولّەتشارەکان، تاکە فەرهەنگێکی هیلنی ئەوتۆ بخولّقێنێ کە تێکرای شارەکانی یۆنان بخاتە ژێر رکێفی خۆی. ئەو بیرورایەی لە شمشێری کورەکەیدا " ئەسکەندەر" خۆی نواند و بزاوتی فەرهەنگی یۆنانی، لەگەلّ شالاّوی سەربازانی ئەسکەندەر بەرەو رۆژهەلاّت، کەوتە کار. هەرچەند میلیتاریزمی مەکدۆنی بالّی بەسەر یۆناندا کێشا، وەلێ فەرهەنگی یۆنانی مەکدۆنیای لە ناو خۆیدا تواندەوە و ئەسکەندەر و سەربازەکانی لە رۆژهەلاّت بوونە بارکێشی فەرهەنگی یۆنانی. "هیلینیزم" بە چەکمەکانی ئەسکەندەر تا هیندوستان پەرەی سەند و "سلوکی" ییەکان نیوەی گۆی زەوییان بە فەرهەنگی یۆنانی ئالوودە کرد. لەم نێوەندەدا بێگومان ئاسیای گچکە و باکووری میزۆپۆتامیا و باشووری قەفقاز (ئەم شوێنەی کوردستانی ئەمرۆ)، بێبەش نەبوون.

## ٢- پارتەکان و رۆلّیان لە رۆژهەلاّت و سەردەمی هیلینیزم:

پارتەکان لە سەرەتای مێژووی خۆیاندا، کۆمەلّێکی کۆچەر بوونە لە ماوەی هەزار سالّی پێش زایین تا سەدەی یەکەمی زایینی لە ناوچەکانی باشووری دەریای خەزەر، تورکمەنستان وخوراسانی ئەمرۆ ( لە رۆژگاری کۆندا، "پارس ئاوا" یا "پرئاوا" یان پێگوتووە)، ژیانیان بەسەر بردووە. لە سەردەمی میدیا و (هەخامەنشی) دا هیچ رۆلّێکیان لە دەسەلاّتدا نەبووە. دوای هێرشی مەکدونیا بۆ سەر ئێران و سالّەها فەرمانڕەوایی "سلوکی"یەکان، لە سالّی ٢٥٠ی پێش زایین، بە شێك لە خاکی خۆیان ئازاد کرد و هەر لەوێوە بناغەی ئیمپراتۆری ئەشکانییان دامەزراند. زوانی ئەوانە تا سەدەی دووەم و سێهەمی زایینی لە شوێنی جیاجیای ئیمپراتۆریدا رەواجی هەبووە. "پارت" ەکان پەیوەندی زوانناسی و مێژووییان هەبووە لەگەلّ کۆچەرانی ئاسیای گچکەدا کە تا سەدەی سێهەمی زایینی هەر لەوێ نیشتەجێ بوون. بەلاّم وێدەچێ بلاّوبوونەوەی "هلینیزم" لە ناو پارتەکان فاکتەری گرینگی دامەزراندنی دەولّەتی پارت بووبێ بۆیە ناوی یەکەم رابەریان "ئەرشەك" بووە. لە سالّی ٢٣٢-٣٣١ ی پ، ز "سلۆکۆسی دووەم" ناچار بووە برای "ئەرشەك" بەفەرمی بە پاشای ئەو دەولّەتە بناسێ . پایتەختی ئەم دەولّەتە "گیکاتومپیل" بووە کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای "دامگان

(دامغانی ئەمرۆ)". وەلێ دوایی ناوەندی دەسەڵات گوازرایەوە بۆ "ئەکباتانا (هەمەدانی ئەمرۆ)" و "سلوکییە" ش بۆ سەر لێواری رووباری دیجلە. ئەم شارە پێشتر لەلایەن مەکدۆنییەکانەوە دروستکرابوو.

سنووری سیاسی ئەشکانییەکان بە پێی هێز و توانای دوژمنەکانییان گۆڕانی بە سەردا دەهات. لەم لا "سلوکی" یەکان، لەولا "رۆمی" یەکان و لە رۆژهەڵات دەوڵەتی "گریك-باکتری" لەگەڵ کۆچەرانی ئاسیای گچکە گوشاریان دەخستە سەر پارتەکان. لە ساڵی ٢٠٩ ی پ، ز، "ئەنتیوخوسی سێهەم" هێرشی هێنایە سەر شاری "گیکاپومپیل" و داگیریکرد وەلێ دوای گرێبەستێك "ئەرشەك" ەکان جارێکی تر دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

لەسەردەمی "میپرادات" ی یەکەم سنوورەکانی ئیمپراتۆری ئەشکانی زۆر پەرەیان سەند و لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتە "باکتری". دواتر لە ساڵی ١٦١- ١٥٥ی پ, ز ولاتی میدیای داگیر کرد، ساڵی ١٤١ی پ، ز بە سەرکەوتن بەسەر سلوکییەکاندا شاری "بابل"، "ئوروك" و...ی خستە ژێر رکێفی خۆی و "عیلام" ی کردە ئامانج. لەلایەکی تر شەڕ لەگەڵ "ساکا (سکسی یەکان)" کەپارتیایان داگیر کردبوو و بەرەو باشوور لە رێدا بوون، زۆر گران لەسەریان کەوت. لە سەردەمی "میپراداتی دووەم" ژمارەیەك لەو شوێنانەیان گرتەوە کە "ساکا" یەکان داگیریانکردبوو، بەتایبەتی ناوچەی "درەنگیانە". وەلێ فەرمانڕەوایانی ساتراپ "سکستان"، ناوچەکانی "ئەرییا" و "مرگیانا" یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. "میپراداتی دووەم" وەك شایەکانی هەخامەنشی ناوی خۆی نا شای شایان، هەر ئەوکاتەش بوو پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ولاتی چین بەسترا.

ئەشکانییان لەساڵی ٩٢ ی پ. ز هێرشییان کردە سەر ئەرمەنستان و دوای کێشمەکیشێکی زۆر لە نێوان ئێران و رۆم، رووباری فوڕات کرا بە سنووری نێوان دوو ئیمپراتۆری. ئەم پەیمانە زۆر خۆی نەگرت، سەرئەنجام ساڵی ٦٥ ی پ. ز ناوچەی "کوردوئین (کوردستانی ئەمرۆ)" بوو بە شوێنی تێکهەڵچوونی دوو زلهێز. لە سەردەمی "ئەردی دووەم (٧٥-٣٧ یپ، ز)" سوپای رۆم بە سەرکردایەتی "لیسیناکراسوس" هاتە میزۆپۆتامیا و ناوچەیەکی بەرفراوانی لە کوردستان داگیر کرد. لە بەرامبەر ئەم دەسدرێژییەدا، ئەشکانییەکان لە ساڵی ٤٠ ی پ، ز تێکڕای ئاسیای گچکە و سوریا و فەلەستینیان داگیرکرد.

بە سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە نێوان "فراهاتی چوارهەم (٣٧-٢ یپ، ز)" و " تیرداتی دووەم" یەکەمیان پەنای بردە بەر "ساکا" کان و دووەمیان رووی کردە رۆمییەکان و لە وێوە



ئیمپراتۆری ئەشکانی بوو بە دوو پارچە. لە ساڵی ٢٠ ی پ، ز پەیمانێك لەنێوان "تیرداتی دووەم" و رۆمییەکان بەسترا بەو مەرجەی ئەرمەنستان بدرێتە رۆم و رووباری فورات بە سنووری فەرمی بناسرێ . ئەشکانییەکان، سوریا، فەلەستین، ئەرمەنستان و ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانیان لە دەستدا.

دەوڵەتی ئەشکانی تاساڵی ٢٢٦ی زایینی لە ئارادابوو. لەو ساڵەدا "ئەردەشێری بابەکان" کە لە بنەماڵەی ساسانییەکان بوو، دوای چەند ساڵ خەبات و راپەڕین، "ئەردانی پێنجەم" ی کوشت و ئیمپراتۆری ساسانی دامەزراند.

لێرەدا ناوی پاشاکانی ئەشکانی و رۆژگاری فەرمانڕەواییان دێت، چونکە لەگەڵ کەونە نووسراوەکانی هەورامان بێ پەیوەندی نین:

| شێوەی نوێی ناوەکان | شێوەی کۆنی ناوەکان | سەردەمی فەرمانڕەواییان پ، ز |
|---|---|---|
| ١- مهردادی دووەم | میپراداتیس | ١٢٣-٨٨-٧٧ |
| ٢- گودەرزی یەکەم | گوئارزیس ١ | ٨٢ -٩١ |
| ٣- ئەردی یەکەم | ئورودیس ١ | ٨١-٧٥ |
| ٤- سیناتروك | سیناتروکیس | ٧٩-٧٥, ٦٩ |
| ٥- فەرهادی سێهەم | فراهاتیس ١١١ | ٥٧- ٣٦ |
| ٦- مهردادی سێهەم | مبپرادیس ١١١ | ٥٧- ٣٦ |
| ٧- ئەردی دووەم | ئورودیس ١١ | ٥٧- ٣٦ |
| ٨- پیروزی یەکەم | یکوروس ١ | لە ٥٧ ی پ، ز مردووە |
| ٩- فەرهادی چوارەم | فراهاتیس ١١١١ | ٣٨-٢ |
| ١٠- تیردادی دووەم | تیریداتیس ١١ | ٣٠- ٢٥ |
| ١١- فەرهادی پێنجەم | فراهاتیس ١١١١١ | ٢٦-٤ |

هەروەك لە سەرەتای ئەم باسەدا گوتمان، جگە لەو دوو هێزە سیاسی و فەرهەنگییە، هێزێکی سێهەمیش هەبوو، بەڵام کەمتر کاریگەر بوو لە سەر سیاسەت و فەرهەنگی ناوچەکە، یەکێکیان هێزی "تیگران" ی ئەرمەنی ( لە کەونە نووسراوەکەدا بە تیگراس ناوی هاتووە) و "کلیوپاترا" ی هاوسەریەتی و هێزەکەی تر "میتراداتی شەشەم" پاشای "بونتوس" خەزووری تیگران بوو.

**١- تیگرانی ئەرمەنی و میترادات پونتوس (هێزی سێهەم):**

تیگران "تیگرانیس" یا "دیگرانی یەکەمی مەزن" (١٤٠-٥٥ ی پ, ز) لە سەرەتای ساڵی ٩٥ و ٩٤ ی پێش زایین پاشای ئەرمەنستان بووە. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایەدا دەوڵەتی ئەرمەنی، پێگەی بەرز وەلێ کورتخایەنی لە مێژووی خۆیدا بەدەستهێنا.

"تیگران" کوڕ یا برازای "ئەرئاواسادیسی دووەم" لە بنەماڵەیەك بوو لە سەدەی دووەمی پێش زایین بە هۆی "ئەرتاکسیاسیس" هاتبووە مەیدانی سیاسی. دواتر میتراداتی دووەمی ئەشکانی "تیگران" ی وەك بارمتە لەگەڵ خۆیدا برد بۆ وڵاتی پارت. دوایی ئازاد کراو گەڕایەوە ناو وڵاتی خۆی بۆ شوێنێك لە سەر سنووری "میدیا" بەناوی "هەفتادول". ئینجا دەستیکرد بە پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی، سەرەتا خاکی "سوزیفینی" لە ڕۆژهەڵاتی فوڕات داگیرکرد و دوای ئەوە پەیمانی لەگەڵ "میتراداتی شەشەم" بەست پاشای وڵاتی "بونتوس" لە لێوارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش، لە درێژەی ئەم کارەدا زەماوەندی لەگەڵ کچی میترادات واتە "کلیوپاترا" کرد تا لەبارەی "بونتوس" خەیاڵی ئاسوودە بێت. دوایی ئەمەش "تیگران" رویکردە "کاپادوکیا" لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە و سەرئەنجام لە ساڵی ٩٢ ی پ, ز بە دەستێوەردانی ئیمپراتوری ڕۆم کۆتایی هات.

لە کاردانەوەی ئەو کردەوانە، "تیگران" ئاگری شەڕێکی گەورەی لەگەڵ پارتەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر هەڵگیرساند. ئەم ناوچەیە دوای مردنی "میتراداتی دووەم" بەرەبەرە توانای خۆی لە دەستدا و کەوتە بەر هێرشی بەردەوامی "سکس" ەکان. تیگران "هەفتادول" ی گرتەوە و لە درێژەی ئەم کارەیدا بە شێکی پان و بەرینی وڵاتی "میدیا" ی داگیرکرد. بەم پێیە بوو بە پاشای وڵاتی "ئەتروپاتینا"، گوردوینی"، "ئەدیاینی"، "ئوسروینی" و باکووری میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆی تورکیا) و قەفقاز. پاشایانی "ئیبریا (گورجستانی ئەمڕۆ)" و "ئالبانیا (داغستانی ئەمڕۆ)" دەسەڵاتی تیگرانیان بە فەرمی ناسی. لە ساڵی ٨٣ ی پ, ز کۆشکی "سلوکی" لە سوریا لە بەرامبەر (تیگران) دا توانای خۆی لەدەسدا و شای شایان دوای سەرکەوتنی سیاسی شاری "تیگرانوکرتا (میافارقین)"ی دروستکرد. لە ساڵی ٧٣ ی پ, ز دا تیگران بەرەنگاری ڕۆمییەکان بۆوە. "لوکلوس" ی ڕۆمی لە ڕۆژی شەشەمی ئوکتۆبەری ساڵی ٦٩ ی پ, ز چووە ناو خاکی ئەرمەنستان و لە دەوری شاری "تیگرانوکرتا" فەرمانڕەوای دەسەڵاتداری ئەرمەنی تێکشکاند. دووەم شەڕی تیگران لەگەڵ ڕۆم لە سیپتامبری ساڵی ٦٨ ی پ, ز، لە دەور و بەری



شاری"ئەرتاکساتا" بە تێشکانی دووبارەی فەرمانڕەوای ئەرمەنستان (واتە تیگران/ و) کۆتایی هات و ئەمەش تیگرانی ناچار کرد هێزێکی سەربازی هاوبەش لەگەڵ میترادات پێکبهێنێ. لەم نێوەندەدا کوڕی تیگران لە کیلوپاترا کە ئەویش هەر ناوی تیگران بوو، دژی باوکی ڕاپەڕی و جگە لە یارمەتی وەرگرتن لە "فەرهادی سێهەم" پەیوەندی بە پارتەکانیشەوە کرد، بەڵام لەبەرامبەر باوکی تێشکاو ناچار پەنای بردە بەر "پومپیوس" ی ڕۆمی. سەرئەنجام تیگرانی باوك لە ساڵی ٦٦ی پ. ز خۆی تەسلیم بە ڕۆمییان کرد. وەلێ "پومپیوس" لە سەر تەختی دەسەڵات هێشتییەوە تا لە ژێر چاودێری ڕۆم درێژە بە فەرمانڕەوایی خۆی بدات. تیگران بیست ساڵ لە ژێر سایەی ڕۆمیان فەرمانرەوایی کرد، لەو ماوەیەدا "سوفینی"، "گوردوینی" و... لەدەسدا.

دوای تیگران کوڕەکەی "ئارتاواسادیس" جێگای گرتەوە. هەروەك پێشتر وتمان تیگران بۆ پاراستنی ئەرمەنستان ناچار بوو لەگەڵ "کلیوپاترا" کچی "میترادات" زەماوەند بکات. "کلیوپاترا" کچی میتراداتی شەشەم" پاشای گورجستان، باشووری دەریای ڕەش و ئەناتۆلی ناوەندی بوو کە ئەوسا پێی دەگوترا "پونتوس". جگە لەم "کیلیوپاترا" یە چوار ژنی تر بەم ناوە لە مێژوودا ناویان تۆمار کراوە:

١- کلیوپاترای چوارەم لە ساڵی ٦٩ ی پ، ز لەدایکبووە و لە ساڵی ٣٠ی پ. ز مردووە، پاشای میسر، خۆشەویستی جۆلیۆس سیزار و مارك ئەنتۆنیوس و خوشکی بەتلیمۆسی هەشتەم بووە.

٢- کلیوپاترای یەکەم کچی ئەنتۆنیۆس و هاوسەری بەتلیموسی پێنجەمی میسر بووە (١٩٣-١٧٦ی پ. ز).

٣- کلیوپاترای دووم (سەدەی یەکەمی پێش زایین) هاوسەر و خوشکی "بەتلیمۆس ئەیورکینیسی دووەم" پاشای میسر بووە.

٤- کلیۆپاترای سێهەم (سەدەی یەکەمی پێشزایین) برازاو هاوسەری بەتلیموس ئەیورکینیسی دووەم" پاشای میسر بووە.

لەم قۆناغەدا ئیمپراتۆری ڕۆم تووشی گەلێك گرفت هات. لە کۆتایی سەدەی دووەمی پێش زایین ناکۆکی بەرفراوان کەوتە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی (سەنا). سەرئەنجام ئەفسەرێك بەناوی "ماریوس" لەساڵی ١١١ ی پ.ز و دوای ئەو ئەفسەرێکی تر بە ناوی "سولا" ڕۆمایان هێوڕ کردەوە. چاکسازی سوپایان کرد و ئابووری ئیمپراتۆرییان بووژاندەوە. دوا بە دوای ڕێکخستنی

کاروباری ناوخۆ، لە پاوانی فەرمانڕەوایی خۆیاندا دەستیان کرد بە سەرکوتکردنی راپەرینەکانی ئاسیا و ئەفەریقا. لەو سەرو بەندەدا "میتراداتی شەشەم" پاشای "پونتوس" زۆر شوێنی ئاسیای گچکەی لەوانە "کاپادونیا" داگیرکرد و "ئاریوبارزانیس" ی وەدەرنا. "سولا" دەسەلاتی بۆ " ئاریوبرزن" گەڕاندەوە و پەیمانی ئاشتی لەگەڵ "پارتەکان" بەست. "سولا" لە ساڵی ٩١ ی پ، ز بە تەواوی دەسەلاتەوە گەڕایەوە "رۆم". ولاتی "پونتوس" لە رۆخی باشووری رۆژهەلاتی دەریای رەش بوو، فەرمانڕەواکەی کەسێك بوو بەناوی "میتراداتی شەشەم" کە ناسرابوو بە "پوپاتور (١٢٠-٦٣ ی پ، ز)". ئەو پیاوە فەرمانڕەوایەکی پایە بەرز و بەدەسەلات بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی فراوانی سیاسی و سەربازی هەبوو، وەلێ هەولێدا تەنیا لە ئاسیای گچکەدا بەتایبەتی "کاپادونی" پەرە بە دەسەلاتی خۆی بدات. ئیمپراتۆری رۆم لەو ناوچەیەدا دژی هەر چەشنە فەرمانڕەواییەکی بە توانا بوو لە دەرەوەی پاوانی فەرمانڕەوایی خۆی (پرگامون لە ساڵی ١٢٩ ی دامەزرا و "کیلیکیا" ش لە ساڵی ١٢٣ بوو بە ویلایەت).

"میترادات" لە ساڵی ٩٠ ی پێش زایین "بیپینیا" ناوچەی نیوان خۆی و ئیمپراتۆری رۆمی داگیر کرد. وەلێ لە ساڵی ٨٩ پ. ز کە دەستی دەرەکی خەریك بوو "نیکومیدیسی دووەم" پاشای "بیپینیا" دژی ئەو هانبدات، لەو شوێنە پاشەکشەی کرد.

شەڕی نێوان رۆم و ئیتالی دەرفەتێکی لە باری بۆ "میترادات" رەخساند تا "کاپادونیا" داگیر بکات و "نیکومیدیسی دووەم " بەسەختی تێکبشکێنێ. دوای ئەو شەڕە ئاسیای گچکەی بە تەواوی کونترۆڵکرد و دەستی بە سەر هاتوچۆی کەشتییەکانی دەریای ئیجەدا گرت و چەندین شاری یۆنانی ئاسیای گچکەی خستە پاڵ پاوانی فەرمانڕەوایی خۆی. زوڵم و ستەمی دوورودرێژی رۆمییەکان بوو بەهۆی ئەوەی ئاسیای گچکە "میترادات" بە فریشتەی رزگاری خۆیان بزانن، ئەمەش لە سەرکەوتنە بەرچاوەکانی ئەودا کاریگەر بوو. بێزاری کۆمەلانی خەڵك لە رۆمییەکان بە رادەیەك بوو، دەڵێن هەرکە میترادات فەرمانیدا، لایەنگرانی هەڵیانکوتایە سەر رۆمی و ئیتاڵییەکان و لەرۆژێکدا (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار باجگیر و بازرگانی رۆمیان بە ژن و منداڵەوە لەت و پەت کرد.

هەر لەو رۆژگارەدا ( ساڵی ٨٨ ی پ، ز) ئەپینا دژی فەرمانڕەوایانی "ئولیگارشی" کە بە پشتیوانی رۆمییەکان هاتبوونە سەرکار، راپەڕیی، لەگەڵ لە ناوبردنی دەسەلاتی رۆمییان بە فەرمی لایەنگری خۆی بۆ "میترادات" راگەیاند. "میترادات" یش یەکێك لە گەورە



فەرماندەکانی خۆی بەناوی "ئەرخیلاوس" نارد بۆ ئەثینا، ئەم فەرماندە ئیرانییەش لە سەر رێگای خۆی تێکڕای ئەو ولاتانەی پاکسازی کرد کە پێیدا تێپەری و دەستی بەسەر "دیلوس" ناوەندی بازرگانی رۆژهەلاتدا گرت. هاوکات لەشکرێکی گەورە لە باکوورەوە بە رێگای "تراکیا" و "مەکدۆنیا" دا بەرەو ولاتی "گریك" وەڕێکەوت.

لە ساڵی ٨٥ ی پێش زایین دەریای ئیجە کەشتی زۆری سوپایی بە "فەرمانیی "لوکلوس" بە خۆیەوە بینی. شەڕی دەریایی نێوان "لوکلوس" و "میترادات" بە تێشکانی میترادات کۆتایی هات. ئەم تێشکانە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئامادەبوونی "سۆلا" لە ئاسیادا. پێش ئەویش "فلاکوس" بە تەنگەی "بسفۆڕ" دا بەرەو ئەثینا رۆیشتبوو. بەم پێیە توانای سەربازی "میترادات" زۆر لاواز بوو بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی شارەکانی "گریك" پشتیان بەردا. "فلاکوس" بە دەست سەربازانی راپەڕیوی خۆی کوژرا، "فینبریا" بوو بە جێ نشینتی ئەو، دوژمنی تێکشکاند و "پرگامون (میترادات ئەم شارەی کردبوو بە پایتەخت)" ی داگیرکرد. "میترادات" هەلات و رایگەیاند ئامادەیە وتووێژ لە گەڵ "سولا" بکات. "سۆلا" بە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئیتالیا و سەرکوتکردنی دوژمنان، بە خۆشحاڵییەوە پەسەندیکرد. پەیمانی "داردانوس" لە ساڵی ٨٥ ی پ. ز لە شارێك بەهەمان ناو بەسترا، میترادات لە وشوێنانە کشایەوە کە داگیریکردبوو، ٢٠٠٠ تالنت و چەند کەشتی وەك سزا بە رۆمییەکان بەخشی و سنوورەکانی پێش جەنگ دووبارە بەفەرمی ناسران.

پەیمانی ئاشتی نێوان سۆلا و میترادات بۆ پاشای ئیران ئەوەندە سووکایەتی بوو، هیشتا مەرەکەبەکەی وشك نەببۆوە کە پریشکی شەڕێکی تری لە خۆیدا خولڨاند. میترادات هێزی نوێی کوکردەوە، سوپاکەی خۆی رێکخست و جموجوڵی سەربازی لە ئاسیای گچکە دەستپێکرد. ئەم کارە سەربازییە ئەو هێزانەی رۆمی بەتەواوی وەخۆ خست کە لەناوچەکەدا جێگیر بوون. لاوازی لە ئەندازە بەدەری رۆمییەکان بواری هیچ چەشنە بەرگرییەکی نەدا. دەریا پڕ بوو لە کەشتییەکانی "کیلیکیا" و کەشتی رۆمییەکانیان دەکردە نیشانە. کار گەیشتە ئەو شوێنەی تەنانەت لێوارەکانی ئیتالیاش لەو شالاوە بێبەش نەبوون. چەتەکانی دەریا ژن و کیژانی رۆمییان دەفڕاند، دەیانفرۆشتن یا لەگەڵ دیلەکان دەیانگۆڕینەوە. ئەم بارودۆخە ئەنجومەنی "سەنا" ی رۆمی هاندا هێزێك بە فەرمانیی "سرویلیوس" بۆ ناوچە داگیر کراوەکانی ئاسیای گچکە وەك "لوکیا"، "بامگولیا" و "کیلیکیا"، بنێرێ، وەلێ ئەم کارە پێش ئەوەی سەربگرێ بە بانگ کردنەوەی "سرویلیوس"، بە نیوەچڵی مایەوە.

جگە لە میترادات و هێزی بەتوانای دەریایی ئەو، هێزێکی دەریایی تر بوو بە بەڵای گیانی ڕۆمییەکان، ئەویش هێزی دەریایی "تیگرانیسی یەکەم " بوو. "دیگرانی یەکەم" یش پاشای ئەرمەنستان و زاوای "میثرادادتیس"، بۆ شەڕی دەسەڵات بەرەو "کاپادوکیا" وەخۆ کەوت، بە باکووری میزۆپۆتامیادا تێپەڕی و لە ساڵی ٨٣ ی پێش زایین سەرتاسەری سوریای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

"میترادیتس" زۆر هەوڵیدا ڕێگە نەدات ڕۆمییەکان دەست بەسەر "بیثینیا" دا بگرن چونکە ئەوسا دەیانتوانی تەنگەی "دەردەنیل" دابخەن. لە بەر ئەوە هەستا بە پشتیوانی کردنی پاشای "بیثینیا". کە "سەنا" ی ڕۆم لەم پیلانە ئاگادار بۆوە ئەرکی هێرشێکی بۆ سەر سنووری دەسەڵاتی "میترادات" ی بە "لوکولوس" سپارد، وەلێ ئەم هێرشە هەرگیز بەئەنجام نەگەیشت.

لە دەسپێکی ساڵی ٧٤ ی پ، ز ، میترادات" خاکی "ببیثینیا" ی داگیرکرد، لە درێژەی ئەم کارەدا لە لێواری دەریای مەڕمەڕە شاری "کوزیکوس" ی گەمارۆدا، بەڵام هێندە درێژە نەکێشا، "کولولوس" میترادات" ی ناچارکرد پاشەکشە بکات. ئەم سەردارەی ڕۆمی میتراداتی ڕاوەدوونا، لەم هەڵاتن و ڕاوە دوونانەدا پاشای ئەشکانی زیانێکی زۆری بەرکەوت و ناچار بوو پەنا بباتە بەر پاشای ئەرمەنستان. "لوکولوس" داوای لە فەرمانڕەوای ئەرمەنی کرد میثرادات" بدات بەدەستەوە. وەلێ ئەرمەنستان ڕازی نەبوو. سەرداری ڕۆمی لە ساڵی ٦٩ ی پ، ز بە پەسەند کردنی "سەنا" پایتەختی ئەرمەنستان "تیگرانوکرتا" ی داگیرکرد.

پلوتارك دەڵێ: تیگرانی ئەرمەنی توانیبووی "زاربیونوس" پاشای کوردوینی (دیاربەکری ئەمڕۆ) بداتە دەست "لوکولوس" ئەوکاتەی کە لە "تیگراناکرنا" بوو، لە هەمان کاتدا هێزەکانی "ئادیابینی"، ئاشوور و گوردویین (کوردەکان) ڕەگەڵ خۆی بخات. لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: "میدی" یەکان، کوردوین، ئاشوور، گوردویین، عارەبەکانی خوار بابل، ئەلبانییەکان (داغستان)، ئیپیرییەکان (گورجستان) و دانیشتوانی لێواری ڕووباری ئاراس، بە دەسەڵاتی"تیگران" ی ئەرمەنی ڕازی نەبوون. لە بەر ئەوە "زاربیونوس" پاشای "کوردویین" بە نهێنی پەیوەندی بە "ئاپیوس" ەوە کرد و ئامادەگی خۆی بۆ هاوکاری ڕۆمییەکان ڕاگەیاند. بە ئاشکرا بوونی ئەم پەیمانە نهێنییە، "زاربینوس" و بنەماڵەکەی بەر لە گەیشتنی ڕومییەکان بە کوشچوون. "لوکولوس" دوای ئەوەی گەیشتە "کوردویین" ئاهەنگێکی فەرمی بۆ ناشتنی "زاربیونوس" و بنەماڵەکەی گێڕا و فەرمانیدا پەیکەرێکی بەرد بۆ یادگاری "زاربیونوس" داتاشن. ساڵێك دواتر، "لوکولوس" بڕیاریدا هێرشێکی سەرتاسەری بکاتە سەر ئەرمەنستان و



کۆتایی بە کێشەی ئەو وڵاتە یاخییە بێنێ، بەڵام سەربازەکان سەرپێچیان کرد و سەرداری ڕۆمیش ناچار بوو بەرەو میزۆپۆتامیا وەرێکەوێ، میتراداتیس" یش دووبارە "پونتوس" و "تیگران" یش ئەرمەنستانی گرتەوە.

بەدبەختی "لوکولوس" کاتێك کامڵبوو کە "پومپی" بوو بە فەرماندەی سوپای ڕۆم لە ئاسیای گچکە. کە فەرمانی سەنا بۆ دانانی "پومپی" دەرچوو ناوبراو لە باشووری ئاسیای گچکە بوو. "پومپی" دوای ئاگادار بوونی، گورج لەشکرەکەی بەرەو باکووری ڕووباری "هاکیس" گوازتەوە تا فەرماندەیی لە "لوکولوس" وەربگرێتەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەر دووك فەرماندە ئامادەبوون، دەمەقاڵێ و هەڕەشەی نێوانیان گەیشتە ئەوپەڕی، چونکە "لوکولوس" پێی وابوو "پومپی" ئەو پلەو پایەی لێستاندووە و یاسایەکان پێشێل دەکا و پێکی سەرکەوتنەکانی "لوکولوس"دەنۆشێ ...

"پومپی" پێش هێرش کردنە سەر "پونتوس"، پەیمانێکی لەگەڵ "فەرهاد (فراتیس)" بەست کە نێوانی لەگەڵ  ئەرمەنستان تێکچووبوو، "فەرهاد" ی هاندا لەگەڵ تیگران بجەنگێ تا تیگران نەتوانێ لە کاتی پێویستدا یارمەتی "میترادات" بدات. ئەم پیلانە کاری خۆی کرد، "میترادات" نەیتوانی لە بەرامبەر لە شکری ٢٠,٠٠٠ کەسی "پومپی" دا خۆی ڕاگرێ. "میترادات" جارێکی تر پەنای بردەوە بەر زاوایەکەی، وەلێ "تیگران" لەبەر ئەوەی خەریکی شەڕ بوو لەگەڵ "پارت" ەکان کە کۆنە پایتەختی ئەویان گەمارۆ دابوو، بە ساردی پێشوازی لێکرد، تەنانەت بە دیلیشی گرت، بەڵام میترادات خۆی ڕزگارکرد. لە هەمان کاتدا شازادەی ئەرمەنستان کە لەگەڵ "پارت" ەکان ڕێککەوتبوو، داوای یارمەتی لە "پومپی" کرد، ٠(پومپی) یش بە پەڕینەوە لە ڕووباری فوڕات ڕوویکردە ئەرمەنستان. سەرئەنجام "تیگران" خۆی بەدەستەوە دا. لەبەهاری ساڵی ٦٥ ی پ. ز "پومپی" جارێکی تر هێرشی بردە سەر "میترادات" و گەلێك ناوچەی لە ئاسیای گچکە داگیر کرد.

دوای خۆبەدەستەودانی "تیگران" پەیوەندی نێوان "پومپی" و "پارت" ەکان گۆڕانێکی کتوپڕی بەسەردا هات. "فراتیس" هەوڵیدا ناوچەی کوردوینی لە تیگران بستێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە "کوردوینی" داگیرکرد و داوای لە "پومپی" کرد لەو ناوچەیەدا فەرمانڕەواییەکەی بە فەرمی بناسێت، وەلێ "پومپی" قبووڵینەکرد. هەروەك پێشتریش باسمانکرد "تیگران" ئەمجارەیان فەرمانڕەوایی خۆی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی — ڕۆمییەکاندا- پاراست.

"پومپی" (بە پێی سەرچاوە رۆمییەکان بەتایبەتی کتێبەکەی پلۆتارك) گەیشتە دەور و بەری دەریای خەزەر و دەستی بەسەر "میدیا" و "ئاتروپاتینا" و زۆر ناوچەی کوردستاندا گرت و گۆڕانێکی زۆری یاسایی و ئابووری بەسەر کۆمەڵگاکانی ئاسیادا هێنا. جگە لەوە باکووری میزۆپۆتامیا و نێوان دیجلە و فورات بۆ وەدەستهێنانی زەوی زۆرتر هەمیشە گۆڕەپانی تێکهەڵچوونی پاشایانی ئەو ناوچەیە بووە. "پومپی" تێکرای ئەو سەر زەوییەی بە سەر فەرمانڕەوایانی خۆلاتی ئەو مەڵبەندەدا، دابەش کرد، تەنیا خاکی "ئەدیابینی ( حدیاب) " ی بە "پارت" ەکان سپارد. (وەك پێشتریش باسمانکرد "کوردوینی/ دیاربەکر" درا بە "تیگران").

بەم پێیە گەلێك دەوڵەتشاری وەك یۆنان لەم بەشەی ئاسیادا دامەزران و هێدی هێدی فەرهەنگی هیلنی خزایە ناو بوارە سەرەکییەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووری دانیشتوانی ناوچەکە.

"پومپی" بۆ پیادە کردنی بیرۆکەی دەوڵەتشار، خەڵکی بۆ ژیانی شارنشینی هاندا. خۆی سی ونۆ شاری لە ئاسیای گچکە و سوریا دامەزراند و سەربخۆیی بە هەرشارێك بەخشی. دواتر گەورە پیاوانی هاندا مولکایەتی زەوییەکانی کشتوکاڵی بگرنە ئەستۆ و لە هەریەکەیان دەیەکی بەرو بوومی بۆ سەرکردایەتی رۆم هەستاند. ئەو باجە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی شارەکانەوە کۆدەکرایەوە و لە کۆتاییدا رۆمییەکان وەریاندەگرت.

سیاسەتی "پومپی" لە رۆژهەلاتی ناڤین دوو پەیامی بە دواوە بوو: یەکەمیان بلاوبوونەوەی ژیاری هلینیزم و رێنووس و زوان و فەرهەنگی یۆنانی ، دووەمیان پەرەسەندنی ئابووری و تائەندازەیەك خۆشگوزەرانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

کەونە نووسراوەکانی هەورامان ئەم دوو تایبەتمەندییە بە باشی نیشاندەدەن. چونکە هەورامان شوێنەکەی واهەڵکەوتووە ئەوسا لە ژێر کاریگەری سیاسەتی "پومپی" و فەرهەنگی هیلینیزم دابێت، رۆژگاری نووسنی ئەو کەونە نووسراوانەش بەرامبەرە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی "پومپی" بە سەر ئەم ناوچەیەی رۆژهەلاتی ناڤیندا.

پاش کوشتنی "جولیوس سیزار" لە ساڵی ٤٤ی پێش زایین، کەس نەکرا بە جێنشین، لەبەر ئەوە رۆم تووشی بشێوی هات. ئەنجوومەنی "سەنا" جڤاتێکی رابەری پێکهینا و سەرکردایەتییەکەی بە "ئانتۆنیۆس" سپارد، بەلام "ئەکتاڤیانۆس" کوری سیزار " بەخێوکرا- بالتبنی" دوای هاتنی بۆ رۆم، بانگەشەی رابەرایەتی کرد. "مارکوس ئەنتۆنیۆس" گوێی نەدایە بانگەشەکە و لە کۆتاییدا بە دەستی "ئوکتاڤیانوس" لابرا.



دوای بەستنی پەیمانی "تارنتون" لە نێوان "ئەنتۆنیۆس" و "ئوکتاڤیانۆس"، ئەنتۆنیۆس لە ساڵی ٣٦ ی پ.ز لە "میدیا" و "ئەتروپاتینی" یەوە بەرەو ئەرمەنستان وەرێکەوت. وەلێ ئەرمەنییەکان بە هانای "پارت" ەکانەوە چوون، هەر لەو ساڵەدا (٣٦ی پ. ز) لە رۆژهەلاتی ناوچەی کوردنشین "ئەنتۆنیۆس" یان بە سەختی تێکشکاند. ئەنتۆنیۆس دوای تیشکان و کوژرانی (٢٠,٠٠٠) سەربازی لە شکرەکەی پاشەکشەی کرد، "ئوکتاڤیانۆس" کە بڕیار بوو بە هانای "ئەنتۆنیۆس" ەوە بچێت، گوێی نەدایە.

"نلسون دوڤابواز" دەڵێ: ئەنتۆنیۆس لەمەڕ هێرشی هاوبەش بۆ سەر "پارت" ەکان لەگەڵ "میدی" یەکان رێککەوتبوو، بەلام یارمەتی شازادەی ئەرمەنی "ئارتاکسس" و پەیوەندی " بە پارت" ەکانەوە تێشکانی رۆم و میدییەکانی مسۆگەر کرد.

دوای ئەم رووداوە، ئەنتۆنیۆس" لە شاری ئەنتاکییە (ساڵی ٣٧ ی پ. ز) پەیمانی زەماوەندی لەگەڵ "کلیوپاترا" بەست، ئەمەش پەیوەندی نێوان "ئوکتاڤیانوس" و "ئەنتۆنیۆس" ی تێکدا. ئەنتۆنیۆس لە ساڵی ٣٤دا نازناوی "شای شاهان" و فەرمانڕەوایی میسر، قوبرس، کریت و فەلەستینی بە کلیوپاترا بەخشی. هەمان نازناویشی دا بە "بەتلیموس سیزار" لەگەڵ "ئەرمەنستان" و "میدیا" و "پارپیا". کوڕەکەی تری "کلیوپاترا" ش بوو بە پاشای سوریا و فینیقییە و کیلیکیا... . ئەمەش بەو مانایە بوو کە هەموو دەسکەوتەکانی ئیمپراتۆری رۆم بەبێ شەڕ و خوێن رشتن گوازرایەوە بۆ میسر.

"ئوکتاڤیانوس" بۆ وەلامدانەوەی ئەم بوێرییە سوپایەکی بۆ سەر ئەنتۆنیۆس ئامادەکرد. لە کوتایی ئەم شەڕە مالوێرانکەرەدا، ئەنتۆنیۆس و کلیوپاترا و مندالەکانیان خویان کوشت. "ئوکتاڤیانوس" لە ساڵی ٣٠ ی پ. ز شاری ئەسکەندەرییەی داگیرکرد و دوای رێك و پێك کردنی کاروباری رۆژهەلات، لە ساڵی ٣٩ دا گەڕایەوە رۆم.

کە ئەم کارەساتانە لە ناو ئیمپراتۆری رۆمدا روویاندا، هاوشێوەی هەمان گرفت لە ناو "پارت" ەکان لە ئارا دابوو. بەلام چەند و چۆنیەتی رووداونی ئەو گیر و گرفتانە زۆر روون نین. لە کەونە نووسراوەکانی هەورامان ناوی چەند پاشا بە شێوەی "ئەرساکیس" تۆمار کراوە و سەردەمی فەرمانڕەواییان دیارە.

دوای ئەوەی "ئوکتاڤیانۆس" لە شەڕی "ئەنتۆنیۆس" و "کلیوپاترا" سەربەرز هاتەدەرێ، دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی رۆژهەلات کە خاکی "کوردوین" و "ئەدیابین (دیاربەکر و ئەربیل)" یشی دەگرتەوە. هەر لەو رۆژانەدا "تیرداد" ناوێك توانی "فەرهاد"

لەسەر تەختی پاشایەتی دابگرێ. "فەرهاد" یش هانای برد بۆ نەتەوەکانی "ساکا (سکیث)" لە باکووری رۆژهەڵاتی "پارت" و بە یارمەتی ئەوان لە ساڵی ٣٠-٢٩ ی پ. ز "تیردادی" شکست دا. "تیرداد" یش پەنای بۆ "ئوکتاڤیانۆس" برد و لە بەهاری ساڵی ٢٦ ی پ. ز جارێکی تر بەرامبەر "فەرهاد" راوەستا. دوای ئەم شەڕە ناوی "تیرداد" لە سەر پارەی چاپکراو بە شێوەی "تیردادی دووەم" تۆمار کراوە. ئەوەی ئاشکرایە، قۆناغی کورتماوەی فەرمانڕەوایی "تیرداد" و ئەو پارانەی بە ناوی ئەو چاپ کراون، دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٢٦ ی پ، ز. دوای ئەوە "تیرداد" پەنای بۆ رومییەکان برد، تەنانەت کوڕەکەشی "گایوس جولیوس تیریداتیس" کە دوای ماوەیەکی کەم کوژرا لەلای رۆمییەکان مایەوە.

وەلێ وا پێدەچێ "تیرداد" هەروا زوو وازی لە فەرمانڕەوایی نەهێنا بێت، چونکە سکەیەکی "پارت" کە لە شاری "سلوکییە" چاپکراوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٥ ی پ. ز. تەنیا دوو مانگ دوای لێدانی ئەو سکەیە شاری "سلوکییە" کەوتۆتە دەست فەرهاد و ئەویش سکەی بەناوی خۆی لێداوە. لەوە بەولاوە ناوی "تیرداد " لە مێژوودا نەهاتووە.

بێگومان ئەو زەوییەی لە بەڵگەنامەی دووەمی هەوراماندا ئاماژە بەفرۆشتنی کراوە، لە سەردەمی فەرهاددا بووە و ناوی هەر چوار هاوسەرەکەی تێدا تۆمار کراوە (ئولینیر، کلیوپاترا، پاسیرتا، بیثیباناپس).



**پەیوەندی نێوان رووداوەکانی سەدەی یەکەمی پ.ز و دەسنووسەکانی هەورامان**

پێش ئەمە گەلێك فاکتەری گرینگ لەمەڕ کوردەکانی سەدەی یەکەمی پێش زایین، خراوەتە بەرباس. لێرەدا دوایین لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین. بێگومان سەرمایەکەمان لەم بەدوادا چوونەدا، خستنە رووی رووداوە مێژووییەکان و بەرواری رووداونیانە، پتر لە هەمووییان کەونە نووسراوەکانی هەورامانن:

١- ناوی زۆربەی کەسەکان بەزوانی "پارت" ییە کە زۆر لەزوانی کوردی ئەمڕۆ نزیکە.

٢- ناوی کەس و کەسایەتییەکان، پەیوەنییان بەو دین و ئایینانەوە هەبووە کە خواکانیان لە کوردستان، پەرستراون. ئەم بار و دۆخە دواتر لە گەڵ ژیانی "مادی هیلنی" ئاوێتە بووە و ناوەکانی دواییی، پیناسەی کاریگەری هیلینیزم دەکەن.

٣- هەرچەند رێنووسی بەڵگەنامەکانی هەورامان یۆنانییە، وەلێ بەپێی پێویستی زوانی خۆڵاتی ئەو دەڤەرە، نیشانەگەلێك لە سەر پیتەکان دانراون. هێندێك زاراوەی یۆنانیش چۆتە ناو زوانی دانیشتوانی ئەو کاتە کە بە دەسکارییەکی کەم لە زوانی کوردی ئەمڕۆدا بەکار دەبرێن (کەیوانو کە مانای کەیبانووە).

٤- لە رووی خەسڵەتی یاساییەوە، بەڵگەنامەکانی هەورامان تایبەتمەندی یاسایی سەردەمی "هیلنی"یان هەیە، لەو شێوەی "پومپی" لە ولاتانی رۆژهەڵات تۆماریکردوون، چونکە ئەم ناوچەیە هێندە دوور نەبووە لە "کوردوینی"، "ئەدیابینی" و "کرخابیت سلوخ" کە لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی هیلنیزمدا بوونە. هەرچەندە بەڵگەنامەی سێهەم (ساڵی ١١ ی پ.ز) ٧٠ ساڵ دوای ئەو دوو بەڵگەنامەی تر نووسراوە، کاریگەری فەرهەنگی یۆنانی کەمتر پێوە دیارە. کاریگەری "هیلنیزم" دوای سەرهەڵدانی مەسیح بە یەکجاری لە رۆژهەڵات باریکرد بەتایبەتی لە کوردستان. کاریگەری فەرهەنگی یۆنانی لە بەڵگەنامەی سێهەمدا تەنیا لە مێژووی تۆمار کردنی بەلگەنامەکەدا ماوە.

٥- لە بەڵگەنامەکانی هەوراماندا وا دەردەکەوێ ژنخوازی لە نێوان خوشك و برا، دایك و کور و باوك و کچدا، چ لە رووی ئایینی و چ لە روانگەی یاساییەوە، هەم لە ولاتی "پارت" و هەم لە " ئەرمەنستان" دا رەوا بووە. هەرچەند ئەم نەریتە لە نێوان زۆربەی سەرکردەکانی رۆمدا نەبووە، وەلێ بەڵگەنامەی ئەوتۆ هەن ئەم دوو جۆرە ژن و مێردایەتییە لە رۆمیشدا دەسەلمێنن.

دوای شەڕی "ئەنتۆنیۆس" زۆربەی رۆمییەکان لەلایەن "پارت" ەکانەوە بەدیل گیران (نزیکەی ٢٠,٠٠٠ کەس). لە ساڵی ٢٠ ی پ، ز دوای ئەوەی "ئەگۆستۆس" کیژێکی ئیتالی بەناوی "موسا" وەك دیاری بۆ "فەرهادی چوارەهەم" نارد، تێکڕای ئەو دیلانە ئازادکران. فەرهاد لەو ژنە کوڕێکی بوو بەناوی "فەرهادی پێنجەم". لە ساڵی ٢ ی پ.ز دوای ئەوەی فەرهادی چوارەم ژەهرخوارد کرا، موسا کوڕەکەی خۆی لە جێگای داناو شوێپێکرد.

٦- نازناوی یۆنانی کە بە شێوەی "باسیلیونتوس" یا "باسیلیوس" تۆمارکراوە و مانای "شای شایان" ە، لە زوانی کوردیدا شوێنەواری نەماوە، کەچی لە زوانی عارەبیدا شێوەی "باسل" ی وەخۆ گرتووە و زاراوەی تری وەك "البسالە، استبسل، و... ی لەسەر بنیاد نراوە، مانای کۆنی ئەم زاراوە یۆنانییە لە زوانی عارەبیدا هەر وەك خۆی ماوە.

٧- لەگەڵ ئەوەشدا دوو بەڵگەنامە لەو کەونە نووسراوانەی هەورامان (٨٨ و ٢٢ ی پ، ز) بە رێنووسی یۆنانی نووسراون، بەڵام دەقی دەسنووسەکان و ناوی پاشاکان، توانا و دەسەڵاتی سیاسی "پارت" ەکان بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا، دەردەخا. لەو بەڵگەنامانەدا بە هیچ شێوەیەك شوێنەواری ناوی رۆمی نابینرێ. ئەمەش نیشانیدەدا کە ناوچەی هەورامان لەو سەردەمەدا تەنانەت پەیوەندی سیاسیشی بە ئیمپراتۆری رۆمەوە نەبووە.

٨- نازناوی پاشایانی "پارت" (ئەرشەك) کە لە بنەچەدا ناوی باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە بووە، بە شێوەی یۆنانی "ئەرساکیس" تۆمارکراوە. ئەم ناوە دواتر بووەوە بە نازناوی تێکڕای شایەکانی "پارت (ئەشکانیان)". لە کەونە نووسراوی هەوراماندا دەتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە مێژووی تۆمار کردنی بەڵگەنامەکە، بزانین کام "ئەرساکیس" پاشای ئەو سەردەمە بووە.

٩- سەردەمی سلوکیان لە سەرەتای نیسانی ساڵی ٣١١ ی پ. ز دەستیپێکردووە و فەرمانڕەوایی "ئەشکانیان" یش لە سەرەتای نیسانی ٢٤٧ ی پ. ز، واتە ٦٤ ساڵ دوای فەرمانڕەوایی سلوکیان، دامەزراوە. لە برێك سەرچاوەدا سەرەتای سەردەمی سلوکیان دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ٣٢١ پ. ز، وەلێ ئەو سەرچاوانەی بابل کە بە رێنووسی بزماری نووسراون، ئەو سەردەمەیان بە ساڵی ٣١١ ی پ. ز تۆمار کردووە. بەم بەڵگە هێنانەوەیە مانگی "ئەپیلایوس" ٢٢٥ ی سلوکی کە لە بەڵگەی یەکەمی (هەردوو دەق) دا هاتووە بەرامبەرە لەگەڵ تشرینی یەکەمی ساڵی ٨٨ ی پ. ز. ساڵی ٢٢٥ ی سلوکی کە لەسەر کەونە نووسراوەکان تۆمار کراوە، بەرامبەرە لەگەڵ ساڵی ٢٢یا ٢١ ی پ. ز و ساڵی ٣٠٠ ی سلوکیش کە لە کەونە نووسراوەکاندا هاتووە، بەرامبەرە لەگەڵ ساڵەکانی ١٢ و ١١ ی پێش لە دایك بوونی مەسیح.

١٠- لە بەڵگەنامەکانی هەوراماندا نازناوێکی تر بە شێوەی "فیلهللینوس" لە مەڕ ناوی "ئەرساکیس (ئەرشەك)" بەکار هاتووە کە بە مانای "خۆشەویستی هیلن" دێت. پاشاکانی "پارت" لە زۆر بواردا ئەم نازناوەیان بەکار هێناوە. وەلێ جگە لەم نازناوە، گەلێك نازناوی تری تێدایە وەك: "باسیلیوس، باسیلیون، ئەرساکوی، ئورگیتو، دیکایوی، ئەپیفانوس فیلهیللینوس" کەمانای شای شایان بەرەکەت و دادپەروەر، درەخشان و خۆشەویستی هیلن.

نازناوی "فیلهیللینوس" لە سەردەمی "میترادات یەکەم" ەوە بەکار براوە. بەڵام "هیمیروس"ی یەکەم پاشا بووە نازناوی "ئەپیفانوسی" بۆ خۆی هەڵبژاردووە کەمانای درەخشانە. "گریشمان" پێی وایە ئەم نازناوە مەبەستێکی تەواو سیاسی لە پشتەوە بووە.

١١- یەکەم بەڵگەنامەی هەورامان لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانی "میترادات دووەم (٨٨-٢٢ ی پ. ز)" تۆمارکراوە و مەبەستیش لە "ئەرساکیس" ئەگەر "گوتارز-گودەرز" نەبێ کە لە ساڵەکانی (٩١-٨١ یپ. ز) دەسڵاتێکی هەبووە، ئەوا هەمان "میترادات" ە. گوتارز لە کەونە نووسراوەکانی "بەردین" و" بابل" دوای "میترادات" نازناوی "ئەرساکیس" ی بە ناوەکەی خۆیەوە لکاندووە.

هەروەها ناوی "ئەریازاتیس" هاوسەری "میترادات دووەم" کە لەراستیدا "ئوتومایە" ی ئەرمەنییە کچی پاشای ئەرمەنستانە و لە کەونە نووسراوەکەدا تۆمار کراوە. ناوی شای ئەرمەنی کە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ "میترادات دووم" هەبووە، بە نازناوی "شای مەزن (باسیلیوس میگالی)" لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە. ئەم پەیوەندییە ئەو کاتە قووڵبۆتەوە کە تیگران رزگار دەبێ و دەبێتە پاشای ئەرمەنستان، تا ئەو کاتە نازناوی شای شایانی بەخۆیەوە نابینێ. کەواتە یەکەم دەسنووسی هەورامان لە سەردەمی "میترادات دووەم" دا نووسراوە، پێش ئەوەی تیگران هێرش بەرێتە سەر سوربا و فینیقیە و کاپادوکیا.

وێدەچێ "ئوتومان (ئەریازاتیس)" بۆ رزگارکردنی باوکی، تیگرانی ٤٥ ساڵە، رۆڵێکی گرینگی لە بەرامبەر "میترادات دووەم" و هاوسەرەکەیدا گێڕابێت. تیگران لە ساڵی ٩٤ ی پ.ز بوو بە جێنشینی "ئەرتوئەسیدیس"، پاشای ئەرمەنستان.

دوای نووسینی بەڵگەنامەی یەکەم، تیگران لە ساڵی ٨٦ ی پ. ز بە داگیرکردنی چەند شوێن، نازناوی "شای شایانی" بەخۆی بەخشی، لە هەمان ساڵدا دوای مردنی "میتراداتی دووەم" لە گەڵ کورەکانی ئەودا ناکۆکی پەیدا کرد و " ئەتروپینا" و "میدیا" ی داگیرکرد.

١٢- بێگومان لە کەونەنوسراوی دووەمدا مەبەست لە "ئەرساکیس" فەرهادی چوارهەم (فرائاتیس)" ە کوڕی "پیروز (پاکوروس)"، کە لە ساڵی ٣٧ ی پ. ز دوای مردنی باوکی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. ئەم پاشا بەتوانایە بە سەر "ئەنتۆنیۆس" ی رۆمیدا سەرکەوت و زۆر لە سەربازەکانی بەدیل گرت، وەلێ ئەنتۆنیۆس بە پێشکەش کردنی کیژێکی ئیتالی بە ناوی "موسا" بۆ رزگار کردنی دیلەکان، دڵی وی بەدەستهێنا. دوایی "موسا" بوو بە دایکی فەرهادی پێنجەم.

فەرهادی چوارهەم "سیرئەسپاداتیس"، "فرائاتیس"، "زوداسپس" و "ڤنونیس" ی کوڕی نارد بۆ رۆم و دواتر ئیمپراتۆری رۆمی پێ سپاردن. لەم بەڵگەنامەدا پەیوەندی بەرامبەری دوو جیهانی هیلنی، بە روونی دیارە.

١٣- لە بەڵگەنامەی هەورامانا دەردەکەوێ فەرهادی چوارهەم پێش "موسا" ی ئیتالی چوار هاوسەری دیکەی هەبووە کە هەموویان لە ساڵانی ٢٢ و ٢١ ی پێش زایینیدا شابانوی "کۆشک (ئەرک)" ی فەرهاد بوونە. ناوی ئەم چوار ژنە لە کەونە نووسراوەکەی هەورامانا بە: ئولینیر، کلیوپاترا، باسیرتا، بیشیباناپس، تۆمار کراوە.

لە ناوی ئەو شابانووانەدا، وادەردەکەوێ کە ئولینیر و کلیوپاترا شازادەی سلوکی و دوانەکەی تر شازادەی "میدیا" و" ئەتروپاتین" بوونە.

١٤- کە نونە نووسراوی سێهەم کە لە ساڵی ٢١ و ١١ ی پ.ز بە زوانی ئارامی نووسراون، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی فەرهادی چوارهەم و چەند ساڵ پێش کوژرانی بە دەست موسا و کورەکەی فەرهادی پێنجەم، تۆمارکراوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەو ساڵانەی ئەم کەونە نووسراوانەی تێدا نووسراوە سەردەمی کێشەی سیاسی و لەشکری نێوان دەوڵەتی "پارت"، "میدیا"، "ئاتروپاتین"، ئەرمەنستان"، "کوردستان"، "ئەناتولی"، "سوریا"، "کاپادوکیا" و " کیلیکیا" بووە. بەڵام کاتی نووسینی دەسنووسی دووەم و سێهەم، ناوچەی هەورامان لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی یۆنانیدا بووە تا رادەیەك لە کەش و هەوایەوکی ئارامی سیاسی و سەربازیدا ژیانی بەسەر بردووە.



## برێك زاراوەی بەجێماوی ئاڤێستا لە زوانی کوردیدا

ئاپ- ap

لە ئاڤێستادا "ئاپ- ap" چەند جار بە مانای ئاو هاتووە لە زوانی سانسکریتدا لە بڕی وشەی ئاپا –apa و لە زوانی فارسی کۆندا "ئاپی – api" هاتووە.لە ئاڤێستادا زاراوەی ئاپ کۆیەکەی "ئاپام-ap+am" ە، بە مانای ئاوەدانی بەکار هاتووە. بەم پێیە "ام –am" هیمای کۆ و بەرامبەری "ان-an"ە لە زوانی کوردیدا. ئەم هێمایە ئەمڕۆ لە فارسیدا بە شێوەی "ها-ha" ی لێهاتووە.

لەزوانی کوردیدا بۆ خستنە رووی بە یەك گەیشتنی دوو رووبار، دوو چۆم یا دوو جۆگەلە زاراوەی "دواوان" بەکار دێ. لەپاڵ ئەوەشدا " ئاوان" و "ئاوەکان" بەکار دەبرێ. پێویستە بگوترێ زاراوەی "ئاپخفرنە-apo+xvarana" یا " ئەڤوخورنە- avo+xvarna" زاراوەیەکن لە ئاو وەدیهاتوون. ئەم زاراوەیە مانای جامی ئاوخواردنەوەیە. لە هیندێك سەرچاوەدا بە شێوەی "ئاپوخورنە- apo+xvarna " و" ئەووخورنە- avo+xvarna" یش دەبینرێ.

ئاثـنگ - athang

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا مانای "ئاهەنگ، حۆشی و بەزمە، لە فارسی و (پەهلەوی) دا بووە بە ئاهنگ". زاراوەی ئاثـنگ لە کوردی ئەمڕۆدا بە شێوەی ئاهنگ بەکاردێ.

ئاتر-atar

لە ئاڤیستادا بەرامبەر "ئاگرە" کە لە زوانی پەهلەویدا گۆڕاوە بۆ "ئاترەش-atras " و "ئاتور-ator". ئەوەی دەکرێ لە نێوان ئاڤێستا و زوانی کوردیدا بەراورد بکرێ نێوەندەپیتی "تە-ta" یە لە زاراوەی "ئاتر" دا کە لە زوانی کوردیدا بووە بە "گ-g"، "و-w"، "ی-y" و "وی-wi" یە.

ئاخشتی-axshti

زاراوەی ئاخشتی لەئاڤێستادا بە مانای ئاشتی و صلح و لە زوانی فارسی نوێدا بە مانای "ئارامش-aramesh" هاتووە. ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیدا "ئاشتی" یە.

ئاترپات-aterepate

ئەم زاراوە ئاوێتەیە مانای "ئاگربان" و"پاسەوانی ئاگر"ە. شێوەیەکی تری ئەم زاراوەیە"ئاتروان-athravan"ە.

ئارەم-aram

زاراوەی ئارم لە پێشگری "ئا-a" و وشەی "رەم-ram" دروستبووە، بەرامبەرە بە ئارام لە زوانی کوردی و فارسیدا.

ئارمەیتی-armaiti

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا بە مانای "خۆشویستن، خۆشەویستی، هاوکاری، یار، هاوسەر و دۆست" بە کار براوە.

زاراوەی تەرومەتی- taromati پێچەوانەی "ئارمەیتی" یە. لەزوانی کوردیدا زاراوەی "تارمایی" واتە "تاریکی" و" نارەحەتی" و "تەڕو- نووڕە" کە لەو زاراوەی سەرەوە وەرگیراون ،وشەی پێچەوانەی "ئارام"ن.

ئازی-azi

مانای "ویستن و ئارەزوو" ە، لە زوانی کوردیدا بە شێوەی حەز ماوەتەوە. لە پەهلەویدا لەجیاتی زاراوەی "ئازی-azi" زاراوەی "ئاهوك-ahuk" و لە زوانی سانسکریتدا "ئازەڤ-azav" هاتووە.

لێرەدا خستنە رووی چەند خاڵێك خراپ نییە:

١- "ئا-a" ی سەرەتای زاراوەکە نەگۆڕاوە.

٢- پیتی"ز-z" لە فارسی نوێ وەك ئارەزوو و لەکوردی و سانسکریتی و ئاڤێستادا هەیە.

٣- پیتی "ر-r" لەنێوان پیتی "ئا-a" و "ز-z" دا دەرکەوتووە.

٤- "i-ی" ئاڤێستایی بە ئاڕاستەی پیتی "یو-u" یا "و-w" گۆڕاوە.

ئازهی-azhi

" ئازهی" لە ئاڤێستادا بە مانای مار بەکار هاتووە. ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئەژهی" ش گۆ دەکرێ. "ئازهی- ئاژهی" بە مانای "مارستان" یش هاتووە. ئارییەکانی دێرین "دۆزەخی مار" یا " مارستان" یان بە شوێنی سزادانی گوناهکاران زانیوە.



"ئازەهی" بە مانای "ئەهریمەن" و "دۆزەخ و با و باران و هەورە تریشقە و لافاو" بەکار براوە.

ئازیاه –azyah

"ئازیاه یا ئاژیاه" مانای ئازاترین و خێراترینە. ریشەی ئەم زاراوەیە "ئازو-asu" ە، لە ئاڤێستادا مانای چالاك و ئازایە. ئاهوی فارسی لەم زاراوەیە وەرگیراوە. لە کوردیشدا دەڵێن "ئاهو".

لە راستیدا پاشگری "یاه-yah" بۆ گۆڕینی زاراوەکە بە خەسڵەتی باڵا بە کۆتاییەکەیەوە لکاوە.

زاراوەی "ئازوش-azus" و"ئازامی- azami" یش لەم زاراوەیەوە وەدیهاتوون.

ئازهی- دهاکە- azhi+dahaka

ئەم زاراوە ئاوێتەیە بە دوو شێوە هاتووە:

ئازهی-azhi+dahaka

ئەزهی-azhi+dahaka

بەهەر حاڵ ئەم زاراوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

"ئەزهی-azhi" یا "ئازهی-azhi" مانای مار، دەهـ dah مانای "گازگیر" یا ژەهردار، ئەکە- aka مانای خراپ یا بەد. شێوەیەکی تری ئەم زاراوەیە "ئەزهی+دهاکە- azhi +dahaka" یە. ئەم زاراوەیە لەزوانی کوردی و فارسیدا بووە بە "ئەژدیها، ئەژدهاك".

ئازاتە= ئا+زاتە-azata

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: پێشگری "ئا-a و وشەی زاتە-zata"

پیشگری"ئا-a" لە رەگی "ئاریان" یا "ئەیریا" دروستبووە. وشەی زاتە لە بنەچەدا "زان" بووە کە پێکەوە دەبێتە "زادەی ئاریایی" یا " ئاریا زادە". لەوێوە کە "ئاریازادە" لە سەردەمی دیریندا بە مانای "رەسەن" بەکار هاتووە، ئەم زاراوەی "ئازاتە" ش مانای " رەگەز یا نەژادی" وەرگرتووە.

ئاسمان-asman

ئەم زاراوەیە بە مانای "ئاسمان" و "گەردوون" بە کار براوە. دوور نییە "سماء " ی عارەبیش لەم زاراوە ئاڤێستاییە وەرگیرابێ.

ئافریڤانە- afrivana

ئەم زاراوەیە بە مانای "ناساندن، پێداهەڵگوتن، ستایشکردن و رازی بوون "دێت. لە زوانی پەهلەوی و فارسی و کوردی بە شێوەی "ئافەرین" بە کار دەبرێ. بۆزانین وشەی "فری-fri" ئاڤێستاییە و مانای دوعا و پاڕانەوە دەبەخشێ.

ئاڤەنت-avant

ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئافەنت" یش هاتووە. زاراوەی ئاڤێستایی "ئاڤەنت" مانای "ئاوەدانی" یە و بە زەوییەك دەگوترێ کە بەراو بێ. لە زوانی کوردیدا "ئاو و ئاوەدانی " و "ئافتاوە- ئافتابە" لە "ئاوەنت و ئافەنت" وەرگیراون. لە زوانی سانسکریتدا بووە بە "ئاپوڤەنت –apovant".

ئاکوەرە-akwara

ئەم زاراوەیە بە مانای شوێنی ئالێك دانی مەڕ و ماڵاتە. لە کوردیدا "ئاخور، ئاور و ئافر" هەمان مانایان هەیە. خاڵێك کە باسکردنی پێویستە ئەوەیە: پیتی "ك-k" بە لای "خ-k" ی کوردی دایە. ئەم گۆڕانە تەنیا لە دیالێکتی سۆرانیدا بە روونی بەرچاو دەکەوێت. لە دیالێکتەکانی تردا پیتی"ك-k" وەلا نراوە.

ئاکز-akas

"ئاکز" یا "ئاکس" ی ئاڤێستایی بەمانای "ئاگا" یە. ئەم زاراوەیە لە زوانی پەهلەویدا بووە بە "ئاگاز-ئاگاس-akas" و لە فارسیدا "ئاگاه" و لە کوردیدا "ئاگادار"ە.

ئاکچوریەم-akturyam

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی لە فارسیدا مانای "چهارم" و لە کوردیدا "چوارەم"ە.

ئایرا-aira

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بە شێوەی "ئێریا-airya" ش هاتووە. "ئایرا" لە فارسی کۆندا بە شێوەی "ئاریا-ariya" و لە زوانی سانسکریتی بووە بە "ئاریە-arya". "ئایرا" ش بۆ ئەوکەسانەی بە رەچەڵەك ئێرانین، بەکار دێت.

ئایزما-aizma

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

پێشگری "ئایزی-aizi" یا "ئەیزی-aizi" و وشەی "ما-ma"، ئەم دوو وشەیە لە تەك یەکدیدا دەبنە "ئایزما" کەمانای "ئەزمون" ە. لەزوانی کوردیدا "ئەزمو، ئەزمون و



ئەزموون" بە کار دەبرێ. بۆ نموونە ئەم پەندە لە ناو دانیشتوانی موکریان باوە کەدەڵێ: "دۆی ئەزموو لە ماستی نا ئەزموو چاترە- دوغ ازموده از دوغ نیازموده بهتر است".

ئاواز-awaz

ئەم زاراوەیە بەمانای "ئاواز" و "بەزم" بەکار دێت. لە زوانی کوردیدا "ڤچ-vac"، "ئاواچ" و "ئاواز"ە. ئەم زاراوەیە لە "گاتها" دا بە شێوەی "وچ" هاتووە. لە زوانی سانسکریتدا "ئاڤاچی-avaci" یا "واچە-vavaca"، لە فارسی ناوەراستدا(واتە سەدەکانی ناوەراست) "ئوخت-uxt"، لە پەهلەویدا "ئاواچ-avac" لە فارسی نوێدا "ئاڤاز-avaz " ە.

ئەپوثرەتەنو-aputhratanu

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی مانای "مندالّدانە" لە کوردیدا بووە بە "پزدان".

ئاتا-ئاثا-atha

ئەم زاراوەی ئاڤیستایی مانای "ئەوکاتە" دەگەیەنێ و لە کوردیدا "ئەنجا" و "ئەوسا" یە.

ئازامی-azami

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا مانای"ئازا، پێشرەو، سەرکردە" یە ، کوردییەکەشی هەر "ئازا" یە.

ئەختی-axti

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بە مانای" ئاخ و دەردە"، لە کوردی ئەمڕۆدا بە شێوەی "ئۆخەی" و ئەم شێوانەی خوارەوە هاتووە:

-کەسێك کە شتێك لە دەست و پەلی رادەچێ و هاوارەدەکا (ئۆخەیش درکێ چوو بەستما /لێرەدا نووسەر رەنگە مەبەستی لە دیالێکتەکانی تر بێت ئەگینا لە دیالێکتی سۆرانیدا بە دەربڕینی خۆشی "ئۆخەی" بەکاردێ بە پێچەوانەوە تەنیا ئاخ بەکار دێ- وەرگێڕ).

- کاتێك دوژمن تووشی زەرەر و زیان دەبێت، ئەوسا ئۆخەی بۆ خوشحاڵی بەکار دێت (ئۆخەیش سەددام لە سێدارە درا).

- کاتێك خۆشەویستێك لە سەفەرێك دەگەڕێتەوە لە خۆشحاڵێدا دەڵێن (ئۆخەیش)، یا لە رستەی (خوا هەمیشە ئۆخەی کەیت)، ئۆخەی بە کار دێت.

ئەسبارەی-asbaray

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- ئەسپە- aspa مانای ئەسپ
- بارەی-baray مانای بردن

هەردووکیان لە تەك یەکدا زاراوەی " ئەسبار" پێکدێنن کە مانای "ئەسپ بەر- سوارکار" ە.

لە ئاڤێستادا نێر و مێ لێك جیان. بۆ نموونە: ئەسپی نێر "ئەسپە- aspa "یە و ئەسپی مێ یا ماین، "ئەسپا-aspa" ی پێدەگوترێ. زاراوەی ئەسپ لە تەك وشەی تردا ناوی ئاوێتەی نوێ پێکدێنێ:

زاراوەی "ئەسپ+گەرەم- asp-garam"، گەرەم یەکێکە لە دەنگەکان وەك: "گرمەگرم"ی کوردی کە دەنگی هەور و هەورە تریشقەیە). "ئەسپوگرم-asp-garam" ی پێکهێناوە. کە دەنگی ئالیك خواردنی ئەسپە.

ئەستا-asta

ناوی کتێبێکە کە یەکەم جار موریدانی زەردەشت بۆ شرۆڤەکردنی ئاڤێستا نووسیان. جگە لە "ئەستا-asta "، "ئەبیستا-abesta" شی پێدەگوترێ. لە زاراوەی "ئابستە" دروستبووە کە مانای "رەجم واتە نەفرین لێکردن" ە. بە مانای تریش بەکار دێ "زەوی چێنراو".

زاراوەی "ئابستە" لە بنەچەدا لە ئاوێتە زاراوەی "ئابوترە- تەنو- aputhra-tanu" وەرگیراوە.

ئەستی-asti

زاراوەی ئەستی ئاڤێستاییە کۆیەکەی "ئەستەه-nastah. بەم پێیە لەم چەشنە ناوانەدا "ئە" هێمای تاك و "ی-i" هێمای کۆیە. ئەم زاراوەیە مانای "هێسك"ە، لە زوانی کوردیدا بە شێوەی "ئەست-ast" و "ئەشتۆ- asto" ماوەتەوە. لە ئاڤێستاشدا " ئەستی بیز- asti-bis " ە کە بەرامبەری توند و تۆڵە.

ئەسرەڤ-asrav

زاراوەی ئەسترۆ یا ئەزرف، ئاڤێستاییە بە مانای "فرمێسك" دێت ئەم زاراوەیە لە کوردیدا بە شێوەی "ئەسرین و ئەسر" ماوەتەوە. "ئەسرو" لە زوانی پەهلەویدا "ئورس-ئەرز- ars" و لە فارسیدا "ئورس-urs یا ئەرس-ars" ە.

ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە ناوێك و پاشگرێك: ناوی ئاس- as و پاشگری "یەه- yah". پاشگری یە —yah" نیشانەی "بالایی" یە و بەمانای "ترین" دێت. بەهەرحاڵ، زاراوەی "ئاسیە" مانای "تورەترین" و "ساردترینە".



ئاش-ash

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بە مانای "فراوان"، زۆر" و " بێ ئەژمار" بەکار هاتووە. ئاوێتە وشەی "ئاچیە-acyah" لەم زاراوەیە سەریهەڵداوە.

لە ئاڤێستادا بەم پێرستەی خوارەوە کەڵك لە "پاشگری بەراورد" وەرگیراوە:

١- تەرە- tara: وەك ، ئاکە- aka+ تەرە- tara کە وێکڕا "ئاکەترە- akatara" پێکدێنن و ماناکەی "خراپتر یا بەدتر" ە.

٢- جگە لە پاشگری "یە- yah" پاشگری "ئەمە- ama " ش هەیە کە بۆ دەرخستنی بالاترین بەکار دێ. وەك "رەیڤەست-raivast+ ئەمە-ama" لە تەك یەکدیدا دەبێتە "رەیڤەستمە-raivastama" کەمانای "زۆرترین" یا "گەورەترین" ە .

ئەشتە-ashta

ئەم زاراوەیە هەمان ژمارەی "هەشت" یا "ئەشت" ە. لە پەهلەویدا "هشت"، لە هیندی کۆندا "ئەشتەو-ashtau"، " لە ئەرمەنیدا "ئوت- ut" لە ئەفغانیدا "ئەتە- ata" دەگوترێ. زاراوەی "ئەشتایتی- ashtaiti" مانای "هەشتا"، لە پەهلەویدا "هەشتا- hashtat" یا "ئەشتات-ashtat"ە، لە ئەفغانیدا "ئەتیە- atiya" یە کە لەم زاراوەیە وەرگیراون. ئەم زاراوەیە لەزوانی کوردیدا بە شێوەی "هەشت" ماوەتەوە.

ئەرەتە-arata

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا بەمانای "راست، دروست و پاك" هاتووە. لە برێك سەرچاوەی تردا شێوەی" ئەریتە- areta" دەبینرێ. زاراوەی "ئەرتەڤەن- artavan"، " ئەرتەڤان- artavan"، لەم زاراوەیە وەرگیراون کە مانایان "دادبان، راستی بان" و" راستی پارێز" ە.

ئەرەجە-araja

زاراوەی "ئەرەجە" لە ئاڤێستادا بەمانای "نرخ، کرێ و هەقدەست" بەکار براوە. وێدەچێ "اجارە"ی عارەبی لەم زاراوەیە وەرگیرابێ. زاراوەی "ئەجر" لە زوانی کوردیدا مانای "پیاوەتی و هەقدەست" ە.

ئەرەتنە-aratna

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەرامبەر "زانو" ی فارسییە. ئەم وشەیە لە کوردیدا گۆڕاوە بۆ "ئەژنۆ".

ئەرشتات-arshtat

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا مانای "ڕاستی و دروستی " دەگەیەنێ. ناوی فریشتەی ڕاستیشە. ئەم زاراوەیە شێوەی مێی (مؤنث)"ئەرەتە-arata" یە.

ئەڤەی-avai

ئەم زاراوەیە جێناوی تاکی ئاماژە بەدووره، بەمانای "ئەوە" دێت. پێویستە بڵێین: پێکهاتەی "ئەوەی-ئەوەرە" لە ئاڤێستادا هاتووە ئەگەر وشە بە وشە وەربگێڕدرێ مانای" ئەو هەورە" دەگەیەنێ.

ئەڤۆخڤەرن-avo-xvarna

ئەم زاراوە ئاوێتەیە بەمانای "ئابشخور"ە. ئاوەورە، ئاوەوەرە هەردووکیان لەم زاراوەیە وەرگیراون. ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیدا، بە شێوەی "ئاوەخۆرە" ی لێهاتووە.

ئاڤێستا-avesta

ئەم زاراوەیە لەدوو بەش پێکهاتووە :

- ئاڤی- ave یا ئاڤێ- ave یا ئاڤ- av یا ئاپ- ap مانای ئاو.
- ستا- sta مانای پەناو یارمەتی.

ئەڤەستا لە پەهلەویدا"ئەڤەستاك- avastsk" یا "ئەپەستاك- apastak" گۆ دەکرێ.

زاراوەی ئاڤێستا لە بنەمادا "ئوپەستە-upasts" بووە بە مانای "بنچینە، ریشە، یا بنەچە" دێت. "بارتولومی"، ئاڤێستا ناسی ناودار، بەشی دووەمی زاراوەکە بەرامبەر بە "یارمەتی و پەنا" دادەنێ.

بەگشتی دەتوانین ئاڤێستا بە مانای زانست بەکار بێنین. دیارە مانای تریشی هەیە وەك: وتەی بەسوود، وڵاتی شکۆمەند، و ... .

لە سەرچاوەی عارەبی و فارسیدا زاراوەی ئاڤێستا بە شێوەی جۆراوجۆر بەکار هاتووە: ئەڤەست، ئەبستا، ئەڤیستا، بستاق، ئەبستاق، ئەبستاغ، ئەبستاە، بستاە، ئەفستا، ئەپستا، ستا و...

ئاکە-aka

"ئەکە" لە ئاڤێستادا مانای "بەدگۆ" و " ناپاك" ە. "ئەکە" بۆ ڕەگەزی نێر و "ئەکا" بۆ مێیە.

بە لکاندنی پاشگری "تەرە" بە کۆتایی ئەم زاراوەیە، دەبێتە وشەیەکی ئاوێتەی "ئەکەتەرە-akatara " ماناکەی دەبێتە"بەدتر یا خراپتر" یا" وریابە". ئەم زاراوەیە لەزوانی



کوردیدا بووە بە "کخە" و "ئەخە"، بەمەش، گەورە، منداڵ دەتەکێنێتەوە لەوەی شتەکی پیس و خراپ بۆ ناو دەمی بەرێ.

ئەمرتە-amrta

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە، لە پێشگرێك و وشەیەك پێکهاتووە، مانای "نەمر، زیندوو و مرد" دەگەیەنێ.

پێشگری "ئە-a" بۆ نەرێ بەکار دێ، چونکە "مرتە" مانای "مرد یا مردوو" ە.

پێویستە بگوترێ ئەم زارایە لە "گاتەکان" دا بە شێوەی "ئەمرتات-amrtat" هاتووە. ئەمەش جگە لەو مانایانەی سەرەوە بەمانای ، چارەنوس، ئاوازە (ریواڵ)، و... ش بەکار براوە.

ئەمسە-amsa

ئاڤیستاییە بە مانای "نزیك" و "دراوسێ" هاتووە. لە کوردیدا جگە لەزاراوەی "ئەمسا" زاراوەی تریش وەدی هاتوونە کە بەشی یەکەمیان "ئەم-" بووە و مانای نزیکی دەگەیەنێ:

-ئەم ، ئەمەتە

- ئەم ئەمەسە

هەرچۆنێك بێ زاراوەی "هامسی-هامسا" کوردی لە "ئەمسە" ی ئاڤێستا وەرگیراوە. وێدەچێ زاراوەی "ئامسان" ی کوردی کەمانای دراوسێیە لە م زاراوەیە وەرگیرابێ.

ئەنتەرە-antara

گومانی تێدانییە ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئەنتەر" هاتووە کەمانای" ناوەوە یا دەروون" ە. زاراوەی "ئینتێر-intar" ی لە گەڵ ئەم زاراوەیە هاوڕیشەیە. ئەم وشەیە لە زوانی پەهلەویدا "ئەندەر-ander و لە فارسی کۆندا "ئەنتەرanter" ە.

ئان ئەیریە-an airya

ئەم وشە ئاوێتەیە لە پێشگری "ئان" و ناوی"ئەیریە" پێکهاتووە کەمانای "نائاریایی" یە.

ئەنەگەرە رۆچە-anaghra roca

ئەم زاراوەیە بەمانای " زۆر رووناك" یا "بارەگای خواوەند" دێت، وێدەچێ سێ بەش بێت:

١- ئان- an وەك نیشانەی نەرێی

٢- ئەگرە-aghra

٣- روچە-roca

ئەیریە مەن-airya man

بەمانای "یار، یاوەر، دۆست یا هاوسەر" دێت. هەرچەند دەکرێ من بە هێمای "صفەتی نسبی" یش دابنرێ وەلێ لەم زاراوەیەدا مانای دۆستە. بەم پێیە ئاوێتە زاراوەی"ئەیریەمەن" بەمانای ئارياییش دێت.

ئاناهیتا-anahita

ئەم زاراوەیە لە دووبەش پێکهاتووە:

- نیشانەی نەرێی "ئەن-an"
- ناوی ئاهیتە-ahita

مانای گشتی ئەم زاراوەیە "رووناك" و "پاك" ە. "ئاناهیتا" ناوی فریشتەی پاسەوانی ئاوە یا واتر بلێین "میراوە". ئەستێرەی زوهرە کە سامبولێ لاوێتییە بەم ناوە ناسراوە. هەر لەبەر ئەوەبوو رۆمییەکان ناوی "ڤینۆس" یان لەسەر "ناهید" دانا.

ئان ئاهیتا-an ahita شێوەیەکی تری ئاناهیتایە

ئان یە-anya

بەمانای "یەکێکی تر" هاتووە ئەویش دوو بەشە: بەشی یەکەم "ئان" مانای "یەك، یەکێك" و بەشی دووەم "یە" یە کە پاشگری رێکخستنە.

ئەوروشە-aurusha

ناوی رەنگێك بووە بەمانای "رەنگی گوڵی" یا "گوڵڕەنگ". لە سانسکریتیدا زاراوەی "ئاروز-arusa" و لە پەهلەویدا، "ئەرووز-arus" لە جێگای ئەم زاراوەیە دانراوە. لە ئینگلیزیدا بە شێوەی "rose" یا rosily بەکار دێ.

ئەوەرە-awra

لەم زاراوەی ئاڤێستایی مانای "هەور" ە. لە پەهلەویدا بە شێوەی "ئەبر-abr" و لە کوردیدا بە "هەور، ئەور و عەور" هاتووە.

ئەهو-ahu

زاراوەی ئەهو مانای"عەیب، خوار، ناتەواو، کەم، ناپاك، خراپ و پوچ"ە. "ئاهیتە-ahita" لەم زاراوەیە وەرگیراوە و مانای ناتەواو ... ە. شێوەی نەرێیەکەی "ئەن-an" ە کە پێشتر بە درێژی باسمانکرد.

ئو پایری- upairy



مانای "هاتۆتە سەرێ" لە سێ بەش پێکهاتووە:

١- ناوی پە-pa واتە بڵند

٢- ئو-u

٣- ئایری-iry

ئەم زاراوەیە لە پەهلەویدا "ئەپەر-upar" و لە سانسکریتدا "ئوپری-upri" ە. لێکنزیکی زاراوەی "ئوپایری" و "ئەوپەری" کوردی هاوخێزانی ئەم دوو زاراوەیە وێنا دەکات.

ئوژە- aujah

ئەوژە یا ئوژە مانای "بەهێز" یا "مەزن". وێدوچێ "اوج" ی عارەبی شێوەی گۆڕاو یا بە عارەبی کراوی ئەم زاراوەیە بێت.

ئوپەپدی-upapdi

ئەم زاراوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە: ئو- u،پد- pd، ی- i".

ئورڤەن- urvan

لە ئاڤێستادا بەمانای روح هاتووە، لە پەهلەویدا "رەوان- ravan". لە کوردیدا "روحی رەوان" دوو وشەن لە تەك یەکدیدا هاومانان.

ئورڤەرا-urvara

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "رستن، رووان و سەوز بوون" هاتووە. لەم زاراوەیە دەستە واژەی "ئورڤەنم بەرسە مانین-urvanam baresmanin" کە گیایەکی پیرۆزە لای زەردەشتیان و وێدەچێ گیای "بەرزا"بێت کە "قەیتەران" یشی پێدەگوترێ.

وشترە- ushtra

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا مانای "حوشتر" ە. "ە" لە کۆتایی وشەکەدا نیشانەی رەگەزی نێرە. حوشتری مێ لە ئاڤێستادا "وشترا" یە. شێوەی کوردی ئەم زاراوەیە "وشتر" ە.

ئوشی-ushi

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە مانای "ئەقڵ، هۆش و مێشك" ە. لە فارسی ئەمڕۆدا بووە هۆش و لەکوردیدا هۆش و گۆش بەکاردێ.

ئوشی داتە-ushidata

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "هوشیار" بەکار هاتووە، لە کوردیدا بە شێوەی"هوشیار و وشیار" ی لێهاتووە.

ئەوگدە- augda

ئەم زاراوەیە بۆ دەرخستنی کارێکی رابردوو بەکار دێت.

ئەیشام-aisam

"ئەیشام" یا "ئەیسام" راناوی ئاماژەیە، مانای "ئەوان". دەبێ بزانین ئێستا، "ئەدیشا" راناوە و مانای "ئەوان" ە. ئەم زاراوەیە لە دووبەش پیکهاتووە: "ئەیس-ais" مانای "ئەو" لەگەڵ پاشگری"ئەم" کە نیشانەی کۆیە و بۆ دیاریکردنی کەسی سێهەم بەکاردێ. وەلێ "ئادیشا" ی هەورامانی لە دووبەش پێکهاتووە:

- ئاد هێمایە بۆ کەسی سێهەم
- "یشا" نیشانەی کۆیە

ئەم دوو زاراوەیە لەتەك یەکدیدا ئاوێتە وشەی "ئادیشا" پێکدێنن کە مانای " ئەوان" ی وەدیهێناوە.

ئەیەر- ayar

زاراوەی ئەیەر بەمانای رۆژە و بەرامبەرەکەی day ئینگلیزییە، رەنگە مانگی ئایار لەم زاراوەیە وەرگیرابێ، چونکە سەرەتای مانگەکانی ساڵ و دەسپێکی بەهارە.

ئەیوە- aiva

لە ئاڤێستادا بە مانای "یەك" هاتووە. جگە لە بڕێك بندیالێکتی دەڤەری بادینان، لەزۆربەی دیالێکتەکانی زوانی کوردیدا "ێ" ی سەرەتا لە زۆر زاراوەدا بەئاراستەی بوون بە "ی-i " گۆڕاوە.

لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی عێراق"بووە" بەمانای "یەك" بەکار دێ، لە هەورامانی ئێران بە شێوەی "یووە" گۆ دەکرێ. زاراوەی "ئەیوە" بەشێوەی "ئەیڤە-aeva" ش هاتووە. "ئەیوە" لە پەهلەویدا بووە بە "ئەیوەك-aevak" و لە پازەند "یەك-yak"، لە هیندیدا "ئەیکە-eka" و لە بلوچی دا گۆڕاوە بۆ "ئەیوك-eyok".

زاراوەی "ئەیڤە" لەتەك "دەسە-dasd (مانای دە)" ئاوێتە وشەی "ئەیڤە دەسە- aiva dasa" دروستدەکەن کە مانای وشە بە وشەی دەبێتە "یەك و دە"، لە کوردیدا بە شێوەی



"یانزە یا یانزدە" بەکار دەبرێ کە هەمان ژمارە "یازدە" ی فارسییە، (لە کوردیدا "یانگ زە" ش دەگوترێ).

لە هێندێك ناوچەی کوردنشین بە تایبەتی لە ناو ژنان زاراوەی "دە و یەك، دەو دوو، دەو سێ لە بری یازدە و دوازدە و سێزدە" بەکار دێ.

"یازدە" لە زوانی پەهلەویدا بە شێوەی "یاچدە-yacdah" و لە ئەفغانیدا بە شێوەی "یولەس-yolas" گۆ دەکرێ.

ئایبیانە- aibyanah

ئەم زاراوەیە بەشێوەی "ئەبیانە" مانای کیسەی پارەیە کە بە کەمەرە وە دەبەسترێ. لەکوردیدا "ئامیانە" بە هەوێنی ماستیش دەگوترێ. زاراوەی "هەم یاه- ham –yah" لە کوردیدا مانای "شاڵبەستن" ە. سەیر ئەوەیە کە زاراوەی "ئەیویائون هەن- aiwya an hana" مانای شاڵ یا پشتێن — پشتوێن بەستن" ی کوردییە بۆ پێناسەی کەمەربەند کەڵکی لێوەردەگیرێ.

ئەیزمە- aisma

ئەم زاراوەیە بە شێوەی "ئەیزمە-aesma" هاتووە کە مانای "کۆلك" ە. "ئیزم، هیزم" ئەمڕۆ لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور بەکار دێ.

زاراوەی "ئەیزمە-aisma" ئاڤێستاییە لە پەهلەویدا بووە بە "ئیزم-esim". هەر ئەم زاراوەیە لە زوانی پازەند دا "هیزم-hezam" و لە هیندی کۆندا "ئەدهما-idhma" گۆ دەکرێ.

ئەیوی گامە- aiwi

ئەم زاراوەیە لە چەند بەش پێکهاتووە:

- ئەو- av یا ئەوو- aw مانای ئاو
- ی- I زیادە پیتە
- گامە-gama مانای " جام، شووشە، سەهۆڵ". ئەم سێ بەشە لەتەك یەکدیدا زاراوەی "ئەیوی گامە" وەدی دێنن کە مانای "ئاوی جام" یا "سەهۆڵە". ئەم ئاوێتە زاراوەیە بە گشتی مانای زستان دەگەیەنێ.

ishtya-ئیشت

ئەم زاراوەیە مانای "خشت" بووە، لەزوانی پەهلەویدا " خیشت-xisht" و لە ئەفغانیدا "خشتە-xashta " و لە سانسکریتدا "ئیشتەکە- ishtaka" یە.

bar-بەر

ئەم زاراوەیە بە مانای "بار" هاتووە. لە "بەر" چەند زاراوە سەریان هەڵداوە کە بریتین لە:

- "بەرە-bara" مانای هەڵگرتن (بەرامبەرە لەگەڵ to carry ئینگلیزی).
- "بەرامی-barami" ئەم زاراوەیەش بەمانای "هەڵگرتن" ە وەلێ شێوەیەکی هەڵگرتن لە کۆندا کە هێشتا روون نییە.
- "بەرهەڤە- barhava" ئە م زاراوەیە لە بنەمادا "بەرزەڤە-barsava"یە مانای "بردن" ە.

baxta-بەختە

ئەم زارادیە بەمانای "پشك، بەخت" دێت. لەکوردی و فارسی نوێدا بە شێوەی " بەخت" گۆ دەکرێ.

baxto data-بەختو داتە

ئەم زاراوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

- بەخت-baxt
- و-u ئامرازی پەیوەندی
- داتە-data

ئەم ئاوێتە زاراوەیە بە مانای "بەختەوەر، خۆشبەخت" هاتووە. ئەو زاراوە کوردیانەی لەم زاراوەیە وەرگیراون، "بەختەوەر، بەختیار" ن. لە فارسی نوێدا "بەختەوەر-baxtavar" ە.

baga-بەگە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە، شێوەکی تری "بەختە-baxta" یە. "بەگە-baga" بەمانای خودای حودایان دێت، تەواو لەم زاراوەیە جیاوازە .

bowri-بەوری

ئەم زاراوەیە لە زوانی بابلیدا بەمانای "دەروازەی خودا" هاتووە. وشەی "با- بی- لو — ba-bi-lu" لەم زاراوەیە وەرگیراوە. زاراوەی "بەوری" لە کەونە نوسراوی بێستوندا بەشێوەی "بابیرەوڤ- babirauve" هاتووە.



baodhi-بەودهی

"سۆکۆلۆف" ئەم زاراوەیە بە دوو بەش دادەنێ "بو-bu" و "یا-ia". "بودەهی" بەمانای بوون و بەرامبەرە بە "to be" لە زوانی ئینگلیزیدا. لە پەهلەویدا "بودە-bodh" یا "بوی-boy" یە.

لە کوردیدا "بەودەهە-baodha" مانای "بۆن خۆش" ە و لە "بودەهی" وەرگیراوە.

baevar-بەیڤەر

ئەم زاراوەیە بە شێوەی "بیڤەر-baivor" یش هاتووە و مانای "دەهەزار" ە، لە پەهلەویدا گۆڕاوە بۆ "بیڤەر-beaver". "بیوەر یا بێوەر" لەکوردیدا بەمانای دەهەزار نایات، بەڵکو بەمانای "لەناوچوون، لەدەستدان و فراوان " هاتووە.

brzat-برزەت

مانای بڵندە، لە زوانی کوردیدا "بەرز" ە. ئەم زاراوانەی خوارەوە لە "برزەت" وەدیهاتوون:

- برزەنت- brzant
- برزاە- brzah
- برز- ئەنی-ئەم- brz -ani -am"
- برزز- barz -s
- بارازایتی- barazaiti
- برزەیتی- brzati

brvat -بەرڤەت

ئەم زاراوەیە لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا، بە شێوەی جیاجیا هاتووە:

- بروڤەت- bruvat
- بروڤەت بیام- bruvat byam

زاراوەی "بەرڤەت- barvat" بەمانای "ئەبرۆ" هاتووە، لە زوانی کوردیشدا "برۆ" یە، لە پەهلەویدا "بروك- bruk" گۆ دەکرێ.

buri -بوری

بەمانای "دەوڵەمەند" دێت.

buna-بونە

ئەم زاراوەیە بە مانای "رەگ و بن" هاتووە لەکوردیشدا هەر" بن" ە.

بومی-bumi

ئەم زاراوەیە بەمانای "خاك" و "زێد" هاتووە. لە پەهلەویدا "بوم-bum" و لە سانسکریتدا" بومی-bumi" گۆ دەکرێ.

براتا-brata

ئەم زاراوەیە لە فارسیدا بە مانای "برادەر" هاتووە و لە کوردیدا "برادەر یا برا" یە.

تەشتە-tashta

ئەم زاراوەیە بە مانای "تەشت" هاتووە. لە کوردیشدا هەر "تەشت" ە. وێدەچێ "طشت" ی عارەبی بە عەرەب کراوی ئەم زاراوەیە بێ .

تەمە-tamah

ئەم زاراوەیە بەمانای "تاریکی" هاتووە. تەم لە زوانی کوردیدا لە چوارچیوەی "تەم ومژ دا" مانای تاریکی و تەم، دەدات. ئەم زاراوەیە لەزوانی پەهلەویدا "توم-tun"، لە هیندی کۆندا "تەمەس-tamas" و لە ئەفغانیدا "تەم-tam" گۆ دەکرێ.

تەرشنە-tarshna

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بە مانای "تینو" هاتووە. لە کوردیدا "تەژنە، تینو، تێنو و توونی"یە.

تەمسەرە-tamsra

ئەم زاراوەیە بە دوو شێوەی تریش هاتووە: "تەنسەرە-tansra" و "تەثرە- tathra" مانای "تاریکی" یە. لە پەهلەویدا "تار-tar" لە فارسی و کوردیشدا بە شێوەی "تار" گۆ دەکرێ.

تڤام-tvam

راناوی کەسی دووەمە مانای "تۆ" یە، لە کوردیدا بوو بە "تۆ، تە".

تڤەنت-tvant

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "توانایی"وهێز" هاتووە. ریشەی ئەم زاراوەیە "تەڤ-tav" لە کوردیشدا بە شێوەی "توانا" دێت.

تەنگ-thang

"تەنگ" یا "ثەنگ"بەمانای" بە دیل گرتن، راکێشان و شەتەك دان" هاتووە. ئەو زاراوە کوردیانەی بە هۆی تەنگ وەدیهاتوون، بریتین لە:



- تەنگ و چەڵەمە
- تەنگ پێهەڵچنین
- تەنگە تاوکردن
- تەنگاو
- تەنگە گرتن

تەنو-tanu

زاراوەی "تەنو" بە مانای "لەش، بەدەن لاشە" هاتووە. لە هیندی کۆندا "تەنو-tanu" و لە ئەفغانیدا "تەن-tan" گۆ دەکرێ.

تەورنە-tauruna

مانای "پیسکە" و "ئاودار" ە. لە پەهلەویدا "تەڕ-tarr" و لە هیندی کۆندا "تەرونە-taruna"

گۆ دەکرێ.

تەخمە=texma

تەخمە یا تیخمە یا تەخەمە، بە مانای ، مەزن، باڵاتر، بەتوانا، پاڵەوان، بەهێز ، ئازا، نێر، هاتووە. لەفارسیی نوێدا بەشێوەی "تەخمە-texma" و بەمانای "رەگەز" بەکار دێ. زاراوەی "توخم-tuxm" مانای "هێلکەی مریشکە".

لەکوردیدا "تەکمە" بەمانای "گەورە و قەدر" کەڵکی لێ وەرگیراوە. زاراوە گەلی وەك "توخم و توخم دان "یش بە ریز مانای "هێلکە و هێلکەدان" دەدەن.

تورە -tura

ئەم زاراوەیە بە مانای "دلێر، پاڵەوان، چیڕ" هاتووە. هەروەها بەناوچەیەکی ئۆزبیکستانی ئێستا گوتراوە لە نێوان "ئامو دەریا و سیر دەریا(جەیحون و سەیحون)" کە "تورانستان" بووە.
"تورە" لەکوردیدا مانای "عەصەبی" یە.

تیگ هرە-tighra

زاراوەی "تیگ هرە، تیخرە یا تیغرە" بە مانای "خێراو دەستوبرد" بەکار دێ. ئەم زاراوەیە لە زوانی کوردیدا بەشێوەی "تێگرا" واتە وێکرا، سەرجەم، هەموو، پێکەوە" بەکار دێ.

پادهە-padha

ئەم زاراوەیە بەشێوەی "پاد" یش بەکار هاتووە و مانای "پێ" یە. لە کوردیدا بەشێوەی "پێ و پا" بە کار دێ.

پاشنە-pashna

ئەم زاراوەیە بەمانای "پاژنە" هاتووە. لە پەهلەویدا " پاشنەك-pashnak" لە هیندیدا "پەرشنی- parshni" لە کوردیا "پاژنە"یە.

پەرینە- parena

"پەرینە یا پرنە" مانای باڵ و پەڕە، لەپەهلەویدا "پەڕ-par" و لە هیندیدا بووە بە "پەڕنە-parna". لە کوردیدا بە شێوەی "پەل و پەڕ" بەکار دێ.

زاراوەی پەڕ لە کوردیدا بۆ وەدیهاتنی ئەم زاراوانەی خوارەوە، کەڵکی لێوەرگیراوە:

- پەڕ و باڵ وەریبوو
- پەڕ و باڵ دەرکردوو
- پەڕ و باڵ وشك
- پەڕلەپی

پەڕنە- parna

ئەم زاراوەیە مانای "پەڕ" و لەکوردیشدا هەر بە شێوەی "پەڕ" بەکار هاتووە.

پەڕو- paru

ئەم زاراوەیە مانای "زۆر، فراوان"، لە فارسیدا بەشێوەی "فرەهـ- frah" بەکار هاتووە و لەکوردیدا بووە بە "فرە".

پەردەهاتە-pardhata

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: "پەر" مانای" پێش، بەردەم"، "دهاتە- هاتە" مانای "داد، یاسا، دەستوور"، وێکرا مانای "پێش داد" دەبەخشن.

"پەرە-para" ی ئاڤێستایی و "پری-pre" هەردووکیان یەك ریشەیان هەیە.

پەرشتی-parshti

بەمانای "پشت" هاتووە. لە پەهلەویدا "پوشت- pusht" لە هیندی کۆندا بووە بە "پرشتی-prshti". ئەم زاراوەیە لە زوانی ئەفغانیدا بووە بە "پوشت- pusht" و لە کوردیدا "پشت-psht" بە کار دێ.

پەزو- pasu



ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا بە مانای "مەڕ" و "ماڵات" بەکار هاتووە. لەکوردیدا وەك "پەز" ماوەتەوە.

پەدهە-padha

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا بە مانای "شوێن پێ، جی پێ" هاتووە. لە سانسکریتیشدا شێوەی"پەدە-pada" ی وەخۆ گرتووە.

پەثەنە-pathana

ئەم زاراوەیە بە مانای " پان و بەرین" هاتووە، لە کوردیدا پان و لە ئەفغانیدا بە شێوەی "پلن-plan" ی لێهاتووە.

پەستە-pasta

ئەم زاراوەیە بە مانای پێست هاتووە و لە پەهلەوی و ئەفغانیشدا بە هەمان شێوە گۆ دەکرێت لە کوردیدا بووە بە "پێست" و "پیس".

پەك-pak

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "باج" و "خەرج" هاتووە. وێدەچێ "باج" بەعارەبی کراوی ئەم زاراوەیە بێت.

پەنجە دوسە-pancadasa

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- پەنجە - panca مانای پێنج
- دەسە — dasa مانای "دە"

کۆی ئەم دوو وشەیە زاراوەی "پەنجە دەسە" وەدیدێنن کە مانای پانزدەیە. لە ناوچە کورد نشینەکان پێنج بە هەمان مانا بەکار دێ و "دەسە" مانای "دەستە" یە و لە هەورامان بەمانای "دە" بەکار دێت.

پەیتی پا-paiti pa

ئەم زاراوەیە مانای "مانەوە و سەبر گرتن" ە. لەکوردیدا بەشێوەی "پاپا" بە مانای "ئەم پاو ئەو پا کردن" واتە "دێرکردن"، بەکار دیێت.

پەیتی دیزە-paitidaiza

ئەم زاراوەیە بە مانای کۆ کردنەوە هاتووە و لە فارسی و کوردیدا بووە بە "پاییز" و "پایز".

پەیتی تە-paitita

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- پەیتی –paiti زیادە پیتە
- ئیتە- ita مانای "هاتوچۆ"

زاراوەی "پەیتی تە" مانای "تۆبە کردن" و "گەڕانەوە". وێدەچێ وشەی "پەیتا" لە دەستەواژەی "پەیتا پەیتا هاتوچۆ دەکا" دا، لەم زاراوەیە وەرگیرابێ.

پەریکا-parika

ئەم زاراوەیە مانای "فریشتە و پەری" یە. وەلێ وێدەچێ "کا" پاشگرێکی ئاڤێستایی بێت.

پەیتیش-paitish

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "پێش"، "دژ" هاتووە، لە پەهلەویدا بووە بە "پەتیش-patish" و لە بلوچیدا "پیش-pesh". لە زوانی کوردیدا بە شێوەی "پێش" بەکار دێت.

پشترە-pishtra

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "پیشە" بەکار براوە و لە کوردی و فارسیدا هەر "پیشە" یە.

پەیتی ما-paiti ma

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای"پەیمانە کردن" بەکار هاتووە و لە کوردیدا بووە بە "پێوان و پێمای".

پەیتی بەند-paitiband

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە دوو بەشە:

- پەیتی- paiti ناوی پێی تێدایە
- بەند — band لەئاڤێستادا بە مانای "پابەند" هاتووە

"پەیتی بەند" لە ئاڤێستادا بەسەر یەکەوە مانای "پابەند"ە

لە کوردیدا بووەبە "پێوەند، پاوەند، پابەند"

پی تو-pitu

ئەم زاراوەیە مانای "خواردن" ە. وشەی "پێ خۆر" لە کوردیدا بەرامبەری ئەم زاراوە ئاڤێستاییەیە.



پیری دەیزە-pairidaiza

ئەم زاراوەیە لەئاڤێستادا مانای"باغ و بوستان و بەهەشتە". "پارادیس-paradise" ی ئینگلیزی "فردوس" ی عارەبی لەم زاراوەیە وەگیراون. ئەم زاراوەیە لە پەهلەویدا بووە بە "پارادهیسوس-paradhisus".

پەرتو- partu

ئەم زاراوەیە بە شێوەی "پەرەتو-paratu" ش هاتووە و لە ئاڤێستادا مانای "پرد" ە. لە زوانی کوردیشدا هەر"پرد" ە.

پەیسە-paisa

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی مانای "پیس" بووە و لە زوانی کوردیدا بووە بە "پیس".

پویتی-puiti

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی مانای "پووچ" ە و لە کوردیدا "پووچ و پووچەڵ" بەکار دێت.

جەتەرە-gatara

ئەم زاراوەیە بە مانای "کتیرا" و "جەو" هاتووە، لە کوردیدا بووە بە"کەتیرە".

چەکوش-cakosh

ئەم زاراوەیە بەمانای "چەکوش" هاتووە لە کوردیشدا هەر هەمان مانای هەیە.

چەرەمەن-caraman

ئەم زاراوەیە بەمانای چەرم و پێست دێت، لە کوردیشدا بەشێوەی"چەرم" بە کار هاتووە.

چەشمەن-cashman

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بەمانای "چاو" هاتووە و لە پەهلەویدا بووە بە "چەشما-cashmak" لە زوانی بلوچیدا"چیم-chem" و لە کوردیدا "چاو-chaw" یا "چەم-cham"ە.

چڤەنت-cvant"

ئەم زاراوەی ئاڤێستایی بە مانای "چەند" هاتووە و وشەی پرسیارە. لەکوردیدا وەک "چەن-chan" بەکار دێت.

چیم-cim

وشەی پرسیارە بە مانای "چی" هاتووە، لە کوردیا بەشێوەی "چە و چی" بەکار دێت.

چینگەهە-cingha

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای" چەنگ" هاتووە و لە کوردیدا شێوەی "چنگ" ی وەخۆ گرتووە.

چیتر-cithra

"چیترە" و "چیثرە" هەردووکیان بە مانای "توخم، نەوە و رەگەز" بەکار هاتوون.

جەنی-jani

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "ژن". بەرامبەری ئەم زاراوەیە لە هیندیی کۆندا "جنی-jni" و لە بلوچیدا "جن-jn" و لە کوردیدا "ژن" ە.

خەرە-xara

ئەم زاراوەیە بە مانای "کەر" هاتووە و لەزوانی پەهلەویدا "خەر-xar" لە سانسکریتدا "کەرە یا خەرە-xara" یە. لە کوردیدا "خەر و کەر " هەردووکیان بەکار دێن.

خرەتو-xaratu

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "باش و ئیرادە".لە پەهلەویدا " بووە بە "خرەت-xrat" و لە سانسکریتدا "کرەتو-kratu" وە. وێدەچێ ئەم زاراوەیە دوو بەش بێت: خەرە-xara" و "تو"، خەرە هەمان "کەرە" یە و "تو" بەمانای "بەجێ" دەگەیەنێ. دواتر ئەم زاراوەیە مانای "بە توانا"ی وەخۆ گرتووە.

خڤە سوورە-xvasura

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "دایکی ژن و باوکی ژن" دێت. لە زوانی هیندی کۆندا بە هەمان مانا بەکار هاتووە. لە کوردیدا دایکی ژن "خەسوو" و باوکی ژن "خەزوور" یا "هەسوورە" یە.

خڤە ترە-xvathra

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە مانای "خۆشی، خۆشەویستی، ئاشتی و ئاسایش" ە. شێوەیەکی تری ئەم زاراوەیە "خواترە"یە. لە کوردیدا "خۆش و وەش" بەکار دێت. ڕێبازی گۆڕانی "خوترە" بۆ "خۆش" بەم شێوەی خوارەوەیە:

خوترە___ خوثرە ___ خەوەش ___ خوش

خەوەتر ___خەوەثرە ___ خووەشرە___ خووش___خوش

خڤەفنە-xvafna



زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "خەو" هاتووە. لە پەهلەویدا بووە بە "خواب-xvab". لە کوردیدا " خەو" و"خەف"ە.

خەڤەر-xavar

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "خۆر" و "ڕۆژ" بەکار دێت. لەکوردیدا دەڵێین "خۆر". وێدەچێ "خەوەر" ی کوردی کە مانای "بێداری" یە، لەم زاراوەیە وەرگیرابێ.

خشەوب-xshaob

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "تورە بوون" دێ کە لەگەڵ "غضب" ی عارەبی لێکدەچن .(خەشوب-خەزەو- غەزەو-غضب). وشەی وەك "خەشم-xashm" و خەشمین-xashmin" دەگەڕێنەوە سەر ئەم زاراوەیە. لە کوردیشدا "خەزە" و "خەشم" هەردووکیان لەم زاروەیە وەرگیراون.

خشە فنییە-xshafnya

ئەم زاراوەی ئاڤێستاییە مانای "نانی شێوان" یە. شێوەیەکی تری "خشافنییە" یە.

" خشە فنییە" لە ئەفغانیدا بووە بە "شوم-shum" لە بلوچیدا "شام-sham" لە کوردیشدا هەر بووە"شام" ە.

خشڤش دەسە-xshvash dasa

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتوە "خشڤش-xshvash" مانای شەش و "دەسە-dasa" مانای "دە". ئەم زاراوەیە لە پەهلەویدا بووە بە "شانچ دە" لە پازەندا "شانزدە" و لە بلوچیدا "شانزە" و لە کوردیدا "شازدە" یە.

خشەپ-xshap

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "شەو" هاتووە. ئەم زاراوەیە لە فارسی کۆندا بووە بە "خشەپە" و لە پەهلەویدا "شەپ" و " شواك" و لە ئەفغانیدا "شپە" و لە کوردیدا بووە بە "شەو و شەڤ".

خشڤەشتی-xsvashti

ئەم زاراوەیە بە مانای "شەست" هاتووە. لە کوردیدا هەمان "شەست" ە.

"خشماکە-uxshmaka زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "ئێوە" دێت. لە کوردیدا دەڵێینین "شمە".

داتە-data

بە مانای داد، یاسا، دەستوور" هاتووە. لە ئەفغانی و فارسیدا بووە بە "داد-dad".

datar-داتەر

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە لە ناوی "داتە-data " و پاشگری "ر-r" پێکهاتووە. ئەم زاراوەیە لە زوانی پازەندا "دادار-dadar"و لە پەهلەویدا بووە بە "دەهاتر-dahatr". لە ئاڤێستادا بە مانای "دادپەروەر" هاتووە. لەکوردیدا بووە بە "داوەر-dawar".

dasa-دەسە

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "دە" هاتووە. لە پەهلەویدا بووە بە "دێهـ-deh" لە ئەرمەنی دا"تەسن-tasn" لە بلوچیدا "دیە-deh" لەئەفغانیدا "لەس-las" لە هیندی کۆندا

"دەچە-daca" یە. لەزوانی کوردیدا " دەستە و دەسە "بەکار دەبرێ.

daiman-دەیمەن

ئەم زاراوە ئاڤیستاییە بە مانای " دەم وچا و" و "روخسار" بەکار هاتووە. لە ئەرمەنیدا "دیم-dem" و لە ئەفغانیدا بووە بە "لیمە-lema". لە کوردیدا دەڵێن"دیمەن" یا "دیم".

daraza-دەرەزە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بەمانای "درزگرفتن" هاتووە و لە کوردیدا شێوەی "دوزان" و "دوورین" ی وەرگرتووە.

draogha-درەوگە

زاراوەیەکی ئاڤێسیتاییە مانای "درۆ، ناڕاست". لە پەهلەویدا "دروز-druz" و لە فارسی کۆندا بووە بە "درۆگە-drauga". "درەوگە" لە زوانی کوردیدا بووە بە "درۆ". (لە کوردیدا بە "دروغگو" دەڵێین درۆزن).

darana-دەرەنە

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "دەرە" بە کار هاتووە. لە فارسی کۆندا "درەیە-drayah" و لە بلوچیدا بووە بە "دەریا" و لە ئەفغانیدا دەڵێن "دەریاب-daryab".

dagha-دەغە

ئەم زاروە ئاڤێستاییە بە مانای "داغکردن و نیشانە کردنی ئاژەڵ" بە مۆری تایبەتی دێت کە پێی دە گوترێ "داغمە و داخمە". لە زوانی پەهلویدا "داغ-dagh" لە سانسکریتدا بووە بە "دەغە-dagha.



daiva-دەیڤا

ئەم زاراوەیە بە مانای "دێو، ئەهریمەن، دۆزەخ، شەڕ" هاتووە.لە پەهلەویدا "دیڤ-dev" و لە هیندی کۆندا "دیڤە-devah" یە.

daina-دەینە

ئەم زاراەوە ئاڤێستاییە بە شێوەی "دەینا" ش هاتووە. دەینە بۆ نێر و دەینا بۆ مێیە. مانای ئەم زاراوەیە "دین و ئایین" ە. زاراوەی دەینا لە پازەند "دین-din" و لە پەهلەویشدا هەر بە هەمان شێوەیە، کەچی لە ئەرمەنیدا بووە بە "دەن-den" و لە کوردیشدا "دین" ە.

daozhahva-دەوزەهوە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "دۆزەخ، جهەننەم، بەدبەختی" هاتووە. لە زوانی ئێرانی کۆندا "دوزەهو-duzhahu" لە بلوچیدا "دوزەك-dozak" یا دوزەخ-dozax" و لە پەهلەویدا "دوشە خڤ-dusaxv" ە.

dainu-دەینو

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "دایك" و لە زوانی کوردیدا بووە بە "دایە، دای، دایك". "دەینو" لە پەهلەویدا بووە بە"دایەك-dayak" و لە ئەفغانیدا "دایی-dayi" لە بلوچیدا "دای-dai" یە.

danta-دەنتە

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "ددان" دێت. لە فارسی کۆندا بەشێوەی "دەنتا"، لە هیندی دێریندا"دنتە" و لە کوردیدا "دان-dan یا دیان"ە.

daitika-دەیتیکە

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "دڕندە، گیان لەبەری دڕندە" یە. لە پەهلەویدا بووە بە"دەتیك".

dvar-دڤەر

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "دەروازە" هاتووە. لە پەهلەویدا "دەرن-darn" لە هیندی کۆندا "دڤار-dvar" لە فارسی کۆندا بووە بە "دوڤار-duvar"

dva-دڤە

ئەم زاراوەیە مانای "دو" وە، لە پەهلەویدا بووە بە "دو-do"، لە فارسی کۆندا "دوڤیە-duvitiya"، لە ئەفغانیدا "دوە-dva" یە.

درەفشە-drafsha

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "ئاڵا" هاتووە. لە پەهلویدا بووە بە "درەفش-drafsh"، لە ئەرمەنیدا "درەوش-draush" و لە فارسی نوێدا بە شێوەی "درەفش-drafsh" ی لێهاتووە.

زاراوەی "گاوش درەفشە-gaush drafsha" پێکهاتووە لە "درەفشە" و "گاوش" کە مانای "دروشمی کاوە" یا " درەفشی کاویانی" یە.

دوگ دهەر-dughdhar

ئەم زاراوەیە بەمانای "کچ" هاتووە. لە پەهلەویدا بووە بە "دوخت" و لە زوانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ " دۆت".

دراجە-drajah

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە مانای "درێژ" یا "دیراز-diraz" لە کوردیدا "درێژ" ە.

دوزهدا-duzhda

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "دز" هاتووە. شێوەیەکی تری ئەم زاراوەیە "دوزهدە" یە.(دوزهدا بۆ مێ و دوزهدە بۆ نێرە). لە کوردیدا بووە بە "دز".

دوش-دوس-dus

زاراوەیەکی ئاائڤێستاییە ئەگەر بە شێوەی "دڤ" بیخوێنینەوە ئەوا بەمانای "قەڵا" یا "پشت مل" دێت، وەلێ ئەگەر بە شێوەی "دوژ" بیخوێنینەوە ئەوا مانای "دوژمن" دەگەیەنێ. لە کوردیدا بە شێوەی "دژ یا دوژمن" ە. "دوش" لە زوانی کوردیشدا بە مانای "پشت مل" دێت.

دوش مەنە-dush-mana

ئەم زاراوەیە مانای "دوژمن" ە و لەکوردیشدا هەر بە "دوژمن" گۆ دەکرێ.

دوجەکە-dujaka

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای"ژیشك" هاتووە و لە پازەند و پەهلەویدا شێوەی "جوجك-jujak" ی وەخۆ گرتووە. لە کوردیدا دەڵێن "ژیشك" و "ژووژوو".

دومە-duma



زاراوەیەکی ئاڤێستاییە کەلە فارسیدا مانای "دومەڵ" هاتووە و لە پەهلەویدا "دوم-dum" و لە فارسیدا گۆڕاوە بۆ "دم یا دنبالّن". "دومە" بە هەمان شێوە لە کوردیدا ماوەتەوە.("دومەڵ" یش دەوترێ/ وەرگێڕ).

دڤی سەتی-dve Sate

ئەم زاراوەیە مانای "دویست" ە لە فارسی و لەکوردیدا بۆتە "دووسەد".

دورە-dura

مانای "دور" و ناوی مێیی "دورا-dura".

زاماتە-zamata

ئەم زاراوەیە لە فارسیدا مانای "داماد"ە، لەکوردیدا بووە بە "زاوا" و "زەما". لە کوردیدا زاراوەی "زەماوەند" یش لە "زەما" و پاشگری "وەند" وەدیهاتووە.

زەم-zam

"زەم یا زام" مانای زەمین بووە و مانای فریشتەی زەویش دەدات. لە کوردیدا بووە بە "زەوی".

زانو-zanu

ئەم زاراوە یە لە فارسیدا هەر "زانو" یە لە کوردیدا بووە بە "ئەژنۆ".

زەرەدە-zarada

ئەم زاراوەیە ئاڤێستاییە و بە شێوەی "زردا-zrda" ش هاتووە، مانای "دڵ" بووە و لە کوردیدا بووە بە "زار".

زەرنەینە-zarnaina

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە لە فارسیدا بە مانای "زر یا طـەلا" دێت، لە کوردیدا "زێڕ" ە.

زەستە-zasta

مانای "دەست" بووە و لە کوردیدا بووە بە "دەس".

زەفەر-zafar

ئەم زاراوەیە لە فارسیدا بە مانای "گلو" ە (واتە گەروو/ وەرگێڕ).

زەنڤە-zanva

ئەم زاراوەیە لە فارسیدا "چانە" بووە و لە کوردیدا بووە بە "چەناگە/ وەرگێڕ، زەنەخ و زەنج".

زەن-zan

بە فارسی مانای "زاییدن" دەگەیەنێ. "ژیان" لە کوردیدا شێوەیەکی گۆڕاوی ئەم زاراوەیە.

زرداهە-زەرداە-zrdaha

ئەم زاراتوەیە بە فارسی مانای "جان و رەوان" دەگەیەنێت. لە کوردیدا شێوەی "گیان" ی وەخۆ گرتووە.

رامەن-raman

بە مانای "ئارامش" دێت و لە کوردیدا شێوەی "ئارام" ی وەخۆ گرتووە.

رەنە-rana

زاراوەی ئاڤێستایی "رەنە" بە مانای "ران" هاتووە. لە کوردیدا هەمان شێوەی "ران" ی وەخۆ گرتووە.

رەوخشنە-raoxshna

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "رۆشن" دێت و لە کوردیدا بووە بە "رەوشن و رووناك/وەرگێڕ).

رەسمە –رەزمە-rasma

بە مانای "رەزم بەزم و جەنگ" ی فارسی هاتووە.

رەوچە-raocha

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "رۆشنایی" فارسی هاتووە، لە پەهلەویدا بووە بە "هڤەخشیت-hvaxshit " و لە فارسی نوێدا گۆڕاوە بۆ "خورشید". "رەوچە" زاراوەی "رەوچەنە"ی لێکەوتۆتەوە کە لە فارسیدا بووە بە "روزنە". رەوچە لە کوردیدا بووە بە "رۆژ".

رەودهە-raodha

بە مانای "صورەت" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا شێوەی "روومەت" ی وەخۆ گرتووە.

رەودهیتە-raodhita

ئەم زاراوەیە بە مانای "سوور و سپی( وەك ئاوەڵناو- وەرگێڕ)" هاتووە.

رەیتیە-raithya

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە مانای "راە" ی فارسییە و لە کوردیدا بووە بە "رێ، رێگا".

رتەونی-rtauni



بە مانای "راستی" هاتووە.

روان-rvan

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "روح، رەوان" هاتووە، لە کوردیشدا شێوەی" رەوان" ی وەخۆ گرتووە.

سادرە-sadra

ئاڤێستاییە بە مانای "زکام و سرماخوردگی" ی فارسی هاتووە.

سەتە-sata

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "سد" ی فارسی هاتووە. وێدەچی لە عارەبیدا "سد" بە عەرەبکراوە ئەم زاراوەی بێت.

سەخڤەر-saxvar

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە مانای "سخن" ی فارسی دەگەیەنێت، لە پەهلەویدا بووە بە "سوخون".

سەرە-sara

مانای "سەر" و لە کوردیشدا هەر بە شێوەی"سەر" ە.

سەرەد-sarad

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "ساڵ" دێت.

سەرەتە-sarata

"سەرەتە" مانای سار و سەرما، لەکوردیدا شێوەی "سار، سارد و سەرما" ی وەخۆ گرتووە.

سپەخە-spaxa

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "سەگ" هاتووە.

سپەیتە-spaita

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای"سفید" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا بووە بە "سپی".

ستەر-star

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای"ستارە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی "ستارە، ئەستێرە، هەسێرە و هەسارە" ی وەخۆ گرتووە.

ستانە-stana

بە مانای "ئاستان" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "ئەستانە، ئاستان و ئاستانە".

stav-ستەڤ

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بە مانای "ستایش، ستایش کردن و تعریف دادن" ی فارسی هاتووە.

stri-ستری

ئەم زاراوەیە بە مانای "زن" ی فارسی هاتووە.

stun-ستون

زاراوەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای "ستون" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا شێوەی "ئەستوون، ستووە"ی وەخۆ گرتووە.

srdaha-سرداهە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "سرداب" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا بە شێوەی "سارداو و سارداب" دەرکەوتووە.

saraosha-سەرەوشە

ئەم زاراوەیە بە مانای "فریشتە" هاتووە. زاراوەی "سروش" لە فارسیدا و "سرووش" لە کوردیدا، هەمان مانایان هەیە. نابێ زاراوەی "سروە" ی کوردی کە مانای "شنەی ئارام"ە بگەرێنرێتەوە سەر ڕەگ و ریشەی ئەم زاراوەیە.

sraoni-سرەونی

ئەم زاراوەیە بە مانای "کفل" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی "سەرین و سەرینگا"ی وەخۆ گرتووە.

srvaram-سرڤەرەم

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە مانای "کشتە شدە" ی فارسییە. ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە "سر، سەر-sr, sar" مانای سەر و "وەرەم" مانای "خوردە" ی فارسییە. زاراوەی"سەرەخۆرە" ی کوردی زۆر نزیکە لەم زاراوەیە.

scand-سکەند

بە مانای "شکستن" ی فارسی دێت، لە کوردیدا "شکان و شکاندن" ی وەخۆ گرتووە.

sushti-سوشتی



بە مانای "شەش" هاتووە.

suxra- سوخرە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە مانای "سوور". لە پەهلەوی و بلوچیدا "سوهر" ە، لە هیندی کۆندا "چوکرە" لە ئەفغانیدا "سور" و لە کوردیدا بووە بە "سوور".

suka-سوکە

بە مانای "سوزن" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا هەر چەند "سووکە" ش بە کار دێ وەلێ شێوەی "سووژن" ی وەخۆ گرتووە.

shyata-شیاتە

بە مانای "شاد" ی فارسی دێت، لە کوردیشدا هەمان "شاد" گۆ دەکرێت.

vac-ڤەچ

"ڤەچ یا ڤۆچ-voc" بە مانای "گوتن" هاتووە. شێوە کردارییەکانی ئەم زاراوەیە و کەسی "غایب و مخاطب و رابردوو و ئێستا" ی لە کوردیدا بە تەواوی دەبینرێ، وەك:

- موواچوو- مانای دەڵێم
- موواچو- مانای دەڵێت
- وتن و واتە لەم زاراوەیە وەرگیراون.
- واچە کیە- مانای لێکۆڵینەوە، ئەویش لە زاراوەی "وچ" وەرگیراوە .

vaxsho bara-ڤەخشو بەرە

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- "وەخش" بەمانای نامەی خودایی
- "بەرە" بە مانای بردن

ئەم زاراوەیە وێکڕا مانای "پەیامبەر" ە.

vad-upa-ڤەدئەپە

ئەم زاراوە ئاڤێستاییە بە مانای "مێ بەدوای نێرە دەکەوێ" هاتووە، بە گشتی مانای "هاوسەرگیری" دەگەیەنێ. زاراوەی "رەدوو" لە زوانی کوردیدا و "ڤەدوو-vadhu" لە سانسکریتدا ریشەیان دەگەڕێتەوە سەر ئەم زاراوەیە.

varka-ڤەرکە

به مانای "گرگ" ی فارسی هاتووه. له زوانی کوردیدا "گورگ و وەرگ" هەردووکیان بەکار دێن.

ڤەرازە-varaza

به مانای "خوك" ی فارسی هاتووه و له کوردیدا مانای "بەراز" ە.

ڤەرشە-varsha

ئەم زاراوەیە بە مانای "جەنگەڵ" و لە دوو بەش پیکهاتووە:

-ڤەر-var مانای گورگ

-شە –sha مانای شوێن

لە فارسی و کوردیدا هەردووکیان "بیشە" دەگوترێ.

ڤەزغە-vazgha

ئەم زاراوەیە بە مانای "قورباغە/ واتە بۆق- وەڕگێر" و "وزغ" هاتووە.

ڤەسترە-vastra

ئەم زاراوەیە بە مانای "پیراهن بلند/ کراسی درێژ -و" ی فارسی هاتووە، بەرامبەرە لەگەڵ "vestment" ی ئینگلیزی. جۆرێکە لە عەبای درێژی پیاوانە، لە هەورامان پێدەوترێ "وەستەرە". ئەم زاراوەیە بە مانای "درێژ" یش بەکار دێت.

ڤەفرە-vafra

بە مانای "برف" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا ئەم زاراوانە لەبری "ڤەفرە" بەکار دێن: بەفر، وەفر، بەرف، ڤەروە، ڤەرفە، ڤەرو".

ڤەهیە-vahyah

ئەم زاراوەیە بە مانای "خوب"، "بە-بهتر" ی فارسی بەکار هاتووە. لەکوردیدا "بەه" وەك نیشانەی سەرسوڕمان بەکار دێت. دوور نییە "بەخ" یش لەم زاراوەیە وەرگیرابێ.

ڤەهیشتە-vahishta

ئەم زاراوەیە بەمانای "بەهەشت" و لە دوو بەش پێکهاتووە:

- ڤەهو مانای باش
- شتە مانای "ترین" (صفەتی عالی).

لە کوردیدا بە شێوەی "بەهەشت" گۆ دەکرێ.



ڤەهومەنە-vahumana

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- ڤەهو مانای باش
- مەنە مانای رەوش

بە سەریەکەوە دەبنە "رەوشت باش".

ڤی چیرە-vicira

ئەم زاراوەیە بە مانای "فتوای شەرعی" یە. دوور نییە "فتوی" بە عەرەب کراوی ئەم زاراوەیە بێ.

ڤیمەنە-vimana

ئەم زاراوەیە بەمانای "گمان"ی فارسی دێت. لەکوردیدا بووە بە" گومان".

ڤیشە-visha

بە مانای "زهر" ی فارسی دێت و لە کوردیدا دەڵێن "ژار" یا "ژەهر/ و".

ڤیسەیتی-visaiti

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- "ڤەیسە" بەمانای دیوار
- پاشگری "یتی"

"ویشتاسپ" یش لەم زاراوەیە وەرگیراوە.

ڤیسپە-vispa

بە مانای "هەموو" هاتووە. بەرامبەری "all" ی ئینگلیزییە.

ڤیدوز-vidus

ئەم زاراوەیە بە مانای "دانستن، شناختن، پیداکردن" ی فارسی هاتووە. "خۆدۆز" و "وی دۆز" لە کوردیدا بەمانای "خۆناسی" یە.

ڤیسەتی-visati

ئەم زاراوەیە مانای "بیست" ی فارسی و لەکوردیدا "بیست، ویس، ویست" دەوترێ.

ڤیرە-vira

ئەم زاراوەیە بەمانای "یاد" و "باوەڕ" هاتووە، لە کوردیدا "بیر" و"ویر" ی وەخۆ گرتووە.

ڤیش-vish

ئەم زاراوەیە بە مانای "خانە و ماڵ" ی هاتووە. "ڤیش دەنی" یش بە مانای "گەورەماڵ" بەکاردەبرێ.

ڤینەد-vinad

بە مانای "دیتن" هاتووە.

ڤیرا-vira

ئەم زاراوەیە بەمانای "پیاو" هاتووە، بەرامبەر "man" ی ئینگلیزییە.

فشەرمە-fsharma

بە مانای " شەر، حەیا، ئابڕو" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا شێوەی "شەرم" ی وەخۆ گرتووە.

فشوینی-fshuyani

بە مانای "مەڕ و ماڵات" دێت.

فشوپەیتی-fshupaiti

ئەم زاراوەیە بە مانای "چوپان" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا شێوەی "شوان"، "سەپان"ی وەخۆ گرتووە.

فرەثە-frathah

بە مانای "فراوان و زیاد" هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "فرە" و "فیش".

فرەیشتە-fraishta

ئەم زاراوەیە بەمانای "فرشتە" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا "فریشتە" گۆ دەکرێ.

کارەی-karay

بە مانای "کار و فەرمان" هاتووە، شێوەی کوردییەکەی "کار" ە.

کامە-kama

ئەم زاراوەیە بە مانای "میل، خواست، مرام، کام" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بە شێوەی "کام" ئەدا دەکرێ.

کە-ka



ئەم زاراوەیە راناوێکی پرسیارە بە مانای "کە-چە کسی" ی فارسییە، شێوە کوردییەکەی "کێ" یە.

کەتە-kata

ناوی "شوێنی سەرکەوتنی (پیروزی) زەردەشت" ە.

کەرەنە-karana

ئەم زاراوەیە بە مانای "کنار" ی فارسی هاتووە و لەکوردیدا بووە بە "کەنار".

کەرش-karsh

ئەم زاراوەیە بە مانای "کشیدن و درازکردن" ی فارسی هاتووە. (بە کوردی راکێشان و درێژ کردنە/ و).

کەرشوەر-karsfwar

ئەم زاراوەیە بە مانای "کشوەر" ی فارسی هاتووە. (بە کوردی دەبێتە وڵات/ و).

کەفە-kafa

بە مانای "کەف" هاتووە.

کەرەتە-karata

ئەم زاراوەیە بە مانای "کارد" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا بە "کارد" ئەدا دەکرێت.

کەشە-kasha

بە مانای "کتف" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا "کەش" ە.

کەرناوس-karenaos

بە مانای "خر" ی فارسی هاتووە. (واتە "کەر" ی کوردی).

کەمەرا-kamara

بە مانای "شال" ی فارسی هاتووە، شێوە کوردییەکەی "کەمەرە" یە.

کەنیار-kanyar

ئەم زاراوەیە بە مانای "دختر" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا شێوەی "کەنی" و "کەنیشك" ی وەخۆ گرتووە.

کەوتەکە-kautaka

بەمانای "کوتاە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە"کورت یا کوتا".

کەوفە-kaofa

بەمانای "کێو، تەپۆلکە، کۆهان حوشتر" هاتووە.

کەینا-kaena

ئەم زاراوەیە بە مانای "کینە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا هەمان شێوەی "کینە" ی وەخۆ گرتووە.

گاتە-gotha

ئەم زاراوەیە بەمانای "سرود" یا "داوای یارمەتی کردن لە خواوەند "هاتووە.

گامەن-gaman

بە مانای "گام، قدم" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە "گاو" (یا هەنگاو/ و).

گاتو-gatu

ئەم زارەوەیە بە مانای "جاە مکان، تخت، گاە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا گە-gah" یا "گا-ga" وەك پێشگری شوێن بە کار دێ.

گەریز-garez

بەمانای "گلە کردن، گریان" هاتووە. لە کوردیدا بە شێوەی "گریان" ی لێهاتووە.

گەوشە-gausha

ئەم زاراوەیە بەمانای "گوش" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "گوێ، گوش".

گەڤە-gava

بەمانای "گاوی" فارسی و لە کوردیدا "گا" یە.

گەیری-gairi

ئەم زاراوەیە بە مانای "کوە" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا "چیا، کەژ و کەش" بەکار دەبرێ.

گەوسپەتەنە-gaospenta

بە مانای"گوسفند" ی فارسی هاتووە. زاراوەی "سپەنتە" ش بە مانای "پیرۆز" دێت.

گەیتە-gaetha

ئەم زاراوەیە بە مانای "جیهان، گیيتی، دنیا" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا شێوەی "گێتی" وەرگرتووە.

گەوشەکە-gaoshaka



ئەم زاراوەیە بە مانای "گوشە، کنج، کنار، لبە"ی فارسی دێت. لە کوردیدا شێوەی"گۆشە" ی وەخۆ گرتووە.

گەرمە-garma

بەمانای گرم" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا بووە بە "گەرم".

گەینتی-gainti

بە مانای "گندیدە" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا گۆڕاوە بۆ "گەنیو، گەنا، گەنیك، گەن".

گەیسە-gaisa

ئەم زاراوەیە بە مانای "گیسو، گیس" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بە شێوەی "گێسو"ی لێهاتووە.

گەیە-gaya

بە مانای "جان، روح" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا گۆڕاوە بۆ "گیان".

گریڤا-griva

ئەم زاراوەیە بە مانای "یال، پشت گردن" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی "گریو" ی وەخۆ گرتووە.

گی یوش-geush

بە مانای "فریشتە ی پاسەوانی گا" هاتووە.

گورو-gouru

ئەم زاراوەیە بە مانای "بزرگ، سنگین، عظیم، مهمتر" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا "گەورە" یە

ما-ma

"ما" ی ئاڤێستایی بە شێوەی ئامرازی نەفی "نە، نا" هاتووە.

مە-ma

ئەم زاراوەیە صفەتی مولکی هەیە، بەرامبەری "my" ئینگلیزییە.

مەبیان-mabya

ئەم زاراوەیە بە مانای "برای من" هاتووە.

ماتەر-matar

بە مانای "دایك" هاتووە.

مەخشی-maxshi

ئەم زاراوەیە بە مانای "مگس" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی"مەگەس، مێش" ی وەخۆ گرتووە.

مەدهەخە-madhaxa

بە مانای "ملخ" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "مەلەخ / واتە کوللە- و".

مەریدەیتی- marezaiti

بە مانای "گەسکدان و پاککردنەوە" هاتووە.

مەرەتە-marata

ئەم زاراوەیە بە مانای "مرد" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا هەمان شێوەی "مەرد" ی وەخۆ گرتووە.

مەر-mar

"مەر"بە مانای "مردن" ی فارسی هاتووە و لە کوردیشدا هەمان"مردن" ە.

مەرەزو-merzu

ئەم زاراوەیە بە مانای "مرز زمین/ واتە سنوورە زەوی-و".

مەرگا-margha

بە مانای "چمن، سبز" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا شێوەی "مێرگ" ی وەخۆ گرتووە.

مەزەنت-mazant

ئەم زاراوەیە بە مانای "بزرگ" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا گۆڕاوە بۆ "مەزن".

مەژگە-mazaga

بە مانای "مغز، دماغ" ی فارسییە، لەکوردیدا گۆڕاوە بۆ "مێشك".

مەسیە-masya

بە مانای "ماهی" فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی "ماسی" وەخۆ گرتووە.

مەگو-mago

بە مانای "مخ، مگ" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "موغ".



مەنە-mana

بە مانای "من" هاتووە.

مەونگ-maungh

ئەم زاراوەیە بە مانای "ماه" ی فارسی دێت، لە کوردیدا شێوەی "مانگ" ی وەخۆ گرتووە.

مەیشە-maesh

بە مانای "گوسفند" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا "مەڕ، مێ" ی وەخۆ گرتووە.

مینو-minu

بە مانای "خوش، پاك، دلگیر، جوانی، بهشت" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا بووە بە "مینا".

مەهرکە-مەرکە-mahrka

ئەم زاراوەیە بە مانای "مرگ" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا بە شێوەی "مەرگ" ی لێهاتووە.

موشتی-mushti

مانای "مەست" ی فارسی، لە کوردیدا "مەست ومەشت" ە.

میزەدە-mizadah

بە مانای "مزد" ی فارسییە، شێوەی کوردییەکەی "مززە" یە.

مژدەم-mizdam

بە مانای "مژدە" ی فارسی هاتووە. لە کوردیدا "موژدە و مژدە" ی وەخۆ گرتووە.

نە ڤە-nava

ئەم زاراوەیە بە مانای "نوە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا هەمان "نەوە" یە.

نەر-nar

بە مانای "نر" ی فارسی هاتووە، لەکوردیدا "نێر" ە.

نەزدە-nazda

مانای "نزدیك" ی فارسییە و لەکوردیدا هەر "نزیك" ە.

نەسکە-naska

ئەم زاراوەیە بەمانای "کتاب" و "تکست-text" هاتووە. وێدەچێ "نژوە" ی کوردی کە مانای "ئیملا یا دیکتە" یە، شێوەی گۆڕاوی ئەم زاراوەیە بێ.

نەمرە-namra

بەمانای "نرم، نازك" ی فارسییە، لە کوردیدا بە شێوەی "نەرم و نەمر" ی لێهاتووە.

نەمەن-naman

ئەم زاراوەیە بە مانای "نام" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا گۆڕاوە بۆ "نام و ناو".

نیەز-niaz

ئەم وزاراوەیە بەمانای "نیاز"، "خواست" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا شێوەی "نیاز" ی وەخۆ گرتووە.

نەیریڤە-nairyava

بە مانای "مردانگی/ واتە پیاوەتی- و" هاتووە.

نەیزە-naeza

بە مانای "نوك، نێزە" هاتووە.

نەیمە-naima

ئەم زاراوەیە بە مانای "نیمە، نیم" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە " نیو، نیوە، نیمە".

نیژاتی-nizati

بە مانای "نژاد" ی فارسی هاتووە و لەکوردیدا هەمان "نەژاد" ە.

نیکازە-nikasa

ئەم زاراوەیە بە مانای "تماشا" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا بووە بە "نیگاها/ سەیر، روانین- و".

نو-nu

بەمانای "ئێستا" هاتووە، بەرامبەری "now" ی ئینگلیزییە.

نوڤید-nuved

ئەم زاراوەیە بە مانای "نوید، مژدە" ی فارسی هاتووە، لە کوردیدا هەردووکیان بەکاردێن.

نیدهاتی-nidhati



بە مانای "نهانی" فارسی هاتووە و لە کوردیدا "نیهانی، نهێنی، پەنایی و پەنهانی" وەخۆ گرتووە.

نی گەوش-nigaosh

بە مانای "نیوشیدن، شنیدن/ واتە بیستنی کوردی-و"هاتووە.

هاڤەن-havan

ناوێکی پیرۆز بووە بۆ "کاتی نویژ".

هاڤیشوتە-havishvata

بە مانای "قوتابی دینی زەردەشتی" هاتووە.

هامینە-hamina

بە ەمانای "تابستانی" فارسییە و لەکوردیدا "هامن، هاوین" بە کار دێت.

هەپتایتی-haptaiti

بە مانای "حەفتا" هاتووە.

هەرز-harez

بە مانای "برو" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا "بڕۆ، هەڕە" ی وەخۆ گرتووە.

هەزەنرە-hazanra

بە مانای "هزار" هاتووە.

هەمچی-hamci

بە مانای "ریز ریز کردن، تقسیم کردن" ی فارسی هاتووە. لە کوردی وفارسیدا زاراوەی "هەم" مانای "دووبارە" یە.

هەیتی-haiti

بە مانای "فصل، بەش" هاتووە، بەرامبەرە لەگەڵ "chaper" ی ئینگلیزی.

هونەرە-hunara

بە مانای "هنر" ی فارسی هاتووە و لە کوردیدا هەمان هونەری وەخۆ گرتووە.

هڤار-havar

بە مانای "خورشید" ی فارسی هاتووە. لەکوردیدا "خۆر، وەر، هەتاو، وەرتاو" ی وەخۆ گرتووە.

هێزو-hizu

به مانای "زوان" دێت.

یاته-yata

به مانای "یاد" ی فارسی هاتووه. له کوردیشدا هه‌مان "یاد" ه.

یاڤه‌رنه-yavarena

به مانای "یاوه‌ر" ی فارسی هاتووه . له کوردیدا شێوه‌ی "یار" ی وه‌خۆ گرتووه.

یاکه‌ر-yakar

به مانای "جگر" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا شێوه‌ی "جگه‌ر، جه‌رگ، به‌هه‌ر" ی وه‌خۆ گرتووه.

یه‌زنه-yasna

به مانای"جشن" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا به‌شێوه‌ی "یه‌زن، جه‌ژن، جێژن، جه‌شن" ئه‌دا ده‌کرێت. زاراوه‌ی "یه‌زته، یه‌زدان" له‌م زاراوه‌یه وه‌رگیراون.

یه‌ڤه-yava

به‌مانای "جو" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا "یه‌وه، جۆ" ی وه‌خۆ گرتووه.

یه‌ڤه‌ن-yavan

به مانای "جوان" ی فارسی و "جوان" ی کوردی هاتووه.

یه‌ڤه‌یتات-yavaitat

به مانای "جاویدان" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا "جاویدان، نه‌مر- و" به هه‌مان مانا به کار دێ.

یوته-yuta

به مانای "جدا" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا شێوه‌ی "جودا، جیا، جوێ" ی وه‌خۆ گرتووه.

یوخته-yuxta

به مانای "پاك كردنه‌وه، زدودن، په‌یدا كردن" ی فارسی هاتووه. له کوردیدا "دۆزین، یۆژه‌ی، یوزته‌ی، یوسته‌ی" ی وه‌خۆ گرتووه.



## دیالێکته‌کانی زوانی کوردی

ئه‌گه‌ر چاوێك به دره‌ختی خێزانی زوانه سه‌ربه‌خۆکانی جیهاندا بخشێنین، بمانه‌وێ پێگه‌ی زوانی کوردی له نێو ئه‌و زوانانه‌دا دیاریبکه‌ین ، به روونی ده‌بینین زوانی کوردی له یه‌کێك له‌م دوو لکانه وه‌دیهاتووه :

١- زوانه هیندییه‌کان که بریتین له: په‌نجابی، گجراتی، به‌هاری، هیندی رۆژئاوا و رۆژهه‌ڵات، بار کراتی و راجاسانی.

٢- زوانه‌کانی ئێرانی که بریتین له: فارسی کۆن و نوێ، کوردی، بلوچی، زوانی ناوچه‌ی پامیر، ئه‌سیتی له‌ناوچه‌ی قه‌فقاز و ئه‌فغانی (له راستیدا ئه‌فغانی زوان نییه به‌ڵکو خاك و وڵاتێکه به هه‌مان ناو که دانیشتوانه‌که‌ی به زوانی په‌شتو، ئۆردو، تاجیك و ... ده‌دوێن).

"دیاکونوف" زوانه ئێرانییه‌کان به سێ ده‌سته پۆلێن ده‌کات:

١- زوانی ئێرانی گرووپی "ئه‌سکیتی-رۆژهه‌ڵاتی" ناڤین یا زوانه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ئێران.

٢- زوانی ئێرانی گرووپی "باشووری رۆژهه‌ڵات": ته‌نیا نوێنه‌ریان زوانی فارسی کۆنه.

٣- زوانی ئێرانی گرووپی "ئێرانی رۆژئاوا".

زوانه ئێرانییه‌کان، گرووپی "رۆژئاوای ئێران" یش به پێی پۆلێنی زوان ناسان ، دوو ده‌سته‌ن:

ئه‌لف- زوانه‌کانی "باکووری رۆژئاوا": کۆنترینیان زوانی "ماد" ه یا زوانی کتێبی پیرۆزی زه‌رده‌شت "ئاڤێستا" که زوانی کوردی ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌ره‌زیندووی ئه‌وه.

ب- زوانی گرووپی "باشووری رۆژئاوا": رێنووسی سه‌رده‌می هه‌خامه‌نشییه له ده‌ڤه‌ری فارس.

له‌مه‌ڕ هۆیه‌کانی سه‌رهه‌ڵدانی دیالێکتی جۆراوجۆری زوانی کوردی، خراپ نییه چاوێك به رووداوه‌کانی ناوچه‌که‌دا بخشێنین:

گومانی تێدانییه ده‌سه‌ڵاتی "ماد"ه‌کان به‌سه‌ر ناوچه‌که‌دا و دامه‌زراندنی ئیمپراتۆری "ماد" بوو به هۆی ئه‌وه‌ی زوانی ئایینی و ده‌وڵه‌تی له بۆته‌ی زوانی فه‌رمی "ماد" دا ببن به یه‌ك. نه‌ته‌وه‌کانی تری دانیشتووی ناوچه‌که که زوانی تری غه‌یری "ماد" یان هه‌بوو، زوانی

دایك تەنیا لە ئاخاوتنی ناو خێڵدا هەبووە ، ناچار بوونە لە کۆڕ و کۆمەڵی فەرمیدا زوانی "ماد" بە کار بێنن.

دوای رووخانی ئیمپراتۆری ماد، کورشی مەزن ئیمپراتۆری "هەخامەنشی" دامەزراند بە جیهان گیری کورش و پەرەگرتنی ئیمپراتۆری، پەیوەندی کۆمەڵایەتی مادەکان بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هات و یەکییەتی سەرانسەری نەتەوەکانی ماد بە هۆی پەیوەندیان لەگەڵ دراوسێکان، تووشی هەرەس هێنان بوو. نابێ لە بیر بکرێ کە هەخامەنشییەکان نەیانتوانی بە تەواوی دەست بە سەر پاوانی ئیمپراتۆری "ماد" دا بگرن، ١٥٠ ساڵیش دوای سەرهەڵدانی هەخامەنشییەکان هێشتا چەند میرنشینی بە دوور لە دەسەڵاتی کورش درێژەیان بە ژیانی سەر بەخۆی خۆیان دەدا. ئەوان بە زوانی مادی دەدوان و وەك سەردەمی ئیمپراتۆری ماد زوانەکەیان دەپاراست. ئەو خاڵەی باسکردنی پێویستە ئەویە : بوونی ویلایەتی نیمچە ئۆتۆنۆم وەك تایبەتمەندی سیاسی ئیمپرارتۆری هەخامەنشی لەگەڵ پاشکۆ بوونیشیان دەرفەتی دەدا بەو نەتەوە جۆراوجۆرانە بە زوانی نەتەوایەتی خۆیان بدوێن.

جگە لەوە فاکتەری جوگرافی پشکی سەرەکی هەبووە لە وەدیهاتنی دیالێکتی جیاجیای زوانی کوردی. گرفتی جوگرافی سەر ریگای ئیمپراتۆری و داگیرکردنی بەرەبەرەی ناوچە جیاجیاکان، لە رووی چۆنیەتی و چەندایەتی گەلێك کاریگەر بووە لە سەر دیالێکتەکانی زوانی کوردی. شایەتی زیندووی ئەم وتەیەمان، جۆر و چۆنییەتی کاریگەری زوانی فارسی و تورکی و عارەبییە لە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە شێوەیەك کە ئەندازەی کارتێکردنی هەر یەکێکیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. لە سەر سنوورە سروشتییەکانی نەتەوەیی، زۆر وشەی ئەم سێ زوانە لە زوانی ئاخاوتندا دەبینین. لەکاتێکدا بەرەو ناوەندی کوردستان بڕۆین، تایبەتمەندی زوانی کوردی پتر دەردەکەوێ. لە ناوچە گوند نشینەکانی کوردستان دیالێکتی کوردی گەلێك خاوێنترە لە شارەکان، ئەمەش جگە لە کاریگەری و نفوزی فەرهەنگی، ئێرانی، عارەبی و تورکی لە سەر شارەکانی کوردستان بەولاوە، شتێکی تر نییە. لە لایەکی تر هەڵکەوتەی شاخاوی کوردستان و نەبوونی رێگای هاتوچۆ، بە تێپەرینی کات دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی پتر لێك دابڕیوە، ئەم کاریگەرییەش لەسەر زوانەکە حاشای لێناکرێ. ئاساییە لە هەل و مەرجێکدا کە زوانی بێگانە زوانی فەرمی بێ، ئەم کارتێکردنە بەهێز تر دەبێت. بۆ فاکتەرە کاریگەرەکانی تر دەتوانین ئاماژە بکەین بە: دابەشکردنی کوردستان لە سەدەی حەڤدەهەم و دواتر سەرەتای سەدەی بیستەم، کۆلۆنیالیزمی نێو دەوڵەتی



لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان و دواکەوتنی ئابووری و فەرهەنگی. گومانی تێدا نییە زوانی دەوڵەتی داگیرکەر، کاریگەری تۆکمەی دەبێ لەسەر زوانی نەتەوە ژێر دەستەکان. زوانی قبتییەکانی میسر هەر لە رەگ و ریشەوە هەڵکەنراوە. کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی، زوانی فەرەنسی بە سەر زۆر نەتەوەی ئەفەریقادا وەك جەزائیر و مەغریب و تونس، سەپاند. تەنیا هەڵی ولاتانی عەرەب بوو توانی زوانی عارەبی لەو سێ ولاتەدا دووبارە زیندوو کاتەوە. ئەگینا ئێستا فەرەنسی زوانی فەرمی زۆربەی ولاتانی عەرەب دەبووە.

زوانی کوردی بە درێژایی مێژوو بەهۆی لە دەسدانی دەسەڵاتی سیاسی، توانای خۆی لە دەستدا و کەوتە ژێر کاریگەری زوانی فارسی. ئەندازەی ئەم کارتێکردنەش هەر وەك پێشتر باسمانکرد بەهۆی گەلێك فاکتەر لە ناوچە کورد نشینەکان یەکسان نەبووە. بەراورد کردنی رۆژهەلات و باشووری رۆژهەلات ، لەگەڵ رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای ولاتی ماد، شایەتی ئەم بابەتەن. لە رۆژهەلات و باشوری رۆژهەلات، بە هۆی کارتێکردنی هەخامەنشییەکان، زوانی فارسی بەرەبەرە جێگای زوانی مادی گرتەوە، وەلێ لە باکوور و باشوور لە هێرشی زوانی دەسەلات بەدوور بوو. هەر لەو کاتەوە تائێستا، هەرکەس پێی نابێتە کوردستان، بە مەبەستی سەپاندنی زوانی خۆی وەك زوانی فەرمی، کاری کردۆتە سەر زوانی کوردی. دەرکەوتنی ئیسلام، داگیرکردنی ئێران و لەنێو چوونی ئیمپراتۆری ساسانیان، زوانی عارەبی کردە زوانی دەسەلات. سەرەرای هێرشی هەخامەنشی، عارەب، مەغۆل، تاتار، رۆم و یۆنانی، کوردان لە هەوڵی ژیان و مردندا بەردەوام زوانەکەی خۆیان لە توانەوە پاراستووە. ئایینی ئیسلام کارێکی تۆکمەی کردۆتە سەر زوانەکانی ناوچەکە:

١- نەتەوەکانی ناوچەکە لە بەرەنگاری زوانی دینیدا رووبەڕووی هەرەشەی توانەوەی نەتەوایەتی بوونەتەوە.
٢- زوانی کوردی، بەهۆی گرفتار بوونی خودی زوانی فارسی، بۆ ماوەیەکی کاتی لە ژێر کاریگەری ئەو زوانە هاتە دەرێ.
٣- جیاوازی زوانی عارەبی لەگەڵ زوانەکانی رۆژهەلات، گرفتێکی زۆری بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە وەدیهێناوە.

کوردەکان زۆر درەنگ ملیان بۆ زوانی عارەبی کەچ کرد. هەرچەند نوێژیان دەکرد و قورئانیان دەخوێند وەلێ لە مانایەکەی تێنەدەگەیشتن. ئا ئاوا زوانی عارەبی بوو بە زوانی فەرمی ئێران، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی بالادەستی زوانی فارسی بە سەر زوانەکانی تردا،

پوچەڵکردەوە، خۆی بوو بە فاکتەرێکی هێرش بۆ سەر زوانی فارسی و زوانی کوردی لە توانەوە رزگارکرد. گومانی تێدانییە، کاریگەری زوانی عارەبی لەسەر زوانی کوردی کەمتر بووە لە زوانی فارسی. رۆڵەکانی گەلی کورد، لە گەڵ ئەوەشدا لە ژێرکاریگەری بیر، هزر، ئایین و ئایدۆلۆجییەکاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وەلێ هەرگیز زوانەکەی خۆیان نەگۆڕیوە.

زوانی کوردی و دیالێکتەکانی دوای ئەوەی بە کورتی باسی چۆنیەتی پەیدا بوونی دیالێکتەکانی زوانی کوردیمان کرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دیالێکتەکان تاوتوێ بکەین. لەو شوێنەوە کە زوانناسان، روژهەلات ناسان و مێژوونووسانی بیانی و زۆر لە زانایان و زوانناسانی کورد، زوانی کوردییان دابەش و دیالێکتەکانیان پۆلێن کردووە، بەکورتی لە هەرکامێکیان دەکۆڵینەوە و دیخەینە روو:

"ئەولیا چەلەبی" دەڵێ زوانی کوردی خاوەنی پانزە دیالێکتە: زازا، لولو، عەوینکی، مەحمودی، شیروانی، جەزیری، پەسانی، حەریری، ئەردەلانی، سۆرانی، خالدی، چەکۆتنی، عمادی، رۆژەکی.

دابەشکاری ئەولیا چەلەبی بە لە بەرچاو گرتنی دوو بنەما بووە:

یەکەم: ناوبراو گەیشتۆتە هەر شوێنێك و گوێی لە ئاخاوتنی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بووە، ئەو ئاخاوتنەی گشتگیر کردووە و بە دیالێکتێکی داناوە.

دووەم: بۆ ناساندنی دیالێکتەکان بەبێ رۆچوون بە قوولایی هیچ کامیاندا، تەنیا لە سەر بنەمای دەڤەری جوگرافی بڕیاریداوە و وەك دیالێکتێك ناساندوویەتی.

- "مینۆرسکی" لەمەڕ دیالێکتەکانی زوانی کوردیدا دەڵێ: زوانی کوردی گەلێك دیالێکتی هەیە"

١- زوانی باشوور: کرماشان، سنە، و....دەگرێتەوە.

٢- زوانی رۆژهەلات: سلێمانی و مەهاباد، دەگرێتەوە.

٣- زوانی رۆژئاوا: تایبەت بە شوێنێك نییە لە سەر تاسەری کوردستان پێی دەدوێن، هەم کوردەکانی رۆژهەلات و هەم کوردەکانی رۆژئاوا بە زوانەکەی خۆیان دەڵێن "کرمانجی". کەمە نەتەوەکانی کوردستان، بە زوانی رۆژهەلات دەدوێن. بۆنموونە: لەزوانی روژئاوادا وشەی "می دانم" ی فارسی بە شێوەی "من ئەزانم" و لە رۆژهەلات بە شێوەی "ئەزانم" ئەدا دەکرێ. لە گەڵ تێکڕای ئەم جیاوازییانە، دیالێکتەکانی زوانی کوردی لە رووی ریشەی هاوبەشەوە وەك دیالێکتەکانی زوانی سلاڤی، یەك بنچینەیان هەیە.



مینورسکی یەکێکە لەو رۆژهەڵاتناسانەی کە لە ساڵی ١٩١٥دەستیکرد بە تاوتوێ کردنی: جوگرافیا، مێژوو، رەگەز، کەمو کوڕی کۆمەڵایەتی، ناسنامە، زوان، ئەدەبیات، ئایین، نەریت، ژن و پەیوەندی کۆمەلایەتی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لێکۆڵینەوەیە بە زوانێکی زانستی نووسراوە و دەرکی هەمەلایەنەی کوردستانە، وەلێ ئەمڕۆ دەرئەنجامەکانی کۆن و پڕ لە هەڵەن. ئەو پرسە گرینگە، لێکۆڵینەوە دووروودرێژەکەی مینۆڕسکی بە لاڕێدا بردووە، دابەشکردنی دیالێکتەکانە لە سەر بنەمای جوگرافی، لە کاتێکدا ئەمڕۆ بنەمای زانستی دابەشکردنی دیالێکتەکان،لەسەر تاوتوێ کردنی: فۆنێتیك، رێساو وشەیە. د.مارف خەزنەدار دەڵێ: هەرچەند جوگرافیا کاردەکاتە سەر شێوەی زوانەکە، وەلێ فاکتەری جوێکردنەوە نییە.

- "ئەلێکساندەر ژابا" لە ژێر کاریگەری شوێن و ژیانی عەشیرەتەکانی کورد دیالێکتەکانی زوانی کوردی دابەشکردووە. ئەم شێوەیەش لە زوانناسیدا نازانستییە. پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار دەڵێ: بنەمای لێکۆڵینەوەکەی "ژابا" عەشیرەت و شوێنی ژیانیانە و ناودێرکردنیشیان بە ناوی ناوچەی جوگرافی و شارەکانی کوردستان بووە، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەکەی لە واقع دوورە.

- "شەرەفخانی بەدلیسی" بە پشت بەستن بە رێسای زوان، زوانی کوردی کردووە بەچوار بەش:

کرمانجی، لوڕی، زازا و گۆران.

"تۆفیق وەهبی" بە پەسەند کردنی دەستە بەندییەکەی "شەرەفخانی بەدلیسی" هەرلکێکی بۆ چەند ژێرلك دابەش کردووە و ئەو شوێنە جوگرافییە تایبەتانەی ناساندوە کە کوردەکان بەو دیالێکتە پێی دەدوێن. بۆ نموونە: زوانی کرمانجی سەرووی کردووە بەدوو دەستە، کرمانجی باکوور، کرمانجی باشوور، کرمانجی باشوور ناوچەکانی سلێمانی ، هەولێر، مەهاباد و سنە، پێی دەدوێن. کەچی مینورسکی زوانی سلێمانی و مەهابادی بە شێوە زوانی رۆژهەلات و زوانی سنەیی بە زوانی باشوور دەزانێ. بە پێچەوانەی ئەو دووانە، "ژابا" دیالێکتی "بلباس" و "زرزا" ی لەگەڵ دیالێکتی سلێمانی دەستە بەندی کردووە.

لێرەدا دوو شێوەی جیاوازی پۆلێنکردنی دیالێکتەکانی زوانی کوردی تاوتوێ دەکەین:

ئەلف- پۆلێن کردنی دیالێکتەکان بە پێی جیاوازییان

ب- پۆلێن کردن بە پێی فاکتەری جوگرافی.

ئەلف — پۆلێن کردن بە پێی جیاوازی دیالێکتەکان:

"تۆفیق وەهبی" پێکهاتەی زمانی کوردی بەم دیالێکتانەی خوارەوە دادەنێ"

١- کرمانجی:

ئەلف — کرمانجی باکوور، لەم لکانە پێکهاتووە:

بادینانی، بوتانی، ئاشتیانی، هەکاری، بایەزیدی.

ب- کرمانی باشوور، لەم لکانە پێکهاتوە:

موکری، مەهابادی، سۆرانی، هەولێری، سلێمانی، کەرکوکی، سنەیی، ئەردەلانی.

٢- لوڕی بریتییە لە: بەختیاری، لەك، فەیلی، کەلهوڕ، مەمەسەنی.

٣- گۆران بریتییە لە: باجەلانی، کاکایی، زەنگەنە، هەورامی.

٤- زازیی

ئەم پۆلێن کردنە بۆ ئەوسا لەگەڵ واقیعەکە دەهاتەوە، وەلێ ئەمڕۆ لە بەر زۆر لێك نزیك بوونەوەی دیالێکتەکان، ئەم دەستە بەندییە گۆڕاوە. بۆ نموونە: لە دەستەبەندی دیالێکتی کرمانجی باشوور، موکری و مەهابادی، سلێمانی و کەرکوك، سنە و ئەردەلانی، تێکەڵ کراون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نابینرێ.

"محەمەد ئەمین زەکی" دەڵێ: دیالێکتەکانی زمانی کوردی چەند دەستەن، لە هەموویان گەورەتر دیالێکتی کرمانجییە. بە پێی کتێبی شەرەفنامە، نەتەوەی کورد چوار دەستەیە: کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران.

ماموستا "شێخ محەمەدی خاڵ" کوردی دەکاتە چوار بەش:

١- زازا

٢-کرمانجی راست، کە بریتییە لە: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی و گۆران.

٣- کرمانجی چەپ، کە بریتییە لە: باکوور، بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی و شەمزینانی.

٤- لوڕی کە بریتییە لە: بەختیاری، لەکی و فەیلی.

ئەم دابەشکردنەش بێ هەڵە نییە، چونکە جگە لەوەی سۆرانی و بابانی لەکاتی خویدا دوو میرنشینی گەورە بوونە، بەڵام ئێستا دیالێکتی سلێمانی جێگای ئەم دووانەی گرتۆتەوە. کەلهوڕ لە ژێر ناونیشانی"لوڕی" پۆلێنکراوە، لە بەر ئەوە لە چوارچێوەی "کرمانجی راست" دا پێناسە ناکرێ، بەم پێیە دیالێکتی "گۆران" سەربەخۆیە و بندیالێکتی کرمانجی راست نییە.



"د. عزەالدین مصطفی رەسوڵ" دەڵێ: زمانی کوردی چوار دیالێکتی سەرەکی هەیە، هەریەکەیان چەند لکی لێ جیا دەبێتەوە، د. جەمال نەبەزیش زمانی کوردی بە دوو شێوەی گشتگیر پۆلێن کردووە، کرمانجی باکوور و کرمانجی ناڤین، و دوو لکی کرمانجی باشوور و "گۆرانی- زازایی".

د. مصطفی رەسوڵ لە ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبی "خوێندن بە زمانی کوردی" دا دەڵێ: لە زمانی کوردیدا چوار دیالێکتی سەرەکی هەن، گۆرانی، کرمانجی، لوڕی، زازایی. کرمانجی خۆی دوو ژێر دیالێکتی هەیە، کرمانجی باشوور و کرمانجی باکوور. ئەم دوو دیالێکتە هێندە لێك دوورن دوو کوردی سەر بە هەر یەك لەم دیالێکتانە بە زەحمەت لە یەکدی دەگەن.

د.عزەالدین مصطفی رەسوڵ، لە ساڵی ١٩٧٦ دا واتە نۆزدە ساڵ دواتر، چاوێك بە بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا دەخشێنێتەوە و پێکهاتەی زمانی کوردی بە دوو دیالێکتی سەرەکی و دوو لکەدیالێکت، دادەنێ. ناوبراو بۆ پاساوی ئەم بۆچوونەی دەڵێ: هەرگیز مەبەستی من کەم کردنەوەی بایەخی ئەم دوو دیالێکتە نییە کە بە لکەدیالێکت دامناون. تەنیا پێوەری من ئەوەیە ئەمڕۆ دوو دیالێکتی سەرەکی بوونەتە زمانی ئەدەب، لە کاتێکدا دوو لکە دیالێکتەکە بەم پلەیە نەگەیشتوون. وەلێ لە هەمان کاتدا ئەم پۆلێنکردنەی ناوبراو گەلێك جیاوازە لە پۆلێنکردنەکەی پێشووی. لە پۆلێنکردنی یەکەمی لە ساڵی ١٩٥٧ "، کرمانجی باشوور و کرمانجی باکووری بە یەك دیالێکت دانابوو، کەچی لە پۆلێنکردنی نوێدا کە لە ساڵی ١٩٧٦ ئەنجامیداوە، ئەم دوو دیالێکتی کردووە بە کرمانجی باکوور و کرمانی ناڤین. هەروەها لە پۆلێن کردنی یەکەمدا دیالێکتی لوڕی دیالێکتێکی سەربەخۆیە، کەچی لە پۆلێنکردنی ساڵی ١٩٧٦ دا دیالێکتی لوڕی وەك لکێکی دیالێکتی باکوور واتە کرمانجی باکوور ناساندووە. هەمان بارودۆخ لەمەڕ دیالێکتی "گۆران" و "زازایی" دا هەیە و هەردووکیان لە تەك یەکدا ناسێنراون، کەچی لە پۆلێنکردنی ساڵی ١٩٧٦ دا لە ژێر ناونیشانی "گۆرانی، زازایی" پۆلێنکراون.

"د. کەمال فواد" لە وتارێکدا لەمەڕ "دیالێکت و زمانی نووسین"، دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە بە چوار دەستە:

١- کرمانجی باکوور ٢- کرمانجی باشوور ٣- کوردی باشوور ٤-زازا، گۆران

لێرەدا دەبینین هەردوو دیالێکتی گوران و زازا لە چوارچێوەی دیالێکتێکدا پۆلێن کراون. دیالێکتی "گۆران" یش کراوە بە دیالێکتی "هەورامی، کنولەیی، باجەلانی، گهوارەیی". هەرچەند هەردوو دیالێکتی گۆران و زازایی لە رووی جوگرافییەوە لێك دوورن، وەلێ لە رووی

بنەما سەرەتاییەکانی زوانناسی خزمایەتییەکی ئاشکرایان هەیە. هەر لەبەر ئەوەیە زۆربەی توێژەران ئەم دوو دیالێکتە لە تەك یەکدی دادەنێن. زەبیحی دەڵێ: لە پانتای دیالێکتەکانی باکوور و ناوەندی زوانی کوردیدا دوو دیالێکت هەن لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی جوگرافییەوە لێك دوورن وەلێ لە بنچەدا یەکن: زازایی لە باکوور و گۆرانی لە ناوەند. گۆرانی پتر بە "هەورامی" ناسراوە، چونکە زوانی سەرەکی ناوچەی هەورامان، رێژاو، کنولە، بووە، عەشیرەتی باجەلان، زەنگەنە و شەبەك، بەو دیالێکتە دەدوێن. "زازا" یش دیالێکتی دانیشتوانی "پلوو، کور، چبخچور" ە.

"مامۆستا مەردوخی" زوانی کوردی لە قالبی چوار دیالێکتدا ناساندووە و دەڵێ: زوانی کوردی ئەمڕۆ لە چوار دیالێکت پێکهاتووە "کرمانج، گۆران، لوڕ، کەلهوڕ"، هەریەکەیان شێوە زوانی تایبەت بە خۆی هەیە.

"فواد محەمەدخورشید هەورامانی"، هەورامی، بە یە کێك لە ژێر دیالێکتەکانی گۆران دەزانێ، دەڵێ: گۆران دەبێتە چوار دەستە: گۆرانی سەرەکی، هەورامی، باجەلانی و زازایی.

"تاهیر صادق" رای وایە زوانی کوردی لە سێ دیالێکتی سەرەکی پێکهاتووە:

١- زازا

٢- لوڕی، کە بریتییە لە: بەختیاری ، کلی، فەیلی، رۆژبەیانی

٣-کرمانجی، کە ئەم لکانە دەگرێتەوە: کرمانجی باکوور بەم ژێر دیالێکتانەوە، بۆتانی، بادینانی، هەکاری و بایەزیدی. کرمانجی باشوور بەم ژێر دیالێکتانەوە، سۆرانی ، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی و گۆران. هەر چەند نووسەر لە پۆلێنکرنەکەیدا پەیڕەوی مامۆستا "خاڵ" ی کردووە لە هەڵە بەدوور نییە، چونکە لە دیالێکتی لوڕیدا باسی ژێردیالێکتی، کەلهوڕ، مەمەسەنی و لە کرمانجی باکووردا باسی ژێر دیالێکتی "ئاشتیانی" نەکراوە، لە بری "ئاشتیانی"، "شەمدینانی" ناسێنراوە. کەلهوڕیش پەیوەندی بە کرمانجی باشوورەوە نییە، بەڵکو ژێردیالێکتێکی لوڕییە. "گۆران" یش دیالێکتێکی سەربەخۆ بووە و ناکەوێتە خانەی کرمانجی باشوور. جگە لەمانەش نووسەر باسی دیالێکتی، مەهاباد، هەولێر و سلێمانی نەکردووە.

٢- دابەشکردنی دیالێکتەکان بە پێی فاکتەری جوگرافی

بە پێچەوانەی گرووپی یەکەم، زۆربەی زوانناسان، زوانی کوردی بە پێی فاکتەری جوگرافی پۆلێندەکەن. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە لەو پۆلێن کردنانە دەکەین:



"محەمەد ئەمین زەکی" دیالێکتەکانی زوانی کوردی لە سەر بنەمای جوگرافیای پەرش و بڵاو بوونی نەتەوەکان، دەکات بە دوو دەستە:

- کرمانجی رۆژهەڵات: دانیشتوانی ناوچەی موکریان و عەشیرەتەکانی دەڤەری رووباری دیجلە پێی دەدوێن. ئەم ناوچەیە کەوتۆتە نێوان "زێی گچکە" و رووباری "ئەدهەم" و قەراخ رووباری "سیروان". زوانی ئەم ناوچەیە لەرووی دەوڵەمەندی وشە و زاراوە، توند و تۆڵ و بەرچاوە.

- کرمانجی رۆژئاوا: کوردەکانی دانیشتووی، دیاربەکر، ماردین، بۆتان، بادینان، هەکاری، ورمێ، ئەرزروم، ناوچە کوردنشینەکانی ئەناتولی و کوردەکانی خوراسان بەم دیالێکتە دەدوێن."کرمانجی باشووری رۆژئاوا" ش کە لکێکی کرمانجی رۆژئاوایە زوانی سەرەکی کوردەکانی "یەریڤان، باروکلی لە چیاکانی ئارارات، کوردەکانی ئەرزروم، بایەزید، ناوچەی ورمێ، هەکاری، شەمدینان، بۆتان، بادینان، تور عابدین، ماردین، دیاربەکر و باکووری سوریا" یە.

پرۆفیسۆر"قەناتی کوردۆ" بە لە بەرچاو گرتنی دەڤەری جوگرافی کوردستانی گەورە، دیالێکتەکانی پۆلێن کردووە و دەڵێ:

کوردەکانی تورکیە لە دیاربەکر، ماردین، بەدلیس، موش، وان، ئەرزروم، دوگۆ، بایەزید، ئەرزنجان و خەرپوت، کوردەکانی ئێران، لە خوراسان، و رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، کوردەکانی عێراق لە موسل، ئاکرێ، زاخۆ، ئامێدی، دهۆك و شەنگار، بە دیالێکتی کرمانجی دەدوێن. کوردەکانی یەکییەتی سۆڤیەتی (پێشو) ش بەم دیالێکتە دەدوێن. وەلێ کوردەکانی دەرسیم هەرچەند کرمانجی باش دەزانن بە دیالێکتی زازایی دەدوێن. بەڵام کوردەکانی ئێران لە مهاباد، سەقز، بۆکان، بانە، سنە، کوردەکانی عێراق، لە رەواندز، هەولێر، سلێمانی و کەرکوك بە دیالێکتی سۆرانی دەدوێن.

"زوبیر بیلال ئیسماعیل" بە پێی سنووری سیاسی و جوگرافی، دیالێکتە کوردییەکان دەکا بە دوو بەش:

١-کۆمەڵەی کوردەکانی باکوور "کرمانجی": کوردەکانی تورکیا بێ لە خەڵکی دەرسیم کە بە زازایی دەدوێن، خەڵکی دهۆك و دەورووبەری، ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ و بە شێکی کەم لە کوردەکانی ئێران و سوریا، بە دیالێکتی کرمانجی دەدوێن.

٢- کۆمەڵەی کوردەکانی باشوور "سۆرانی": کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، هەولێر سلێمانی، کەرکوك وکوردستانی ئێران بەم دیالێکتە دەدوێن.

"مامۆستا هەورامانی": دیالێکتەکان دەکات بە سێ بەش:

١- کرمانجی باکوور: ئەمڕۆ بە هەڵە بادینانی پێدەگوترێ (ئەم ناونانە هەڵەیەکی زاراوەییە).

٢- کرمانجی ناڤین، ئەمیش بە هەڵە ناوی سۆرانی وەخۆ گرتووە.

٣- کرمانجی باشوور: ئەمیش دوابەدوای ئەم دوانەی تر "گۆران" ی پێدەگوترێ.

ناوچەکانی دیاربەکر، بەدلیس، ماردین، بۆتان، هەکاری، ئاکرێ، شێخان و دهۆك بە زوانی "بادینانی" دەدوێن. کوردەکانی ناوچەی موکریان، سوریان، سلێمانی، کەرکوك بە دیالێکتی "سۆرانی" دەودێن. خەڵکی هەڵەبجە، هەورامانی ئێران، ناوچەی نێوان کرماشان و سنە و خەڵکی پێنجوێن بەرەو باشوور بە دیالێکتی "گۆرانی" ی دەدوێن. دەکرێ بگوترێ لە سەر بنەمای دەستەبەندی پێشوو، دیالێکتی گۆرانی دابەشبکرێ بە سەر چەند ژێر دیالێکتدا لە وانە "هەورامی، لوڕی، باجەلانی و زازایی. دیالێکتی هەورامی زوانی ناوچەیەکە بەم ناوە، باکووری رووباری سیروان، نێوان رۆژئاوای هەڵەبجە و پێنجوین و رۆژهەڵاتی سنە و کرماشان، دەگرێتەوە. دیالێکتی لوڕی تایبەتە بە لۆڕستانی گەورە و بچووك. راڕەوی سروشتی خانەقین- کرماشان، دەکەوێتە سەرووی ئەم ناوچەیە کە بە درێژایی خاکی کوردستانە تا دەگاتە خاڵی هەرە باشوور.

دیالێکتی "زازا" یی زوانی خەڵکی دەرسیمە کە دەکەوێتە نێوان دوو لکی رووباری "مراد سوو" و "فراتسوو" تا دەگاتە ئەو شوێنەی ئەو دوو رووبارە یەك دەگرنەوە، واتە باشووری چیاکانی "شیرداخ".

دیالێکتی "باجەلانی، زەنگەنە، شەبەك" لە رۆژهەلاتی موسڵەوە دەسپێدەکات تا دەگاتە ناوچەی حەمدانییە و لەوێوە بەرەو تاڵەبان و زەنگەنە و قۆرەتو تا دەگاتە "هورین" و "شێخان".

لەمەڕ دابەشکاری "مامۆستا هەورامانی" دەبێ هەڵوەستەیەك بکەین. ناوبراو دیالێکتە سەرەکییەکانی کوردی بە سێ دیالێکت دادەنێ، کەچی زوانناسان بە چوار دیالێکتی دەزانن. لە لایەکی تر هەموو دیالێکتەکانی زوانی کوردی بە "کرمانجی" دادەنێ، کرمانجی ناڤین و کرمانجی باشوور بە دوو دیالێکتی لێك جیاواز دەزانێ و لێکیان جیا دەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەم دوو دیالێکتە بە واقعی یەکن.

باسکردنی خاڵێك لێرەدا بە پێویست دەزانم، ئەویش ناونانی دیالێکتەکانە بە پێی سەلیقەی نووسەرەکان لە پۆلێن کردنی جوگرافی دیالێکتەکانی زوانی کوردیدا. زۆربەی کوردەکانی رۆژهەڵات بە لاسایی کردنەوەی توێژەرە ئیرانییەکان بۆ نیازی خۆیان زاراوەی: "شمال" بە کار



دێنن، لە کاتێکدا زوانناسانی دیکەی کورد لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە بری "شمال"، "باکوور" بە کار دێنن. هەرهەمان

رەفتار هەیە لەبارەی وشەی "جنوب" و "مرکز" کە زۆر جار دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی چەند لێکدانەوەی جیاواز لەمەڕ یەك بابەت. دوای ئەم یاد هێنانەوەیە دەگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی.

ناتوانین دیالێکتی"گۆران" وەك ژێردیالێکتێکی کرمانجی تاوتوێ بکەین، چونکە خوی دیالێکتێکی سەربەخۆیە و فڕی بەسەر کرمانجی باشوور یا ناڤینەوە نییە. "لوڕی و زازای" ش لە خانەی دیالێکتی گۆراندا پۆلێنکراون، لە کاتێکدا هەردووکیان سەربەخۆن. لە دابەشکارییەکەی " مامۆستا هەورامانی" دا باسی دیالێکتی "کاکەیی و زەنگەنە" نەکراوە. ئەگەر هەر بە هەمان پێوەری نووسەر کە بە پێی فاکتەری جوگرافی دیالێکتەکانی پۆلێنکردوون، دیالێکتەکان دەستەبەندی بکەینەوە، دەبینین دیالێکتی "لوڕی، زازایی و هەورامی" زۆر لێك دوورن. نووسەر لە بەشێکی تری نووسینەکەی خۆیدا ئاماژە بە بابەتێکی تر دەکات و دەڵێت: دیالێکتی باجەلان، زەنگەنە و شەبەك دەگرێتەوە ، لە کاتێکدا باجەلانی و زەنگەنە هەردووکیان ژێر دیالێکتی "گۆران" ن و ناکرێ زەنگەنە بە ژێردیالێکتی باجەلان دابنرێ، "شەبەك" زۆر لە لە هەورامی نزیکە و دەتوانین بە دیالێکتێکی "گوران" ی لە قەڵەم بدەین.

بە پێی ئەوەی گوتمان، دەتوانین زوان و دیالێکتەکانی کوردی لەسەر نەخشەیەکی جوگرافی پۆلێنبکەین. لەسەر ئەم بنەمایە ئەو کوردانەی بە دیالێکتی هەورامی دەدوێن گەلێك زۆرترن لەو کوردانەی بە دیالێکتی "باجەلانی، کاکەیی یا زەنگەنە" دەدوێن. هەر لەبەر ئەوەیە زۆرجار ئەم دیالێکتانەی دوایی لە خانەی دیالێکتی هەورامیدا دادەنرێن. بەڵگەی سەرەکی ئەم پرسەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی کومەڵایەتی و جوگرافی ناوچەی هەورامان. هەبوونی کۆمەڵێکی زۆری (هەورامی) زوان و سروشتی بەهەشت ئاسای هەورامان لە ناوچەکانی "لهون، دزڵی، تەخت، جوانرۆ، کندولە و.." وا لە بینەر دەکات هەرچی دەیبینێ و دەیبستێ بە هین هەورامانی بزانێ. لەلایەکی تر بوونی گرفتی جوگرافی و هۆکاری سروشتی، زوانی هەورامی لە هێرشی زوانەکانی بێگانە پاراستووە. بە شێوەیەك دەتوانین بوێرانە بڵێین ئەمڕۆ دیالێکتی هەورامی خاوێنترین سیمای زوانی کوردییە. لێرەدا نابەجێ نییە ئەگەر دەستە بەندییەکی سادەی جوگرافی ناوچەی هەورامان بکەین:

١- هەورامانی عێراق: بەشێکی هەورامان "لهۆ" بووە کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: بیارە، تەوێڵە، بەڵخی خوارێ، بەڵخی سەرێ، سوسکان، پالاتیان، هاوار، تاوێرە،دەرەقەسر، خرپانی، هانە نوتی، نارنجلە، گولپ،دەرەی گاشێخان، سرگت، هانودنی، درومری، ئەجاوا، زەڵم، باخە کۆن، گەچینە، خارگیلان، بنجە و دەری.

٢- هەورامان لهۆنی ئێران: بریتییە لە، نەوسوود، هانە گرملە، کیمنە بیرواز، وزلیە، نودشە، دوروهەجیجا، هەجیج، ئەسپە رێز، داریان، ورا، کومەدرە، دریبر، هروی، بلمە بزان، سشە، گرالە، خانگا، پاوە،درویسان، درەبیان، بندرە، نەوسە.

٣- هەوامانی دزڵی: بریتییە لە، دزڵی، دروکی، بارماوا، قلاکا، قلاجی، دمیوە، زلکە، درناجی.

٤- هەوامان و هەورامانی تەخت: بریتییە لە، شار، رووری، کمالا، ویسیا، بلبر، پیرشالیار، سلینە، کراویە دولە، کلجی، نوین و ناوە.

٥- هەورامانی رزوا: بریتییە لە، رزاو، کراوا، سوالا، دوروە، ژیوار، روار، زل، دلە مەرز، کوردکا، سرومال، گالیاوا، سورە تفی، دگاگا، مازبین، بوریدر، بقورە، ویژەنان، چەشمیدەر، نسنار، ئەرنال، پایگلان، نگل، میانە، تفلیە، ئەحمەداوا، مەحموداوا، نازاوا، نەخال، هنجمەنە، هەزار خانی، گلیە، بیدرە، سورکول، نزلژان، بێساران، ئولیهەنگ، پالنگان و کنولە.

"زەبیحی" لە رووی ئاخاوتنەوە، زوانی کوردی سێ ناوچە لێك جیا دەکاتەوە:

١- لە لێواری رۆژئاوای دەریاچەی "ورمێ" وە، دروست ئەو شوێنەی ناوچەی "دزەی دوڵی" و "سندووس" لێك دادەبڕێن، گریمانە هێڵێکی وێنا کردووە کە لە رۆژهەڵاتی شنۆوە دەسپێدەکات بەرەو باکووری "رەواندوز" و لە وێوە بەرەو رۆژئاوا تا ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ، شەنگار و لە "قامیشلی" و "حەسەکە" وە بەرەو باشووری "دەرباسیە" و "راس العین" و "چیای کورمانجا"، دەڕوات.

٢- هەروەها گریمانە هێڵێکی تر لە رۆژئاوای "هەمەدان" ەوە بەرەو باکووری کرماشان، لە وێوە بەرەو رۆژئاوا تا دەگاتە رووباری "دیجلە". ئەم دوو گریمانە هێڵە، دەڤەری زوانی سێ دیالێکتی سەرەکی زوانی کوردی لێك جوێ دەکەنەوە.

ئەلف- دیالێکتی باکوور: دەکەوێتە باکووری هێڵی یەکەم. لکەکانی ئەم دیالێکتە بریتین لە: هەرکی ، شکاکی، جەلالی، هەکاری، بوتی، جزیری، عەفرینی، دومبیلی، بادینی و ...



ب- دیالێکتی ناڤین: دەکەوێتە باشووری هێڵی یەکەم و باکووری هێڵی دووەم لە سەر هەڵەیەکی زاراوەیی ناوی "سۆرانی" وەخۆ گرتووە، دەنا لە راستیدا لکێکە لە لکەکانی دیالێکتی ناڤین. ژێر دیالێکتەکانی تری ئەم دیالێکتە بریتین لە: موکریانی، سلێمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گرەسی و ...

ج- دیالێکتی باشوور: دەکەوێتە خوارووی هێڵی دووەم، دیالێکتێکی باڵادەست بووە و لکەکانی بریتین لە: کرماشانی، کەلهوڕی، کولیایی، پیروەندی، لەکی، لوڕی و...

پۆلێنکردنی زەبیحی لەگەڵ پۆلێنکردنەکەی "هەورامانی چەن جیاوازییەکیان هەیە: دیالێکتی باشوور یا دیالێکتی کرمانجی و ژێر دیالێکتەکانی وەك، کرماشانی، کەلهوڕی، کولیایی، پیروەندی، لوەکی، لوڕی و ... هەموویان پەیوەستن بە دیالێکتێکی سەرکی و سەربەخۆ بە ناوی دیالێکتی "لوڕی". هەروەها نووسەر ناوی دیالێکتی زازایی، شەبەك و هەورامی، نەبردووە. لە بارەی دیالێکتی لوڕیشدا دەڵێ: لە پۆلێنکردندا لوڕی بەشێکە لە دیالێکتی باشوور. لە بارەی ئەم دیالێکتەدا هەرکەسە بە جۆرێك دواوە. شەرەفخانی بەدلیسی بە یەکێك لە چوار دیالێکتە گەورەکانی زوانی کوردی دادەنێ و برێك لە توێژەرانی ئێرانی و رۆژهەڵاتناس بە دیالێکتێکی زوانی فارسی لەقەڵەم دەدەن.

زۆر توێژەری ئێرانیش هەم لوڕی و هەم زوانی کوردی بە یەکێك لە دیالێکتەکانی زوانی فارسی دەزانن. د. موعین دەڵێ: لوڕی لە لۆڕستان وەك ژێر دیالێکتێك لەگەڵ "بەختیاری" لێك نزیکن. لە ئاماژەیەکی تردا دەڵێ: چەند نیوەزوانێك هەن تا ئەمڕۆ لە چوارچێوەی خۆیاندا ماونەتەوە و تا ئێستا دانیشتوانەکەی پێی دەدوێن، هۆی سەرەکی مانەوەی ئەم نیوەزوانانە دوورکەوتنەوەی ئەو کەسانەیە کە پێی دەدوێن، لەزوانی فارسی.

زەبیحی لە وەڵامی بۆچوونەکانی دوکتۆر موعین دا ئاوا بەڵگە دێنێتەوە: ناساندنی زوانی کوردی و لوڕی وەك نیوە زوان خوی لەخۆیدا مانای فارسی نەبوونی ئەو زوانانەیە. کەواتە بە شایەتی هێندێك توێژەری زوانناس، ئەگەر لوڕی بە ژێردیالێکتی زوانی کوردی بزانین، ئەوا بە پێی وتەی دوکتۆر موعین لەمەڕ پەیوەندی نێوان لوڕی و بەختیاری، بەڵگەیەکی ئەوتۆ نامینێ نکۆڵی لەوە بکەن کە دیالێکتی بەختیاری یەکێکە لە ژێر دیالێکتەکانی لوڕی و دواتر زوانی کوردی.

گرینگترین بەڵگە کە زوانناسەکانی بە هەڵە بردووە لە ناساندنی لوڕی وەك بە شێك لە زوانی فارسی ، لێك نزیکی فۆنێتیکی لوڕی و زوانی فارسییە.

لەمەڕ زوانی کوردی و دیالێکتی لوڕی، پەیوەنی لوڕی لەگەڵ زوانی فارسیدا ئیمام "مەردوخ" دەڵێ: دیالێکتی لوڕی نزیکترین دیالێکتی زوانی کوردییە لە زوانی پەهلەوی و کەڵهوڕ دوای ئەو دێت. دیالێکتی گوران، هەورامی، گێلی و کرمانجیش دواتر بەریز دێن. لە بەر ئەوەی کوردان و کرمانج دراوسێی "کلدان" و "ئاشووری" بوونە، زوانەکەیان زۆر لێك نزیکن و زۆر وشەی هاوبەشیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە مێژوو نووسان بڕوایان وایە زوانی کوردی یەکێکە لە دیالێکتەکانی زوانی فارسی.

لوڕەکان لە چوار گرووپ پێکهاتوونە: لوڕی گچکە، فەیلی، مەمەسەنی، کوە کلویی و بەختیاری یا لوڕی گەورە.

هەرکەسێك تەنیا جارێك فەیلییەکی دیبێت، دەزانێ چۆن دەدوێ. کەواتە با خۆببوێرین لە درێژەپیدانی باسەکە. "ئەمین زەکی" دەڵێ: جیاوازی نێوان دیالێکتی کرمانجی رۆژهەڵات و دیالێکتی "لوڕی فەیلی" لە جیاوازی نێوان دوو دیالێکتی رۆژهەلات و رۆژئاوا پتر نییە. زۆر وشەی فارسی بە درێژایی مێژوو خزاونەتەوە نێو هەرسێ دیالێکتەکەی دیکەی لوڕی، هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە لوڕەکان کەوتوونەتە سەر سنووری نەتەوەیی فارس زوانان. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بابەتە ئیتر گومانێك لە کوردبوونی لوڕەکاندا نامێنێت.

دکتۆر کەمال فواد لە بارەی دیالێکتی لوڕیدا دەڵێ: لە رووی رێسای زوانەوە لوڕی بە زوانێکی ئێرانی باشووری رۆژئاوا دادەنرێت وەلێ فارسی نییە. دەتوانین لوڕی پتر بە زوانێکی سەربەخۆ لەقەڵەم بدەین. یەکەم لکی کە "بەختیاری" یە بە پێی رێسای زوانی کوردی نادوێ. ئەوان خۆیان بە کورد نازانن، وەلێ فەیلییەکان بە تایبەتی فەیلییەکانی عێراق لە رووی مێژوو، ئابووری و سیاسەتەوە خۆیان لە کورد بە جیا نازانن، بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەستی هاوبەشی لە زوانەکەیاندا رەنگی داوەتەوە، زوانەکەیان تایبەتمەندی زوانی کوردی رۆژهەڵاتی وەخۆ گرتووە. لەمەڕ وتەکانی د. کەمال فواد باسکردنی چەند خاڵ پێویستە: لە کاتێکدا شەرەفخان چوار سەدە پێشتر لوڕەکانی بە کورد داناوە و ئەوانیش خۆیان بە کورد زانیوە، بۆ بەرێزیان پێ لە سەر کورد نەبوونیان دادەگرێ. لوڕی نە زوانێکە و نە سەربەخۆشە، بەڵکو یەکێکە لە چوار دیالێکتە سەرەکییەکەی زوانی کوردی، فرەنزیك بوونی لە زوانی کوری، پاساوی ئەم وتەیە. لە بارەی "بەختیاری" یەکانیش دەبێ بڵێین ئەگەر لوڕەکان دوو بەش بن، بەشێکیان کە بەختیارین کورد نەبن دەکرێ بەشەکەی تریان کە باسی نەکراوە بە کورد دابنێین؟ ئایا دەکرێ بەشێك لە نەتەویەك بە کورد دابنرێ و بەشەکەی تری کوردنەبێ. دیارە د. کەمال فواد لە لێکۆڵینەوە بەرفراوانەکانی



خۆیدا لە ژێر کاریگەری مێژوونوسانی سۆڤییەتدا بووە و بە پێی نووسراوەکانی ئەوان لوڕەکان بە کورد نازانێ.

"دکتۆر رەشاد میران" لە پێشەکی کتێبی "ویلچفسکی" لە ژێر ناونیشانی " رەگەزی کورددا دەڵێ: مێژوونووسی و ئەتنۆگرافیای سۆڤیەت، لوڕ و بەختیارییەکان بە دوو نەتەوەی جوێ لە نەتەوەی کورد دەزانن.

ئەمڕۆ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی جیهاندا هۆزانوان و نووسەری لوڕ لە بەرامبەر کامیڕای (تەلەفزیۆن) دا دەبینین کە شانازی بەکورد بوونی خۆیانەوە دەکەن و بەرهەمە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بە زوانی کوردی دەنووسن و پێشکەشدەکەن. لە ئەنسکلۆپیدیای تورکدا هاتووە، زۆربەی زوانناسان ، لوڕی و بەختیاری بە دیالێکتێکی زوانی کوردی دەزانن. ئەم دوو دیالێکتە لەگەڵ زوانی کوردی باکوور زۆر لێك نزیکن.

"زەبیحی" پێیوایە بە دوادا چوونی زانستی لەمەڕ لوڕەکان ئەم گرێ کوێرەیە دەکاتەوە. ناوبراو دەڵێ: پێویستە ئەم پرسە بە توێژینەوەی زانستی و زوانناسی بێ لایەن بسپێردرێ. بە رای من لوڕی زۆر لە کوردی نزیکترە وەك لە فارسی. دەبێ ئەوەش روونبکەمەوە کە مەبەستی من ئەو بەشە لە زوانی لوڕی نییە کە "لوڕی گچکە" پێی دەدوێن و بە "فەیلی" بەناوبانگە. چونکە فەیلییەکان خۆیان بەکورد دەازانن و بە کوردیش دەدوێن. "فەیلی" ش دیالێکتێك نییە بەڵکو لە خانەی ژێر دیالێکتی " لوڕی" دا پۆلێندەکرێ.

لەکۆتایی ئەم باسەدا پێویستە بڵێم زۆربەی زوانناسان لە سەر هەبوونی چوار دیالێکتی کوردی هاوڕان. هەر لەبەر ئەوە پۆلێن کردنەکەی زانای کورد "تۆفیق وەهبی" تەنانەت دوای حەفتا ساڵ بەهای زانستی خۆی لەدەست نەداوە. دوایی پێویستە ئاماژەی بەم خاڵە بکەم کە بوونی "ئەکادیمیای زوانناسی کوردی" لە توێژەران و زوانناسانی خاوەن روانگە لە سەرتاسەری کوردستان، دەکارێ فاکتەرێکی کاریگەر بێ بۆ کردنەوی زۆربەی گرێ کوێرەکانی زاڵ بەسەر زوانی کوردی ودیالێکتەکانیدا.

## کورد و زوانی نەتەوەیی

نەتەوەی کورد پێش لەدایکبوونی مەسیح بە چ زوانێك دواوە؟ ئایا زوانی کوردی ئەمڕۆ درێژەی هەمان زوانی پێش زایینە کە پشتاو پشتی کورد پێی دواوە؟ ئایا کورد خوێندن و نووسینی هەبووە یا زوانەکەی تەنیا زوانی گوفتاری بووە؟ ئەگەر زوانی نووسینی هەبووە کەڵکی لە چ پیتێك وەرگرتووە؟ ئەگەر پێش زایین زوانی نووسینی نەبووە، کەواتە دوای مەسیح لە چ کاتێکەوە زوانی نووسینی دەستپێکردووە و چ ئەلف و بێیەکی بەکار هێناوە؟ هەر نەتەوەیەك ئەگەر بیەوێ سنووری خاکی باو و باپیرانی خۆی دیاریبکات و رەسەنی خۆی بناسێت، دەبێ کەونە مێژووی خۆی تاوتوێ بکا و بە کۆکردنەوەی زانیاری زانستی و کەڵك وەرگرتن لە تایبەتمەندی زوانناسی لە سەردەمی جیاجیادا بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

کۆڕەوی خەڵکانی ئاریایی "هیندو-ئەوروپایی" لە دەسپێکی سەدەی دەهەم و نۆهەمی پێش زاییندا. بە چەند قۆناخ لە زنجیرە چیاکانی قەفقازەوە دەستیپێکردووە. سەرەتا لە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوونە و دواتر بەرە بەرەو رۆژهەلات و رۆژئاوا بلاوبوونەتەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان کۆچی بە کۆمەڵی نەتەوە ئارییەکان بە دوو قۆناخ بووە:

گرووپی یەکەمی نەتەوەکانی زاگرۆس بریتی بووە لە، لولو، گوتی، کاسی، خالدی یا "ئورارتو و سوباری" یەکان.

گرووپی دووەم: میدی و بەشەکانی کە بریتین لە "نایری یا نەهری، کاردۆخی و...".

برێك لە مێژوونووسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەم زاراوانە هەموویان ناوی کۆنی ئەو کوردانەن کە مێژوونووس و نووسەران لە قۆناخی جیاجیای مێژوودا باسی ژیانیان کردوون و ئاماژەیان کردووە بە شوێنی نیشتەجێیان و ئەو خاکەی ئەمڕۆ کوردستانە.

"ئەمین زەکی" دەڵێ: کوردستان یەکەم نیشتەجێی کۆچەرانی ئاریایی بووە کە لەوێوە بە هەموو جیهاندا بلاوبوونەتەوە. لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەتەوەکانی زاگرۆس بریتی بوون لە "لولو، گوتی، کاسی، خالدی، سوباری یا هوری" یەکان کە لە سەر خاکی کوردستانی ئەمڕۆدا نیشتەجێ بوونە.

بێ گۆێدانە ئەوەی کە کوردان گرووپی یەکەم یا دووەمی کۆچەرانی ئاری بووبن، بە ئاسانی بەم ئەنجامە دەگەین کە کوردەکان نەتەوەیەکی زۆر کۆنی ناوچەکەن. بەڵگەش بۆ ئەم گوتەیە



لێکۆڵینەوەی رەگەزی، زوانی و جوگرافییەکانی ناوچەکەیە، کە لەم نێوەندەدا فاکتەری زوان لە هەموویان گرینگترە.

سەرچاوە مێژووییەکان نیشاندەدەن خاکی کوردستان لە رۆژانی سەرەتای مێژوودا شوێنی ژیانی ئادەمیزادان بووە. نەتەوەی جیاجیای تێدا ژیاون کە هەریەکەیان زوانی تایبەت بە خۆی هەبووە. سپایزەر لەم بارەیەوە دەڵێ:

چوار نەتەوەکەی زاگرۆس، لولو، گوتی، کاسی و سوباری یا هوری، هەرچەند بەڵگەی ئەوتۆ هەن کە لیك نزیکی تایبەت لە نێوانیان و زوانەکانیاندا هەبووە، کەچی هەرکامیان خاوەنی زوانی تایبەت بەخۆی بووە.

مێژوونووسان و زوانناسان لەسەر ریشەی ئەم زوانانە دوو بۆچوونیان هەیە:

١- زوانی ئەم چوار نەتەوەیە، لە گرووپی زوانەکانی ئاریایی و "ئاریایی ئێرانی" ن.

٢- زوانی ئەم نەوتەوانە لە گرووپی زوانە ئاری، "ئاریایی کۆن" و زوانەکانی قەفقازییە.

زۆربەی توێژەران، کورد بە نەوەی مادەکان دەزانن. ئەوانە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، توانیویانە دەست بەسەر بەشێکی زۆری رۆژئاوای ئێران، باکووری عێراق و ئاسیای ناوەندی تا دەگاتە رووباری "خالس (قزل ئیرماق)" دا بگرن و وزوان و ئایینی خۆیان بەسەر دانیشتوانی خۆلاتی زاگرۆسدا بسەپێنن.

زۆربەی رۆژهەلاتناسان، زوانی "میدی" بە رەگ و ریشەی زوانی کوردی و لکەکانی دەژمێرن. زوانی مادەکان تایبەت بە نەتەوەکانی ئەو سەردەمە بووە. لە سەردەمی دەسەلاتی مادەکاندا، نەتەوەی ئەوتۆ هەبوونە کە لەتەك کەڵك وەرگرتن لە زوانی ماد وەك زوانی فەرمی، بە زوانی نەتەوەیی خۆشیان دواون.

مێژوونووسان بۆ پەیوەندی نێوان زوانی کوردی و زوانی "میدی" ئاڤێستای زەردەشت بە بەڵگە دادەنێن. هەرچەند شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت لەسەر نەخشەی جوگرافی کوردستانە، بەلام لە هیچ شوێنێکدا نە ئاماژە بە کورد بوونی زەردەشت کراوە نە خودی زەردەشت باسیکردووە (زەردەشت لە ساڵی ٦٦٠ ی پ. ز لە ورمێی ئەمڕۆ لەدایکبووە و هەر لە وێش گەورە بووە. لە سەدەی حەوتەمی پ. ز بەرەو رۆژهەلات رۆیشتووە و لە شاری بەڵخ "گشتاسپ" ی هێناوەتە سەر دینی خۆی. لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا دوای تەواوکردنی ئاڤێستا کۆچی دوایی کردووە). لەبەر ئەوە پاوانی میتۆلۆجی بوارێکی لەبارترە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم گریمانگەلەیە.

دکتۆر جەمال نەبەز دەڵێ: تا ئێستا لە نێو کوردا ئایینێکی گشتگیر پەیدا نەبووە کە کتێبە پیرۆزەکەی بە زوانی کوردی نووسرابێ و ببێتە بنەمایەك بۆ زوانی یەکگرتووی کوردی. هەرچەند بەڵگەی ئەوتۆ هەن دەریدەخەن کە زەردەشتی پەیامبەر، دامەزرێنەری ئایینی "مزدایستا"، لە وڵاتی مادەکان واتە کوردستانی ئەمڕۆ لەدایکبووە و بە زوانی خۆڵاتی ئەو ناوچەیە دواوە و گومانهەڵگر نییە کە هۆنینەوەی "گاتەکان" زوانی خودی زەردەشتە، وەلێ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لە ئارادا نییە بیسەلمێنێ "ئاڤێستا" بە زوانی مادەکان و بە دەسنووسی زەردەشت نووسراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان ئاڤێستا و زوانی کوردی حاشاهەلناگرێ، وەلێ ناتوانین بڵێین ئاڤێستا بە زوانی "ماد" نووسراوە. ئایینی زەردەشت لە سەردەمی شاپوری دووەم بوو بە ئایینی فەرمی ئێرانیان، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لە ئێران لە دەوروبەری ساڵی ٦٣٩ زایینی، ئایینی زەردەشت و ئاڤێستا بۆ ماوەیەکی کورت شوێنی خۆیان بۆ ئیسلام و قورئان بەجێ هێشت. لەم نێوەندەدا "ئێزدییەکان" کە لەسەر دینی دێرینی کوردان ماونەتەوە، نەیانتوانیوە ئایینێکی گشتگیر وەدیبێنن.

دکتۆر جەمال نەبەز لە بەشێکی تری وتەکانیدا دەڵێ: کتێبی ئاڤێستا چەند سەدە دوای مردنی زەردەشت نووسراوەتەوە، دواتر لە لایەن کەسانی ترەوە کۆکراوەتەوە. هەرچەند بە دڵنیاییەکی زۆرەوە "گاتەکان" بە سروودی خودی زردەشت دەزانن، وەلێ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لە بەردەستدا نییە. هەرچەندە ئەو زوانەی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە فارسی نییە، بەڵکو زوانێکی تایبەتییە بە ناوی زوانی "ئاڤێستا" کە لە رووی خەسڵەتی لکسیکۆلۆجییەوە نزیکە لە زوانی کوردی، وەلێ دیسان ناتوانین بڵێین ئاڤێستا هەمووی زوانی کوردی کۆنە. بە بڕوای من زەردەشت وەرزێرێکی ناوچەی ماد بووە و هەر لەوێ پەیامەکەی دەسپێکردووە، بەڵام دوای ئەوەی رووبەڕووی بەرگری و ئازاری دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بۆتەوە کۆچڕەوی کردووە و بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران و ئایینەکەی بڵاوکردۆتەوە. دواتر ئەشکانییەکان و دوای ئەوان ساسانییەکان وتەکانیان کۆکردۆتەوە. ئەشکانی و ساسانیش زوانی خۆیان لە سەر ئاڤێستا بنیادناوە. وەلێ لەبەر ئەوەی ئایینی زەردەشت بە زوانی ماد بووە نەیانتوانی زوانی مادەکان بە تەواوی لە ئاڤێستا دوور بخەنەوە و زوانی خۆیان لە جێگای دابنێن، بەم پێیە بەشێکی زوانی زەردەشت خزایە نێو زوانی ئەوان و زوانی ئاڤێستا بوو بە تێکەڵەیەك لە زوانی ماد و ئەشکانی و ساسانی.



زۆر مێژوونووسی تر پشتیوانی راستی ئەم وتەیە دەکەن. دار میستێر دەڵێ: ئاڤێستای زەردەشت بە زوانی "میدی" یەکان نووسراوە. مینورسکیش دەڵێ: هەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر زوانی کوردی دەبێ لەسەر ماد و زوانی مادی بنیاد بنرێ.

تۆفیق وەهبی دەڵێ: هەرچەند لەمەڕ زوانی مادەکان سەرچاوەیەکی زۆرمان لەبەردەست نییە، بەڵام کەم تاکورتێکی لە ئاڤێستا دا بەرچاو دەکەوێ.

کەواتە بەدڵنیاییەوە دەڵێین زوانی مادی بنەمای ئەو زوانانەیە کە ئەمڕۆ ناومان ناون زوانەکانی ئێرانی باکوور-باشوور. لەلایەکی تر زۆربەی زوانناسان لە سەر ئەم بڕوایەن کە زوانی کوردی لە گرووپی زوانەکانی "باکوور- باشوور" ە، زوانی ئارییایی کۆن و ئاڤێستایی و کوردی کۆن رێگایان بۆ هەناوناسی زوانی کوردی خۆشکردووە.

زۆر مێژوونووسی کورد لەوانە، ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین هەورامی و... بە بەراورد کردنی زاراوەکانی زوانی کوردی و ئاڤێستا بڕوایان وایە کە لە زوانی کوردی و فارسی، کوردی لە ئاڤێستا نزیکترە.

لە ساڵی ٣٣١ ی پ. ز دوای ئەوەی ئەسکەندەر لە شەڕی "ئەربیلا(ئەربیل)" داریۆشی سێهەمی تێشکاند، بە هێرش بردنە سەر "میدیا" تێکڕای کتێبەکانی شای "ئەخمینی" سوتاند. لەم نێوەندەدا ئاڤێستاش بە چارەنووسی نووسراوەکانی تر گرفتار بوو. مەسعود محەمەد دەڵێ: جگە لە بەشێکی کەم کە نزیکەی هەشتاو سێ هەزار زاراوە بووە بە شەکانی تری ئاڤێسا لە ئاوردا سوتان. دواتر ئەم زاراوانە لەگەڵ یاداشتی پیاوانی ئایینی لە دەوروبەری ساڵی ١٤٧ ی پ، ز واتە لە کۆتایی فەرمانڕەوایی "سلوکی" یەکان، دووبارە کۆکرانەوە و نووسرانەوە.

زوبێر ئیسماعیلیش دەڵێ: ئەسکەندەری مەکدۆنی، چەند بەشی ئاڤێستای وەرگێڕایە سەر یۆنانی و بە شەکانی تری سوتاند. دواتر لە سەردەمی ساسانییەکان دووبارە کۆکراونەوە و نووسرانەوە. "ئەردەشێری بابەکان" لە سەردەمی ساسانییەکان ئایینی زەردەشتی کرد بە دینی فەرمی (ئەردەشێری بابەکان ٢٤١-٢٢٥ی پ, ز). لە کارنامەدا، ئەردەشێری بابەکان کورد و مادی بە یەك نەتەوە ناو دەبرد. بەکارهێنانی ئەم دوو ناوە وەك یەك نەتەوە تا سەدەی شەشەمی زایینی، درێژەی هەبووە.

لە بەشێکی کارنامەی ئەردەشێری بابەکاندا کە بە زوانی "پەهلەوی ناوەند" نووسراوە لەمەڕ هێرش بردنە سەرمادەکان ئاوا نووسراوە:

ئەردەشێر دوای کوشتنی پاشای پارتەکان "ئەردوانی پێنجەم"، لەشکرێکی گەورەی کۆکردەوە و چوو بۆ شەڕی "کردان" پاشای مادەکان. لە درێژەی کارنامەکەدا دەڵێ: پێیانوابوو لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر سوپای ئەردەشێر تێشکاون پاشەکشەیان کردووە ئیتر لە مردن رزگاریان بووە، وەلێ ئەردەشێر چوار هەزار جەنگاوەری رێکخست و کتوپر هەڵیکوتایە سەریان و هەزار کەسی لێ کوشتن و ئەوانی تری بە دیل گیران و دانەوێڵەیەکی زۆری لە "کردان" پاشای ماد بە تالان گرت. هەرچەند ئەم بەڵگەنامە مێژووییانە نیشانەی ئەم راستییەن کە کورد نەوەی ماد و مادەکان باوباپیرانی کوردن، وەلێ فەرمانڕەوایانی "میدیا" دوای مردنیان هیچ نووسراوێکیان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە تا بزانین ئەوان چۆن بوونە؟ مێژووی ماد چۆن دەگێڕنەوە؟ بە چ زوانێك دەنووسن؟ و...

تەنیا چەند ناوی پاشای مادمان لە رێگەی چەند کەونە نووسراوی نەتەوەکانی تری دراوسێوە وەدەست کەوتووە. لەبەر ئەوە ناتوانین بە یەکلاییی کردنەوەی تەواو لە مەڕ رێژەی پەیوەندی نێوان زوانی کوردی کۆن و ئاڤێستا رامان دەربڕین.

لە نێو مێژوو نووس و زوانناسان تەنیا "مەکەنزی" و "ویلچفسکی" کوردان بە نەوەی ماد نازانن. مەکەنزی دەڵێ: کورد نەوەی ماد نین. ویلچفسکیش دەڵێ: نە لەرووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نە لەرووی زوانەوە ناشێ کوردان بە نەوەی ماد بزانین. بە پێچەوانەی ئەم دوو مێژوو نووسەی دوایی، زۆربەی رۆژهەڵاتناسان و زانایانی زوان، کوردان بە نەوەی ماد و زوانی مادی بە ریشەی زوانی کوردی دەزانن. تۆفیق وەهبی دەڵێ: پەیوەندی نێوان کورد و ماد پەیوەندییەکە نکۆڵی لێناکرێ. کورد و زوانی کوردی لە سەر بنچینەی ماد و زوانی مادی دامەزراون. علاالدین سجادی دەڵێ: زوانی کوردی نەك هەر لەسەدەی شەشەمی زایینیدا هەبووە، بەڵکو زوانێکی سەربەخۆش بووە. مامۆستا خاڵ دەفەرموێ: سەرچاوەی زوانی کوردی زوانی "ماد" ە کە زەردەشتی پەیامبەر بەو زوانە ڕاسپێردراوە. زوانی کوردی وەك هەر بوونەوەرێك وەدنیا هاتووە و هێدی هێدی گەشەی کردووە و دواتر قۆناخەکانی رێکخستن و جوانکاری خۆی بڕیوە تا لە سەردەمی مادەکان باڵای کردووە. چاوخشاندنێك بە زوانی کوردی کۆندا کە لە مادەکان بە جێماوە، نیشانەی دەوڵەمەندی زوانی کوردییە لە دوو هەزار ساڵ پێشەوە بەم لاوە.



مینورسکی دەڵێ:

زۆربەی مێژوونووسە ناودارەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوردی ئەمڕۆ نەوەی "ماد" ی دوێنێیە. "زەبیحی" ش دەڵێ: ئەگەر کورد نەوەی ماد نییە ئەدی ئەم نەتەوەیە بە توانایە چی بەسەر هاتووە؟ یا ئەم هەموو نەتەوە و تیرە و تایەفانەی بە زوانێکی جوێ لە زوانی نەتەوەکانی ئێرانی دەدوێن، لە کوێوە هاتوون؟

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، زوانی کوردی زوانێکی دەوڵەمەند و زیندووی جیهان بووە، لە رووی ئاهەنگ و سەبك و دەنگەوە تەنیا رەقیبێك لە تەك خۆیدا دەبینێ ئەویش زوانی "فەڕەنسی" یە.

فاکتەرەکانی مانەوەی زوان

کاریگەرترین فاکتەری مانەوەی زوان بریتییە لە:

١- نەتەوەپەرستی
٢- دین
٣- دەوڵەت
٤- فاکتەری جوگرافی
٥- بازاڕی هاوبەشی ئابووری
٦- تەکنۆلۆجی و زانست

١- نەتەوەپەرستی: بێگومان پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان نەتەوەپەرستی و زوانی نەتەوەیی. هەستی نەتەوایەتی بە هێز دەبێتە هۆی پاراستنی زوانی نەتەوە. زوانی نەتەوەش بە نۆرەی خۆی هەستی نەتەوایەتی بەهێز دەکات. لەو رووەوە ئەوکەسانەی شارەزای زوانی نەتەوەی خۆیان نین هەستێکی نەتەوایەتی لاوازیان هەیە. بۆ نموونە: مامۆستایانی ئایینی کورد لە باشووری کوردستان کە بەزوانی کوردی خوێندوویانە هەستێکی نەتەوایەتی بەهێزتریان هەیە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ هاوتاکانی خۆیان کە لە خوێندنگای تورکی زانستی دینیان خوێندووە. مامۆستایانی ئایینی کوردی شارەزای زوانی کوردی پاسەوانانی واقعی، ئەدەب، فەرهەنگ، مێژوو و زوانی نەتەوەکەیانن. ئیسماعیل بێشکچی ئەم مامۆستایانەی ئایینی بە "ئینتلکچواڵ (واتە رۆشنبیر/ و)" ی کورد ناو دەنێ.

هەستی نەتەوایەتی بە هەستێکی خۆکرد دادەنرێ کە لە قووڵایی دەروونی مرۆڤەکانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەمەش لە ناو تێکڕای نەتەوەکاندا هەیە و پەیوەندی بە قۆناخێکی مێژوویی تایبەتەوە

نییە. هەستی نەتەوایەتی لە گشت رەهەندەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیدا خۆی دەنوێنێ. دەبێ لە یادمان بێ هێندێك جار هەستی نەتەوایەتی لە برگەیەکی زەمەنیدا بە هێز و لە هیندێك کاتدا کز و لاوازە و لە لای هەموو نەتەوکانیش یەکسان نییە. بۆ نموونە نەتەوەکانی ئەورووپا لە سەردەمی (رنسانس) دا خاوەنی هەستێکی نەتەوایەتی بەهێز بوونە.

٢- فاکتەری دین لە مانەوە، پێگەیشتن و بلاوبوونەوەی زواندا رۆلێکی گرینگی هەبووە. سەرهەلدانی دینی ئاسمانی مەسیح و ئیسلام کە بوونەتە هۆی بلاوبوونەوەی زوانە لاتینییەکان و زوانی عەرەبی و بوونیان بە زوانی زانست لە جیهاندا، لاگیری ئەم وتەیەن.

٣- دەولەت: دەسەلاتی سیاسی و ئابووری لە چوارچێوەی دەولەتدا رۆلێکی تەوەرییان هەیە لە مانەوەی زوان و بلاوبوونەوەیدا. دەسەلاتی سەپاوی دەولەت، بەردەوام توانیویەتی بە سەپاندتی زوانێك وەك زوانی فەرمی، گەورەترین رۆلێ لە گەشەپێدانی زوانی مەبەست و گۆشەگیر کردنی زوانەکانی تردا، بگێرێ.

٤- فاکتەری جوگرافی: جوگرافیاش لە مانەوە و مردنی زواندا، بایەخێکی بەرچاوی هەیە. ناوچە شاخاوییەکان لە رووی شوێنی سەختی هاموشۆ و زەحمەتی دەست پێراگەیشتن، توانایەکی پتریان هەیە بۆ پاراستنی زوانی دەڤەری خۆیان، بە پێچەوانەوە، ناوچە پێدەشتەکان و دانیشتوانەکەی لەبەر ئەوەی هەمیشە لەبەردەم هێرشی نەتەوەکان و زوانەکانیاندا بوونە، توانای تەواویان نییە بۆ پاراستنی زوانەکەیان. هاتوچۆی کاروانی بازرگانیش بە گەلێك ناوچەی جۆراوجۆردا و بە زوانگەلی جیاواز، کاردەکاتە سەر دەشتەکییەکان و زوانەکەیان.

٥- بازاری هاوبەش: فاکتەری ئابووری بە گشتی و بازاری هاوبەش بە تایبەتی، کاریگەری قوولێیان هەیە لەسەر گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی پلەی زوان. دامەزراندنی بازاری هاوبەش، پەرە بە پەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان نەتەوەکان و یارمەتی زوانی نەتەوەیی دەدات.

٦- تکنۆلۆجی و زانست: گەشەسەندنی زانست و تکنۆلۆجی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ پەرەسەندنی زوانی نەتەوەییدا هەیە. تکنۆلۆجی نوێ فەرهەنگی نوێ لەگەڵ خوی دێنێ، ئەم فەرهەنگە نوێیە چونکە بە زوانی نەتەوایەتی پێناسە دەکرێ، یارمەتی بلاوبوونەوە و پەرەسەندنی زوانی نەتەوەیی دەدات.

بە درێژایی مێژوو دیتومانە هەریەك لەم فاکتەرانەی سەرەوە بە شێوەیەك کاریان کردۆتە سەر مانەوە یا مردنی زوان. سەرەتا چەند نموونە لە ئەورووپای رنسانس دێنینەوە و دواتر دێینە سەر زوانی کوردی:



دانتی داهێنەری "کۆمێدی ئیلاهی" لە بەرامبەر کاریگەری زوانی لاتیندا وەك زوانی دین، شاکارەکەی خۆی بە زوانی نەتەوایەتی نووسی. ئەو دەلێ: زوانی نەتەوەیی دەتوانێ نەتەوەیەك بەرەو پێش بەرێ و گۆرانگاری مەزنی تێدا بخولقێنێ.

"جیوڤانی بەکاچو" داهێنەری زنجیرەی "دکامرون" توانی بە کەلك وەرگرتن لە زوانی نەتەوەیی، نەتەوە پەرستی ئیتالیا لە ناو خەلکی ئەو ولاتەدا، بەهێز بکات.

"لیۆناردۆ دافنشی" تێکرای بەرهەمە ئەدەبی، هونەری، زانستی، و... یەکانی خۆی، بە زوانی نەتەوەیی خولقاند. دژی زوانی لاتینی راپەری. ناوبراو لە شوێنێکدا دەلێ: لە زوانەکەی خۆمدا ئەوەندە زاراوە هەیە کە بتوانم هەستی دەروونی خۆمیان پێدەربرم.

رەنگە بتوانین لە نێو گەورە نووسەرانی کوردیشدا، کەلە پیاوانی وەك "جەلادەت بەدرخان، پێشەوا قازی محەمەد، ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد، حسێن حوزنی موکریانی، رەفیق حیلمی و... بە پێشرەوانی رنسانسی کورد دابنێین، کە بە بایەخدانێکی زۆر بە زوانی کوردی، زوانی نەتەوەکەیان کرد بە ئامرازێکی کاریگەر بۆ گەشە پێدانی هەستی نەتەوایەتی.

لە مەر کاریگەری دینیش، پێویستە بلێین، سەرهەلدانی مەسیحیەت ئەوندە بەهێز بوو کە لە سەدەکانی ناوەراست، تەنیا زوانی لاتین زوانی زانست بوو، تێکرای نووسەرانی ئەورووپا بۆ خستنە رووی بابەتەکانیان ناچار بوون زوانی لاتینی فێربن. "کلێسای ئەرتۆدۆکس" یەکەم کاردانەوەی دەروون-ئاییینی زوانی یۆنانی بوو وەك هەنگاوێکی نەتەوایەتی لە بەرامبەر دەسەلاتی زوانی لاتینی. دوای ئەم هەنگاوەی کلێسای ئەرتۆدۆکس کە بوو بە هۆی فەرمی بوونی زوانی یۆنانی و کالێ بوونەوەی رەنگی زوانی لاتینی لەو شوێنانەی یۆنانی نشین بوون، کلێسای بولگاریش بە هۆی فەرمی کردنی زوانی بولگاری لە کاریگەری زوانی لاتینی کەم کردەوە. لەم نێوەندەدا ئەلمان و ئەنگلۆساکسۆنەکانیش بە پەسند کردنی "پرۆتستانیزم" زوانی نەتەوەیی خۆیان لە ژێر کاریگەری زوانی لاتینی هێنا دەرێ.

دەسەلاتی سیاسی و ئابووری دەولەتانیش گاریگەری سەختیان هەیە لە سەر زوانی نەتەوەیی. دەسەلاتی سیاسی تورك، عەرەب و ئیرانی بە درێژایی مێژوو لەسەر کوردان بۆتە هۆی لە ناچوونی زوانی کوردی لە زۆر شوێنی کوردنشین. سیاسەتی تواندنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لەم سەد سالەی دواییدا، رۆژ بە رۆژ زوانی نەتەوایەتی سنووردارتر و جوگرافیای کوردستانی تەسکتر کردۆتەوە. ئەوەی شەرەفخانی بەدلیسی لە بارەی سنووری جوگرافیای کوردستاندا نووسیویەتی، رەنگە ئەمرۆ نیوەشی لێ نەمابێتەوە.

له بارەی فاکتەری جوگرافی، بوونی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، بۆتە هۆی پاراستنی رەسەنایەتی زوانی ناوچەیەك کە بێگانە بە زەحمەت دەتوانێ دەستی بیگاتێ. دوور نییە تەنیا فاکتەری جوگرافی توانیبێتی رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ لە پاراستنی زوانی نەتەوەیی کورداندا.

بازاڕی هاوبەشی ئابووری و تەکنۆلۆجی و زانست لە رووی بایەخیان بۆ زوانی نەتەوایەتی کوردان هەڵدەگرین بۆ باسگەلی پرۆفیشناڵ.

بوێرانە دەتوانم بڵێم، ئەگەر هەر نەتەوەیەکی تر لە مێژوودا گرفتاری چارەنووسی کوردان بایە، رەنگە نەیتوانیبا هێندەی نەتەوەی کورد خۆی رابگرێ لە بەرامبەر توانەوەی زوان و لە ناتوچوونی نەتەوەیی خۆی. ئێستا دەمێك بوو دەسەلاتی ئەو زانایانەی بە سەرخۆیدا پەسند دەکرد کە بە دەوڵەت و سیاسەت و دین و ئابووری چەکدرا بوون. هەرچەند نابێ ئەوش لە بیر بکەین کە کوردان بەرەبەرە پێدەشتەکانیان بۆ بێگانە جێهێشتووە و روویان کردۆتە چیاکان، بە شێوەیکی ئەوتۆ ئەمڕۆ چیاکان بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی کوردان لە رووی شوێنگەی سروشتییەوە بوونەتە سەمبولی کورد. مینورسکی دەڵێ: کورد و چیا لێکدانابڕێن. هەرکە دەشتەکان دەسپێدەکەن کوردەکان بۆ تورك و عارەب بەجێیان دەهێڵن، تا نزیك دەریاچەی وان بەربڵاون لەویش بەلاوە لێی گەراون بۆ ئەرمەنییەکان.



## تاوتوێ کردنی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زوانناسی و مێژووی دانیشتوانی
## زنجیرە چیاکانی زاگرۆس وکوردستان

بۆ، کۆچکردنی نەتەوە هیند و ئەورووپییەکان (بەتایبەتی هیند و ئێرانی) لە بیابانەکانی باشووری روسیا و نیشتەجێ بوونیان لە رۆژهەڵات لە (چین) ەوە تا رووباری دانوب لە رۆژئاوا، بڕوانە"

M. Rostovtzeff and Greeks in south Russia Oxford. 1922

کۆچکردنی هیند و ئێرانییەکان بەرەو باشوور

أ- لە رۆژهەلاتی دەریای خەزەر بۆ ناوچەی پنجاب، ئەفغانستان و ئێران.

ب- لە دۆڵەکانی قەفقازەوە بەرەو چیاکانی زاگرۆس، کوردستان، ئازەربایجان و ئاسیای گچکە. تێکەڵ بوونیان لەگەڵ دانیشتوانی خۆلاتی ئەو ناوچانە، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرینگەکانی مێژوو و زوانناسی کە لە سەدەی نورزدەهەم بەملاوە بۆتە جێگای سەرنجدانی جیدی. لێکۆڵەرانی ئەڵمانی، ئینگلیزی و روسی پتر لەوانی تر گوێیان داوەتە ئەم پرسە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەی برا بە شارستانیەتی سۆمەری، ئەکەدی، ئاشووری و میسری. تا ژمارەی کەونە نووسراوەکانی بزماری و هیرۆگلیفی زۆرتر دەبوو کە لەسەر پتر لە هەزاران تابلۆ تۆمار کرابوون، ئاسۆی دەست راگەیشتن بە واقعی مێژوویی ئەو ژیارانە رووناکتر دەبۆوە و کاریگەری ئەو وشەو زاراوە بەکارهاتووانە لە سەر زوان و مێژووی هاوچەرخی دانیشتوانی ئەمڕۆی ئەم ناوچانە، پتر ئاشکرا دەبوو. بۆ نموونە، گەلێك وشەی ئاشووری، بابلی و زاگرۆسی هەن ئەمڕۆ لە زوانی عارەبی و سریانیدا، بەکار دەبرێن، هەر بەو شێوەیەش زۆر زاراوەی دەقەکانی زاگرۆس یا هیند و ئەوروپایی (میتانی، مادی، سکسی) هاتوونەتە نێو زوانی کوردی. توێژەرانی وەك "تیلی، هوگر، وینکلەر و... لەم بابەتە دواون. بۆزانیاری زیاتر بگەرێوە بۆ:

Tiele C.,Bablonish- Assyrisch geschichte Bd 1, gotha 1886

Winckler ., Untersuchungen Zuraltorientalischen Geschichte, Leipzig

Wienckler H.Geschicht Babyloniens and Assyriens, leipzing 1892

وەلی "یوستی" ژمارەیەکی زۆر لەو وشانەی تاوتوێ کردووە و بە پێرستی ئەلفبا لە فەرهەنگەکەی خۆیدا هێناویەتی:

Justi F.,Iranisches Namenbuch , Marburg 1895

جگە لەم کتێبەی سەرەوە "یوستی" ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە گۆڤارەکانی "دامەزراوەی مورگن لاندی ئەڵمان"، لە شاری لایپزیك و ویسبادن، لە بەشی ٢٩ دا بڵاوکردۆتەوە.

Jueti F., Miscellen Zur Iranischen Namenkunde ZDMG,1895 Bd 49.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم "شیفیتیلوویتس" بە دۆزینەوەی ژمارەیەك لەم وشانە لە سەر چەند تابلۆی نووسراو بە رێنووسی بزماری، لە بەشی ٣٨ گۆڤاری " زوانەکانی هیندو ئەڵمانی" لە شاری گوتینگن" ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە چاپ گەیاند.

Scheftelowitz. J., Die sparche der kassaer – kz 1902 Bd 38

Scheftelowitz. J., Altiranische Studien – ZDGM 1903, Bd 57

تا ئێستاش دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی "شرایدر" لە مەڕ ناوی ناوچە جوگرافییەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە لە ساڵی ١٨٧٨ز ئەنجامدراوە، وەك سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

E.Shrader., Keilinschriften Wnd Geschichsforschung Guiessen 1878

j. A kundtzon, Assyrische Gebete an den Sonnengott, Leipzing 1893, no 75

دوابەدوای کتێبی شرایدر، دەرئەنجامی دوو لێکۆڵینەوەی تر لەلایەن "ستریك" و " بیلربیك" بەم ناونیشانانەی خوارەوە بڵاوکرانەوە:



M. streck ., Das Gebete der hutigen Landschaften Armenien, Kurdistan und Westpersien nach Babylonisch- Assyrischen Keilinschriften "هیپی"ZA111 (1898) ZAXIV (1899) ZAXV (1900)

A.Billerbeck., Das Sandchak sulleimania und dessen Perisichen Nachbardlandschaften zur babylonischen und assyrichen zeit. Leipzig 1898

هەرچەند ئەو دووکتێبە زانیاری لەباریان تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەونە نووسراوە بزمارییەکان هێشتا نەخوێندرابوونەوە، "ستریك" و "بیلربیك" گریمانەی بنەرەتی شیکرنەوەی خۆیان لە سەر هێندێك هەواڵی هێرشی چەند پاشای ئەو سەردەمە بنیاد نابوو، بۆیە دەرئەنجامی گشتی لێکۆڵینەوەکەیان جێگای متمانە پێکردن نەبوو. دوای ئەوان لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی مێژوویی لەسەر دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و چەند شاری تری "هوری" دەستپێکرد و گەلێ بەردە نووسراویان لە دەور و بەری شاری کەرکوك "ئارابخا" دۆزییەوە. (بۆرك- Bork) کەوتە خوێندنەوەی ئەو کەونە نووسراوانە و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە کتێبێکدا چاپکرد بە ناوی "زوانی میتانی":

Bork., Die Mitannisprache, MVAG XIV 1\2 (1909) Bork journal of Royal Asiatic society (1928

کتێبی بۆرك لە ساڵی ١٩٢٦لە لایەن "سکۆڵد" ەوە رخنەی لێگیرا:

H. Skold, Sur la letter en langue mittanni JRSA 1926 pp 667, 678

لەم نێوەندەدا "سکۆڵد" بۆ رخنە گرتن لە نووسینکانی "بۆرك" سەرچاوەی بەنرخی "دمۆرگان" ی بە دەستەوە بوو:

j. de Morgan les prermieres Civilisation (paris 1909) j. de Morgan , La perhistoir Orientale (paris 1925-27)

هەر لەو ساڵەدا "کونتیناو" تابلۆکانی "کەرکوك" ی تاوتوێ کرد:

Contenau., Les tablet de Kerkouk (paris 1926)

"سپایزەر" یش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکەی، تاوتوێ کرد:

Speiser E.A., New Kirkuk Documents Relating to Family Law. The Annual of oriental Research Vol.,X New Havan 1930

بە دوادا گەڕانی ساڵەکانی ١٩٣٠ یش پەردەی لە سەر زۆر نهێنی مێژوویی کوردستان لادا:

Cyrus H. Gordon.,"Numerals in the Nuzi Tablets ", RuVue D, Assyriologie Vol XXXII No. 1935

لە ساڵی ١٩٦٣ "ئیگنیشی گلیپ" بە هاوکاری "پوروس ماکرای" تێکرای ناوی ناو تابلۆکانی راڤە کرد:

Gelp I.j., Purves P.M., Macrae A.A.,Nuzi personal names. Chicago-Illions 1963

لەلایەکی تر "هرزونی" زانای چیکی کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە پێناوی ناسینی مێژووی "هوری" یەکانی سەرووی میزۆپۆتامیا دانا، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە کیتبێکدا نووسی بە ناونیشانی:

Hrozny., churri Archiv orientalin (AOR) I. (1929)

بۆ ناساندنی برێك پەیوەندی نێوان زوانی "هوری (هالد و ئورارتو)" یەکان و زوانی قەفقازی ئەمڕۆ بەتایبەتی زوانی گورجی (کرتیوالی)، "سیریتیلی" لەو بارەوە کتێبێکی نووسی:

Tseretheli, Die neuen holdischen Inschriften dea konigs sardurs Von Urartu (Hidelberg 1928)

لەمەڕ پەیوەندی سۆمەری و گورجییەکان بڕوانە زنجیرە باسێکی گۆڤاری ئاسیایی بەریتانیا لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩١٣-١٩١٥:

Teserthli Sumerian and Georgian JRAS 1913-1915

بۆ مێژووی نەتەوەکانی ئاسیا و میزۆپۆتامیا و باسەکانی زوانناسی بگەڕێوە بۆ ئەم گۆڤارانە:



1-jornal of society of oriental Research XI (1927)

2-Harvard Semitic Series (HSS)

3-Th Royal Inscriptions of Sumer and akkad (RISA)

4-History and Monuments of ur. New yourk (HMU)

5-0xford edition of Cunieform texts (OECT)

6- Revue d"Assyrologie (RA)

7-Zeitschrift fur Assyriologie und Verwandte Gebiete (ZA)

8-Zeitschrift der Deutschen Morgen Landischen Gesellschaft (ZDMG)

وەلێ لەتەك ئەم لێکۆڵینەوە فراوانانەدا، "سپایزەر" لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی لە ساڵنامەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمەریکادا چاپکردووە لە مەڕ نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و نەتەوەکانی زاگرۆس و کوردستان.

Speiser E.A "Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today "Annual of the American school of Oriental Research VIII, IV (ASSOR)

کتێبی "بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك"، "سپایزەر" ی لە تەك ناودار ترین زوانناسانی مێژوو داناوە:

EPHRAIM A. Speiser Mesopotamian origins. The basic population of the near East Philadelphia 1930

پاشگری ناوی شارەکانی کوردستان و دانیشتوانی ناوچە کورد نشینەکان، بەتایبەتی "لولو"، " کوتی" و " هوری" یەکان، سەرنجی سپایزەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو: بوونا- سی، گیزینگی- سی، سیمی- سی، لریو- سە هەروەها نو- زی (لە سەرچاوە عیلامییەکاندا "ئونو- زا" یە). ناوی کەسەکانیش: "ئەبلگمیش- پاشای باراهاسی "سیدگو" (شککاناکا= نایب السلطنة)، "کومودسو" (دگو- برای پاشا)، "زینا"، " هیداریدا و... فەرمانڕەوای

"گونیلا" کان و... ئەمانە لە دەسپێکی قۆناخی فەرمانڕەوایی شاری "ئەکەد"دا هەموویان دانیشتوانی ناوچەی باراهاسی بوونە (سپایزەر، هەمان سەرچاوە، ل٤٣-٦٦).

پاشگری"سی، شی" جگە لە زوانی کوتی و لولویی، لە زوانی "هوری"یشدا هەر پاشگر بوونە، وەلێ "وا، وە" پاشگری جێگان ( Locative termination)، وەك: "پەهەرزە-شی"، "بەهرزە- شوا"، "بهری- وا". ئەم پاشگری "ش" ینە لە نامەی پاشای میتانیدا بە شێوەی "سی" هاتووە، بەلام لە ناوی شارەکاندا هەروەك خۆی ماوەتەوە "کیماش، سیماش، نوکریش". ئەم شارانە لە ناوچەی "ئارابخا" دا بوونە (سپایزەر، هەمان سەرچاوە، ل٤٤). سپایزەر لەگەڵ "چیرا" لێکۆلینەوەیەکی سەرنج ڕاکێشی تریان ئەنجامدا کە لە ساڵنامەی "ڕۆژهەلاتناسی ئەمەریکا" دا چاپکرا:

Chera and speiser, A new Factor in the History of the Anciet East AAsor VI p. 76 FF

لەلایەکی تر هەر لەو کاتەدا "ئیلیزابت" بە تاوتوێ کردنی جوگرافیانە لە ناوچەی "کوتوی" و"لولویی" گەیشتە دەرئەنجامی سەرنجڕاکێش. دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە لە گۆڤاری "ڕۆژهەلاتناسی ئەمەریکا" و گۆڤاری سەڵتەنەتی "کۆمەڵگای ئاسیایی" بەریتانیادا بلاوکرایەوە:

Albright, JAOS journal of the American oriental Society. 45

P 222 FF Albright, Jras 1928 P 868 – 875

"پنچیس" لە هەمان گۆڤار و لە گۆڤاری "باڵکان" و "لێکۆلینەوەکانی ئەمەریکایی ڕۆژهەلات"دا لەساڵی (١٩٥٤)دا باسی "کاشی" ییەکانی کردووە و تابلۆکانی سەردەمی "سۆمەر" و "ئەکەد"ی تاوتوێ کردووە:

Balkan K., Sparche der Kassiten New Haven (American Oriental Society Vol 37)

Pinches, The Language of the Kassites, JRAS 1917



لەگەڵ ئەوەشدا "پنچیس" بە ئاماژە بە چەند ناو کە ریشەی هیند و ئەورووپیان هەیە، ریشەکەیانی روون کردۆتەوە. وەلێ هەندێ کەس هەندێ وشەی وەك، ماروتاش، بوگاش، میریاش و ... بە"کاسپی- قەزوین" دەزانن، ئەمەش دوورە لە راستی.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم "ئەدۆلف دیر" پەردەی لەسەر واقعی زوانەکانی قەفقازی هەلماڵی و پۆلێنیکردن بۆ سێ دەستە: باشووری رۆژئاوا وەك، زوانی "گورجی"، باکووری رۆژئاوا وەك، "چەرکسی"، باکووری رۆژهەلات وەك، زوانەکانی دەوروبەری دەریاچەی قەزوین:

Adolf Dirr., Enfuhrung in das Studium der Kaukassischen Sprachen (1928)

تروسکایی ئەم شارستانییەتە مەزنەی مێژوو، لە نامەی پاشاکانی رۆژهەلاتی ناڤین (میتانی و کاردونی) دا دەبینرێ کە بۆ فیرعەونەکانی میسریان ناردووە و لە ئەرشیفی "تل العمارنە" دا پارێزراون. (بگەڕێوە بۆ جیمیس هەنری برستد، مێژووی میسر لە دەسپێکی شارستانییەتەوە تا داگیرکردنی ئێرانییەکان) هەروەها بگەڕێوە بۆ:

Breasted A., History of Egtpt 1951 Campbell, Edward Fay., The chronology of the Amarna Letters. Baltimor 1964 Sir Alan Gardiner., Die El-Amarna Tafeln, Leipzig 1907 petire W.M.F., Tell- Amarna, London 1964

ئەم نامانە بوونەتە هۆی روون بوونەوەی زۆربەی پرسە مێژووییەکانی ولاتی میزۆپۆتامیا لە دوو هەزار ساڵی پێش زایین. لە سەر بنەمای نامەیەکی "تل العمارنە" راستییەکی مەزن ئاشکرابوو: "نفریتی تی" هاوچەرخی "ئەخناتون" کە کاریگەری قووڵی هەبوو لەسەر گۆڕینی ئایینی میسرییەکان، هەمان "تادوهیبا" کچی "توشراتتا" پاشای میتانی بووە ( هرودت دەڤەری نێوان دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وانی خاکی "میتینی" ناوناوە):

Phillp Vandenberg., Nefertete,Een Archeologishe Biogeafie. Tweede druke, Amstewrdam- Brussed

له "ئەنسکلۆپیدیای بریتانیکا، روسیا ، ئەمەریکانا و ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی بابەتی دوور و درێژ هەن لەسەر "میتانی، هوری، "هیثی"، و هالدییەکان کە سەرچاوەکەیان بەرهەمی نووسەرانی وەك "هرۆدت، پلۆتارك، ئەسترابۆن و میشحازحا" بووە:

Herodot., IStoria III "V" VIII

Plotarch., The Lives of the Noble Grecians and Romans. (Pompey 24) London 1952 دین و

Strabo., Geograpy. XI. XVII.

De Chronik von Arbele von Eduard Sachou. Berlien 1915

له بارەی خواکان و سەرزەمینی میتانی ئەم سەرچاوانەی خوارەوە گرینگن:

Sten konow., the Aryan Gods of the Mitani People

(Royal Frederik university, Population of the Indian Institue) 1,1,1921

Thieme p., the Aryan Gods of Mitani Treaties"Journal of American Oriental Socitey ., 80 October – December 1960.

لەمەڕ سوارکارانی میتانی (مارياني) رۆڵیان لە کۆمەڵگای ئەو رۆژەدا، جگە لە نووسینەکانی "ئەنتوان مورتگارت" دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ :

George Stemdrpff, Keith C.Seele., when eygpt Ruled the East. Chicago Illinois

لەبارەی زوانی "هیثی" لە ئاسیای گچکە و پەیوەندی لەگەڵ زوانی "میتانی" لە باکووری میزۆپۆتامیا و پەیوەندی ئەو دووانە لەگەڵ زوانی کوردی، جگە لە لێکۆڵینەوەکانی "گادسود" دەکرێ ئاماژە بە دواداچوونەکانی "گرادفورد" بکەین" کە دەرئەنجامەکانی لە گۆڤاری سەڵتەنەتی" کۆمەڵگای ئاسیایی" بەریتانیا چاپکراوە.

Grawedford S.J.B.A.,Litt., the Decipherment of the Hittit Longuage., JRAS 1919



ئەم کتێبانەی خوارەوەش مێژووی میزۆپۆتامیا، ئاشوور، قەفقاز و ئاسیای گچکە، بە تەواوی تاوتوێ دەکەن:

A. Moortgat., Archologische Foyschungen der Max.

Freiher von oppenheim Stifungen in Nordischen Mesopotamia, Koln 1957

George Roux Ancient Iraq – London 1964

Charles Burney. David Marshall Long , the people of the Hills,L. 1971

Geiger W., Ostivanische Kultur in Alrertum. Erlangen 1882

هەروەها لەمەڕ زواننناسی، دین و پێکهاتەی بیری کۆمەڵایەتی ئەم سەرچاوانە شیاوی کەڵك لێوەرگتنن:

Mackenzi D. N. A. Concise pahlavi, Dictionary. London Oxford University Press 1971

Herzfeld, E, the Persian Empire. Wiesbaden 1968

Child G., The Aryans London 1926

Edward Joseph Thomas The indo Iranian –and their Neighbours. Indo - Iranian studies- London

Bicker man E.I. chronology of the Ancient World London 1969

لەو کاتەوە کە زوانی کوردی وەك زوانێکی سەربەخۆ لە هەزار ساڵی پێش زایین سەریهەڵدا (واتە لە سەردەمی نهیلیزم و ئەوجی ئیمپراتۆری پارت) تائێستا بەڵگەیەکی پتەو لە مەڕ زواناسی کوردی پەیدا نەبووە، هەر ئەو بەردە نووسراوانەی هەورامانن کە لەم کتێبەدا بە درێژی باسیان دەکەین.

لە بەشی کەونە نووسراوەکانی هەورامان، بە گشتی کەڵك لە سەر چاوە ئینگلیزییەکان وەگیراوە:

Cowley A, "The Pahlavi Document from Avroman" journal of the Royal Asiatic 1919 pp 147-154

Minns E.,M., Parchment of the Parthian period from Avroman in Kurdustan" jornal. Hell stud 35 (1915) pp 22-65

Neilson C. Debevoise., A political History of parthia Chicago Illinois 1938

لەمەڕ کەونە نووسراوەکانی هەورامان هەندێك مێژوونووسی کورد وەك ئایەتوڵا مەردوخ (مێژووی مەردوخ) و عبدالطیف احمد علی (سەرچاوەکانی مێژووی رومانی ١٩٧١) چەند بابەتی نووسیوە.

"گاد" گەلێك لێکۆڵینەوەی گرنگی ئەنجامداوە لە بارەی "سۆمەر، ئەکەد و بابل " و پەیوەندیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان، بە تایبەتی لە بارەی تابلۆکانی کەرکوك (١٩٢٠). لە بارەی ئاشووریش ئەم سەرچاوەی خوارەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە:

Revue d, Assyriology et d, archeologie orientale لە دەهەکانی سی و چلی ئەم سەدەیە، لێکۆڵینەوەی گرینگ لە مەڕ گۆڕانکاری زوان و ئەتنۆلۆجی لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، ئەنجامدرا:

G. Cameron, History for Early Iran-chicago 1936

وەلێ لە دەیەکانی شێست و حەفتا "یۆنگ" و دواتر " لویس" ئەم بابەتەیان کامڵکرد:

T. Cuyler Young Jr., Iranian Migration in to the Zagros. Journal of British Inst of Persian Studies Vol V 1967 "

یۆنگ" بە پێی هەواڵی هێرشی پاشاکانی ماد و سکس و ... ڕێرەوی کۆچکردنی نەتەوەکانی بەرەو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان، دیاریکردووە.

Lious D. Levens,. Geographical Studies in the Neo Assyrian Zagros Iran VoL XI 1973

"لویس" لە کوتایی نامەی دکتۆرایەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٧٩ لە زانکۆی پنسلڤانیا بەرگری لەو بابەتە کرد، بە تاوتوێ کردنی وردەکاری هێرشی پاشاکانی ئاشوور، جوگرافیای



مێژوویی ناوچەکانی زاگرۆسی کێشایەوە. لە لایەکی تر ناتوانین لێکۆڵینەوەکانی "ئێدوارد مایەر" لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەبەرچاو نەگرین:

Meyer Ed. Die altestn datierten zeugniss der iranischen sparche und Zoroastrischen Religen – Kz., 1908 Bd 42

Meyer Ed., Gecehicht des Altertums Bd I, Ht 2, Stuttgart und Berlin, 2 Aufl, 1928

لێرەشدا پێویستە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکانی "هوسنگ" بکەین لە بارەی زوانەکانی "هوری، ئورارات و عیلامی" کە پەیوەندیان لەگەڵ زوانی کوردیدا هەیە:

Husing G., Aliranishe Mundarten, Kz 1899 Bd 36.

Husing G., Anmerkungen Zur iranischen NamenkudeZDGM 1900 Bd 54

Husing G., Der Zagros and Seine Volker Leipzg 1908 C (Der Alet orient Bd IX Hf 3/4)

Husing G., Vorgeschichte and Wanderungen der Parsawa "Mettelungen der Anthopologischen Geasellschaften Wien" 1960 Bd 60.

Husing G., Volkerschichen in Iran- "Mitteilungen der Anthropoloischen Gesellschdftin Wien" 1916Bd 46

تا ژمارەی تابلۆکانی پاشایانی ئاشوور و ئورارتو لە هەزار ساڵی پێش زایین بەم لاوە پتر دەبوو، ژمارەی ئەو ناوە کوردییانەی لەو دەسنووسانەدا بەکار هاتبوون زۆرتر دەبوون. لە سەرتای سەدەی بیستەم "تالکویست" توانی ناوە ئاشوورییەکان لە ناوە عیلامی، کاسی، و زوانەکانی تر جیا بکاتەوە:

Tallqvist K., Assyrian personal Name, Helsingfors, 1918 ("Acta Societatis Scientiarun Fennicae" Vol XL VIII, No.1)

هەرچەند کاری "تالکویست" گەڵێك بە نرخ بوو، وەڵێ ناوی چەند پاشای "ماننا" ی خزاندبووە ناو پێرستی ناوە ئاشووری و عیلامییەکان ( ناوی وەك: ئیریسینی، ئیراترو، ئولوسونو ە...)، لەبەر ئەوە بۆ ریکخستنی ناوەکان لەسەر پەیوەندی زوانناسی و مانای وشەکان گەڵێك هەوڵی نوێتر دەستی پێکرد. ئەمەش کارێکی سادە نەبوو، چونکە زۆر لە مێژوونووسان هەوڵیان دەدا بە پێی ئەو ناوانە رێگای تێپەڕینی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و شوێنی جێگیر بوونیان بدۆزنەوە. "مایر" پێی وابوو نەتەوەکانی "ماد" هاوزوانەکانیان لە رۆژهەڵاتەوە(ئاسیای ناوەندی) بەرەو رۆژئاوای ئێران کوچیان کردووە. بەڵگەشی بۆ ئەمە دەسنووسی پاشاکانی ئاشوور بوو.

بەڵام مێژوونووسانی تری وەك "تیلی" و" وینکلر" دەڵێن نەتەوەی "ساگارتی"(کە یەکێکە لە نەتەوەکانی ماد) لەگەڵ نەتەوەی "سکیس و کیمیری" لە رۆژ هەڵاتەوە نەهاتوون، بەڵکو لە باکوورە وە ( بناری چیاکانی قەفقاز)، هاتوون بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین (بڕوانە ،تیلی سەرچاوەی پێشو، ل٢٦١، وینکلر، سەرچاوەی پێشو ل١١٢-١١٣). لە مەڕ زوانناسی ئەو نەتەوانە، "تیدیسکو"، "هرتسفیلد" و "کینت دستکی" گەڵێك لێکۆڵینەوەی باشیان ئەنجامداوە:

P.Tedesco., Dialektologie der Weistiranischen Turfantexte Le Monde Oriental (MO), XV.1921

E. Herzfeld., Medesh and Partisch Archaeologisch aus Iran (AMI), VII, Berlin 1934

R. Kent., old Persian Grammer Text Lexicon. New Haven 1950

توێژەرانی دیکەی وەك "باتولومی"، "کریستنسن"، "بنفنست"، "ماسون"، "ئورانسکی" و "ویلچفسکی" و...لەم بوارەدا هەوڵی زۆریان داوە کە لە بەشەکانی دوایی باسی بە دواداچوونەکانیان کراوە:

Bartholomae. Chr., Altiranisches Worterbuch, Strassburg, 1905

Christensen A., Le Premier chspitr Iraniens Kobenhaven 1943 R. Kent., old Persian Grammer Text Lexicon New Haven



1950Chrestnsen. A., L Iran-Vez I origin Lengdaire des Iranies- Bsos 1934, Vol. VII

Benveniste E.,Notes avestiquse, -"Assiatica". Lepzig 1954

Benveniste E., Notes sur les tablettes Elamites de Perapolis, JA, 1958,t- 246

Masson V. M.,Serdnyaya Aziyai Drevniy Vostok, M. 1964

Oransky I.M., V vedenie V Iranskuya Fiologiyu M. 1960

لێرەدا پێویستە بڵێین دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی زوانی خێزانی هیندو – ئێرانی و ئێرانی و سلاڤی- باڵتیك لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی زۆری زوانی و وشە و زاراوەیان بەیەکەوە هەیە، لە زوانناسیدا نامان گەێنێتە دەروەنجامێکی دیاریکراو. پەیوەندی زوانی ئەم نەتەوانە بەهۆی هاتوچۆ و کۆچکردنی "سکسی" یەکانەوە وەدیهاتووە. ئەم نەتەوانە توانیویانە بەهۆی هاموشۆی بەردەوام، زۆر وشە و زاراوەی بگوازنەوە بۆ ناو زوانەکەی خۆیان، هەر لە بناری چیاکانی "پامیر" ەوە بگرە تا دەگاتە سنووری چین و لێوارەکانی دەریای باڵتیك و بناری چیاکانی قەفقاز.

لەگەڵ ئەوشدا ناتوانین سەرچاوەی بنچینەیی، لە چوار هەزار و سێ هەزار ساڵی پێش زایین بۆ ئەم زوانانە، بەدەستبێنین.

"بۆڕۆ" پێیوایە ژمارەیەك لەم نەتەوانە(٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵ پێش زایین گەیشتوونەتە رۆژهەڵات و دوای پەیدابوونی رێنووس لە یۆنان، پەیوەندی زوانی لە ئاسیای گچکە و کوردستان دروستبووە.

Burrow T., The Sanskrit Language, London 1955

لە بارەی نەتەوەکانی ئاریازوان کە لە قەفقازەوە هاتوون و لە رۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە نیشتەجێ بوونە (کوردستان و ئەرمەنستان)، شوێنەواری متمانە پێکراویان بە جێهێشتووە. "پورتسنیگ" لەو بارەوە گەڵێك بابەتی دوور و درێژی نووسیوە:

Portzing W., Die Gliederung des Indogramanischen Sbrachgebiets Heidelberg 1956

"پۆرتیسنگ" دەڵێ لە دوو هەزار ساڵی پێش زاییندا، ئەم نەتەوانە دانیشتووی ناوچەکانی باشووری روسیای ئەمڕۆ بوونە و پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ نەتەوەی سلاڤ و (بالتیك) دا هەبووە، پەیوەندی نێوان نەتەوەی " ڤین -ئوگور" و ئەم نەتەوانەی حاشاهەڵنەگرە. "براندشتاین" لەمەڕ کۆچکردنی ئەم نەتەوانەدا دەڵێ: یەکەم گرووپی کۆچبەران، نەتەوە ئارياييیەکان بوونە کە سەرەتا لە کازاخستان نیشتەجێ بوون و لەگەڵ خەڵکی ئەم دەڤەرە تێکەڵاو بوونە و دواتر بە ئێراندا بڵاوبوونەتەوە و دوای تێپەڕین بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەریای خەزەردا هاتوونەتە ئاسیای گچکە. ئەم کۆچکردنە کارلێکی مەزنی کردۆتە سەر نەتەوەی "سکیس" و " ئوستینی":

Brandestein W., Die Abstammungassgen de Scythe., "wiene Zeitschrift fur de Kunde des Morgenlandes WZKM" 1953, Bd 52

Brandenstein W., de Alten Inder Vorderasien, "Fruhgeschichte und Sparchewissenschaft" Wien 1948

Brandenstein W., Das Indogermanenprplem, Forschungen Fortschritte, Berlin 1962, 36. Jrhgang, Ht 2.

ئەم بابەتانە دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەم، لە زوانی روسیدا بایەخێکی زۆری پەیدا کرد. "ئیقرار عەلییێف" یەکەم کەس بوو مێژووی مادەکانی وەك باسێکی سەربەخۆ تاوتوێ کرد و هەوڵیدا فەرهەنگ، ئابووری و بواری کۆمەڵایەتی مادەکان شرۆڤە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکانی بایەخێکی ئەوتۆیان نییە:

Igrar Alive., O Midiyskom obsthtesov –Iz AN Az. Ssr. Okt 1948 No. 10 بەزوانی روسی نووسراوە.

Igrar Aliev., Midiya Tarikhi. Tundiy Inst Istorii Filosophii AN A. SSR. i. Baku 195

بە زوانی ئازەری نووسراوە



Igrar Aliev., O Nekotoriykh Voprodsakh Drevenyshey Istovii Midiyskikh Plelmen. Trudiy Inst. Istorii i Filosiphe AN As. SSR. V Baku 1954

هەروەها لە بارەی "ئالان" ی و"سرمات" ەکان ئەم کتێبەی خوارەوە نووسراوە:

Igrar Aliev., Samato – Alaniy na puti V Iran

Istoriya Iranskogo Gsodorstava I Kultuiy Moskova 1971 Str 197-211.

نووسینەکانی مێژوونووسی گورجی "گ.ا.ملکشویلی" لەمەر وڵاتی"ئورارتو"، "ماننا" و باکووری کوردستان زۆر گرینگن، بە پێچەوانەی هاوڵاتییانی خۆی کە هەوڵدەدەن کاریگەری زوانی خۆیان پتر بکەن لەسەر زوانی کوردی، دەڵێ: زوانی دانیشتوانی کوردستان و هوری تەنیا پەیوەندیان لەگەڵ زوانی "کرتیوالی" واتە گورجیدا نییە.

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ناوبراو لە گۆڤاری "مێژووی دێرین VDI" دا بڵاوکراوەتەوە.:

G. A. Melekishvili., Nekotoriye voponsiy Istorli Maneskogo tsarstva VDI . 1949 No. 1.

G. A. Melikshvili O Heveyshem ochaye urartoskikh plemen VDI, 1947 no. 4.

G.A. Melikshvili., Urartuskie Klinoorazinye nadpisi –VDI, 1953 no. 1.

G. A. Melikshvil., Nairi Urartu (Drevenvostochniye Materialiy poistoriya nardove Zakarka 3ya, 1) Tbilisi 1954.

جاکۆبسن پێڕستی ناوی پاشاکانی سۆمەر و تۆمار کردنی ناوی سوڵتانەکانی "کوتی"، ئەنجامدا:

th. Jacobsen., Sumerian King List. The oriental Institute of Chicago Assyriological Studies No. 11 chicago 1939

لێکۆڵینەوەکانی "ستروڤی" روسی لەبەر کۆکردنەوەی ناوی سەدان دیلی ئوردوگاکانی "سۆمەر و ئەکەد" کە لە چیاکانی زاگرۆس بە دیل گیرابوون، زۆر بەنرخە:

V. V. Styuve., Lager Veonnoplenniykh jenshchi V Shumer Konsta 111 Tiysyacheletiya Do n.e. Vestnik Dreveny Istorii
1952, No 3.

سۆمەرییەکان پتر نرخیان بۆ بەندە "کوتی" یەکان دادەنا، چونکە وەك "سپایزەر" دەڵێ، کوتییەکان سپی پێست و چاوشین بوون.

E. Speiser., Mesopotamia origins Philadelphia 1930 p, 104.

لەمەڕ تایبەتمەندی جوگرافی و تۆپۆنۆمی: خانمی "یانکوفسکایا" (لەدایك بووی ، ١٩٢٥ قوتابی "ئیگۆر میخایلۆڤیچ دیاکونوف ( لە زانکۆی لینینگراد)" لە ساڵی ١٩٥٩ کرا بە بەڕێوەبەری بەشی دەسنووسە بزمارییەکانی زانکۆی ناوبراو، جگە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر "ئاشوور" و "کاپادوکی" بە ناخی کەونە نووسراوە بزمارییەکاندا رۆچووە بەتایبەتی لەبارەی "ئاراپخا" دا:

N. B. Yankovskaya., Khurritskaya Arrapkha. Vestnik Drevnego Mira, 1957, No. 1.

سەرەڕای گەلێك لێکۆڵینەوەی زۆر بەنرخ، هێندێك جار بە هۆی بیرکرنەوەیەکی تایبەتی یا لە ژێر هەل و مەرجێکی تایبەتدا هێندێك لەو کەونە پاشماوانە لە واقعی مێژوویی دوور دەکەونەوە. بۆ نموونە، مێژوونووس و زوانناسی روسی، "دیاکونوف" بەڕێوەبەری موزەخانەی "ئارمیتاج" و مامۆستای مێژوو لە زانکۆ، ئەندامی فەخری ئەنجوومەنی ئاسیایی سەڵتەنەتی بەریتانیا، لە کتێبەکەیدا "مێژووی مادەکان" کە کردوویەتە دیاری بۆ ئەنستیتۆی "فەلسەفە و مێژووی ئازەربایجانی سۆڤییەت"، لە لاپەڕەی ٤٥٢ ی هەرچەند هەموو ئاماژەی بۆ ناوچە کورد نشینەکانە، کەچی تەنیا جارێکیش باسی زوان و رەگەز و دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان ناکات:

I. M. Diyakonov., Istoriya midi. M-L. 1956 (Institua Istorii Filosophii Academii Nauk Azerbayankoi SSR).



"دیاکونوف" لە پێشەکی کتێبەکەی "مێژووی مادەکان" دا دەڵێ: بەشی زۆری خاکی مادەکان کەوتبووە شوێنێك کە دواتر پێیان دەگوت ئازەربایجان. ئەم ناوچانە کەوتوونەتە باشووری رووباری ئاراس و بەشێك لە ئازەربایجانی سۆڤییەتیش دەگرێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە تێکڕای بابەتی لێکۆڵینەوەکەی، تاوتوێکردنی مێژووی دانیشتوانی ناوچە کورد نشینەکانە نەك ئازەربایجان. "هوری، عیلامی، لولویی، کوتی، ماننا و کاسی" یەکان هەرگیز و لە هیچ قۆناخێکی مێژووییدا، لە ئازەربایجان نەژیاون. تەنانەت خودی دیاکۆنۆف لە باسی جوگرافیدا، سنووری ئەم ناوچانەی بە ژمارە دیاریکردووە، لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە خاکی ماننا و یەکییەتی نەتەوەکانی ماد، مێژووی "مەهاباد، بۆکان، میاندواو سەقز"، دەکات کە تێکڕای ناوچە کوردنشینەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی مامۆستای زوانناسییە کەچی باسی پەیوەندی زوانی ئەوان و مادەکان ناکات. ناوبرا و لە هەڵەیەکی گەورەدا لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەی (ل٤٥٢ چاپی روسی) تەرخانکردووە بۆ بابەتێکی ناتەواو کاڵ و کرچ و ناواقعی و دەڵێ: لە سەدەی چوارەمی پێش زایین "کادوسی، میتانی، یا رەنگە نەوەی لولویی، ماننایی و نەتەوەکانی تری کاسی" بوون کە نەهاتنە ناو یەکیەتی مادەکان یا ئەو نەتەوانەی بەشداری ئەو یەکیەتییە بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بە ماد دەزانی وەلێ فەرهەنگ و نەریت و کلتووری خۆیان هەر وەك خۆی پاراستبوو.

نووسینی ئەم رستانە لەلایەن کەسێکی وەك "دیاکونوف" ناکرێ بە کەم و کوڕی لەبەر چاو بگیرێ.

رەنگە دیاکونوف نەیویستبێ یا نەیتوانیبێ بڵێ: لە کوردستان دوای ئەوەی لولویی، کوتی و هورییەکان، لە چوارچێوەی دەوڵەتی میتانی، لەژێر کاریگەری زوانێکی هیندو ئەورووپیدا رووەو گۆڕانی زوانی و رەگەز رۆیشتوونە و دوای هەڵوەشانی یەکیەتی نەتەوەکانی ماد لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگ و نەریتی خۆیان پاراستووە بەڵام لە سەدەی چوارەمی پێش زایین خۆیان بە "ماد" زانیوە (ئەم گۆڕانی زوانە لە هەزار ساڵی پێش زایین لەئاکامدا بوو بەهۆی پەیدا بوونی زوانی کوردی). ئەمە لە کاتێکدایە هەمان زوانی مادی لە ئازەربایجان نەپارێزرا و زوانی تورکی جێگای گرتەوە.

جگە لەوەش دیاکونوف هێرشی سوڵتانەکان ئاوەژوو دەخاتە بەرچاو، لە کاتێکدا ئەم شەڕانە بە پێی بابەتی ناو کەونە نووسراوەکان لە کوردستانی ئەمڕۆ روویانداوە و زۆر دوور بووە لە خاکی ئازەربایجان. ئەمە لە کاتێکدایە کە دیاکونوف لە پێشەکی کتێبەکەیدا جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکاتەوە کە رەگەزی میدی کاریگەرییەکی گرینگی هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی خەڵکی ئازەربایجان.

دیاکونوف لە نووسینی کتێبەکەیدا زۆر کەڵکی لە توێژەرانی ئەڵمانی، یۆنانی، رۆمی، هرودوت و بەتلیموس وەرگرتووە، بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکان بەرێ.

بۆ نموونە، لە مەڕ "رووخانی ئیمپراتۆری ئاشوور" دزییەکی ئەدەبی کردووە. دەقی لێکۆڵینەوەکەی "باسانکۆت" ی بە کەمێك دەسکارییەوە نووسیوەتەوە کە لە گۆڤاری "کۆمەڵەی سەڵتەنەتی کۆمەڵگای ئاسیایی" دا بڵاوکراوەتەوە.

بە I. W. Bosanquet., choronolog of the medes … JRAS. XIII 1858.

گشتی وادیارە پشت گوێخستنی پەیوەندی مادەکان لەگەڵ نەتەوەی کورد، بێ مەبەست نەبووە، دیاکونوف لە گەڵ ناشارەزایی لەزوانی کوردی بێهودە هەوڵدەدا مێژووی زوانی ماد بە هۆی زوانی ئازەری شیبکاتەوە. بە داخەوە "مێژووی ماد" ی دیاکونوف وەك کتێبێکی سەرچاوە ناسێنراوە.

هەر چۆنێك بێت لێکۆلینەوەی پان و بەرینی توێژەرانی ئەڵمانی، ئینگالیزی، فەرەنسی و روسی بەتایبەتی لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەردەوام بوونی ئەم بەدواداچوونانە لە ساڵەکانی پەنجا و شێست و حەفتا، ئامادەکردنی کۆمەڵێکی تۆکمە لەو توێژینەوانە، یارمەتییەکی بەرچاوی روون بوونەوەی مێژووی جیهانی دوو هەزار ساڵی پێش زایینیان داوە. ئەو نەتەوانەی بە هاوشێوەی ئەو زوانە داوان و ئەمڕۆ بە هیند و ئەورووپی ناو دەبرێن، لە کۆتای سێ هەزار ساڵی پێش زایین لە پێدەشتەکانی باشووری روسیاوە، دەستیان بە کۆچك کردن کردووە، لە نێوان دەریاچەی ئۆراڵ و رووباری "دانوب" ەوە بەرەو رۆژئاوا، بە پەڕینەوە لە رووباری "دنیپەر ، دنیستر، دون، و دانوب بەرەو باڵکان، و لە وێوە بە تێپەڕین لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان، بەرەو باشوور، رۆیشتوون. ئەم کۆڕەوە مێژووییە کاریگەری بەهێزی کردە سەر هەزار ساڵەی دووەمی پێش زایین و بوو بەهۆی گۆڕانکارییەکی



مەزن لە زوان و فەرهەنگی یۆنانی، ئاسیای گچکە و میزۆپۆتامیا. کوردستان وڵاتێکە هێشتا تایبەتمەندی زوانناسی "هیند و ئەورووپی" پاراستووە. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا تائێستا هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و زوانناسی تۆکمە لەمەڕ دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس و ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامنەدراوە، لێکۆڵینەوەکان تەنیا چەند قۆناخێکی تایبەتی مێژووی میزۆپۆتامیا لە چەند سەردەمی جیاوازدا، وەخۆ دەگرن. ئەم کتێبەش بە سوود وەرگرتن لەچەند سەرچاوەیەك کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا و کۆتایی کتێبەکەدا ناسێنراون، هەوڵدەدا بە پێی گۆڕانکاری زوانناسی مێژووی کورد تاوتوێ بکات.

## دەرئەنجام

سادەترین پێناسەی زوان بەم رستەیە دەسپێدەکات: "هەر نەتەوەیەك ویست و هزری خۆی بە هۆی ئەو ئامرازەوە راڤە دەکات". تەنانەت لەم پێناسە سادەیەشدا چاومان بە زاراوەی وەك "هەر نەتەوە و گەلێك"، "ویست و هزرەکانی خۆی" و "راڤە" دەکەوێت، کە نیشانەی جیاوازی ئەو هێمایانەن بۆ دەربڕینی بیر و هزری نێوان نەتەوەی جۆراوجۆری جیهان، بەکار دەبرێن. رەنگە بتوانین زوان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناوبنێین کە بە هۆی جیاوازی نەتەوە و زوانەکان، فرەچەشنە. زوانی کوردیش هێماگەلێکە لە ژێر کاریگەری فەرهەنگ، سیاسەت و ئابووری و هەرێم، ئامرازی دەربڕینی بیروبۆچوونی وڵاتێکە بە ناوی کوردستان. لە بیرمان نەچێ، زوانی کوردی ئاوێنەی مێژووی نەتەوەی کوردە و خاوێن کردنەوەی تۆز و خۆڵی ئەو ئاوێنەیە ئەرکێکە " کورد بوون" پێیەوە بەستراوەتەوە.

بەدەربەدەری یان لە ماڵی خۆم — لە خاکی عەرەب، لە ئێران و رۆم
کۆك و پۆشتە بم رووت و رەجاڵ بم — کۆشکم دەقات بێ وێرانە ماڵ بم
ئازا و رزگار بم شادان و خەندان — یان زنجیر لەمل لە سووچی زیندان
ساغ بم جحێڵ بم بگرم گوێسوانان — یان زار و نزار لە نەخۆشخانان
دانیشم لەسەر تەختی خونکاری — یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری
کوردم و لە رێی کورد و کوردستان — سەر لە پێناو و گیان لەسەر دەستان
بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم — بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە — لەو دونیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە.

"هەژار"

## منابع و مآخذ

١- رشيد احمد، جمال. ليكولينەوەی زمانه وانی دەربارەی میژووی وولاتی کوردەواری، بغداد ١٩٨٨.

٢- محمدعزیز، حسين. سەليقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانیکوردی، سليمانيه ٢٠٠٠.

٣- اورامانی، محمدامين. فەرهەنگی ئيريەن واچ، بغداد ١٩٩٠.

٤- محمد خورشيد، فوئاد. كورد، ليكولينەوەيکی زانستی، سليمانيه ٢٠٠٠.

Amedroz H.F., "Three Arabic MSS On History Of City Of Mayafariquin." Journal Of The Royal Asiatic Society (J.R.A.S.) 1902.

Amedroz H.F., The Marwanid Dynasty At Mayafariquin In The Tenth And Eleventh Century A.D., (J.R.A.S.) 1903.

Arnold Toynbee., Hellenisim. The History Of A Civilization. (HUL), Oxford 1959.

Ba,illey H.W., Arya III, - "Bulletin Of The Oriental (and African) Studies" University Of London 1961 , Vol. XXIV.

Bailley H.W., The Legacy Of Persia. ed. By A.J. Arberry. Oxford 1953.

Bickerman E.J., Chronology Of The Ancient World. London 1969.

Breasted A., History Of Egypt 1051.

Campbell E.E., The Chonology Of The Amarna Letters. Baltomore 1964.

Charles Burney ; David Marshal Lang., The People Of The Hills. London 1971.

Chiera and Speiser:, "A New Factor In The History Of The American School Of Oriental Research (AASOR), VI, 76 FF.

Childe G.V., The Aryans. London 1926.

Clay A., Personal Names From Coneiform Inscription of The



Cassite Period. New Haven 1912 "Yale Orientael Series" Vol. I.

Colin Me Evedy., The Penguin Atlas Of Ancient History 1967 PCO.

Coon C.S., Races Of Europe. New York 1959.

Cowley A., - "The Pahlavi Document From Avroman" v J.R.A.S. 1919.

Cyrus H. Gordon., Numerals In Nuzi Tablets. Ruvue D'Assyriologie, Vol. XXXI 1934.

David Daniel Luckenbill., Ancient Records Of Assyria And Babyloaia (Chicago 1929).

Driver G.R., The Name Kurd And Its Philological Connexion. (J.R A.S) 1923.

Driver G.R., The Dispersion Of The Kurds In Ancient. Times. (J.R.A.S) 1.921.

Edward J. Th., The Indo-Iranians And Their Neighbours. Indo-Iranian Studies. London 1925.

Gadd L.J., Tablets rrom Chag~er :Bazar And T~.ll Brak 1937 - 8.

Gadd C.J , Tablets From Kirkuk. Revue D'Assyriologie,. Tom XXIII, 1920.

Gelb II. J., Nuzi Personal Namea. Chicago - Illinois 1963.

Georges Roux., Ancient Iraq. London 1964.

Ghirshms.n R., Persia From Origins To Alexander The Great. London 1964.

Ghirshman R., Iran. London 1954.

Grawford S.J.B.A.B. Litt., The Decipherment Of The HITTIT Language. J.R.A.S. 1919.

Harmatta J., Studies In The Language Of The Iranian Tribes In

Muscarella O., Qalatgah, An Urartain Site In North Westenr Iran, Expedition XIII/3-4 (1971).

Nelson C.Debevoise., APolitical History Of Partihia. Chiccago-Illionis 1938.

Petrie W.M.F., Tell-Amarna.London 1924.

Pinches, Theophilus G., The Languag Of The Kassiten. J.R.A.5.1917.

Postgate J.N., The Inscription Of TICLATH-PILESER III At Milla Mergi Sumer 1974.

Powell T.G:E., Celtic Origins,- "Journal Of Royal Anthrological Institute Of Great Britain And Ireland" Vol 78, 1948.

Smith S., Rock Sculptur Of Darband-i Gawr. History Of Early Assyria. London 1928.

Sokolov S.N., The Avestian Language. M. 1970.

Speiser E.A., "Southern Kurdistan In The Annals Of Ashurnasirpal And Today". AASOR VIII (1928). Speiser E.A., New Kirkuk Documents Relating To Family

Law. The Annual Of Oriental Research, Vol. X, New Haven 1930.

Speiser E.A., Mesopotamian Origins. The Basic Population Of The Near East. Philadelphia 1930.

Sten Nonow, The Aryan Gods Of The Mitanni People (Royal Frederik University, Publication Of The Indian Institute) I, 1, 1921.

Sulimiraki T., Scythian Antiquities In Western Asia, R. "Artibus Asiae' Vol. XVII, 3/4, 1954.

Tallqvist K., Assyrian Personal Names, Heisingfors 1918. Theophile James Meek., The Iterative Names In The Old Akkadian Texts From Nuzi. Ruvue D'Assyriologie, Vol. XXXI, Nol, 1935.



Thiem P., The Aryan Gods Of The Mitanni Treaties. "Journal Of The American Oriental Society", 80, OctDec. 1960.

Wiseman D.J., The Vassal Treaties Of E'sarhaddon. Iraq XX, (1958).

Young T.C., "The Iranian Migration..." IRAN, Vol. V, 1967.

به آلمانی

-Bork, Mitannisprache, Mitteilungen Der Vorderasiatie schen (und Agyptischen) Geslishaft (MVAG) XIV, 112 (1909).

Delizsch., Die Sprache De Kossaer, Leipzig 1884. Eillersw., Kleinasiatisches, Zeitschrift Der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft, Leipzig - Wiesbaden.

Fredrich., Indogermanisches Jahrbuch XII (1926).

Frisk H.l., Zur Indoiranischen Und Griechischen Namenalbidung, Goteborg 1934.

Geigerw. Ostiranische Kultur In Altom. Erlangen 1882. Hausschild R., Uber Die Fruhesten Arier im Alten Orient. Berlin 1962.

Herzfeld A., Reisebericht, Zeitschrift Der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft (ZDMG) LXXX (1926).

Husing G., Der Zagros Und Sein Volker, Leipzig 1908 "Der Alte OTient" Bd IX. Ht 3/4.

Husing G., Vorgeschichte Und Wandurengen Der Parsawa,"Mitteilungen Der Anthropologischen Gesellschaft In Wien" 1930, Bd 60.

Justi F., Iranisches Namenbuch, Marburg 1895. Knudtzon J.A., Die El-Amarna Tafeln, Leipzig 1907. Meyer E.D., Die Altesten Datierten Zeugniss Der Irani

schen Sprache Und Der Zoroastrischen Religion Kuhns Zeitshrift 1908. Bd. 42.

Mayrhofer. M., Deusche LiteraW r Zeitung, 79, 1958, s. 754.

Moortgart A., Archeologische Forschungen Der Max. Freiherr Von O~ppenheim Stiftungen In Nordilischen Mesoptamia, koln 1957.

Neberg H.S:; Die Rel.igionen Des Alten Iran. Leipzig 1938.

Posch Th., Die Arier, Elin Beitrag Zur Historische Anth ropologie, Jena 1878.

Riedel., Unter Suchungen Zu Den Tell-el Amarna. Briefen (?).

Scheftelowie J., Die Sprache Der Kossaer. Zeitschrift Fur Vergleichende Sprachforschungen Indogermanischen Sprachen (Kuhn's Zeitshrift) Gottengen 1902.

Vandenberg Phillip., Nefertete, Een Archeologische Biografie. H. Meulenhoff - Amsterdam/Brussel. Vasmer M.,.Untersuchugen Uber Die Alteste Vohnsitze Der Slaven. I Die Wohnsitze Der Slaven I. Die Iranier In Sudrussland, Leipzig 1923.

Zfiusta L., Die Personemanamen Griechisher Stadte Der Nordlichen Schwarzmeerkuste, Praha 1955.

به فرانسه

Boisser A., Inscription De Naram-Sin. Ruvue D'Assyriologie Et D'Archeologie Orientale XVI, 1919. Carnoy M., Indo-Eurooeens. Bruxelles 1921.

Christensen A., "L'Iran Sou Sassanddes" Copenhagen 1936.

Contenau., Les Tablet De Kerkouk. (Paris 1926). Dangin Th., "Tablet De Samarra," R.A. IX (1912), I-4. Minorsky V., Les Origines Des Kurdes, - "Actes Du XX-e

Congres International Des Orientalistes. Bruxelles, 5-10 September 1958", Louvain 1940.

Skold H., "Sur La Lettre En Langue Mitanni ' J.R.A.S. 1926.

Abaev V.I., K Voprosu O Prarodine Drevneyshikh Migratsiyakh



Indo - Iranskikh Narodov.

به روسی

Drevnii Vostok i Antichniy Mir. Moskva 1972.

Aba.ev V.I., Istoriko-Etimologicheskiy Slovar Osetinskogo Yazika, T.I, M. 1958.

Abaev V.I., Osetinskil Yazik i Folklor. I, M-L 1949.

Abaev V.I., "Iz Iranskoy Onomastiki" Istoriya Iranskogo Gosudarstvo i Kultury. Moskva 1971.

Avdiev V.I., Istoriya Drevnogo Vostoka. Moskva 1970.

Bo ivort K.E., Musulmanskiye Dinastii. Prevod S Angliyiskogo u Primechaniya P.A. Gryaznevich. Moskva 1971.

Diyakoncv I.M., Istoriya Midii, M-L 1956.

Grarntovsky E.A., Iranoyazichniye Plemena Predney Azii. v IX-VII vv. Do N.E., M. 1964.

Grantovsky E.A., Rannyaya Istoriya Iranskikh Plemen Peredney Azii. Moskva 1970.

GranCovsky E.A., "O Rasprostranenii Iranskikh Plemen Na Teritorii Irana" Istoriya Iranskogo Gosudarstva i Kulturi. Moskva 1971.

Igrar Aliev., "Sarmato-A.laniy Na Puti V Iran." Istoriya Iranskogo Gosudarstva i Kulturi. Moskva 1971. Melikish.Vili G.A., Nayri-Urartu, Tbilisi 1954.

Miiler Vs., K Iranskomu Elementu V Pripotiyskikh Grecheskilch Nadpisyakh, - "Izvestiya Arkheologicheskoy Komissii", SP. B, 1913.

مجلات و نشریات بین المللی

Vilchevsky O., Kurdiy. M-L 1961.

Acta Orientalia. Leiden 1933, Vol. XI.

Acta Societatis Scientiarum Fennicae. Vol. **XLVIII, No. 1. Acta** Orietalia Academiae Scientiarum Hungaricaen. **Budapest 1961**.

Actes De Congres International Des Orientalistes. Bruxelles, 5-10.

Bulletin Of The School Of Oriental (and African) Studies, University Of London 1961.

Iraq, London 1959, Vol. XXI; XXIV.

Izvestiya Arkheologicheskoy Komissii, SPB, 1913. Indo-Iranian Studies. London 1925.

IRAN, Journal Of The British Institute Of Persian Studies. Vol. V, 1967; Vol. X, 1973.

Journal Of The Iiell. Stud. 35 (1915).

Journal Of The American Orieneal Society. 80, Oct-Dec. 1960.

Journal Of The Royal Asiatic Society, 1919; 1902; 1903; 1923 ; 1921. . . etc.

Journal Of The Royal Anthropological Insstitute Of Greate Britain And Ireland, Vol. 78, 1948.

Journal Of The Economic And Social History Of Orient 12, 1969.

Nliteilungen Der Vorderasiatischen (Und Agyptischen) Gesellshaft, XVI, 1909.

Revue D'Assyriologie, Tom XXIII, 1920; XXXI, 1934; XXXII, 1935 ... etc.

Zeitschrift Der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft. Leipzig - Wiesbaden. Vol. LXXX (1926) .